# لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

ژمارە (١)ی بەهاری (٢٠٢٥) گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەرزنامەیەکی سیاسی و ستراتیجییە مەڵبەندی دیراساتی گشتیی (ی.ن.ک) دەریدەکات

مەڵبەندی دیراساتی گشتی

- گۆڕانکارییە جیۆپۆڵەتیکیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
- چەمك و ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە لە هەرێمی کوردستاندا.
- هەرێمی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە.
- ڕۆڵی یاسای نێودەوڵەتیی لە پاراستنی ئاسایشی هایدرۆلۆجی لە هەرێمی کوردستاندا.
- خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی بۆچی گەلان شکست دەهێنن؟
  ڕەگی دەسەڵات، خۆشگوزەرانی و هەژاری.

# گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەرزنامەیەکی سیاسیی و ستراتیجییە،
مەڵبەندی دیراساتی گشتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەریدەکات.

## ژمارە (١)ی بەهاری (٢٠٢٥)



خاوەن ئیمتیـــــــــاز | مەڵبەندی دیراساتی گشتی (ی.ن.ك)
سەرنووســــــــەر | د. یوسف گۆران
جێگـری سەرنووسـەر | پ.د. ئومێد رفیق فتاح
بەڕێوەبەری نووسیـن | م. هونەر احمد کریم

**دەستەی نووسەران**

پ.ی.د. عابد خالد رسول
پ.ی.د. بێستون حسێن عارف
د. فریدون صالح حمە
د. جلیل عمر علي
د. فاروق عبدول مولود

**دەستەی ڕاوێژکاری**

سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکاران: فرید ئەسەسەرد

**ئەندامانی دەستە**

پ.د. یونس علی احمد
پ.د. هیوا عزیز اسعد
پ.ی.د. عیباد ئیبراهیم ئەحمەد
پ.ی.د. نرمین معروف غفور
پ.ی.د. ئارام عمر محی الدین
پ.ی.د. یادگار علی محمد
پ.ی.د. هندرێن عبدالله طاهر

هەڵەبڕ | پ. ی. بێستون عارف عزیز
دیزاین | شاهۆ عەبدولڕەحمان



- پێگە: cgs.kurdpuk.org
- ئیمەیڵ: jss@dirasatdiploma.org
- ژمارە تەلەفۆن: ٠٧٧٠٥٠٩٢١٩٦
- ناونیشان: عێراق- هەرێمی کوردستان- سلێمانی- گەڕەکی چوارچرا.

# لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی گۆڤارێکی وەرزییە، مەڵبەندی دیراساتی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات. لەلایەن دەستەیەك لە کەسانی ئەکادیمیست و پسپۆڕەوە سەرپەرشتی دەکرێت و گرنگی بە بڵاوکردنەوەی ئەو توێژینەوە و ڕاپۆرتە سیاسی و جیۆپۆلۆتیکییانە دەدات، کە ڕەهەندێکی ستراتیجییان هەیە و کاریگەریی و لێکەوتەی فرە ڕەهەندی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییان هەیە.

بیرکردنەوە لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە لەم دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان، عێراق، ناوچەکە و نێودەوڵەتی، جێی گرنگی پێدان و بایەخی زانستییە، گۆڤارەکە دەیەوێت ببێتە سەکۆیەك لە خستنەڕووی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵتر و فرە ڕەهەند، بۆ پرسە جیاوازە سیاسی و جیۆپۆلۆتیکییە خراوە ڕووەکان، بە سەنتەری هەرێمی کوردستان و عێراق، ئەو پرسانەش کە ڕەهەندی ستراتیجیی هەرێمی و نێودەوڵەتییان هەیە و کاریگەرییان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە. سیاسەتی گۆڤارەکە گرنگیدانە بەو چەمك و پانتاییانەی کە ڕەهەندی ئایندەی و ستراتیجیی لەخۆدەگرن، بەشێوەیەك توێژەر بتوانێت لە ڕەهەندی ئایندەییەوە سیناریۆکان و بژاردەکان بەشێوەیەکی زانستیی شیبکاتەوە.

پاش جێبەجێکردنی ئەو مەرج و سیاسەت و ڕێنماییانەی نووسین، کە لە گۆڤارەکە بۆ توێژینەوە و ڕاپۆرتەکان دیاریکراون، ژمارەکانی گۆڤارەکە جگە لەوەی بە شێوەی چاپکراو بڵاودەکرێنەوە، هاوکات بە شێوەی ئەلیکترۆنیش لە ماڵپەڕی فەرمیی مەڵبەندی دیراساتی گشتیی بڵاودەکرێنەوە و دەخرێنە بەردەست گرنگی پێدەران و خوێنەرانی گۆڤارەکە.

## پێرست


- **گۆڕانکارییە جیۆپۆڵەتیکیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**.......................................................................... | ٥
د.یوسف گۆران
- **ڕێککەوتنی ستراتیجیی (٢٠) ساڵەی نێوان ئێران و ڕوسیا فاکتەر و بەربەستەکان، ئایندەی پەیوەندییەکان**........... | ٩
م. هونــەر احـمـد کـریم
- **چەمك و ڕەهەنـدەکانـــی ئاسایشی وزە لە هەرێمی کوردستاندا**................................................................. | ٢٥
پ. ی. د. سەروەر محمد عبدالله
- **هەرێمی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە**...................................................................................... | ٥٥
نــاودار زیـــاد ڕەزا
- **ڕۆڵی یاسای نێودەوڵەتیی لە پاراستنی ئاسایشی هایدرۆلۆجی لە هەرێمی کوردستاندا**.............................. | ٦٩
پ.ی.د. عیباد ئیبراهیم ئەحمەد
- **ئایندەی پەیوەندییەکانی ڕوسیای فیدراڵ و حکومەتی نوێی سوریا** "لە دیدگای ڕوسیاوە"........................ | ٨٧
د. ســوارە شاکەلی
- **پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا لە سەردەمی ئیدارەی دووەمی دۆناڵد ترامپ و کاریگەریی لەسەر ڕۆژئاڤای کوردستان**..................................................................................د. فەرەیدون ساڵح حەمەزۆراب | ١٠١
- **پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا؛ ناشتنی چەک و زیندووکردنەوەی نەتەوەیەک!**..................................................... | ١٢٥
م. احمد قادر علی
- **بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان و لێکەوتە مەترسیدارەکانی لە ئایندە**........... | ١٤٩
ڕێبوار محەمەد محەمەد ئەمین
- **دروزییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**..ڕۆڵ و کاریگەرییان............................................................................ | ١٧٥
د.دژوار ئەنوەر ئەحمەد
- **خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی بۆچی گەلان شکست دەهێنن؟**ڕەگی دەسەڵات، خۆشگوزەرانی و هەژاری.... | ١٩٣
ئامادەکردنی: پ. ی. د. یادگار عەلی

مەڵبەندی دیراساتی گشتی



# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

## تۆماری یاسایی

ژمارە: 1009

رێکەوت: 06/04/2025 - 06/04/2026

بەپێی برگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007 کە لە 22/9/2008 بڕیاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت گۆڤاری( لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ) وەرزییە، خاوەن ئیمتیازی (مەڵبەندی دیراساتی گشتی ی.ن.ک) و سەرنووسەرەکەی ( یوسف صمد لطف الله )، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (1009)تۆمارکرا، بۆ ماوەی یەک ساڵ.

ئازاد حەمەدەمین
نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

سەروتار

# گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



د. یوسف گۆران
لێپرسراوی مەڵبەندی دیراساتی گشتی (ی.ن.ك)

ڕەنگە لەپاش شەڕی دووەمی جیهانی و دەرکەوتنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێی پاش دروستبونی دەوڵەتی ئیسرائیل و ململانێی توندی بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هیچ کاتێك وەکو ئێستا ئەم ناوچەیە لە ناڕوونی لە ئایندەو گۆڕانکاریی ڕادیکالی جیۆپۆلەتیکی و جیۆستراتیجی بەخۆوە نەبینیبێت، گۆڕانکارییەك کە پێدەچێت کاریگەریی لەسەر هەموو کارەکتەرەکان دەوڵەتی و نادەوڵەتی بە کوردیشەوە زۆر دەبێت.

ئەو وێنەیەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیبینین، کورتکراوەو چڕکراوەی وێنەیەکی گەورەترە کە ئێستا لە ئاستی نێودەوڵەتیی ڕوو دەدەن. گۆڕینی زلهێزی جیهانی لە تاك جەمسەری ڕۆژئاواو ئەمریکاوە بۆ فرەجەمسەری، جۆرێك لە پاشاگەردانی(فەوزا) لە چەندین ناوچەی جیاجیای جیهان دروستکردوە، بەشێکی بەهۆی هەوڵە بەردەوامەکانی زلهێزە ناوچەییەکان بۆ بەرفراوانبوون و پڕکردنەوەی شوێنی ئەو هێزە جیهانیانەی کە پاشەکشە دەکەن، بەشێکیتریش بەهۆی ئەو بۆشاییە ستراتیجییەیە کە لە قۆناغی ڕاگوزەری ستراتیجی ڕوودەدەن و نیگەرانی زۆربەی هێزە جیهانی و هەرێمییەکان لە پێگەو ڕۆڵی ئایندەییان.

لە پانزە ساڵی ڕابردوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت پاش کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق و بەرپابوونی کێشەکانی دوای بەناو بەهاری عەرەبی، ئەم ناوچەیە جێی سەرەکی ململانێی ئێران-تورکیا بووە. دەرکەوتنی داعش لە عێراق و سوریا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشێك بوو لەو ململانێ هەرێمییە، لەم دۆخەدا وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل و میسر ڕۆڵێکی سەرەکییان لەم ململانێیە نەگێڕا و ڕۆژئاوا بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا تاڕادەیەك کاریگەریی لەسەر ململانێکان بەجێهێشت، بەم شێوەیە شەڕی نفوزی تاران و ئەنقەرە کلیلی سەرەکی زۆربەی کێشەکانیتری ناوچەکە بوو.

شەڕی ئیسرائیل حەماس نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەشێوەیەکی ڕادیکالی گۆڕی، لەڕاستیدا ڕەنگە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل تاقە شەڕ بێت کە هەردوو زلهێزی هەرێمی (ئێران و تورکیا) کۆك بن لەسەر پشتگیریکردنی هێزێك کە حەماسە، ئیسرائیش بەو هێرشە گەورەیەی کە لەلایەن هێزێکی بچوکی وەك حەماس بۆ سەری کرا، تووشی شۆکێکی تەکتیکی و ستراتیجی بوو، کە ناچاری کرد پێداچوونەوە بە سەرجەم عەقیدەی سەربازی و ئەمنی خۆی بکات، ئەمەش لەپێناوی دابینکردنی ئاسایشی ناوخۆیی شەڕێکی خوێناوی وێرانکەری بەسەر غەززەو لوبنان بسەپێنێت و باڵادەستی ئێران لە سوریاو لوبنان تا ئاستێکی زۆر کەم بکاتەوە.

لەلایەکی ترەوە، هەر لەم کاتەدا و لەترسی ئاسەوارە نەرێنییەکان و خۆپاراستن بەرامبەر بە بەهێزبوونەوەی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت لە سوریا، حکومەتی تورکیا دوو هەنگاوی سەرەکی بەپەلەی نا. یەکەمیان دەسپێشخەری بۆ ئاشتی لە ناوخۆی تورکیا و ڕاگرتنی شەڕی کوردو تورکیا بۆ نەهێشتنی هەڕەشەیەی ناوخۆیی. دووەمیان چالاککردنی ڕۆڵی دەرەکی تورکیا لە سوریاو عێراق، کە ئەنجامەکەی ڕوخاندنی ڕژێمی ئەسەدو هاتنی هاوپەیمانە نزیکە ئیسلامییەکان بۆ دەسەڵات لە دیمەشق.

هەرچەندە ئەنقەرە لەو هەنگاوەی لە سوریا گرتییەبەر وەك هێزێکی ناوچەیی بەهێز دەرکەوت، بەڵام ئەم هەنگاوە کێشەی گەورەی ڕووبەڕووی ئەنقەرە کردەوە، سەرجەم هێزە جیهانییەکان جگە لە هەندێک وڵاتی ئەوروپا نیگەرانن لە حکومەتی ئێستای دیمەشق، تورکیا متمانەی زۆر وڵاتی گرنگی وەك ڕوسیاو ئێران و عێراق و ئیسرائیل لەدەستدا، ئەگەر هەڵوێستی هەندێک وڵاتی ئەوروپا وەلانێن، کە بەهۆی پێویستی گەڕاندنەوەی سورییەکان لە ئەوروپاو پێداویستیان بە باسکی سەربازی تورکیا بۆ پاراستنی ئەوروپا پشتگیریی دەسەڵاتە نوێکەی دیمەشق دەکەن، لە ئاستی نێودەوڵەتیی زۆر لە وڵاتانی جیهان بە ئاستی جیاواز نیگەرانی خۆیان بەرامبەر بە ئایندەی دەسەڵاتی ئێستای دیمەشق نەشاردەوە. هێشتنەوەی ئارامی لە سوریا "بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی ناوچە عەلەوییەکان" ئەرکێکە ئەستەمە تورکیا بتوانێت بە تەنها سەرکەوتنی تیا ئەنجام بدات.

بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو بۆچوونانەی پێیان وابوو کە دوای ڕوخانی ئەسەد ڕەنگە ئارامی زیاتر ڕوو لە ناوچەکە بکات، بەڵام ئەم دۆخە ململانێی هەرێمی نێوان وڵاتە سەرەکییەکانی ناوچەکە (تورکیا، ئێران، ئیسرائیل، سعودیە) زیاتر توند کردووەتەوە، کە وا دیارە کاریگەریی ڕاستەخۆی لەسەر ئاسایشی وڵاتانی ناوچەکە جێدێڵێت.

وەکو کوردو هەرێمی کوردستان گرنگە وەك بەشێکی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەوریایەوە ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە بین و درکمان هەبێت بۆ توانای خۆمان و دەوڵەت و هێزە

هەرێمییەکانی دەوروبەرمان. لە عێراقیشدا پێویستە سەرجەم کێشە هەڵپەسێنراوەکانمان لەسەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکەین و ببینە شەریکێکی ڕاستەقینەی حوکمڕانی، تاوەکو بتوانین عێراقێکی فیدراڵی و فرەیی بەهێز دابمەزرێنین، کە تیایدا عێراق نەك تەنها ببێتە سەرچاوەی جێگیری و ئاوەدانی بۆ ناوخۆی وڵات، بەڵکو کاریگەرییەکانی بۆ سەرجەم ناوچەکە لەسەر بنەمای پشتگیریی فرەیی و مافی پێکهاتەکان و بەگژداچوونەوەی بیری توندڕەویی تایفی و ئایینی و نەتەوەیی بڵاوبێتەوە.

لەبەر ئەو مێژووە دوور و درێژەی ئەم گۆڤارە هەیەتی لەگەڵ خوێنەرەکانی و تایبەتمەندی گۆڤارەکەو، چاوەڕوانی دەستەبژێر، مەڵبەندی دیراساتی گشتی بە پێویستی زانی لە خولێکی تردا بە هاوکاری و ڕاوێژی سەرنوسەر و ستافی نووسینی گۆڤارەکە، درێژە بە تەمەنی ئەم گۆڤارە بە تایبەتمەندی سەردەمی ئێستا بدەین.



# ڕێککەوتنی ستراتیجیی (٢٠) ساڵەی نێوان ئێران و ڕوسیا

## فاکتەر و بەربەستەکان، ئایندەی پەیوەندییەکان

م. هونەر احمد کریم
ماستەر لەزانستە سیاسیەکان و لێکۆڵەر لە پرسە ستراتیجیەکان

*** پێشەکی:**

لەمیانی گۆڕانکارییە زنجیرەییە خێرا و چاوەڕوان نەکراوەکانی ماوەکانی دوایی ناوچەکە و جیهان، و لە درێژەی پرۆسەی نزیکبوونەوە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ڕوسیا لەم چەند ساڵەی دواییدا، بە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی سوریا لە (٢٠١١)، چوونە دەرەوەی ئەمریکا لە (٢٠١٨) لە ڕێکەوتنە ئەتۆمیەکەی ئێران، هەڵگیرسانی جەنگی ئۆکرانیا و فشار و گەمارۆکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ سەر هەردوولا، دوای چەندین ساڵ دانوسان و گفتوگۆ، دواجار ڕۆژی هەینی بەرواری (١٧-١-٢٠٢٥) و سێ ڕۆژ پێش دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترامپ وەك سەرۆکی ئەمریکا، سەرۆك کۆماری ئێران و ڕوسیا، ڕێکەوتنێکی هەمەلایەنەی ستراتیجی (٢٠) ساڵەیان واژۆ کرد. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ڕێکەوتنەکە، تەوەرەکانی، هۆکارەکانی پشت ئەنجامدانی ڕێکەوتنەکە، بەربەستەکانی بەردەم گەیشتنە قۆناغی هاوبەشی و هاوپەیمانی ستراتیجی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا، و کاریگەرییەکان و ئایندەی ڕێکەوتنەکە. ئەمەش لەمیانی پێنج تەوەری جیاوازدا.

*** تەوەرەی یەکەم: واژۆکردنی ڕێکەوتننامەکە:**

پاش چەندین ساڵ گفتوگۆ و دانوسان لە نێوان هەردوولا، کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حکومەتەکەی "ئبراهیمی ڕەئیسی" لە ئێران، دواجار لەمیانی سەردانە فەرمییەکەی "مسعودی پزشکیان" سەرۆك کۆماری ئێران و شاندێکی یاوەری بۆ

ڕوسیا، کە لە سەر بانگهێشتی فەرمی "فلادمیر پۆتن"ی سەرۆکی ڕوسیا بوو، ڕۆژی هەینی بەرواری (١٧-١-٢٠٢٥)، ڕێکەوتنێکی دولایەنەی ستراتیجی لەژێر ناوی (ڕێکەوتننامەی هەمەیەنەی هاوبەشی ستراتیجی) لە کۆشکی کرملن لەنێوان ئێران و ڕوسیا واژۆکرا[١]، کە لە چەند دەیەی کۆتاییدا دەبێتە سێیەم ڕێکەوتنی ستراتجی نێوان هەردوولا و بڕیاریش وایە وەك کۆتا قۆناغ بە مەبەستی پەسەندکردنی بخرێتە بەردەم پەرلەمانی هەردوو وڵات.



بەگشتی ڕێکەوتنەکە لە پێشەکیەك و (٤٧) مادە پێکهاتووە، کە بۆ ماوەی (٢٠) ساڵە و هەر پێنج ساڵ جارێکیش قابیلی نوێکردنەوەیە و بوارە جۆبەجۆرەکانی (سەربازی، ئاسایشی، پرسە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، تەکنەلۆجی، پیشەسازی و کەلتووری، کشتوکاڵ و ڕێگاوبان، تەندروستی و وەرزش، ڕاگەیاندن، ئابوری و وزە، بۆشایی ئاسمانی...) لەخۆدەگرێت[٢].

دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە، هەردوولا هیوایان خواست ڕێکەوتنەکە کاریگەریی لەسەر گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوانیان هەبێت و سەرۆکی هەردوو وڵات جەختیان لەسەر گرنگی ستراتیجیبوونی پەیوەندییەکانی هەردوولا کردەوە. لای خۆیەوە "فلادمیر پۆتن"، کە وڵاتەکەی لە دوای جەنگی ئۆکرانیاوە ئەوە چەندین ڕێکەوتنی دوولایەنی بەرگری و ستراتیجی دوو لایەنەیە لەگەڵ وڵاتانی نەیاری ڕۆژئاوا واژۆی دەکات، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی

بە واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە، ئەوی بە دەرفەتێك زانی بۆ هێنانە کایەی فرە چەشنی لە هەموو بوارەکان و پەیوەندییەکانی هەردوولا، کە هاوکار دەبێت لە پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی هەردوولا. هەروەها ڕایگەیاند پەیوەندییەکانی ئێران و ڕوسیا، بە ئاراستەی ستراتیجیبوون و پتەوبوونە و پێویستە پەیوەندییەکانی ئێران و ڕوسیا قووڵتر و پتەوتر بکرێن[٣].

سەرۆکی ئێرانیش وێرای جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی ڕوسیا پێگەیەکی تایبەتی لە سیاسەتی دراوسێیەتی ئێراندا هەیە، ڕایگەیاند ڕێکەوتنەکە قۆناغێکی نوێیە لە پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات. هەروەها ڕایگەیاند: (ئەم ڕێکەوتنە ڕێگە بە ئێمە دەدا پەیوەندییەکانی هەردوولا لە تەواوی بوارەکانی ئاسایشی، کەلتووری و بازرگانی پتەو بکەین. ئێمە تەواوی ڕێگرییەکانی جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتنەمان لابردووە و سوورین لەسەر جێبەجێکردنی)[٤]. "عباسی عراقچی" وەزیری دەرەوەی ئێرانیش سەبارەت بەڕێکەوتنەکە ڕایگەیاندووە، ماوەی ڕێکەوتنەکە تەنها لایەنی سیاسی لەخۆنەگرتووە و نەخشە ڕێگایەکە بۆ ئایندە و تەواوی لایەنەکانی هاوکاریی هەردوو وڵات لە خۆدەگرێت[٥].

**" ڕێکەوتنی ئەمجارەی نێوان ئێران و ڕوسیا بە بەراورد لەگەڵ ڕێکەوتنە دوولایەنەکانی دیکەی نێوان هەردوولا بە ڕێکخراوترین و گشتگیرترین ڕێکەوتنی نێوان هەردوولا دادەنرێت "**

لای خۆیەوە "فلادمیر زلنسکی"، سەرۆك کۆماری ئۆکرانیا لە لێدوانێکی بۆ ئاژانسی(associated press) هۆشداری دا لە نزیکبوونەوەیەی ڕوسیا، ئێران، کۆریای باکور و ڕایگەیاند: (ڕوسیا لەدوای چەندین دەیە بەشێوەیەکی فەرمی هاوپەیمانێتیی خۆی لەگەڵ ئێران و کۆریای باکور پتەو کردووە و هەرسێ لایەن هاوپەیمانێتییەکیان لە دژی ئۆکرانیا و ڕۆژئاوا پێکهێناوە. من پێم وایە ئەمە هاوپەیمانیەتییەکە لە دژی ئەمریکا و هاوپەیمانیەتێکی زۆر مەترسیدارە)[٦]. سەبارەت بە دیدگای ئەمریکا و ڕۆژئاواش بۆ ڕێکەوتنەکەی ئێران و ڕوسیا، ئەوان ڕێکەوتنەکە وەك بەشێك لە هاوپەیمانیی (کۆمەڵەی ئاژاوەگێڕی) دەبینن، کە مەبەست لێی هاوپەیمانی (ئێران، ڕوسیا، چین، کۆریای باکور)ە[٧].

*** تەوەرەی دووەم: ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامەکە:**

بە پێچەوانەی ڕێکەوتنە بیست ساڵیەکەی نێوان ئێران و چین لە ساڵی (٢٠٢١)، کە تا ئێستاش ناوەڕۆکەکەی بە شاراوەیی ماوەتەوە و دەقەکەی بڵاونەکراوەتەوە. هەر ڕۆژێك دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنەکەی نێوان ئێران و ڕوسیا، دەقی ڕێکەوتنەکە بە فەرمی بە هەرسێ زمانی (فارسی، ڕوسی، و ئینگلیزی)، لەلایەن هەردوو وڵاتەوە بڵاوکراوەیەوە. ئاژانسە گرنگە جیهانییەکانیش لەنێویاندا (ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز) بەشە گرنگەکانی ڕێکەوتنەکەی، بە چەند خاڵێك خستووەتەڕوو[٨]:

**١- گشتییەکان:**

هەردوولا پابەند دەبن بە قووڵکردنەوەی پەیوەندییەکان لە هەموو بوارە بەرژەوەندیی هاوبەشەکان. هاوکارییەکان لەبواری ئاسایش و بەرگری بەهێز بکرێن و چالاکیی ناوچەی و نێودەوڵەتییەکانی نێوانیان بەرزبکرێتەوە بۆ هێنانەدی هاوبەشییەکی ستراتیژی هەمەلایەنە و یەکگرتوو.

**٢- ئاسایش:**

ڕوسیا و ئێران لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە سەربازی هاوبەشەکان هاوکاریی یەکتری بکەن و لە مانۆڕە سەربازییە هاوبەشەکان بەشداریبکەن. هەروەها "هاوکارییە تەکنیکی-سەربازی"یەکانی نێوانیان فراوان بکەن. لە ئەگەری هێرش بۆ سەر یەکێک لەم دوو لایەنە، لایەنی بەرامبەر هاوکاریی لایەنی دەست درێژیکەر نەکات. هەروەها هەوڵبدات ناکۆکییەکان بە پشتبەستن بە ڕاگەیەنراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکان چارەسەربکرێت.

هیچ لایەنێکی ڕێکەوتنەکە هەوڵنەدات خاکەکەی بەکاربهێنرێت لە پشتگیریکردنی بزوتنەوە جوداخوازەکان، یان هەر هەنگاوێك کە ئارامی و یەك پارچەیی خاکی وڵاتی بەرامبەر پێشێل بکات. بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە هاوبەشەکان، دەزگا هەواڵگری و ئاسایشیەکانی هەردوولا، زانیاری و ئەزموونەکانی خۆیان لەگەڵ یەك دەگۆڕنەوە و هاوکاریی زیاتری یەکتری دەکەن.

**٣- وزە:**

ڕوسیا و ئێران هاوکارییەکانی نێوان کۆمپانیاکانی بواری وزەیان بەهێزتر دەکەن و هانیان دەدەن بۆ وەبەرهێنان لە پڕۆژەکانی پەرەپێدانی کێڵگە نەوتی و گازییەکان.

**٤- ئەتۆمی:**

هەردوولا لە پڕۆژە ستراتیجەکانی بواری بەکارهێنانی ئاشتییانەی وزەی ئەتۆم هاوکاریی یەکتری دەکەن، لەوانەش دامەزراندنی وێستگەی ئەتۆمی.

**٥- بازرگانی:**

هەردوولا لە هێنانەکایەی سیستەمێکی پارەدانی مۆدێرن و سەربەخۆ و دوور لە لایەنی سێیەم هاوکاریی یەکتر دەکەن، کە پاکتاوی هەژمار تیایدا بە دراوی نیشتیمانی بێت. هەروەها پەیوەندییە بانکیە ڕاستەوخۆکانی نێوانیان بەهێزتر بکەن و بەرهەمە داراییەکانیان بەرەوپێش ببەن.

ڕێکەوتنی ئەمجارەی نێوان ئێران و ڕوسیا بە بەراورد لەگەڵ ڕێکەوتنە دوولایەنەکانی دیکەی نێوان هەردوولا بە ڕێکخراوترین و گشتگیرترین ڕێکەوتنی نێوان هەردوولا دادەنرێت. هەروەها بە پێچەوانەی ڕێکەوتنەکانی پێشوتری نێوان هەردوولا، کە بەزۆری لایەنی ئابووری و ئاسایشی لەخۆگرتبوو، ڕێکەوتنەکەی ئەمجارە، ئەگەرچی هەژموونی لایەنی ئابووری و بازرگانی بەسەرەوەیە، بەڵام هەمەلایەن و گشتگیر و فرە ڕەهەندترە و نزیکەی (٣٠) بواری جیاواز لەخۆدەگرێت. ڕێکەوتنەکەش زیاتر سەرنجی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولایە و ڕاستەوخۆ باس لەلایەنی سێهەم ناکات و زیاتر لە ئاست هێڵە گشتییەکاندایە و چوارچێوەیەکە بۆ هاوکارییەکانی ئایندە لەنێوان هەردوولا و نەچووەتە ناو وردەکارییەکانەوە. لە چەند شوێنێکی دیاریکراویشدا نەبێت هیچ پابەندییەکی بۆ هەردوولا دیاری نەکردووە. ئەمەش هاوکارە تا لایەنەکانی ڕێکەوتنەکە سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانی خۆیان بەرامبەر وڵاتان و لایەنەکانی دیکە لە ئێستا و ئایندەدا بپارێزن. ڕێکەوتنەکە نابێتە کۆت و بەندێکی بەستەرەوە بۆیان، بۆ نموونە لە پرسی دانوسان و ڕێکەوتنی ئایندەیی نێوان ئێران و ئەمریکا و ڕۆژئاوا، یاخود هەر جۆرە ڕێکەوتنێکی ڕوسی و ئەمریکی لە ئایندەدا.

بەگشتی دەتوانین تەوەرەکانی ڕێکەوتنەکە و وردەکارییەکانی ناو ڕێکەوتنەکە بەم شێوەیە بخەینەڕوو[٩]:

| ژ | تەوەرەکان | وردەکاری ڕێکەوتنەکە |
|---|---|---|
| ١ | گواستنەوە و گەیاندن | هێنانەکایەی کۆریدۆری ترانزێتی و گەشەپێدانی ژێرخان |
| ٢ | ئابوری | وەبەرهێنان، بونیادنانی پرۆژەی هاوبەش و بازرگانی وزە |
| ٣ | تەکنەلۆجیا | هاوکاریی لەبواری تەکنۆلۆجیا نوێیەکان و ئاسایشی سایبری |
| ٤ | بەرگری و سەربازی | ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم و هاوکاریی لەبواری ئاسایشی ناوچەکە |
| ٥ | وزەی ئاشتیخوازانە | هاوکاریی لە بواری وزەی ئەتۆم و تەکنەلۆجیا پەیوەندیدارەکان |
| ٦ | پاراستن و ئاسایش | ڕووبەڕووبوونەوەی سپیکردنەوەی پارە، تاوانی ڕێکخراو و سایبری |
| ٧ | ژینگە | هاوکاریی لەبواری ئاسایشی خۆراك و پرسەکانی دەریای خەزەر |

*** تەوەرەی سێیەم : فاکتەرەکانی پشت ڕێکەوتنەکەی نێوان هەردوولا:**

ڕێکەوتنەکەی نێوان ئێران و ڕوسیا، یەکەم ڕێکەوتنی دوولایەنەی نێوان هەردوولا نییە، بەڵکوو لە سەد ساڵی ڕابردوودا و لە سەردەمی دوو سیستمی سیاسی پێشوو و ئێستای هەردوو وڵات، چەندین ڕێکەوتنی دوولایەنەی بواری جۆراوجۆر لەنێوان هەردوولا واژۆکراوە، لە گرنگترینیان:

١- ڕێکەوتنی دۆستایەتی و هاوکاریی لە ساڵی (١٩٢١).

٢- ڕێکەوتنی گرەنتی و بێلایەنی لە ساڵی (١٩٢٧).

٣- ڕێکەوتنی بازرگانی و دەریاوانی لە ساڵی (١٩٤٠).

٤- ڕێکەوتنی چارەسەری سنورەکان و پرسە داراییەکان لە ساڵی (١٩٥٤).

٥- ڕێکەوتنی ساڵی (١٩٨٩)، کە لەنێوان "هاشمی ڕەفسنجانی"ی سەرۆکی ئەوکاتی پەرلەمانی ئێران و "میخائیل گۆرباچۆف"ی سەرۆکی یەکێتیی سۆفیەت واژۆکرا، کە تایبەت بووە بە بواری هاوکاریی ئابووری و پیشەسازی و ماوەکەشی دە ساڵ بووە[١٠].

٦- ڕێکەوتنی ساڵی (٢٠٢١)، کە لەنێوان "محمدی خاتەمی" سەرۆکی ئێران و "فلادمیر پۆتن"ی سەرۆکی ڕوسیا لەژێر ناوی (ڕێکەوتنی بنەکانی پەیوەندیی هاوبەش و پرەنسیپەکانی هاوکاری) واژۆکرا و ماوەکەشی بیست ساڵ بوو، کە بە بەراورد لەگەڵ ڕێکەوتنەکانی پێشخۆی قۆناغێکی پێشکەوتووتر و بوارێکی فروانتری لەخۆگرتبوو[١١].

سەبارەت بە هۆکارە سەرەکییەکانی پشتبەستنی ڕێکەوتنەکەی ئێستای نێوان ئێران و ڕوسیا و گۆڕانکاریکردن لە ڕێکەوتنەکەی پێشووتری نێوان هەردوولا لە ساڵی (٢٠٠١)دا، بە شێوەیەکی گشتیی کۆمەڵێک هۆکار ڕۆڵ و کاریگەریان هەبووە و هۆکارەکانیش وەك باڵوێزی ئێران لە ڕوسیا ئاماژەی پێداوە، گەیشتنە بڕوای هەردوولایە بەوەی ڕێکەوتنەکەی پێشووتر پێویستی بە گۆڕانکاری و گونجاندنە لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای سیستمی ناوچەیی و نێودەوڵەتی[١٢]، هۆکارەکانیش لە چوارچێوەیە گشتییەکەیدا زیاتر ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی پەیوەندییەکانی ئێران و ڕوسیایە لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمریکا، لەوانەش:

**أ- سەربەخۆیی ستر اتیجی و ئامادەکاری بۆ سیستمی نوێی ناوچەیی و نێودەوڵەتی:**

ئێران و ڕوسیا، وەك لە وتە و لێدوانی بەرپرسانی باڵای هەردوولا بەڕوونی و ئاشکرایی ئاماژەی پێدەدەن، لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ستراتیجی و هێنانەکایەی سیستمێکی نوێ و جیاوازیی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، کە ببێتە جێگرەوەی سیستمی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی ئێستا، کە پێیانوایە لەژێر هەژموونی بەها و دەسەڵاتی ڕۆژئاوادایە. هەردوو پێیان وایە لە ئێستادا سیستمی نێودەوڵەتیی لە قۆناغی ڕاگوزەردایە و ئەم قۆناغە لەهەمان کاتدا لە خۆگریی مەترسی و دەرفەتە، هەوڵی بەدەستهێنانی پێگەیەکی بەهێزتر دەدەن لە سیستمە نوێیەکەدا.

**ب- هەڵگیرسانی شەڕی سوریا و کشانەوە لە ڕێکەوتننامە ئەتۆمییەکەی ئێران:**

هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی سوریا لە ساڵی (٢٠١١) و دواتریش هاتنەناوەوەی ئێران و ڕوسیا بۆ ناو شەڕەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ساڵی (٢٠١٥)، ڕۆڵێکی گرنگیان لە نزیکبوونەوەی هەردوولا گێڕا بەرامبەر نەیارە ڕۆژئاواییەکانیان لە سوریا و هەماهەنگکردنی زیاتری بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتری. هەروەها کشانەوەی پێنج ساڵ پێشی دۆناڵد ترامپ لە ڕێکەوتنە ئەتۆمیەکەی ئێران و لاوازتربوونی متمانە و بڕوای ئێرانیەکان بە ئەمریکا و ڕۆژئاوا. لەم بارەوە، ڕۆژی هەینی (٧-٢-٢٠٢٥) ڕێبەری باڵای ئێران لە وتارێکی تەلەفیزۆنیدا ڕایگەیاند: (لە ساڵانی نەوەدەکاندا دانیشتین و دانوستانمان لەگەڵ ئەمریکا کرد و دوای نزیکەی دوو ساڵ ڕێکەوتنێك هاتەکایەوە. حکومەتەکەمان کۆبووەوە و دانوستانیان کرد -حکومەتی ئەو ڕۆژە- ئەوان چوون، هاتن، دانیشتن، وەستانەوە، دانوستانیان کرد، قسەیان دەکرد، پێکەنین، دەستیان لێدا، هاوڕێەتییان دەکرد، هەمووان کاریان دەکرد، پەیماننامەیەک دروستبوو. لەم پەیماننامەیەدا لایەنی ئێرانی زۆر بەخشندە بوو، ئیمتیازاتی زۆری بە لایەنی بەرامبەر دا، بەڵام ئەمریکییەکان هەمان پەیماننامەیان جێبەجێنەکرد، هەمان ئەو کەسەی ئێستا لە پۆستەکەیدایە پەیماننامەکەی دڕاند. وتی دەیدڕێنم و کردی؛ پابەندنەبوون)[١٣].

> **” ڕێکەوتنەکەی نێوان ئێران و ڕوسیا، یەکەم ڕێکەوتنی دوولایەنەی نێوان هەردوولا نییە، بەڵکوو لە سەد ساڵی ڕابردوودا و لە سەردەمی دوو سیستمی سیاسی پێشوو و ئێستای هەردوو وڵات، چەندین ڕێکەوتنی دوولایەنەی بواری جۆراوجۆر لەنێوان هەردوولا واژۆکراوە “**

**ج- گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و دۆخی ناوخۆیی ئێران:**

گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ناوچەکە و پاشەکشەی ڕۆڵ و کاریگەریی ئێران تیایدا، بەهۆی لاوازبوونی پرۆکسیەکانی لە ناوچەکە لەوانەش: حزب الله و بزوتنەوەی حەماس، ڕوخانی ڕژێمەکەی ئەسەد، فشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، هەروەها خراپی دۆخی سیاسی، ئابوری و دارایی ناوخۆیی ئێران، کە ئەو ترسەی لای دەسەڵاتی ئێرانی دروستکردووە،

ئەگەر هەیە لە هەر ساتێکدا دۆخی ناوخۆیی وڵاتەکە بتەقێتەوە. ئەمە جگە لەوەی ئێران بەهیوایە ڕوسیا ببێتە پارێزەرێکی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و کۆڕ و گردبوونەوە نێودەوڵەتییەکان بەرامبەر هەر پرۆژە و سزاییەکی ئەمریکا و ڕۆژئاوایی[١٤]. وەك ئەوەی ڕوسیا لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە کۆمەڵێك کەیسی جیاواز لە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ پاراستنی ئێران لە سزا و ئیدانەکردنی ئێران کردوویەتی. لە نوێترین پێشهاتیشدا، کە تا ڕادەیەك پێچەوانەی هەڵوێستەکانی ڕابردووی بووە، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا سەبارەت بە گەڕانەوەی سزا ئەتۆمییەکانی سەر ئێران ڕایگەیاند، ترۆیکای ئەوروپی مافی نییە (Snap back) ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران بەکاربهێنێت و داوای گەڕانەوەی سزا ئەتۆمییەکانی سەر ئێران بکات[١٥].

**د- جەنگی ئۆکرانیا و فشارەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ سەرهەردوولا:**

دوای دەستپێکردنی شەڕی ئۆکرانیا لە ساڵی (٢٠٢٢)، پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیا و ئێران گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هات. ڕوسیا ڕووبەڕووی سزای توند بووەوە و پێویستی بە هاوکاریی سەربازی ئێران بوو "بەتایبەت فڕۆکەی بێفڕۆکەوان" لە شەڕەکەدا، لە کاتێکدا ئێران هەوڵیدەدا ئەم دەرفەتە بۆ بەهێزکردنی پێگەی ناوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتیی بەکاربهێنێت[١٦].

لە ئێستادا ئێران و ڕوسیا لەژێر فشاری سیستماتیکی جۆراوجۆرن: (سیاسی، ئابووری، ئەمنی، سەربازی، کۆمەڵایەتی، میدیایی...) هاوشێوەی ئەمەریکا و ڕۆژئاواو و هاوکاریی و ئاڵوگۆڕی ئەزموون لەنێوان هەردوو وڵات، کە لە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە جەختیشی لەسەر کراوەتەوە، دەتوانێت ستراتیجی بەرگری چالاکانەی دوو وڵات بەرامبەر ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە هێزتر بکات.

**هـ- گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و هاتنە سەرکاری ترامپ:**

بە سەرنجدان لە گرژییە بەردەوامەکانی نێوان ئێران و ڕوسیا لەگەڵ ئەمریکا، هەروەها هەڕەشەی سەربازیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە دژی تاران یان شەڕی بەوەکالەت لە دژی مۆسکۆ، ئەم دوو وڵاتە "سڵپێکردنەوەی کارایان" کردووەتە بنەمایەکی گرنگ لە کارنامەی خۆیاندا. ئەم ستراتیژە لە دۆکترینی بەرگری ئێران و ڕوسیادا گرنگییەکی زۆری هەیە. هەرچەندە ئێران لەم ساڵانەی دواییدا توانا سەربازییەکانی پەرەپێداوە، لەوانەش لەڕووی مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە، بەڵام بۆ مۆدێرنکردنی توانا سەربازییەکانی پێویستی بە چەک و تەکنۆلۆژیای سەربازی هەیە و ڕوسیاش گرنگترین و باشترین بژاردەیە بۆم مەبەستە. لەبەرامبەردا، هەرچەندە ڕوسیا یەکێکە لە هێزە سەربازییە پێشەنگەکانی جیهان، بەڵام دەکرێت هەندێک تەکنەلۆجیای نوێ، لەوانەش فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی بۆ ڕوسیا

سەرنجراکێش بێت. ئاڵوگۆڕی ئەم سەروەت و سامانانە لە شێوەی ڕێککەوتنێکی ستراتیژیدا دەتوانێت سوودی بۆ هەردوو لایەن هەبێت و لە ستراتیژی سڵپێکردنەوەی کارای ئەوان هاوکاربێت[١٧]. ئەمە جگە لەوەی نزیکبوونەوە لە ئێران دەتوانێت کارتێکی فشار و دانوسانی ڕوسی بێت لە بەرامبەر ئەمریکا و ڕۆژئاوادا.

> **"هەردوو پێیان وایە لە ئێستادا سیستمی نێودەوڵەتیی لە قۆناغی ڕاگوزەردایە و ئەم قۆناغە لەهەمان کاتدا لە خۆگریی مەترسی و دەرفەتە، هەوڵی بەدەستهێنانی پێگەیەکی بەهێزتر دەدەن لە سیستمە نوێیەکەدا"**

هەروەها پێدەچێت هاتنەسەر کاری ترامپ لە ئەمریکا و ئەگەری توندترکردنی فشارەکان بۆ سەر ئێران ڕۆڵی لە خێراترکردنی واژۆکردنی ڕێکەوتنە هەبووبێت، بەتایبەت بەلای ئێرانییەکانەوە. لەم بارەوە واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە تەنها سێ ڕۆژ پێش دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترامپ وەك سەرۆکی ئەمریکا جێی سەرنجە[١٨] و لەخۆگری پەیام و ئاماژەی تایبەت بوو.
بەگشتی ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە لە ئاستی ستوونی و ئاسۆیی لەناو ڕێکەوتنە دوولایەنەکانی پێشوتری نێوان ئێران و ڕوسیادا بێ پێشینەیە، ئاماژەی سەرەتای قۆناغێکی نوێیە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا، کە هۆکارە سەرەکییەکەی ویستی هەردوولایە بۆ دروستکردنی ئاڵنگاریی بۆ دەسەڵات و هەژموونی ڕۆژئاوا بەسەر سیستمی نێودەوڵەتی، بەتایبەتیش لە پرسە ئابووری و داراییەکان و شکاندنی گەمارۆ ئابووری و داراییەکانی سەر هەردوولا دەگەڕێتەوە. هەروەها ئەگەرچی ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە بەزۆری باس لە پرس و پەیوەندییە دوولایەنەکانی نێوان هەرد،ولا دەکات و باسی لایەنی سێهەمی لەخۆنەگرتووە، بەلام ڕۆحی ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە ئاماژەیە بە هەوڵ و هاوکاریی هەردوولا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ڕۆژئاوا بۆ سەر سیستمی نێودەوڵەتی و تاك جەمسەری، هەوڵ بۆ هێنانەدی سیستمێکی نێودەوڵەتیی فرە جەمسەری و لاوازکردنی گەمارۆکانی ڕۆژئاوا بۆ سەر هەردوو وڵات. لەم بارەوە وەزیری دەرەوەی ئێران لە وتارێکی دەربارەی ڕێکەوتنەکە لە ئاژانسی نۆستی ڕوسی ڕایگەیاند، (هاوکارییەکانی نێوان ئێران و ڕوسیا تەنها مامەڵەیەکی دوولایەنە نییە، بەڵکو پەیامێکە بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی کەوا باوەڕیان بە سەروەری نیشتیمانی، دادپەروەری و چەند لایەنی هەیە)[١٩].
لەو ڕوانگەوەی ڕێکەوتنەکە بەهەنگاوێکیتری نزیکبوونەوە و پتەوکردنی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی بەرەی (ڕوسیا، ئێران، چین، کۆریای باکور)ە لەگەڵ یەکتر. بۆیە بەشێوەیەکی سروشتی ئەم ڕێکەوتنەکە و هاوشێوەکانیتری، مایەی نیگەرانی هێزەکانی ڕۆژئاوا و ئەمریکایەو

نیگەرانییەکانی وتەبێژەکەی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپاش لەسەر ڕێکەوتنەکە هەر لەم سۆنگەیەوە بوو. هەروەها پێدەچێت بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی وڵاتانی ناو ئەم بەرەیە لەگەڵ یەك یەکێك بێت لە ئاڵنگارییە دەرەکییەکانی ئیدارەکەی ترامپ، کە شێوەی مامەڵەکردنی ئەو لەگەڵ ئەندامانی ئەم بەرەیە، لێکەوتەی مێژوویی و جیۆپۆلۆتیکی بەهێزی دەبێت.

*** تەوەرەی چوارەم: ڕێگرییەکانی ستر اتیجیبوونی پەیوەندییەکانی هەردوولا:**

ڕاستە ڕێکەوتنەکە (٢٠) ساڵەی نێوان ئێران و ڕوسیا درێژەپێدەری پرۆسەی نزیکبوونەوەکانی ساڵانی دوایی نێوان هەردوولایە و هەنگاوێکی دیکەی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولایە لە ئاستی ستوونی و ئاسۆیی، بەڵام هێشتا زووە باس لە بازدانێکی گەورە و چوونە پێشی پەیوەندییەکانی ئێران و ڕوسیا بۆ ئاستی هاوبەش و هاوپەیمانی سراتیجی بکرێت، ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە، کە گرنگترینیان بریتیین لە:

**١- جیاوازی ئایدۆلۆجی، کێبڕکێی هەرێمایەتی و نەبوونی متمانە:**

ڕوسیا و کۆماری ئیسلامی ئێران، جگە لەوەی لەڕووی شوناس و ئایدۆلوجیای دەسەڵاتەوە تەواو ناکۆك و جیاوازن لەگەڵ یەکتر، لە پرسەکانی بازاڕی ووزە و کاریگەری و هەژمونی ناوچەیی لە ململانێ و کێبڕکێدان لەگەڵ یەکدا، بەتایبەتی لە ناوچەکانی قەبقاز و ئاسیای ناوەڕاست. ئەمە جگە لەوەی لە یادگە و دیدی ئێرانییەکانەوە ڕوسیا لەڕووی مێژوییەوە داگیرکەر و دابڕێنەری بەشێکی گەورەی باکوری خاکی ئەو وڵاتەیە[٢٠] و لەسەردەمی نوێشدا، لە چەند قۆناغدا هەرکات ڕوسیا لە بەرژەوەندیی بووبێت پشتی لە ئێران کردووە و پابەندیی ڕێکەوتن و بەڵێنەکانی نێوانیان نەبووە. لەوانەش دەنگدان لەسەر بەشێك لە سزاکانی ئەنجوومەنی ئاسایش لە دژی ئێران لە (٢٠١٠) و پابەند نەبوون بە بەشێك لەو ڕێکەوتنانەی لەگەڵ ئێرانییەکان ئەنجامی داوە، لەوانەش تەواونەکردنی (کۆریدۆری باکور-باشور) و (وێستگەی ئەتۆمی بوشهر) و ڕادەستنەکردنی (سیستمی بەرگری (S300) لەماوەی دیاریکراوی خۆیدا، کە بەشێکی زۆری ڕەنگدانەوەی باشتربوونی پەیوەندییەکانی ڕوسیا بووە لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەو قۆناغە دیاریکراوانەدا.

**٢- کاریگەربوونی پەیوەندییەکانی ئێران و ڕوسیا بە پەیوەندییەکانی ڕوسیا لەگەڵ ڕۆژئاوا:**

بەلای ڕوسیاوە بەرژەوەندی و پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە پێشینەیە و بەزۆری پەیوەندییەکانی ڕوسیا لەگەڵ ئێران زیاتر وەك پاشکۆ و کاریگەر بە پەیوەندییەکانی ڕوسیا لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمریکا دەرکەوتووە و دەردەکەوێت. لەڕووی مێژوییەوە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی ڕوسیا لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوا لێکەوتەی خراپی بۆسەر

ئاستی پەیوەندییەکانی ئێران و ڕوسیا داناوە و ئاڵنگاریی بۆ پەیوەندییەکانی هەردوولا دروستکردووە[٢١]. هەروەها بەگشتی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ڕوسیا (ناوچەی دەریای ڕەش، قەفقاز، ئۆکرانیا و... هتد) لە ئێران فراوانترە و پەیوەندییەکانی ئێران و ڕوسیا لەخۆگری بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا نییە لەم هەرێم و ناوچانە، ڕوسیا بۆ گرەنتیکردنی بەرژەوەندییەکانی لەم ناوچانە پێویستی بە چوارچێوە و پەیوەندییەکی فراوانترە، کە بەزۆری خۆی لە مامەڵە و پەیوەندییە لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوا و هێزە ناوچەییە کاریگەرەکانی دیکەی وەك تورکیادا دەبینێتەوە.

ئەمە جگە لەوەی پێدەچێت ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەرێگای جیاواز هەوڵی پەرتکردن و دروستکردنی گرفت یاخود لاوازکردنی پەیوەندییەکانی ئێران و ڕوسیا بدەن. بە گوتەی کیس کلاگ (نێردەی ترەمپ لە ئۆکرانیا)، ئەمریکا بەنیازە لە چوارچێوەی هەوڵە دیپلۆماسییە نوێیەکانیدا، پەیوەندییەکانی ڕوسیا لەگەڵ ئێران بپچڕێنێت. لەم بارەوە ئەگەر ئەو دانوسان و گفتوگۆیانەی لەنێوان ڕوسیا و ئەمریکا لەبارەی ئۆکرانیاوە لە ئارادایە، لەوانەش گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا لە (١٨-٢-٢٠٢٥) لە سعودییە، بگاتە ئەنجام و سزاکانی ئەمریکا دژی ڕوسیا (لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئاشتی ئۆکرانیا)کەم بکرێنەوە یان هەڵبگیرێن، ئەوکات ڕوسیا کەمتر پێویستی بە چەکی ئێران و دەروازەی ئێرانە بۆ خۆدزینەوە لە سزا ئابوورییەکان و بە ئەنجامیش هاوکارییەکانی نێوان ئێران و ڕوسیا دەکەونە مەترسییەوە[٢٢]. ئیدی پاش ڕۆیشتنی ئەسەد و کۆتایی هاتنی شەڕ لە ئۆکرانیا، ڕوسیا هۆکاری ستراتیجی پێویستی نابێت بۆ پاراستنی پەیوەندیی نزیک لەگەڵ تاران، ئەمەش وا دەکات ئێران کاندیدێکی موحتەمەل بێت تا ڕادەی پەراوێزخستنی دیپلۆماسی. هەروەها ڕەنگە مۆسکۆ بەدوای سیاسەتێکی هاوسەنگتری دەرەوەی خۆی لەنێوان ڕۆژئاوا و ئێراندا بگەڕێت و ترسی ئەوەی هەیە پشتبەستن بە ئێران لە درێژخایەندا کاردانەوەی پاشەکشەی هەبێت[٢٣].

لەم بارەوە خودیی ئێرانییەکان نیگەرانن و ترسیان لە دووبارەبوونەوەی ئەزموونە مێژووییەکانی سالانی ڕابردووی ڕوسیا هەیە[٢٤]. بەتایبەتیش زیاتر لەناو بەرەی ئیسڵاحخوازی ئێرانی هەست بەم نیگەرانییە دەکرێت و بە پێچەوانەی بەرەی بناژوخوازی خاوەن دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە ئێران، هەمیشە جەختیان لەسەر ڕاگرتنی هاوسەنگی پەیوەندییەکانی ئێران لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کردووەتەوە و دەکەنەوە و ترسی خۆیان ناشارنەوە لە خستنی تەواوی هەڵبژاردەکانی ئێران بە سەبەتەی ڕوسیاشەوە. بەتایبەتیش لە ئێستادا کە ئیدارەکەی ترامپ لە هەوڵدایە بۆ کۆتاییهێنان بەم جەنگە و پێدەچێت ئێرانیش بەشێك بێت لە پرسەکانی سەر مێزی دانوسانەکانی کۆتاییهێنان بە جەنگەکە. لەم بارەوە لە کۆنفرانسی ئەمنیەتی میونشنی ئەم دواییەدا، "کیس کیلۆگ" نوێنەری ترەمپ بۆ ئۆکرانیا، ئاماژەی بەوە دا کە ئەمریکا بە نیازە پەیوەندییەکانی ڕوسیا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی پاڵنەرە دیپلۆماسییە

نوێیەکانیدا بپچڕێنێت. هەروەها بوونی نوێنەری تایبەتی ترامپ بۆ کاروباری ڕۆژهەڵات " استیو ویتکاف"ە لە دانوسانەکانی ئەمریکا و ڕوسیا لە پرسی کۆتایهێنان بە جەنگی ئۆکرانیا.

**٣- ڕاگرتنی هاوسەنگی ناوچەیی:**

لەڕووی سەربازیی و بەگریەوە، بۆ ڕوسیا گرنگە هاوسەنگی پەیوەندییەکانی لەنێوان (ئێران، وڵاتانی کەنداو، ئسرائیل) بپارێزێت و هاوسەنگی پەیوەندییەکان لەنێوان وڵاتانی ناوچەکە تێکنەدات، بەتایبەتیش بۆ وڵاتانی کەنداویی وەك سعودییە و ئیمارات، کە هاوبەشێکی گەورەی بازرگانی و وزەی ڕوسیان لە ئاستی ناوچەکە و جیهان. هەڵوێستەکانی ماوەکانی دوایی ڕوسیا لەمەڕ سێ دورگە ئێرانییە کێشە لەسەرەکەی کەنداو (ابو موسا، تنب بزرگ، تنب کوچك) هەر لەم ڕوانگەیەوە بوو. هەروەها بەهۆی بوونی پەیوەندیی بەهێزی ڕوسیا لەگەڵ ئیسرائیل و پەیوەندییە ستراتیجیەکانی ئەم وڵاتەی دوایی لەگەڵ ئەمریکا، وا لە ڕوسیا دەکات ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران نەگاتە قۆناغیك بەرژەوەندیی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل بخاتە مەترسییەوە.

**٤- نەبوونی زەمینەی گونجاوی ناوخۆی یارمەتیدەر:**

واقیع و زەمینەی ناوخۆیی ئێران و ڕوسیا، بەتایبەتیش لەو بوارانەی کە لە ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکەدا باسکراون، لە ئاستێکدا نییە کە هاوکار بێت لە بە جێگەیاندنی ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە. تەنانەت ئەم خاڵە لە نەهاتنەدی ئامانجەکانی ڕێکەوتنەکانی پێشووتری نێوان هەردوولاش ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە و بەهۆیەوە زۆرجار ڕێکەوتنەکان، یان بەشێکیان تەنها لەسەر کاغەز ماونەتەوە. لەم بارەوە یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی پەیوەندییەکانی ئێران و ڕوسیا، ناهاوسەنگییە لە بوارەکانی پەیوەندییەکان، بۆ نموونە هەرچەندە ئەم دوو وڵاتە لە بواری سیاسی و سەربازیدا کارلێکی تا ڕادەیەك زۆریان هەبووە و هەیە، بەڵام پەیوەندییەکانی نێوانیان لە بواری ئابووری و بازرگانیدا زۆر سنووردارە و تەواوکەری یەکتری نین. بەجۆرێك سەرەڕای ئەنجامدانی چەندین ڕێکەوتن لە ساڵانی ڕابردوودا، کەچی بەپێی ئامارە فەرمییەکان، ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان ئێران و ڕوسیا لە نۆ مانگی یەکەمی (٢٠٢٤)دا تەنیا یەک ملیار و نۆسەد ملیۆن دۆلار بووە[٢٥].

ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژەیە، ڕەنگە هەر بەهۆی بەشێك لەم هۆکارانەی سەرەوە بێت کە باسمان کردن، ڕێکەوتنەکەی ڕوسیا و ئێران، بەپێچەوانەی ڕێکەوتنەکەی پێشتری ڕوسیا لەگەڵ بیلاروس و کۆریای باکور، لەخۆگری گرەنتی ئاسایشییە بەرگرییەکان نییە، کە تیایدا لە ئەگەری جەنگ و هێرشی لایەنی سێیەم بۆسەر لایەنێکی ڕێکەوتنەکە، لایەنەکەی دیکە بێتە ناو جەنگەکەوە. هەروەها ڕێکەوتنەکە تەنها بەوە کیفایەتی کردووە هیچ لایەنێکی ڕێکەوتنەکە هاوکاریی سەربازی یان هەر جۆرە هاوکارییەکی دیکەی پێشکەش بەلایەنی

دەستدرێژیکەر بۆ سەر لایەنی بەرامبەر نەدەن، کە ئەمە بە نیسبەت ڕۆژئاواو ئەمریکاوە جێگەی دڵخۆشییە.

> **” بەگشتی ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە لە ئاستی ستوونی و ئاسۆیی لەناو ڕێکەوتنە دوولایەنەکانی پێشوتری نێوان ئێران و ڕوسیادا بێ پێشینەیە، ئاماژەی سەرەتای قۆناغێکی نوێیە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا “**

*** ئەنجـام:**

ڕێکەوتنە ستراتیجییە بیست ساڵەکەی نێوان ئێران و ڕوسیا، کە درێژەپێدەری ڕێکەوتنە جیاوازەکانی نێوان هەردوولایە لە چەند دەیەی ڕابردوودا، دەرئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیی پەیوەست بە هەردوولایە، بەشێکە لە پرۆسەی لێکنزیکبوونەوەکانی ساڵانی دوایی نێوان هەردوولا و قۆناغێکی نوێی چوونەپێش و قووڵبوونەوەی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولایە، کە پێدەچێت تا ئاستێکی دیاریکراو ڕۆڵی لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەردوولادا هەبێت و دانانی کاریگەریی لەسەر پرسە پەیوەندیدارە دوولایەنە، ناوچەییە، نێودەوڵەتییەکان. بەڵام هێشتا بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری جیاوازە زووە باس لە نزیکی گەیشتنی پەیوەندییەکانی هەردوولا بە قۆناغی هاوبەشی و هاوپەیمانی ستراتیجیی بکرێت، لەم ڕێگەیەدا کە چەندین لەمپەری گەورەی ناوخۆیی، هەرێمی، نێودەوڵەتی بوونی هەیە، ئاسان نییە، لە نزیك مەودادا پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات ڕەهەندێکی ستراتیجیی وەربگرێت، بەتایبەتیش لە ئێستادا و لە سەردەمی ئیدارەی ترامپدا، کە لە هەوڵدایە پرسی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕوسیا ئاساییبکاتەوە و لە پرسی ئێراندا سوود لە کارتی ڕوسیا وەربگرێت. ئەم پێشهاتانە بۆ ئێران کە وابەستەی پشتیوانی ڕوسیا بوو بۆ فراوانکردنی نفوزی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرەنگاربوونەوەی گەمارۆکان، خستووەتە دۆخێکی ناسکەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، بەهۆی جیاوازیی ئایدۆلۆجی و دونیابینیی قووڵی هەردوو وڵات لەگەڵ ڕۆژئاوا و نامتمانەییان بە ڕۆژئاوا، هەروەها هەوڵی هەردوولا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ستراتیجی، دابەزینی قووڵ و فراوانی پەیوەندییەکانی هەردوولا بەمزوانە و لەنزیك مەودادا ئەگەرێکی لاوازە، بەتایبەتیش لەلایەن ڕوسیاوە، کە بەهۆی بوونی بەرژەوەندیی هەمەلایەنە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران، بەکارهێنانی کارتی ئێرانە لەبەرامبەر ڕۆژئاوا لەکاتی

پێویستدا. هەروەها دڵنیانەبوون لە سیاسەتی ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا بەرامبەر بە ڕوسیا، لە هەوڵی ڕاگرتنی هاوسەنگی پەیوەندییەکانە لەنێوان ئێران و ڕۆژئاوایە و نایەوێت بەتەواوی دەستبەرداری ئێران ببێت.

سەبارەت بە کاریگەرییە پۆزەتیفەکانی ڕێکەوتنەکەش بۆ سەر ئێران، لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا، بەتایبەتیش لە بواری سەربازی- بەرگری و ئابووریدا، ڕەنگە ڕێکەوتنەکە لەبواری سەربازی و بەرگریدا لە ئاستێکی خوارەوە و مامناوەندا کاریگەری لەسەر پتەوکردنی توانا و هێزی سەربازی- ئاسایشی و هەواڵگری ئێران لەناوخۆ و ناوچەکەدا هەبێت، بەتایبەتیش لە پتەوترکردنی بنەماکانی دەسەڵات لە ناوخۆ و لە ئاستی ناوچەکەش بۆ سەر وڵات و هەرێمە لاواز و نزیکەکان، بەڵام پێناچێت ڕێکەوتنەکە کاریگەرییەکەی گەورە و ستراتیجی بێت و هاوسەنگی هێز لەناوچەکە تێکبدات، بەلایەنی کەمەوە لە کورت مەودادا. لەڕووی ئابوورییشەوە کێشە ئابووریی و داراییەکانی ئێران زۆر لەوە گەورەترن بە وەها ڕێکەوتنێك لەگەڵ ڕوسیا بتوانرێت چارەسەر بکرێن، یاخود هاوکاریی گەورە بێت لە چارەسەرکردنیان، چونکە کێشە و ئاڵنگارییە ئابووری و داراییەکانی ئەم وڵاتە زیاتر بە سیستمی دارایی نێودەوڵەتی و گەمارۆکانی ڕۆژئاواوە پەیوەستن و ڕوسیاش لەڕووی ئابووری، دارایی، پیشەسازییەوە ناتوانێت ببێت بە بەدیلی ڕۆژئاوا بۆ ئێران.

*** سەرچاوەکان:**

١- بدون نام نویسنده، توافقنامه جامع راهبردی ایران و روسیه از نگاه رسانه‌های جهان، ٢٩-دی-١٤٠٣، https://www.mehrnews.com/news/6350091/ ٢٩-٢-٢٠٢٥

٢- بدون نام نویسنده، پایگاه اطلاع رساني رياست جمهوري، جمعه ٢٨-دی- ١٤٠٣، متن کامل توافقنامه جامع راهبردی ایران و روسیه، https://president.ir/fa/١٥٦٨٧٢، ٧-٢-٢٠٢٥.

٣- Iran-Russia 20-Year Mega Deal Boosts Bilateral Ties,17-1-2024, https://sputniknews.in/20250117/iran-russia-20-year-mega-deal-boosts-bilateral-ties-8674765.html, 7-2-2025

٤- بدون نام نویسنده، ٢٨-١٠-١٤٠٣، پزشکیان در دیدار با پوتین: ارتباط با روسیه را حیاتی، حساس و راهبردی می‌دانیم و محکم ایستاده‌ایم، https://www.asriran.com/fa/news/١٠٣٠٥١٥/، ٢٥-٢-٢٠٢٥.

٥ -بدون نام نویسنده، ٢٦-١٠-١٤٠٣، یادداشت سید عباس عراقچی وزیر امور خارجه در#١٦٠ راسیاسیوودنیا روسیه، https://mfa.gov.ir/portal/newsview/759816/ ٣-٣-٢٠٢٥

٦- Olena Goncharova,3-3-2025, Zelensky warns of Russia's growing alliance with Iran, North Korea, https://kyivindependent.com/zelensky-warns-of-russias-growing-alliance-with-iran-north-korea/, 7-3-2025

٧- jean- loup samman, 13-1-2025, Could the Russia-Iran Comprehensive Partnership Treaty Challenge Gulf Security?, https://mecouncil.org/blog_posts/could-the-russia-iran-comprehensive-partnership-treaty-challenge-gulf-security/, 17-2-2025.

٨- By Reuters,Key provisions of Russia-Iran strategic cooperation treaty,17-1-2024, https://www.reuters.com/world/key-provisions-russia-iran-strategic-cooperation-treat, 20-1-2025
٩- پايگاه اطلاع رساني رياست جمهوري، پيشين.
١٠-د. فريد حاتم الشحف، (٢٠٠٥)، العلاقات الروسية الإيرانية، وأثرها على الخريطة الجيوسياسية منطقة الخليج العربي ومنطقة آسيا الوسطى والقفقاس. دمشق, دار الطليعة الجديدة, ص٧١.
١١- النا راوندي– فدائي، (٢٠١٥)، تاريخ العالقات الروسية اإليرانية واتفاق فيينا النووي، الدوحة, المركز العربي لألبحاث و دراسة السياسات, ص٣.
١٢- بدون نام نويسنده، ٢٧ی دی ١٤٠٣، توازن و استقلال مولفه‌های قدرت کلیدی در موافقت نامه جامع با روسیه است، https://www.irna.ir/news/٨٥٧٢١٤٤٣/ ١٤-٢-٢٠٢٥.
١٣- بدون نام نويسنده، بیانات رهبر انقلاب درباره مذاکره با آمریکا، تيتر يك رسانه‌هاى جهان، ١٩-بهمن-١٤٠٣، https://www.isna.ir/news/1403111914314 /٨-٢-٢٠٢٥.
١٤- دانا سترول, ١٧-٤-٢٠٢٤, التعاون الروسي الايراني والتهديدات للمصالح الامريكية, https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/altawn-alrwsy-alayrany-walthdydat-llmsalh-alamrykyt, ١٦-٢-٢٠٢٥.
١٥- بدون نام نويسنده، ٢٣ بهمن ١٤٠٣، سخنگوی وزارت خارجه روسیه: توافق هسته ای با ایران فروپاشیده/ غرب حق ندارد تحریم‌ها علیه ایران را احیا کند، https://noandish.com/fa/news/١٩٣١٨٤/، ٢٤-٢-٢٠٢٥.
١٦- Arman Mahmoudian,27-2-2025, Russia-Iran: Fair weather friends may not survive Ukraine war, https://responsiblestatecraft.org/russia-iran-relations/, 1-3-2025.
١٧- Alireza Noori,30-1-2025, https://valda
١٨- رانيا كرم، ١٤-١-٢٠٢٥، رسائل توقيت الشراكة الاستراتيجية بين روسيا وإيران إلى ترامب، https://futureuae.com/ar-AE/Mainpage/Item/٩٩٤٠، ٨-٢-٢٠٢٥،
١٩ - بدون نام نويسنده، ٢٦-١٠-١٤٠٣، يادداشت سيد عباس عراقچی وزير امور خارجه در#١٦٠ راسياسيوودنيا روسيه، پيشين.
٢٠
٢١- Interview with Said Shariati, member of the political commission of the "Masharekyat" political party, conducted by Nikita Filin in Tehran, 27/12/2006, Published in "The Social-historic Development of the Islamic Republic of Iran (1979-2008): Factors of Stability in State Power," Appendix 1, Moscow: 2012, p.
٢٢- Emil Avdaliani,28-2-2025, Iran Fears US-Russia Reconciliation Could Come At Its Expense, https://www.stimson.org/2025/iran-fears-us-russia-reconciliation-could-come-at-its-expense/, 1-3-2025.

٢٣- Op.cit .Arman Mahmoudian
٢٤ - Ibid
٢٥- بدون نام نويسنده، خبرگزاری مهر، ا بهمن ١٤٠٣، نقشه تجاری ايران و روسيه؛ پيوندهای تجارت محكم شد، https://www.mehrnews.com/news/6352241/، ١-٣-٢٠٢٥.



# چەمك و ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە لە هەرێمی کوردستاندا

پ. ی. د. سەروەر محمد عبدالله
دکتورا لە زانستە سیاسیەکان

## * پوختە:

خاڵی دەستپێکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ناساندنی چەمکی ئاسایشی وزە، پاش شیکارکردنی پێناسەی ئاسایشی وزە ئەوەمان بۆ ڕوون بوویەوە کە چەمکی ئاسایشی وزە وابەستەی چواچێوەی بەکارهێنانێتی، واتە ئاسایشی وزە مانای جیاوازی هەیە بۆ وڵاتانی هاوردەکارو و هەناردەکاری وزە. بۆ وڵاتانی هاوردەکار چەمکی ئاسایشی وزە بریتییە لە دەستەبەرکردن و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی دابینکردنی وزە بە نرخێکی گونجا و بە بێ پچران، بەڵام بۆ دەوڵەتانی هەناردەکار چەمکی ئاسایشی وزە بریتییە لە دڵنیابوون لەسەر خواست لەسەر وزەکەیان بەنرخێکی کێبڕکێکار بەمەبەستی دەستەبەرکردنی دەرامەتی جێگیر لە ئاستێکی ئاساییدا و پاراستنی وڵات لەو شۆکانەی لە بازاڕی وزەدا دروست دەبن. وەك وەبەرهێنەرێکی نوێ، هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا ئامانجی سەرەکی بریتییە لە جێگەکردنەوەی خۆی لەسەر نەخشەی جیهانی وزەدا و زیادکردنی هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە و دەستەبەرکردنی داهاتێکی جێگیر. سەبارەت بە پرسی ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە و توانای جێبەجێکردنی هەر چوار ڕەهەندەکە (بوون، گونجاوی نرخ، دەستڕاگەیشتن و قبوڵکردنی وزە) بەسەر هەرێمدا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەرێم کاری لەسەر بەرەوپێشبردنی دوو لە ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە کردووە وەك بوونی وزە و دەستڕاگەیشتن بە بازاڕی دەرەکی بۆ ناردنە دەرەوەی وزەکەی، بەڵام لە واقیعدا دوو لە ڕەهەندەکانی تر وەك قبوڵکردن و گەشەپێدانی توانا ناوخۆییەکان و بە هێزکردنی ژێرخانی وزە بە بەراوورد بە کەیسی وڵاتانی دەوڵەمەند بە وزە، هەرێم زۆر لە دواوەیە. ئەو ئەنجامەی ئەم توێژینەوەیە

پێی گەشتووە ئەوەیە کە ئاسایشی وزە لە هەرێمدا بەهۆی هۆکارە ناوخۆیی و هەرێمییەکانەوە ئاسایشێکی لەرزۆکە و لە ژێر مەترسیدایە.

*** پێشەکی:**

لەم ساڵانەی دوایدا چەمکی ئاسایشی وزە سەرنجی زۆرێك لە ناوەندە ئەکادیمی و دروستکەرانی بڕیاری سیاسی و تەنانەت کۆمپانیا و ناوەندە بازرگانیەکانیشی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. ژمارەی توێژینەوەکان ڕۆژ بەڕۆژ لە بواری ئاسایشی وزەدا لە گەشەدایە، بەڵام زۆربەی ئەو ئەدەبیاتەی بڵاوکراوەتەوە لەسەر ئاسایشی وزە باس لە ئاسایشی وزەی وڵاتانی هاوردەکار دەکات و سەرەنجیان لەسەر بەردەستبوونی سەرچاوەکانی وزەیە بەبێ پچران و بەنرخێکی گونجاو و دڵنیابوون لە هەمە چەشنەکردنی سەرچاوەکانی دابینکردن. ئەوەی تێبینی دەکرێت بۆشاییەکی زانستی هەیە ئەویش ئاسایشی وزە بۆ وڵاتانی هەناردەکار کەمتر بووەتە جێگەی بایەخی توێژەران. هەرێمی کوردستانیش وەک هەرێمێکی نوێی دەوڵەمەند بەسەرچاوەکانی وزە بووەتە جێگەی سەرنجی توێژەران لە بواری وزە. چیرۆکەکە لەو کاتەوە سەرنجی میدیای گەورەی بۆ خۆی ڕاکێشاوە لە پەرەسەندنی یەدەگی گەورەی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠٠٥). هەروەها بڵاوکراوەیەکی بەرفراوان لەسەر سیاسەتی وزە لە ناوچەکە هەبووە، هەندێکی دیکەش لەسەر پیشەسازییە پسپۆڕەکانی بواری نەوت. سەرەڕای ئەم زیادبوونی لێکۆڵینەوە لە بواری پرسی وزەی هەرێم، بەڵام کاری شیکاریی کەمتر هەبووە کە سەرنجی لەسەر پرسی ئاسایشی وزە بێت. تا کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر پرسی ئاسایشی وزە لەسەر هەرێم ئەنجام نەدراوە و شیکار و هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای بە هێزی و لاوازی ئاسایشی وزەی هەرێم نەکراوە. بەشداری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکاریکردنی ڕەوت و چەمك و ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە بۆ وڵاتانی هەناردەکار، لێرەوە کێشەی توێژینەوەکە بریتیی دەبێت لە گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیاری توێژینەوەکەمان کە خۆی دەبینێتەوە لەشیکار و هەڵسەنگاندنی ئاسایشی وزەی هەرێم. پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی ئایا چەمکی ئاسایشی وزە و ڕەهەندەکانی بۆ هەرێمی کوردستان مانایان چییە؟ ئایا هەرێم ئاسایشی وزەی هەیە؟ ئەگەر هەیە ئایا هەرێمی کوردستان ئاسایشی وزەکەی بەهێزە؟ جگە لەمانەش ئەم توێژینەوەیە ئامانجییەتی شیکاریی چەمك و ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە بکات و دواتر بەسەر هەرێمی کوردستاندا جێبەجێی بکات، بۆئەوەی بزانرێت بۆ هەرێمی کوردستان هەمان مانایان هەیە یان چەمك و ڕەهەندەکانی وزە لە سیاقی (کۆنتێکسی) هەرێمدا مانایەکی جیاوازیان هەیە.

*** چەمك و ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە (چوارچێوەی تیۆری):**

ئەم باسە لە سێ تەوەرەدا خراوەتەڕوو ئەوانیش: تەوەری یەکەم شیکاریی چەمکی ئاسایشی وزە و تەوەرەی دووەم تایبەتە بە مانای ئاسایشی وزە بۆ هاوردەکاران، تەوەرەی سێیەم مانای ئاسایشی وزە بۆ هەناردەکارا ڕوون دەکاتەوە.

**تەوەرەی یەکەم: چەمکی ئاسایشی وزە:**

بۆ تێگەیشتنی قووڵ لە چەمکی ئاسایشی وزە، وا باشترە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ خودی چەمکی ئاسایش. چەمکی ئاسایش لای باڵدوین بریتییە لە: "ئەگەری کەمی زیانگەیاندن بە بەها بەدەستهێنراوەکان". ئەویش زیاتر جەختکردنەوەیە لە ئەگەری کەمکردنەوەی زیانگەیاندن بە بەها بەدەستهاتووەکانی ئاسایشی ئابووری، ئاسایشی ژینگەی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی سەربازی، کە ئەمانە لە بنەڕەتدا فۆرمی جیاوازی ئاسایشن نەك چەمکی جیاواز[1]. ئەم تێگەشتنە بە شێوەیەکی لۆجیکی بۆ ئاسایشی وزەش دەگونجێت، واتە چەمکی ئاسایشی وزە دەبێت لەسەر بنەمای چەمکی ئاسایش بەگشتی هەڵهێنجرا بێت، بەڵام دیسانەوە کارەکتەری فرە ڕەهەندی ئاسایشی وزە وای کردووە گەیشتن بە پێناسەیەکی تەواو گشتگیر تا ڕادەیەکی زۆر ئەستەم بێت. مانای ئاسایشی وزە و ناساندنی لە سیاقێکی دیاریکراودا، پێشمەرجێکی بنەرەتییە بۆ شیکردنەوەی ڕەوتەکانی ئاسایشی وزە لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا. ڤاڵیدس پێیوایە زۆربەی توێژینەوەکان پێناسەیەکی فەرمی و پوختیان نییە بۆ ئاسایشی وزە، چونکە زۆرێك لە پێناسەکانی ئاسایشی وزە لایەنە سەرەکییەکانی ئاسایشی وزە لە خۆناگرن[2]. یەکێك لە دیاترین توێژینەوەی بواری ئاسایشی وزە بریتییە لە توێژینەوەکەی ویلریچ لە ساڵی (١٩٧٦) سەبارەت بە پرس و بژاردە نێودەوڵەتییەکانی وزە، کە تێیدا نوسەر شیکارییەکی وردی کەرتی وزە دەکات و کاریگەری و لێکەوتەکانی لەسەر ئابووری نیشتمانی و ئابووری جیهانی، هەروەها لێکەوتە ژینگەییەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی دەستنیشان دەکات. ویلریچ لە توێژینەوەکەیدا دەڵێت ئاسایشی وزە مانایەکی جیاوازی هەیە لە وڵاتێکی دەوڵەمەند و بەرهەمهێن لەگەڵ وڵاتێکی هاوردەکار. بۆ وڵاتێکی بەرهەمهێن گەرەنتیکردنی کڕیار و هێشتنەوەی خواست و پاراستنی نرخی وزە بەجێگیریی لە بازاڕدا مەبەستی سەرەکییە، کە پێی دەڵێن پاراستنی "ئاسایشی خواست لەسەر وزە"، بەڵام بۆ وڵاتێکی هاوردەکار گەرەنتی دابینکردنی وزەی پێویست بە بێ پچران لە کۆمەڵێك سەرچاوەی جیاوازە و بە نرخێکی گونجاو[3]. بەڵام گرفتی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بە قوڵی نەچووەتە نێو یەك دوو کەیسەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتگیر باسی ئاسایشی وزەی لای هاوردەکار و هەناردەکار کردووە.

هەوڵێکی دیکە بۆ تێگەیشتن لە چەمك و مانای ئاسایشی وزە بریتییە لە لێکۆڵینەوەی چێرپ و جۆیل لە ساڵی (٢٠١٤)، کە ئەوان سەرنجیان لەسەر ئاسایشی وزە وەك خۆیەتی بە جەختکردنەوە لەوەی کاتێك باس لە ئاسایشی وزە دەکەین پێویستە بپرسین ئاسایشی وزە لە چی بپارێزین؟ بۆیە لەم ڕوانگەیەوە وەسفی ئاسایشی وزە دەکەن بە شێوەیەکی فراوانتر و بڕوایان وایە ئاسایشی وزە بریتییە لە "کەمکردنەوەی مەترسییەکان لەسەر سیستەمی وزە"[٤]. بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە مانای مەترسیەکان چین؟ ڕەنگە مەترسییەکان سروشتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی... هتد بن. ئەم پێناسەیە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە چەمك و مانای ئاسایشی وزە بە شێوەیەکی گشتگیر، بەڵام هێشتا (ئەبستراکتە)، واتە نموونەیی نییە و لە سیاقێکێکی دیاریکراودا نامان گەیەنێتە پێناسەیەکی ڕوون.

> **” ئاسایشی وزە لە هەرێمدا بەهۆی هۆکارە ناوخۆیی و هەرێمییەکانەوە ئاسایشێکی لەرزۆکە و لە ژێر مەترسیدایە “**

بۆیە لە ڕوانگەی ئەم تێگەیشتنەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئاسایشی وزە چەمکێکی ناڕوونە. هەروەها ئەزیون و بریەر نیشانی دەدەن کە زۆربەی پێناسەکانی ئاسایشی وزە تەسك و ناتەواون، ئەوان لە ناساندنی چەمکی ئاسایشی وزەدا پێیان وایە دەبێت (١٥) تا (٢٠) ڕەهەندی سەرەکی لەخۆبگرێت[٥]. کەواتە گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتی پێناسەکردنە کۆتایی نایەت، بۆیە لێرەدا دەچینە سەر ئەو پێناسەیەی کە سۆڤاکۆڵ و کۆمەڵێك نوسەری دیکە پێشکەشیان کردوە، ئەویش بریتییە لە بەردەستبوونی وزەی پێویست بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، کە حەوت ڕەهەندی لە خۆگرتووە و بریتین لە: بەردەستبوونی وزە، گونجاوی نرخ، گونجاوی بۆ ژینگە، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە قبوڵکراو بێت، کارا و متمانە پێکراو بێت[٦]. هەرچەندە ئەم پێناسەیە زیاتر بەلای ئاسایشی وزەی وڵاتانی هاوردەکاردا دەڕوات، بەڵام ڕەنگە هەمان ڕەهەند لە وڵاتێکی هەناردەکاردا مانای جیاوازی هەبێت کە پێویست بەوە نەکات بیر لە گۆڕینی ڕەهەندەکان بکرێتەوە.

بۆ زیاتر وردەکاری لەم توێژینەوەدا، بڕوامان وایە چەمکی ئاسایشی وزە جیاوازە نەوەك تەنها لە تەواوی بابەتە ئەکادیمیەکاندا، بەڵکو لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، ئەمەش بەپێی ئەوەی ئایا وڵاتەکە هاوردەکاری وزەیە یان هەناردەکاری وزەیە. مانای فراوانتری وزە تاڕادەیەکی زۆر بەهۆی ئەو ڕێوشوێنانەیە کە بۆ پاراستن یان بەدەسهێنانی ئاسایشی وزەیە. لێرەدا دیدگا جیاوازەکانی ئاسایشی وزە شیکار دەکەین، بۆئەوەی لەوە بگەین چۆن ئەکتەرە

جیاوازەکانی نیشتمانی و نێودەوڵەتیی لە چەمکی ئاسایشی وزە دەگەن.

**تەوەرەی دووەم: مانای ئاسایشی وزە بۆ هاوردەکاران:**

بۆ وڵاتێکی هاوردەکاری وزە ئاسایشی وزە پێش هەموو شتێك بریتییە لە ئاسایشی دابینکردنی وزەی پێویست بۆ پێداویستی دانیشتوان و پێداویستییە پیشەسازییەکا،ن بەتایبەت لە دڵنیابوون لە هاوردەکردنی بێ پچرانی وزە بۆ کەرتەکانی کارەبا، گواستنە و گەرمکردنەوە و پیشەسازی کە کاریگەریی لەسەر ژیانی ڕۆژانە هەیە. ویلرچ بڕوای وایە کە ئاسایشی وزە لە ڕوانگەی وڵاتانی هاوردەکارەوە بریتییە لە دڵنیایی لە دابینکردنی وزەی پێویست بۆ پاراستنی ئابووریی نیشتمانی لە ئاستێکی ئاساییدا[٧]. بەم شێوەیە وڵاتانی هاوردەکار زیاتر خۆیان پەیوەستکردوە بە سیاسەتی دڵنیابوون لە دابینکردنی وزەی پێویست و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی هاوردەکردنی وزە و پەرەپێدانی سەرچاوەی ئەڵتەرناتیڤ وەك وزەی نوێبووەوە و داهێنانی تەکنۆلۆجیای نوێ، بۆئەوەی لە داهاتوودا کەمتر پشت بەهێنانی وزەی دەرەکی ببەستن. بۆیە دەبینین ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە و (٣١) وڵات ئەندامە تێیدا، بەشێوەیەکی بەرفراوان لە هاوردەکارانی سەرەکی وزە پێکهاتوون، ئاسایشی وزە بەوە پێناسە دەکەن کە بریتییە لە "بەردەستبوونی سەرچاوەی وزە بێ پچران، بەنرخێکی گونجاو"[٨].

هەروەها وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپاش ناوچەیەکی سەرەکی هاوردەکردنی وزەن، ستراتیجیەتی وزەی یەکێتیی ئەورووپا باس لە هەردوو ئاسایشی وزەی کورتخایەن و درێژخایەن دەکات. ڕێوشوێنە کورتخایەنەکان زیاتر جەخت لەسەر خۆڕاگری بەرامبەر بە پچرانی دابینکردنی وزە دەکەنەوە، بەڵام ڕێوشوێنە درێژخایەنەکان زیاتر پەیوەستن بە کەمکردنەوەی وابەستەبوون و پشتبەستن بە سەرچاوەی دەرەکی وزە، واتە هەمەچەشنکردنی وزە و گرنگی دان بە وزەی بەدیل وەك پەرەپێدانی وزەی نوێبووەوە[٩]. وڵاتێکی پیشەسازی خاوەن پێگەیەکی ئابووریی بەهێزی وەك یابان بەتەواوی وابەستەی هاوردەکردنی وزەیە، کەواتە ئاسایشی وزە لە ڕوانگەی ئەم وڵاتەوە بریتییە لە ئاسایشی دابینکردن و گەیشتنی وزە لە جیهانەوە بۆ وڵات بەبێ پچران[١٠]، بەڵام ئەم وێنەیە بۆ وڵاتانی هەناردەکاری وزە تەواو پێچەوانەیە، وەك لە تەوەری سێیەمدا باسی دەکەین.

**تەوەرەی سێیەم: مانای ئاسایشی وزە بۆ هەناردەکاران:**

بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی خۆیان وەك دابینکەری وزە دەتوانرێت بە "ئاسایشی خواست پێناسە بکرێت" بە گوتەی ویلریچ ئاسایشی خواست بۆ هەناردەکارانی وزە بریتییە لە "گەرەنتی دەستڕاگەیشتن بە بازارەکانی دەرەوە"[١١]. لێرەدا گرنگە بۆ هەناردەکارانی وزە کە ئەو

داهاتەی لە وزەوە دەستیان دەکەوێت بە جێگیریی بهێڵنەوە، بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش هەناردەکار پێویستی بە زیاتر لە یەك کڕیاری وزە هەیە، بە جۆرێك دەتوانرێت ناوی لێبنرێت "هەمەچەشنکردنی خواست"[١٢]. زیاتر لەوەش، لە بەرژەوەندیی بەرهەمهێنەرانی وزەیە کە خواست لەسەر بەرهەمەکانی وزە بە جێگیریی بمێنێتەوە، ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە جێگیریی پەیوەندییەکانی وڵاتانی بەرهەمهێن بە وڵاتانی پیشەسازی خۆرئاوا و وڵاتانی نوێی پیشەسازی ئاسیاوە. لەم چوارچێوەیەدا ئێمە زیاتر مەبەستمانە پێناسەیەکی شیاو بۆ وڵاتە دەوڵەمەندەکان بە سەرچاوەی وزە دەست نیشان بکەین، ئەویش بریتییە لە: ئاستی بەردەستبوونی سەرچاوەکانی وزەی وەك نەوت و گازی سروشتی و خەڵوز و وزەی ئەتۆم و وزەی کارەبا بە شێوەیەك پێویستی ناوخۆ بە باشی پڕبکاتەوە، دواتر هەناردەی دەرەوە بکرێت، کە لەکاتی بەرهەمهێنان و گواستنە و ئەنبارکردن و بەکارهێنانیدا زۆرترین سودی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەمترین کاریگەریی نێگەتیڤی ژینگەیی لێبکەوێتەوە. هەرچەندە ئەم پێناسەیە تێگەیشتنێکی گشتگیرە، بەڵام ئەم پێناسەیەش دیسانەوە لە هەر وڵاتێکی دەوڵەمەند بە وزە مانا و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە، بگرە تێگەیشتنی وڵاتانی دەوڵەمەند بە وزە جیاوازە و لە پلانی نەتەوەیی خۆیاندا تێگەیشتنی جۆراو جۆریان بۆ ئاسایشی وزە هەیە. بۆ نموونە وڵاتێکی وەك کازاخستان لە پلانی گەشەپێدانی ستراتیجی خۆیدا بە ناونیشانی "کازاخستان ٢٠٣٠" ئاسایشی وزە وەك ئامرازێك دەبینێت بۆ بەهێزکردنی پێگەی ناوخۆی و دەرەکی خۆی کە تێیدا مەترسی لەسەر بەکارهێنەرانی ناوخۆ نەبێت. هەروەها کەمکردنەوەی مەترسی لەسەر پرۆسێسی دەرهێنان و گواستنەوە و بازرگانیکردنی وزە. لەم تێگەیشتنەوە بۆ چەمکی ئاسایشی وزە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئاسایشی وزەی کازاخستان زیاتر جەخت لەسەر پڕکردنەوەی پێداویستییە ناوخۆییەکان دەکاتەوە، واتە پێداویستییە وزەییەکانی نیشتمانی تێر بکات و لە هەمان کاتدا وزە ببێتە داهاتێکی نیشتمانی گرنگ لە ڕێگەی هەناردەکردنی بۆ دەرەوە[١٣]. هەروەها وڵاتێکی وەك ڕوسیا کە دەوڵەمەندترین وڵاتە بە سەرچاوەکانی نەوت و گازی سروشتی، لە پەرلەمانی ڕوسیا پلانێك پەسەندکراوە لە ساڵی (٢٠١٦) تایبەت بە ئاسایشی وزەی ڕوسیا تا ساڵی (٢٠٣٠)، کە بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی ئاسایشی وزەی کردوە: سیاسەتی حکومەت بۆ ئاسایشی وزە پێویستە ئەو کردار و میکانیزمانە بگرێتەبەر بۆ دەستەبەرکردن و دڵنیابوون لە دابینکردنی وزەی پێویست بۆ ناوخۆ و بۆ فرۆشتنی لە دەرەوە و پاراستنی ئەم دابینکردنە لە هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی و ناوخۆیی کە بتوانێت زیانێکی گەورەی ئابووریی بە کەرتی وزە بگەیەنێت. زیاتر لەوەش ئاسایشی وزەی ڕوسیا بۆ ساڵی (٢٠٣٠) بەدوای میکانیزمێکدا دەگەڕێت بۆ گەرەنتیکردنی خواستی داواکاران لەسەر وزەی ڕوسیا، چونکە داهاتی هەناردەکردنی وزە بۆ وڵات بە سەرچاوەیەکی سەرەکی داهاتی نیشتمانی دادەنرێت و زۆربەی بەرنامە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و تەکنۆلۆجییەکان

پشت بە داهاتی نەوت و گاز دەبەستن. بۆیە لاوازی توانای کێبڕکێی ڕوسیا وەك هەڕەشەیەك وایە بۆ سەر ئاسایشی ئابووری و سیاسی وڵات[١٤].

لەم ڕووەوە دەبینین ڕوسیا ئامانجی درێژخایەنی هەیە بۆ زیادکردنی بەردەستبوونی سەرچاوەکان و دەستڕاگەیشتن بە تەکنۆلوژیای مۆدێرن بۆ دەرهێنانی سەرچاوەی نوێی وزە، بەتایبەت لە ناوچەکانی قوڵایی دەریای جەمسەری باکور، کە لە دوور مەودادا بە یەکێکیتر لە ئامانجەکانی ئاسایشی وزەی ڕوسیا دادەنرێت. زیاتر لەوەش سێ خاڵی سەرەکی وای لە ڕوسیا کردوە کە ئاسایشی وزەکەی زیاتر پتەو بێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەویش: خاوەنداریتی هێڵی بۆری گواستنەوە، خاوەنی گەورەترین یەدەگی جیهانە، ڕێکەوتنامە ماوە درێژەکانیش وەك دابینکەرێکی سەرەکی[١٥]. وەك حاڵەتەکانی ڕوسیا و کازاخستان، ئاسایشی وزە بۆ وڵاتێکی وەك ئێران بریتییە لە پڕکردنەوەی پێداویستییە ناوخۆییەکانی، لە هەمانکاتدا هەناردەکردنی بۆ وڵاتانی دەرەوە بە مەبەستی گەرەنتیکردنی سەرچاوەی داهات بۆ گەشەپێدانی وڵات[١٦]. بەهەمان شێوە وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەك ئازەربایجان چوار لایەنی بۆ ئاسایشی وزە دیاریکردوە کە بریتین لە: یەکەم ئاسایشی وزە پرسێکی ئاڵۆزە کە پێش هەموو شتێك بریتییە لە بەردەستبوونی وزەی پێویست بۆ پێداویستییە ناوخۆییەکانی وڵات. دووەم ئاسایشی وزە پێویستی بە ئامێری تەکنۆلۆجی پێویست هەیە بۆ گۆڕینی وزەی سەرەتایی بۆ بەکارهێنانی کۆتایی. سێیەم ئاسایشی وزە بریتییە لە بەردەستبوونی ژێرخانی پێویست وەك ئامرازەکانی گواستنەوە و پاڵاوتن و کۆگاکردن. چوارەم جۆراو جۆرکردنی وزە پێویستی بە قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی هەیە و پاراستنی ژینگەی وڵات لە پیسبوون یەکێك دەبێت لە ئامانجەکانی ئاسایشی وزە[١٧].

> **”مانای ئاسایشی وزە و ناساندنی لە سیاقێکی دیاریکراودا، پێشمەرجێکی بنەرەتییە بۆ شیکردنەوەی ڕەوتەکانی ئاسایشی وزە لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا“**

هەروەها ڕێکخراوی ئۆپیك کە ڕێکخراوێکی تایبەتە بە بەرهەمهێنەرانی نەوت کە لە ئێستادا لە (١٣) ئەندام پێکهاتووە، هەرچەندە هەندێك لە دابینکەرانی زەبەلاح، بۆ نموونە ڕوسیا، ئەندامی ئەم ڕێکخراوە نین، بەڵام ئەندامانی ئۆپیك پێکەوە (٤٢,٤٪)ی نەوتی جیهان بەرهەم دەهێنن، ئەمەش وایکردوە ببن بە گەورەترین هەناردەکەری نەوت لە جیهاندا[١٨]. سیاسەتەکانی ئۆپیك لەبارەی ئاسایشی وزەوە بریتییە لە دڵنیابوون لەسەر سەقامگیریی

دادپەروەرانەی نرخی نەوت و دەستەبەرکردنی خواستی جیهانی لەسەر نەوت بە جێگیریی بۆ وەبەرهێنەران. ئامانجێکی تری گرنگی ئۆپیك بریتییە لە ئاسایشی دابینکردن، ئەمەش واتە دڵنیابوون لە کارایی و چوونی نەوت بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ وڵاتانی بەکاربەر بە نرخێکی گونجاو کە وڵاتانی بەرهەمهێنەری وزە پێی ڕازی بن. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە هەرچەندە ئۆپیك ئاسایشی وزە لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی هەناردەکارانەوە پێناسە دەکات، بەڵام لە هەندێك کاتدا لە نیگەرانی کاریگەرییە نێگەتیڤیەکانی وزە لەگەڵ جیهاندا هاوبەشە. لە ئێستادا پرسگەلێکی جیهانی هەن وەك بابەتی پیسبوونی ژینگە و گەرمبوونی گۆی زەوی کە پێویستی بە هەماهەنگی فرەلایەن هەیە لەنێوان وڵاتانی بەرهەمهێن و ئەندامانی ئۆپیکدا.

لەگەڵ ئەم دوو مانایەی ئاسایشی وزە بۆهەناردەکار و هاوردەکار، بەڵام تێگەیشتنێکی تر لە ئاسایشی وزە بریتییە لە وڵاتانی ترانزێتی وزە یان ئەو شوێنانەی کە وزەی پێدا تێپەڕدەبێت بەرەو وڵاتانی بەکاربەر[١٩]. بۆ نموونە ئاسایشی بەشێك لە ڕێگاکانی گواستنەوەی جیهانی زۆر گرنگە، هەم بۆ وڵاتانی بەرهەمهێن و هەم بۆ وڵاتانی هاوردەکار. وەك گەروی هورمز و مەلاکا، یان وڵاتانی ئۆکرانیا و بیلاروس کە بە ڕێگای وشکانی بەشێك لە وزەی ڕوسیای بۆ وڵاتانی ئەوروپا پێدا تێپەڕ دەبێت کە زۆرێك لە وزەی جیهانی بەم شوێنانەدا تێپەڕ دەبێت.

لە کۆتایی ئەم تەوەرەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون بوویەوە کە مەرج نییە بوونی مانای جیاوازیی ئاسایشی وزە بە مانای چەمکی جیاوازی ئاسایشی وزە بێت، بەڵکو ئاسایشی وزە یەك چەمکە، بەڵام لە دوو سیاقی جیاوازدا و لە دوو بارودۆخدا، دەبینین ئاسایشی وزە لە ژێر دوو دەربڕینی جیاوازدا دێت. بە واتایەکیتر، ئەم جیاوازییە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئاسایشی وزە هەمان چەمکە، بەڵام بە دوو دەربڕینی جیا و لە دوو سیاقی جیادا. دوای تێگەیشتنمان لە ئاسایشی وزە ئێستا پێویستە بپرسین ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە چین؟ کە لە خوارەوە یەك بە یەك شیکاریان دەکەین.

*** ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە:**

لەماوەی (١٠) ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە چەندین توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەر تێگەیشتن لە چەمك و ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە بڵاوبوونەتەوە. زۆرێك لەم بڵاوکراوانە باس لە چوار ڕەهەندی هاوبەش دەکەن کە بریتین لە: "بەردەستبوونی وزە، دەستڕاگەیشتن بە وزە، گونجاوی نرخی وزە و قبوڵکردنی وزە"[٢٠]. ئەم چوار ڕەهەندەی ئاسایشی وزە خاڵی دەستپێکی بەردەوامی ئاسایشی وزەی هاوچەرخن.

دوو لەو چوار ڕەهەندە بە بەردەوامی لە توێژینەوە کلاسیکییەکانی بواری وزەدا هاتوون،

کە بریتین لە: "بەردەستبوون و بێ پچرانی وزە بە نرخێکی گونجاو"[٢١]، کە تا ئێستا لە دڵی پێناسەی ئاژانسی ئاسایشی وزەدا ماونەتەوە، بەڵام دوو ڕەهەندەکەی تر "دەستڕاگەیشتن و قبوڵکردنی وزە" مێژوویەکی نزیکتر بەڵام ئاڵۆزتریان هەیە و هەردووکیان لە ئامانجە جیهانییەکانی وزە بوون کە لەلایەن ئەنجومەنی جیهانی وزەوە لە جاڕنامەی هەزارەی خۆیدا لە ساڵی (٢٠٠٠)دا ڕاگەیەنران، بەڵام تا ساڵی (٢٠٠٧) بەشێك نەبوون لە ئاسایشی وزە[٢٢]. پێدەچێت ئەم دوو ڕەهەندەی تر دواتر هاتبنە ناو بواری ئاسایشی وزەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا بۆ یەکەمجار لە توێژینەوەیەکی بواری تەندروستیدا بەکارهاتوون، لە ساڵی (١٩٨١) کە تێیدا بنشانسکی و تۆماس لە توێژینەوەکەیدا لە بواری تەندروستیدا ئاماژەی بە ڕەهەندەکانی تەندروستییەکی شیاو کرد و پێنج ڕەهەندی گرنگی دەستنیشانکرد کە بریتین لە: "بەردەستبوونی تەندروستییەکی شیاو، دەستڕاگەیشتن بە تەندروستییەکی شیاو، شوێنی نیشتەجێبوون و گونجاوی نرخ و قبوڵکردنی تەندروستییەکی شیاو"[٢٣]. دواتر جیول و کۆمەڵێکی تر لە توێژەران لە ساڵی (٢٠١٤) هاتن و لەسەر هەردوو بوارەکە ئاماژەیان بە لێکچوونی سەرەنجڕاکێش کرد، واتە بواری ئاسایشی وزە و ئاسایشی تەندروستی[٢٤]. بەواتایەتی تر، دەستڕاگەیشتن بە وزە و قبوڵکردنی وزە کە دوو ڕەهەندی لێکچوون لەگەڵ بواری توێژینەوەکەی جیول هێنرانە ناو بواری ئاسایشی وزەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە بوونە چوار ڕەهەندی جیاواز: "بەردەستبوونی وزە، گونجاوی نرخی وزە، دەستراگەیشتن بە وزە و قبوڵکردنی وزە". بۆیە لە ساڵی (٢٠٠٧) ئاسایشی وزە ئەم چوار ڕەهەندە بنەڕەتییەی لەخۆگرت.

> **” لەگەڵ ئەم دوو مانایەی ئاسایشی وزە بۆهەناردەکار و هاوردەکار، بەڵام تێگەیشتنێکی تر لە ئاسایشی وزە بریتییە لە وڵاتانی ترانزێتی وزە یان ئەو شوێنانەی کە وزەی پێدا تێپەڕدەبێت بەرەو وڵاتانی بەکاربەر “**

ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە لەلایەن وڵاتانی هاوردەکارەوە لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ کراوە، بۆ نموونە بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا لە ستراتیجییەتی خۆیاندا بە ناونیشانی بەرەو ستراتیجییەتی ئەوروپی بۆ ئاسایشی دابینکردنی وزە دەڵێت: ئاسایشی وزە پێویستە ئاراستە بکرێت بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان و پڕکردنەوەی پێداویستییە ئابوورییەکان، بەردەستبوونی وزە بەبێ پچران لە بازاڕدا بە نرخێك کە بۆ بەکارهێنەران گونجاو بێت، لە

هەمانکاتدا پێویستە ڕێز لە پاراستنی پیسبوونی ژینگە بگرین و ڕەچاوی نیگەرانیەکانیش بکەین کە لەو بارەیەوە دروست دەبن[٢٥]. بە هەمان شێوە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەمان ڕەهەند و ستراتیج دووبارە دەکەنە، ئەویش بەردەستبوونی وزەیە، بە نرخێکی گونجاو، دەستڕاگەیشتنە بە وزە و قبوڵکردنیەتی"[٢٦]. لێرەدا یەك بە یەکی ڕەهەندەکان شیکار دەکەین. ئێستا کاتی ئەوەیە بپرسین ئایا ئەم ڕەهەندانەی سەرەوە باسمانکردن هەمان مانایان هەیە بۆ وڵاتانی دەوڵەمەند بەسەرچاوەکانی وزە؟ دەبێت بە دیاریکراوی بپرسین: ئایا ئەم ڕەهەندانەی سەرەوە لە هەرێمی کوردستاندا چ مانایەکیان هەیە؟ کۆی باسی دووەم لەسەر ئەم پرسەیە.

*** چەمك و ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە لە سیاقی هەرێمی کوردستاندا:**

ئەم باسە لە سێ تەوەردا خراوەتەڕوو ئەوانیش: تەوەری یەکەم تایبەتە بە خستنەڕووی باکگراوندی وزەی هەرێم، تەوەرەی دووەم: بریتییە لە خستنەڕووی مانا و چەمکی ئاسایشی وزە بۆ هەرێم، تەوەرەی سێیەم: شیکاری مانای ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە بۆ هەرێمی کوردستان.

**تەوەرەی یەکەم: باکگراوندی وزەی هەرێم:**

لەڕووی جوگرافیاوە هەرێمی کوردستان ئاماژەیە بۆ سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك، کە ئێستا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرێن. جگە لەو پارێزگایانە چەندین ناوچەی تری جوگرافی هەن کە پێیان دەڵێن ناوچە جێناکۆکەکان و لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لەناکۆکیدان لەسەر ئەو ناوچانە. کێشەکەش بە پێی ماددەی (١٤٠)ی دەستوری عێراق ڕێوشوێنی چارەسەری بۆ دانراوە، بەڵام تا ئێستا چارەسەر نەکراوە. ئەو ناوچانەش کەوتوونەتە پارێزگاکانی کەرکوك و نەینەوا و دیالە. لە خوارەوە هەندێك داتای گشتی سەبارەت بە بوونی نەوت و گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان دەخەینەڕوو، بەڵام دەبێت جەخت لەوە بکرێتەوە کە ژمارەی یەدەگی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەتوانرێت بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد بکات، چونکە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان تا ئێستا لە قۆناغی سەرەتادایە و گەڕان و پشکنین بەردەوامە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٧)دا یاسای ژمارە (٢٢)ی نەوت و گازی دەرکرد کە یاساکە دەسەڵاتی بە هەرێمی کوردستان داوە دەستکراوە بێت بەڕووی کۆمپانیا جیهانییەکاندا بۆ وەبەرهێنان لە بواری نەوت و گازدا. لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستاندا پتر لە (٤٠) کۆمپانیای وزە کار لە گەڕان و دەرهێنانی نەوتدا دەکەن، کە زیاتر لە (٣٠) وڵاتەوە

بۆ هەرێم هاتوون. لەگەڵ (٤٥) ملیار بەرمیل نەوتی خەمڵێنراو لە نەوتی یەدەگ لە هەرێمدا. هەرێم ئامادەیە ببێتە یاریکەرێکی بنچینەیی نێودەوڵەتیی لە بازاڕی وزەدا. لەگەڵ بەردەوامی هەڵمەتەکانی گەڕان، هەرێم بە بەردەوامی بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە دیوە، بۆ نموونە لە (٢٠١١)دا ڕۆژانە تەنها (٧٥) هەزار بەرمیل بەرهەم هاتووە، بەڵام لە ئێستادا بە تێکڕا هەرێم ڕۆژانە زیاتر لە (٤٢٠-٤٣٠) هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی دەرەوە دەکات[٢٧].

جگە لە بوونی یەدەگی سەلمێنراوی نەوت، لە هەرێم گازی سروشتی سەلمینراو بە زیاتر لە (٢٠٠) ترلیۆن مەترسێجا مەزەندە دەکرێت[٢٨]. لە ئێستادا ئەو گازەی بەرهەم دەهێنرێت تەنها بەشی پێداویستی ناوخۆ دەکات، هەر کاتێك پێویستییە ناوخۆییەکانی وەك کارەبا و پیشەسازی هاتنەدی، ئەوا ئەوەی دەمێنێتەوە دەتوانرێت هەناردەی دەرەوە بکرێت. لە ئێستادا چەندین کێڵگەی گاز لە پەرەپێداندان، تۆڕێکی ناوخۆی گاز لە دروستکردندایە هەندێك لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای نیشتمانی لە گازۆیلەوە بۆ گاز گۆڕاون.

بەڵام پشتڕاستکردنەوەی ئەم زانیارییانە نیشانەی پرسیاریان لەسەرە، چونکە ئەم زانیارییانەی سەرەوە لەلایەن سەنتەرێکی بێلایەنی توێژینەوەی جیهانییەوە پشتڕاست نەکراونەتەوە. بۆ نموونە بوونی (٤٥) ملیار یەدەگی نەوت تەنها یەك لایەنە باسکراوە و ناوچە جێناکۆکەکانیشی گرتوەتەوە. بەڵام لەم دوایانەدا دوو دامەزراوەی جیهانی وەك ئیدارەی زانیاری و وزەی ئەمەریکا و ڕیستاد ئینرجی نەرویجی لە دوو ڕاپۆرتی جیادا ڕایانگەیاندووە، بڕی یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان نزیکەی سێ ملیار و حەوت سەد ملیۆن بەرمیلە، ئەم زانیارییانە لە کۆمەڵێك سەرچاوەی ترەوە ئاماژەیان پێدراوە [٢٩]. لە ئێستادا هەرێمی کوردستان خاوەنی (٨) کێڵگەی سامانی سروشتییە کە بەسەر (٥٧) بلۆکدا دابەش بووە، (٤٠) بلۆکیان لە ناوەوەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە، بەڵام (١٧) بلۆکیان کەوتوونەتە ناوچە جێناکۆکەکان. لەم ڕێژیە (٤٨) بلۆکیان نەوتین کە تەنها (٩) بلۆکیان گەشتوونەتە قۆناغی بەرهەمهێنان. بلۆکە گازییەکانیش ژمارەیان (١٠) کێڵگەی گازییە، بەڵام تەنها کێڵگەی کۆرمۆر لە قۆناغی بەرهەمهێناندایە[٣٠]. کێشەیەکی تر بریتییە لە کێشەی یاسایی لەگەڵ بەغداد، کە تا ئێستا یاسای نەوت و گازی بەغدا پەسەندنەکراوە و لەم دوایانەدا دادگای فیدراڵی بڕیاریدا کە هەموو گرێبەستەکانی نەوت و گازی هەرێم نادەستوورین[٣١].

### تەوەرەی دووەم: مانا و چەمکی ئاسایشی وزە بۆ هەرێم:

وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا مانای ئاسایشی وزە و ناساندنی لە سیاقێکی دیاریکراودا پێشمەرجێکی بنەڕەتییە بۆ شیکردنەوەی ڕەوتەکانی ئاسایشی وزە لە ڕابردوو و ئێستا

و داهاتوودا. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا لەلایەك کۆمەڵێك ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی و شیکاریی چاودێرانی سیاسی و ئابوورییەوە سەبارەت بە کێشەو پرسی وزە دەخوێنینەوە، بەڵام ئەوەی بە فەرمی قسەی لەسەر نەکراوە چەمکی ئاسایشی وزەیە کە نە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە نە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە بەشێوەی فەرمی وەك لە کەیسەکانی سەرەوەدا ئاماژەمان پێدا نەبووە بە سیاسەتێکی نوسراو. ڕەنگە یەکێك لە هۆکارە بنەڕەتییەکان ئەوە بێت کە هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا زیاتر گرنگی بە وەبەرهێنان بدات لە بواری نەوت و گازدا. وەك وەبەرهێنەرێکی نوێ، هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا ئامانجی سەرەکی بریتی بێت لە پەرەپێدانی نەوت و گازی سروشتی لەپێناو بەدەستهێنانی داهاتی زیاتر و دابینکەرێکی متمانەپێکراوی وزە بۆ بازاڕی نێودەوڵەتی و ڕاکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بۆ وەبەرهێنانی زیاتر لە کەرتی وزەدا. زیاتر لەوەش هێنانی کۆمپانیای باوەڕپێکراوی نێودەوڵەتی بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی وزەی هەرێمدا لەپێناو بەدەستهێنانی پشتگیریی سیاسی و ئابووریی وڵاتی خاوەن کۆمپانیا. لە کۆتاییدا جێگەکردنەوەی خۆی بێت لەسەر نەخشەی جیهانی وزەدا و بەستنەوەی هەرێمی کوردستان بە هێڵە نێودەوڵەتییەکانی وزەوە و زیادکردنی هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە. لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا تاڕادەیەکی زۆر سەرکەتوو بووە، بۆیە لە ئێستادا دەبینین هەرێم زیاتر گرنگی بەڕاکێشانی وەبەرهێن و کۆمپانیا جیهانییەکان دەدات، زیاتر پتەوکردنی ژێرخانی وزەیە وەك دروستکرنی وێستگەی ناوخۆی و بەستنەوەی بە بۆری سەرەکی کوردستان-تورکیاوە و گەیاندنی بە بەندەری جیهان لە تورکیا[٣٢].

لەلایەکی ترەوە هەرێم لە ئێستادا ئیش لەسەر پەرەپێدانی گازی سروشتی دەکات و لە پلانیدایە دوای پڕکردنەوەی پێداویستییە ناوخۆییەکان گازیش هەناردەی دەرەوە بکات، وەك ئەوەی لە ئێستادا گاز لە کۆرمۆر و کێڵگەکانی تر لە پەرەپێدانی بەردەوامدایە. لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕەنگە لێرەدا ئەگەر وەك توێژەرێك ڕاڤەکاری بۆ ئاسایشی وزە بکەین، دەبینین ئاسایشی وزە لە هەرێمی کوردستاندا لە ئێستادا بریتی بێت لە دەستڕاگەیشتن بە یەدەگی نوێ و ئاسایشی خواست لەسەر بەرهەمەکەی، واتە پەیداکردنی کڕیار. لەلایەکی ترەوە پاراستنی سەرچاوەکانی وزەیە لە هەر کردەوەیەکی تیرۆریستی کە ژێرخان و ڕۆیشتنی وزە بخاتە مەترسییەوە. جگە لەوەش پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستانە لە بوونی وزەی پێویست بۆ دابینکردنی کارەبا و بەکارهێنانی ناوخۆیی وەك بەنزین و بوونی سوتەمەنی پێویست بۆ کارگەکان و ماڵان.

## تەوەرەی سێیەم: مانای ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە بۆ هەرێمی کوردستان

### یەکەم: ڕەهەندی بەردەستبوونی وزە Availability:

چەمکی کلاسیکی ئاسایشی وزە لە ڕاڤەکردنی بەردەستبوونی وزەدا باس لە سەلامەتی و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی خزمەتگوزارییەکانی وزە دەکات. زۆرێك لەو توێژینەوانەی لەم مەیدانەدا کراون لەڕوانگەی هاوردەکارانەوە زیاتر جەختیان لە هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی وزە کردوەتەوە. واتە بەردەستبوونی وزە و هێنانی لە زیاتر لە سەرچاوەیەکەوە. بەشێك لە دڵنیابوون لە بەردەستبوونی وزە بریتییە لە دابینکردنی وزە بێ پچران و پاراستنی سەلامەتی گەشتنی وزە بە وڵات.

بەڵام بەردەستبوون وەك یەکێك لە ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە بۆ وڵاتانی بەرهەمهێن مانایەکی پێچەوانەی هەیە، ئەویش بوونی یەدەگی سەلمێنراوی وزەیە وەك نەوت و گاز. وەك باسمانکرد هەرێم نەوتی سەلمێنراوی (٤٥) ملیار بەرمیل یەدەگی هەیە و بڕی (٢٠٠) بلیۆن (م٣) غازی سەلمینراوی هەیە. بەڵام دەبێت جەخت لەوە بکرێتەوە کە ئەو ژمارەیە تەنها یەك لایەنە و لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە ڕاگەیەنراوە. لە توێژینەوەیەکی تردا کەمتر لەو ڕێژەیە ئاماژەی پێدراوە. ئەوەی سەلمێنراوە هەرێم تەنها (٤) ملیار بەرمیل یەدەگی نەوتی هەیە، بەڵام ئەوەی چاوەڕوانکراوە و نەسلمێنراوە بڕی (٤٥) ملیار بەرمیل نەوتی خاوە. سەبارەت بە یەدەگی گازی سروشتی سەلمێنراو (١٦٥) بلیۆن (م٣)یە، هەرچەندە ئەو ڕێژەیە لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە ڕەتکراوەتەوە[٣٣].

> " ژمارەی یەدەگی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەتوانرێت بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد بکات، چونکە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان تا ئێستا لە قۆناغی سەرەتادایە و گەڕان و پشکنین بەردەوامە "

خاڵێکی تر کە پێویستە ئاماژەی پێبدرێت داتای ناتەواو و ناڕاستە لە هەرێمی کوردستاندا. بۆ نموونە هەرێم تا ئێستا زیاتر لە (٥٣) گرێبەستی گەڕان و دەرهێنانی نەوتی لەگەڵ (٢٨) لە کۆمپانیا بیانییەکاندا ئەنجامداوە. لە سەرەتای (٢٠١٢-٢٠١٣)دا هەرێم پلانی هەبوو کە بەرهەمهێنانی نەوت بگەیەنێتە (١) ملیون بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، تاوەکو (٢٠١٥). لەسەر بنەمای دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت، پلان هەبوو بەرهەمهێنانی نەوت بگات بە

(٢) ملیون بەرمیل لە (٢٠١٩-٢٠٢٠)[٣٤]. بەڵام لە واقعدا ئەوەی هاتە دی پێچەوانەی خواستی هەرێم بوو، بەپێی داتاکان ئێستا هەرێم لە (٢٠٢٣)دا ڕۆژانە تەنها (٤٢٠-٤٣٠) هەزار بەرمیل هەنارده دەکات. لە ساڵی (٢٠١٤)وە هەرێم ڕووبەڕووی چەندین قەیرانی سەخت بوویەوە، وەك جەنگی داعش و دابەزینی نرخی نەوت، بێجگە لە ناکۆکیان لەگەڵ بەغدا و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، ئەمانە هەمووی بوونە ڕێگرێکی سەرەکی لەسەر پەرەپێدانی کەرتی وزە. ئەو کۆمپانیایانەی لە هەرێم کار دەکەن لەلایەن بەغداوە خرانە لیستی ڕەشەوە، تەنانەت ئێستا پێشبینی دەکرێت (٤٣٠) هەزار بەرمیلی ڕۆژانە بەرەو کەمتر بچێت نەك زیاتر، هەرچەندە لە ئێستادا بەپێی قسەی یەکێك لە پەرلەمانتارانی ئەندامی لیژنەی نەوت و گاز ئەو ڕێژیە بۆ (٣٩٠) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزیوە[٣٥]. لە ئێستا کۆمپانیاکان ئامادەنین بیری نەوتی نوێ لێبدەن، ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات ڕەنگە تا (٢٠٣٠) بڕی هەناردەکردنی نەوت زۆر کەمتر بێت لەو ڕێژەیە نەوەك زیاتر بێت[٣٦]. سەرەڕای کێشە یاسایی و سیاسیەکان لەگەڵ بەغدا، بەڵام ناسەقامگیریی ئابووری هۆکارێکی ترە بۆ ئەوەی کۆمپانیا بیانییەکان لە هەرێمدا ژینگەی کارکردن بە گونجاو نازانن[٣٧].

سەبارەت بە وەبەرهێنان لە گازدا ژمارەی کێڵگە گازییەکان بریتین لە کۆرمۆر و بنەباوێ و خورمەڵەو میران. تا ئێستا توانراوە ڕۆژانە (٤٤٠) ملیۆن (م٣) گاز بەرهەم بێت. هەرچەندە لە پلاندا بوو لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ببێت بە (٨٠٠-٩٠٠) ملیۆن (م٣)، بەڵام ئەمەش بە خواستی هەرێم نەبوو، بەهۆی هێرشی وڵاتانی وەك ئێران یان میلیشاکانی سەر بە ئێران، کە جارجارە هێرش دەکرایە سەر کێڵگەکانی گاز لەهەرێمدا[٣٨]. بەپێی نوێترین ڕاپۆرتی ئەلمۆنیتر کە ئەمریکا و ئەوروپا بەدوای گازی بەدیلی ڕوسیاوەن بۆ ئەوروپا، بڕوایان وایە بتوانن بەشێکی باش لە پێداویستییەکانیان پڕبکەنەوە لە هێنانی گاز لە قەتەر و جەزائیر و نەرویج و خودی ئەمریکا و هەرێمی کورستان (ئەگەر بە خێرایی پەرەی پێبدرێت) دەیانەوێت بازاڕی ئەوروپا بە تەنها بازاڕێك نەبێت بۆ ساغکردنەوەی گازی ڕوسی[٣٩]. بەپێی توێژینەوەیەك کە دەزگای ئینێرجی قەمری ئیماراتی لەسەر خواستی وەزارەتی وزەی ئەمریکا لەسەر گازی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، بەپێی توێژینەوەکە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ساڵانە تا ساڵی (٢٠٣٥) زیاتر لە (٤٠) ملیار (م٣) گاز بەرهەم بهێنێت، ئەگەر بەچڕی وەبەرهێنان لە گازی هەرێمدا بکرێت[٤٠]. لەکاتێکدا هەرێم ساڵانە تەنها پێویستی (١٥) ملیار (م٣) هەیە، لەم ڕێژەیە (٢٥) ملیار (م٣) زیادەی هەیە، کە دەتوانرێت بۆ تورکیا و عێراق و بڕێکی بۆ ئەوروپا بنێرێت.

بەڵام ڕەنگە ئەمە بۆ هەرێمی کوردستان ئەستەم بێت، چونکە لەڕووی جیۆپۆڵەتیکییەوە مامەڵەکردن و بڕیاردان لەسەر گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان تەنها ڕەهەندێکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕەهەندێکی هەرێمی و نێودەوڵەتیی وەرگرتووە. بوونی ئەم یەدەگی گازە و ناردنەدەرەوەی دوبەرەی گەورەی وەك ڕوسیا و ئێران لەلایەك و ئەمریکا و ئەوروپا و تورکیا لەلایەکی ترەوە هێناوەتە سەرخەتی ململانێ. قبوڵکردنی بۆ وڵاتێکی دراوسێ وەك ئێران ئەستەمە کە هەرێمی کوردستان ببێت بە جێگرەوەی بۆناردنی گاز بۆ عێراق و تورکیا بە هەمان شێوە بۆ ڕوسیاش ئەستەم دەبێت کە جێگرەوەیەکی بۆ وڵاتانی ئەوروپا بۆ دروست ببێت[٤١]. بەڵام زۆر گرنگە بۆ هەرێم لە ئێستادا خۆی بکاتە پردی پەیوەندیی نەك گۆڕەپانی ململانێ، لەو پێناوەشدا دەبێت ببێتە یاریکەرێکی چالاك بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوو بەرەیەدا.

**دووەم: دەستڕاگەیشتن بە بازاڕ:Accessibility**

فرۆشتن و دەستڕاگەیشتن بە بازاڕی دەرەکی بە یەکێك لە کۆڵەکە گرنگەکانی ئاسایشی وزە دادەنرێت. لێرەدا ڕەنگە هەمەچەشنکردنی کڕیار یان گەرەنتیکردنی هەمەچەشنکردنی خواست لە وڵاتان و کۆمپانیا جیاوازەکان مەبەستی سەرەکی بێت. هەمەچەشنکردنی خواست بەجۆرێك یەك وڵات و یەك کۆمپانیا نەبنە کڕیاری سەرەکی وزەی وڵات، بۆ نموونە تەنها کۆمپانیایەك نەبێتە کڕیاری سەرەکی و کۆنترۆڵی کڕینی نەوت بکات، واتە تێکەڵەیەکی هەمەچەشن لە کۆمپانیای گەورەو مامناوەند و بچووك لە چەند وڵاتێکی جیاوازەوە وەك کڕیار ئامادە بن وزەی بەرهەمهاتووی لێ بکڕن.

لەجیاتی یەك ڕێگە بۆ ناردنی وزە بۆ بازاڕی دەرەکی باشترە چەندین ڕێگە هەبێت. عێراق لە ساڵانی (١٩٨٠)کاندا نموونەیەکی تاڕایەك سەرکەوتوو بووە. بۆ نموونە تەنها لە هەناردەکرنی نەوت بۆ دەرەوە خزمەتگوزاریی هەمەچەشنی بەهێز بوو. بۆ نموونە بۆری کەرکوك-جیهان (تورکیا) و عێرق-عمان و سعودیە-عێراق، ئەمەو بێجگە لەڕێگەی سەرەکی ئاوی کە بەندەری فاوە. ڕێگاکانی ناردنی نەوت لە سعودیە بۆ دەرەوە بریتین لە دوو بۆری سەرەکی: ئەویش بۆری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، کە بەستراونەتەوە بە دەریای سوورو دەریای ناوەڕاستەوە. هەروەها کڕیارانی نەوتی سەرەکی سعودیە بریتین لە چین، کۆریای باشوری، هندستان و یابان و ئەمریکا و هەندێك لە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکای لاتین، بۆیە دەبینین ستراتیجییەتی سعودیە لەڕووی هەمەچەشنکردنەوە بەهێزە.

سەبارەت بە هەمەچەشنکردنی کڕیار تا ئێستا ناڕوونە چەند کۆمپانیا نەوتی هەرێم دەکڕن و بگرە نازانرێت بۆ چ وڵاتێکیش دەڕوات، ئەو زانیاریە باوەی هەیە کۆمپانیاکانی ئیتاڵیاو هەنگاریا و یۆنان و ئیسرائیل کڕیاری سەرەکین[٤٢]. ئەوەی زانراوە نەوتی هەرێم لەخوار نرخی بازاڕەوە دەفرۆشرێت، بەڵام بە زانیاریی ورد و پشتڕاستکراوە تا ئەم ساڵانەی دوای بەردەستنەبوو، دوای وردبینیکردنی فرۆشتنی نەوت لەلایەن کۆمپانیای دیلۆیتەوە، لە ئێستادا زانیارییەکان بەردەستن. سەبارەت بە هەمەچەشنکردنی ڕێگاکانی گواستنەوەو بەهێزکردن و بنیاتنانی ژێرخانی وزە وەك ناردنی نەوت بە بۆری، هەرێم تەنها لەڕێگەی بۆری کوردستان-جیهانەوە نەوت دەنێریت و بڕێکی کەم لە نەوتەکەی بەڕێگەی وشکانی بە تەنکەر بۆ ئێران و تورکیا دەڕوات. بۆیە بوونی ڕێگایەکی تر بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ دەرەوە دەبێتە خاڵێکی بەهێز بۆ هەمەچەشنی ڕێگاکانی ناردنی نەوت. لە ئێستادا تاکە ڕێگە لەبەردەست هەرێمدا هەبێت تەنها تورکیایە. کە تورکیا و کۆمپانیاکانی وەك کار و گازبرۆم سودێکی باش لەو ڕێکەوتنامەیە دەبینن. سەبارەت بەم پرسە دکتۆر ئەرشد وتی: "هەرێمی کوردستان محکومە بە هەڵکەوتەی جوگرافیاکەی، ئێران و تورکیا و سوریا و عێراق کورد وەك مەترسی دەبینین لەسەر وڵاتەکانیان"[٤٣]. بۆ نموونە لەگەڵ عێراق لە مەسەلەی نەوت وگازدا هەرێم ناکۆکییەکی قووڵی هەیە، چونکە عێراق لە دادگای نێودەوڵەتیی سکاڵای لەسەر هەرێم هەبوو، ئەنجامەکەشی لایەنی عێراق لە سکاڵاکەدا براوە بووە، لەناوخۆشدا لە دادگای فیدراڵی بڕیار دراوە کە کۆی پرۆسەی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت نادەستورییە[٤٤]. لە (٢٠١١)ەوە سوریا نائارامە و شەڕی تێدایە، لەم ساتەدا هەرێم بۆ ناردنی نەوت بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت بیر لەڕێگەی سوریا بکاتەوە. میلیشیاکانی سەر بە ئێران چەندین جار هێرشی ناڕاستەخۆیان کردووەتە سەر کێڵگە گازییەکانی هەرێم و لە ئێستادا ئێران پێی خۆش نییە تەنانەت کە عێراق وڵاتێکی دراوسێیە ببێتە بەرهەمهێنی گاز، کەواتە بەلای ئێرانەوە قبوڵکراو نییە هەرێمی کوردستان ببێتە بەرهەمهێن و هەناردەکەری گاز[٤٥]. ئەم هەڵکەوتە جیۆپۆلەتیکییە تەنها تورکیای لە باکورەوە وەك تاکە بژاردەیەك هێشتووەتەوە بۆ ناردنی نەوتی هەرێم کە وەك پاسچە و منسور بڕوایان وایە کە هەرێم توکیای کردوە بە هاوبەشێکی ئاڵۆز[٤٦].

لە لایەکی ترەوە ساڵی (٢٠١٤) عێراق لە دادگای نێوبژیوانیکردن لە ژووری بازرگانیی لە پاریس، سکاڵای یاسایی لەسەر تورکیا تۆمارکردووە، کە کرۆکی سکاڵاکە بریتییە لە تۆمەتبارکردنی حکومەتی تورکیا کە بەبێ ڕەزامەندیی حکومەتی عێراق ڕێگەی بە هەرێم داوە لەڕێگەی تورکیاوە نەوت هەناردە بکات. لە ئێستادا ئەم دۆسێیە بۆ لایەنی عێراق یەکلای بووەتەوە. بەپێی بڕیارەکەی دادگا حکومەتی عێراق لەڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوت (سۆمۆ)

تاکە لایەنی بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی کارەکانی هەناردەکردنی نەوت لەڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە[٤٧]. لە دۆخێکی لەم جۆرەشدا ئەگەر تورکیا و هەرێم ئەو بڕیارە پشتگوێ بخەن ئەوکات بە یاسایی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەبێتە نەوتێکی قاچاخ و لە ئەنجامدا ناتوانرێت وەك پێویست بفرۆشرێت. لێرەدا تاکە بژاردەی هەرێم گەڕانەوەیەتی بۆ عێراق.

> **” لە ئێستادا هەرێمی کوردستان خاوەنی (٨) کێڵگەی سامانی سروشتییە کە بەسەر (٥٧) بلۆکدا دابەش بووە، (٤٠) بلۆکیان لە ناوەوەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە، بەڵام (١٧) بلۆکیان کەوتوونەتە ناوچە جێناکۆکەکان “**

سەرەڕای ئەمە خاڵی گرنگ بۆ وڵاتی بەرهەمهێنی وزە، ئەوەیە تەنها ئامانجی نەبێت لە هەمەچەشنکردنی کڕیار و ڕێگاکانی ناردنی وزە بۆ دەرەوە، بەڵکو پڕکردنەوەی پێداویستییە ناخۆییەکان بێت لە بڕی پێویست لە نەوت و گاز و وەگێراوەکانیان. دەستڕاگەیشتن بە وزە وەك یەکێك لە ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە بۆ وڵاتانی بەرهەمهێن بریتییە لە پاراستنی ژێرخانی وزە وەك تۆکمەیی تۆڕی گواستنەوە و دابەشکردنی وزە لە ناوخۆدا و گەیاندنی بە وێستگەکانی کارەبا و گەیاندنی بڕی پێویستی وزە بە پاڵاوگەکانی وڵات، بەجۆرێك ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی دەکەن بەبێ پچڕان کار بکەن. زیاتر لەوەش هەمەچەشەنکردنی ناوخۆیی واتە شان بەشانی بوونی سوتەمەنی وەك نەوت و گاز بۆ ناوخۆ، بەڵکو پێویستی بە تێکەڵەیەك لە سەرچاوە جیاوازەکانی وزە هەیە وەك وزەی بایۆماس، هەوا، ئاو و خۆر، ئەم جۆراوجۆری وزەیە بۆ ماڵان و بۆ سێکتەرە جیاوازەکانی ئابووری فەراهەم کردبێت. هەمەچەشنکردنی جوگرافی/ مکانیش گرنگە، واتە لە چەند شوێنێکی جیاواز و بڵاو بە وڵاتدا دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانی وزە هەبێت، بەشێوەیەك لە ئەگەری هێرش و ڕوداوی سروشتی و لەکارکەوتن لە شوێنێکی جوگرافی دیاریکراودا، نەبێتە پەککەوتنی کۆی دامەزراوەکانی وزە. بۆ نموونە باشترە بۆ وڵاتی بەرهمهێن لە چەند شوێنێکی جیاوازدا لەبری دروستکردنی یەك پاڵاوگەی نەوت لەیەك ناوچەدا زیاتر لە یەك پاڵاوگەی هەبێت، لەبری ناردنی یەك بۆری بۆ هەناردەکردن و گواستنەوەی ناوخۆیی، زیاتر لە چەندین بۆری لە چەندین شوێنی جیاوازەوە هەبێت. بڵاوبوونەوەی جوگرافیای دامەزراوە وزەییەکان نەك هەر متمانەپێکراوی گشتییان باشتر دەکات، بەڵکو تەواوی تۆڕی دابەشکردنەکە پارێزراوتر و خۆڕاگرتر دەکات لەبەرامبەر

تێکچوونی بەرێککەوت، شکستی سیستەمەکان، یان هێرشی بەئەنقەست. پەرشوبڵاوی جوگرافی خزمتگوزارییەکانی وزە گەرەنتی زیاتری یەکێك لە ڕەهەندە گرنگەکانی ئاسایشی وزە دەستەبەر دەکات، بە جۆرێك لە ئەگەری مەترسی بۆ سەر پێگەیەك و لەکارکەوتنی، نابێتە لەکارکەوتنی کۆی سیستەمەکە[٤٨].

ئەگەر بێت و لەم ڕوانگەیەوە سەیری ئاسایشی وزە بکەین لە هەرێمدا، دەبینین لە خاڵی تایبەت بە هەمەچەشنکردندا هەرێم خاڵی لاواز و بەهێزی هەیە. بۆ نموونە لە هەمەچەشنکردنی بەکارهێنانی نەوت و گاز لە بواری ناوخۆدا، بە دروستکردنی سێ پاڵاوگە تارادەیەکی کەم توانیوێتی پێداویستییە ناوخۆییەکان پڕبکاتەوە. بۆ نموونە هەرێم ڕۆژانە پێویستی بە (٦) ملیۆن لیتر بەنزین هەیە، بەڵام لە ئێستادا هەرێم توانای دابینکردنی تەنها (٣) ملیۆن لیتر بەنزینی هەیە، کەواتە (٣) ملیۆن لیتر لە دەرەوە هاوردە دەکات. سەبارەت بە نەوتی سپی بۆ ماڵان، هەرێم ساڵانە پێویستی بە (٢٥٨) ملیۆن لیتر دەبێت، ئەگەر بۆ یەك ماڵ تەنها (٢٠٠) لیتر دابین بکرێت، ئەگەر تەنها ساڵی (٢٠٢٣) بە نموونە وەربگرین، لەو ساڵەدا حکومەت توانیوێتی تەنها (٧٠) ملیۆن لیتر دابین بکات، واتە کەمتر لە (٣٠٪). سەبارەت بە بوونی وزەی کارەبا هەرێم ئەوەندە وێستگەی کارەبای هەیە کە بتوانێت زیاتر لە (٧٠٠٠) میگاوات کارەبا بەرهەمبهێنێت، کە بەتەواوەتی پێداویستییەکانی ناوخۆ پڕبکاتەوە، بەڵام لەبەر نەبوونی سوتەمەنی پێویست بۆ کارپێکردنی وێستگەکان لە ئێستا ئەوەندە گاز بەرهەمدێت، کە لە ساڵی (٢٠٢٣) تەنها (٣٥٠٠) میگاوات کارەبا بەرهەمبهێنێت. هەرێمی کوردستان ڕۆژانە تەنها بۆ پێداویستی ناوخۆیی پێویستی بە (٨٥٠) ملیۆن (م٣) گاز دەبێت بۆ بەرهەمهێنانی بڕی پێویست کارەبا بۆ پێداویستی ناوخۆ. بەڵام لە ئێستا تەنها (٤٥٠-٥٠٠) ملیۆن (م٣) گاز بەرهەمدێت. کەواتە تەنها (٥٥٪) پێداویستی هەرێم لە گازی سروشتی دابین کراوە[٤٩]. هاوکات هەرێم نەیتوانیوە شان بەشانی نەوت و گاز سوود لە سەرچاوەکانی تری وزەی وەك خۆر و هەوا بۆ بەرهەمێنانی کارەبا ببینێت. سەبارەت بەم پرسە دکتۆر ئەرشد بڕوای وایە لەبەر نەبوونی پلان نەتوانراوە سوود لە وزەی خۆر و با ببینرێت کە ڕۆژانە دەمانتوانی بۆ ماوەی (٨) کاتژمێر سوودی لێببینین. لە ئێستا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە پلانیدایە کار لەسەر بەرهەمێنانی وزەی نوێبووەوە بکات، بەڵام هەر پلانە و شتێکی ئەوتۆی کرداری دیار نییە[٥٠].

سەبارەت بە هەمەچەشنکردنی جوگرافی/مکانی واتە لە چەند شوێنێك دامەزراوەکانی خزمەتگوزاری وزە هەبێت بۆ ئەوەش زیاتر ڕەهەندی دەستڕاگەیشتن بە وزە دەستەبەر بکرێت. وەك دەبینین لە هەرێمدا زۆرێك لە شوێنی دەرامەتە سروشتییەکان یان زۆر نزیکن

لە ناوچە جێناکۆکەکان یان بەشێکیان کەوتوونەتە شوێنی جێناکۆکەکان، کە وەبەرهێنان لەم ناوچانەدا تاڕادەیەکی زۆر بۆ وەبەهێنەری بیانی ریسکە. سەرەڕای ئەوەی کوردستان سێ پاڵاوگەی هەیە و دەتوانن ڕۆژانە بەشێکی باش لە پێداویستییە ناوخۆییەکان پڕ بکاتەوە، بەڵام لە ئێستا حکومەت ناتوانێت نەوتیان بداتێ، لەبەرئەوەی پێویستی بەوەیە نەوتەکەی بفرۆشێت و پارەی پێویست بۆ دابینکردنی موچەی فەرمانبەران بە دەستبهێنێت. بێجگە لەوەی هەرێم پابەندێتی دارایی زۆریشی لەسەرە کە زۆر دەست کراوە نییە. سەبارەت بە دامەزراندنی پاڵاوگەی نوێ دکتۆر ئەرشد پێی وایە کە وەبەرهێنەرانیش بەدوای قازانجی خێراوەن وەك دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون و نایانەوێت کار لە پرۆژە قازانج دوور مەوداکاندا بکەن، چونکە بارودۆخی عێراق بەگشتی لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە سەقامگیر نییە، بۆیە وەبەرهێنەری بیانیش زەحمەتە بێت و بڕێکی زۆر سەرمایە بخاتەکار بۆ دروستکردنی پاڵاوگە و ڕاکێشانی بۆری و بنیاتنانی ژێرخانی وزە[٥١]. لە ئیستاشدا حکومەت ناتوانێت خۆی پێی هەستێت، لەبەر قەیرانی دارایی و کەڵەکەبوونی قەرزەکانی هەرێم کە بە زیاتر لە (٣٠) ملیار دۆلار دەخەمڵێنرێت. جگە لە بوونی بەربەستی سیاسی لەسەرووی هەموویانەوە دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانی وزەش کاریگەربوون بە فاکتەرە سیاسییەکان. بۆیە دەبینین بەنزین و نەوت و گازی بەهەرمهاتوو بەشی پێداویستی ناخۆیی ناکەن، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ناوخۆییەکانی لە بەنزین و نەوتی سپی هەرێم پشت بە ئێران و تورکیا دەبەستێت. ڕەنگە بۆ ناوچەیەك کە دەوڵەمەند بێت بەوزە، تا ئێستا پێداویستییەکانی خۆی لە دەرەوە پڕبکاتەوە و ببێتە خاڵێکی لاواز کە لە ماوەی چەندین ساڵدا نەیتوانیوە ژێرخانێکی بەهێز بۆ گۆڕینی وزەی خام بۆ بەکارهێنان بنیات بنێت. لە ئێستا تاکە خاڵی نیمچە بەهێز بۆ هەرێم بریتییە لە گۆڕینی چەندین ویستگەی کارەبایی کە ڕاستەوخۆ بە وێستگەکانی بەرهەمێنانی گازەوە بەستراونەتەوە.

**سێیەم: ڕەهەندی گونجاوی نرخی وزە، بەهێزکردن و بەنیشتمانیکردنی کەرتی وزە :-Affordability**

زیاتر لە (٥٠٪) ئەدەبیاتی وزە پێشنیازی ئەوەیان کردووە کە گونجاوی نرخی وزە ڕەهەندێکی گرنگە بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی وزە. لە وڵاتانی پێشکەوتوو بەڵام هەژار بە وزە خێزانەکان بەشێك لە داهاتیان بۆ خزمەتگوزارییەکانی وزە تەرخان دەکەن، لەبەرئەوە دەبینین زۆرێك لە وڵاتان لە هەوڵی ئەوەدان کە بتوانن وزە بە نرخێکی معقول دابین بکەن، کە ڕەنگە ئەمە ببێتە دەستکەوتێکی ئابووری و لە هەمانکاتدا ببێتە دەستکەوتێکی سیاسیش بۆیان. بەڵام بە پێچەوانەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڵکشانی نرخی وزە دەبێتە

هۆی بەرزبوونەوەی خزمەتگوزارییەکان، نرخی کاڵا، بەرهەمهێنان و دروستکردنی خۆراک، قوماش و ڕستن و چنین و کاغەز و چیمەنتۆ و... هتد، چونکە وزە کۆی (١٥٪) تێچووی ئەو بەرهەمانە پێکدەهێنێت[٥٢]. خزمەتگوزارییەکانی وزە نەک هەر دەبێت بەنرخێکی گونجاو بێت، بەڵکو دەبێت نرخەکانیان جێگیر بێت کاتێك نرخی وزە بەشێوەیەکی گەورە بەرزو نزم دەکات، کڕیاران بە زەحمەت دەتوانن لە پلانی وەبەرهێنانی خۆیان وریا بن. بۆ نموونە ئەو بەرزبوونەوەیەی نرخی سوتەمەنی و بەتایبەت گازی سروشتی لە وڵاتانی ئەوروپا، وای کردوە کە نرخی سوتەمەنی ماڵان و نرخی کارەبا و نرخی تێچووی بەرهەمهێنانی شمەك و کاڵا زیاد بکات. ڕەهەندێکی تری گونجاوی نرخی وزە پەیوەندیی بە کوالێتیەوە هەیە تەنانەت ئەگەر نرخەکەی کەم بێت و جێگیریش بێت، بەڵام بەکارهێنەران و کۆمپانیاکان و کارگەکان پێویستیان بە کۆمەڵێك سوتەمەنی و خزمەتگوزاری و کوالیتی بەرز هەیە.

> **” لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەی بە فەرمی قسەی لەسەر نەکراوە چەمکی ئاسایشی وزەیە کە نە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە نە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە بەشێوەی فەرمی وەك لە کەیسەکانی سەرەوەدا ئاماژمان پێدا نەبووە بە سیاسەتێکی نوسراو “**

سەبارەت بە وڵاتانی دابینکەرو هەناردەکەری وزە دەبینین وێنەکە تەواو پێچەوانەیە. لەڕوانگەی ڕەهەندی گونجاوی نرخی وزە بۆ هەناردەکار ڕەنگە باشترین بژاردە بریتیبێت لە پارێزگاریکردن لە مانەوەی نرخی وزە بە بەرزی. بۆ نموونە هەمیشە وڵاتانی ئۆپیك لە هەوڵی ئەوەدان نرخی نەوت بۆ یەك بەرمیل لە سەروو (١٠٠$)وە بێت، چونکە نەوت بووەتە تاکە سەرچاوەی بوجەی زۆرێك لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان. بۆ نموونە وڵاتێکی وەك عێراق و نیجیریا زیاتر (٩٠٪)ی بودجەکەیان لە نەوتەوەیە، بە دابەزینی نرخی نەوت کارەساتی ئابووری ڕوودەدات.

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین بەشێکی زۆری بودجە و موچەی فەرمانبەران لە داهاتی نەوتەوە دێت، لە ڕابردوودا بینیمان لە ساڵانی (٢٠١٤-٢٠٢٠) بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە موچەی فەرمانبەرێکی ئاسایی بە ڕێژەی (٥٠٪) بەرەو ژورتر کەمی کردبوو. زۆرێك لە پرۆژەکانی حکومەت وەستا بوون، دەتوانین بڵێین بازاڕ و سێکتەرەکانی ئابووری بە جزئی وەستا بوون. لەبەرئەوە ئەگەر بۆ وڵاتێکی تر تەنها قەیران

بێت، ئەوا بۆ هەرێمی کوردستان دووجار قەیران دەبێت، چونکە هەرێمی کوردستان تەنها نەوت هەناردە دەکات، لە کاتێکدا وڵاتانی تر شان بەشانی نەوت ڕەنگە گازی سروشتی و هەندێك شمەك و کاڵای تر هەناردە بکەن. لەلایەکی ترەوە هەرێم دەوڵەت نییە و ناتوانێت لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان قەرزی درێژخایەن بکات بەڵام وڵاتانی تر دەتوانن. زیاتر لەوەش وڵاتانی تر یەدەگی بانکیان هەیە، بۆ نموونە عێراق لە ئێستادا زیاتر لە (١٠٠) ملیار دۆلار یەدەگی بانکی هەیە، ئەگەر نرخی نەوت دابەزین بە خۆیەوە ببینێت ڕەنگە بتوانێت تا ماوەیەکی دیاریکراو لەسەرپێی خۆی بوەستێت، بەڵام هەرێم نەك خاوەنی یەدەگ نییە، بەڵکو قەرزاری زۆرێك لە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری دەرهێنانی نەوتە و لەگەڵ ئەوەشدا قەرزاری کۆمپانیا لۆکاڵییەکانە و لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە تا ئێستا بڕی قەرزەکانی بە (٣٠) ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت.

لەلایەکی ترەوە گونجاوی نرخی وزە بۆ وڵاتانی هەناردەکار ڕەنگە تەواو مانایەکی پێچەوانەی هەبێت، ئەویش بە پارەی وزەی بەدەستهاتوو وڵاتان پێویستە ژێرخانێکی بەهێزی وزە بۆ خۆیان بنیات بنێن وەك بنیاتنانی کۆمپانیای نیشتمانی، کە بتوانێت بە شێوەیەکی ئاسایی کێبڕکێ لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکاندا بکات، یان شان بەشانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان وەبەرهێنان لە وزەدا بکەن. بۆ نموونە سعودیە خاوەنی ئارامکۆیە، کە یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی بواری وزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها ئێران و عێراق لە ڕابردوودا لەم بوارەدا پێشەنگبوون، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە یاسای نەوت و گازی هەرێمدا لە ساڵی (٢٠٠٧) بڕیار دراوە بە دروستکردنی کۆمەڵێك کۆمپانیای نیشتمانی وەك کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو وەبەرهێنانی نەوت، کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت، کۆمپانیای کوردستان بۆ بازارکردنی نەوت، کۆمپانیای نەوت بۆ پرۆسەی پاڵاوتن و پاشکۆکانی نەوت[٥٣]. پاشان پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٥)ی بە ناونشانی "یاسای سندوقی داهاتە نەوتی و گازییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق" دەرکرد[٥٤]. بەڵام تا ئێستا هیچ کام لەم کۆمپانیایانە دانەمەزراون، کە دەکرا لەڕێگەی دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایانەوە مامەڵەیەکی تەندروستتر لەگەڵ گرێبەست و کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان بکرایە. ئەمە سەرباری ئەوەی بەدامەزراوەییکردنی کەرتی وزە ببێتە هێزێکی نیشتمانی و بە هاوبەشی شان بەشانی کۆمپانیا بیانییەکان کاریان بکردایە و پرۆسەی فێربوون لە کۆمپانیا بیانییەکان لە پێشینەی کارەکانیان بوایە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئەم دامەزراوە نیشتمانیانەوە، لە ئێستادا هەرێم خاوەنی ئەو هێزە لە تەکنۆلۆجیا و توانای لۆجستی نییە کە بتوانێت سیستەمی وزەی خۆی کۆنترۆڵ بکات[٥٥]. هەرچەندە پیشەسازی نەوت و گاز لە هەرێمدا تەنها لە سەرەتادایە، بەڵام دەبێت دان بەو ڕاستیەشدا بنێین کە دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی وەك

لە یاسای نەوت و گازدا هاتوون، تەنها لەسەر کاغەز ماونەتەوە و تا ئەم ساتەش هیچ یەکێك لەو کۆمپانیایانە دانەمەزراون، ئەمەش خاڵێکی لاوازە لە برەودان بەنیشتمانیکردنی سێکتەری وزە و بە دامەزراوەیکردنی پیشەسازی نەوت و گاز لە هەرێمدا.

**چوارەم: ڕەهەندی قبوڵکردنی وزە  Acceptability:**

یەکێکیتر لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی ئاسایشی وزە بریتییە لە قبوڵکردنی وزە، کە ئەمەش لە ئێستادا بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ پەیوەندیی بە بابەتی ژینگەوە هەیە. ڕاپۆرتی بروتلاند ساڵی (١٩٧٨) لەژێر ناونیشانی داهاتووی هاوبەشمان: "کۆمسیونی جیهانی ژینگە و گەشەپێدان" بڵاوکراوەتەوە، کە دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێستا لە وزە بەبێ بەکارهێنان و دەستبردن بۆ سامانی نەوەکانی داهاتوو[٥٦]. بەپێی سۆڤاکۆڵ و ماریلین قبوڵکردنی وزە ئەوەیە کار لەسەر گەشەپێدانی بەردەوامی بکەین، ئەویش کارکردنە لەسەر سێ پرەنسیپی سەرەکی: ڕێژەی وەبەرهێنان لە سەرچاوە نوێبووەکان لە ڕێژەی وزەی دووبارە دروست نەبوونەوەکان زیاتر بێت، دەردانی پاشماوەکان کە بەهۆی بەکارهێنانی وزەوە دروست دەبن لە ئیکۆ سیستەمەکان زۆرتر نەبن، گەرەنتیکردنی ئەوەی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزە تەنها بەڕێژەیەك کەم دەبنەوە کە وزەی نوێبووەوە وەك بەدیل لەبەرامبەریاندا دروست بکرێن[٥٧].

بەڵام بۆ وڵاتە دەوڵەمەندەکان ڕەهەندی قبوڵکردنی وزە مانایەکی جیاوازتری هەیە ئەویش زیاتر ئابوورییانەیە. ئەو وڵاتانەی دەوڵەمەندن بە وزە دروستکردنی پیشەسازی پترکیمیاویات لە ئەولەوێتی کارەکانیاندایە. خاڵێکیتر خەزنکردنی پارەی بەدەستهاتووی وزە بۆ جیلی داهاتوو وەك نەرویج. بەهۆی بەکارهێنانی پارەی وزەوە بۆ بنیاتنانی ژێرخانێکی بەهێزی ئابووری وەك وڵاتانی کەنداو، ئەمان بوونەتە هۆی ئەوەی بوونی وزە بووەتە خێر و لە لایەن خەڵکەوە قبوڵکراو بێت.

بەڵام پێچەوانەکەی ڕاستە بۆ کۆمەڵێك وڵاتی تری وەك نیجیریا و فەنزویلا و عێراق، کە بە پێچەوانەی نەرویجەوە بگرە کۆی داهاتی ئێستا بەشی بودجە زەبەلاحەکەیان ناکات، چۆن پارە بۆ جیلی داهاتوو هەڵبگیرێت! نەوەك سوود لە داهاتی وزە نەبینراوە بۆ دروستکردنی ژێرخانێکی بەهێزی ئابووی، بەڵکو وزە بووەتە هۆی ئەوەی سێکتەرەکانیتری ئابووری کاری خۆیان نەکەن، زیاتر لەوەش وزە بووەتە هۆی بەهێزکردنی دراوی لۆکاڵی وڵات، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هەر کاڵایەك بێتە ژورەوە بۆ هاوڵاتیان بە هەرزان دەکەوێت. بۆیە دەبینین وڵاتانی دەوڵەمەند بە وزە توانای بەرهەمهێنانی ناوخۆییان لاوازە، کە هەندێکجار

بە وڵاتی پاشکۆی دەرەکی دەناسرێن، لە ئەنجامدا دەبینین هەمەچەشنەی ئابووری لاوازە. هەروەها بوونی پارەی لێشاوی وزە بوەتە هۆی ئەوەی هاوڵاتیان زیاتر بۆ دۆزینەوەی کار پشت بە حکومەت ببەستن، بۆیە زۆرجار سێکتەری گشتی دەبێتە تاکە شوێن بۆ دۆزینەوەی کار، ئەمەش دەبێتە هۆی بێکاری ژێر پەردە. دەبینین حکومەت بووەتە باوکی خەڵك، هەر لە دۆزینەوەی کار، شوێنی نیشتەجێبوون، پێدانی هاوکاری بۆ مەبەستی جیاواز، بەڵام لە بەرامبەردا بووەتە هۆی بێدەنگکردنی خەڵك و نەدانی باج و لاوازی لێپرسینەوە لە وڵاتدا. لە وڵاتانی دەوڵەمەند بە وزە کارامەیی دانیشتوانەکەیان لە ئاستێکی نزمدایە، گرنگ ئەوەیە ئەو کەسەی کاری حکومەت وەردەگرێت وەك فەرمانبەری میری بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك لەو فەرمانگەیە بباتە سەر، لێرەدا بەرهەمداربوون یان نەبوون پێوەر نییە، بەڵکو دۆزینەوەی کارە بۆ دانیشتوان. ئەمەش لەلایەن کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانەوە بەتەواوی هەستی پێکراوە، کاتێك پۆستێك ڕادەگەیەنن دەبینین ئەو کەسانەی دێنە پێشەوە کەمترین کارامەیی پێویستیان نییە بۆ وەرگرتنی کارەکە، کۆمپانیاکە ناچارە کەسەکە لە دەرەوە بهێنێت.

ئەمانەی سەرەوە باسمانکردن لە هەرێمی کوردستاندا بەتەواوەتی هەستی پێدەکرێت، تاکە خاڵێك کە هەرێمی کوردستانی پێ جیابکرێتەوە بریتییە لە نەبوونی دیدگای هاوبەشی حیزبە سیاسییەکانی دەسەڵات. ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی لەسەر پرسی وزە بزوێنەری زۆرێك لە گرفتەکانن. ئێستا لە هەرێمدا "دووڵەتکردنی جوگرافیای هەرێم و دووبارە یەکگرتنەوەیەکی لەرزۆک لە سایەی جۆرێک لە دوو ئیدارەیی شاراوەدا"[٥٨]، کە بەتەواوەتی قووڵ بووەتەوە و وزەش بووەتە چەقی ململانێکانی هەردوو پارت و بڕوایان وایە هەر لایەك دەست بەسەر کەرتی وزەدا بگرێت ڕاستەوخۆ ئابووریی هەرێم کۆنترۆڵ دەکات، ئەو پارتەی هێزی ئابووری کۆنترۆڵ بکات دەسەڵاتی سیاسیش کۆنترۆڵ دەکات. ئەمەش بەتایبەت لای یەکێتیی نیشتمانی مەترسی دروستکردووە، وەك بڕوایان وایە لە ڕابردودا بەهۆی کۆنترۆڵکردنی نەوتەوە پارتی پێگەی خۆی بەهێز کردوە، لێرەوە یەکێتی وانەیەك فێر بووە کە نایانەوێت کەرتی گاز بە دەردی کەرتی نەوت بڕوات، چونکە زۆربەی کێڵگە و یەدەگی گاز کەوتووەتە ئەو ناوچە جوگرافییەی کە بە زۆنی سەوز ناسراوە و یەکێتی تێیدا باڵا دەستە. دابەشبوونێکی لەم شێوەیە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە سێکتەری وزە لە چواچێوەیەکی نیشتمانی و سیاسەتی حکومی بێلایەندا بەڕێوە ناچێت، بەڵکو ڕۆڵی حیزب و نەبوونی دیدگای هاوبەش بە فاکتەرێکی نێگەتیڤ دادەنرێت و قبوڵکردنی ئەم سێکتەرەی لای خەڵك کردوە بە مەحاڵ.

لەلایەکی ترەوە هەرێمی کوردستان بە پاشکۆی ئابووریی تورکیا و ئێران دادەنرێت و هەمەچەشنەی ئابووریی لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، دەتوانین بڵێین کۆی پێداویستییەکانی خۆی لە دەرەوە پڕ دەکاتەوە. یەکێکیتر لە خەسڵەتەکانیتری هەرێم بریتییە لە بێکاری ژێرپەردە و ڕەنگە تا چەند ساڵێکی تر هەرێم لە فەرمانگە حکومییەکاندا پێویستی بە دامەزراندنی فەرمانبەری نوێ نەبێت، بگرە ئێستاش لە هەندێك فەرمانگەدا زیادەی هەیە. سەبارەت بە بوونی کارامەیی لە هەرێمدا بەزەقی هەستی پێدەکرێت، لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کارمەندێکی پایەبەرزی یەکێك لە کۆمپانیا بەناوبانگەکان دەڵێت: "کارمەندەکانی سەرەوەی کۆمپانیاکە بە دەگمەن کوردن، کوردان لەم کۆمپانیایەدا تەنها دەتوانن لە ناوەند یان لە خوارەوە کاربکەن [٥٩]. هەروەها لە چاوپێکەوتنێکیتردا کارمەندێك دەڵێت: "لە یەکێك لە زانکۆ تایبەتەکاندا یەکێك لە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان ویستویەتی چەندین پۆستی ناو کۆمپانیاکە بە توانا ناوخۆییەکان پڕ بکاتەوە بەتایبەت کارەکان بدات بە خوێندکارانی دەرچووی بەشێکی ئەندازیاری، بەڵام لە کۆی (٢٩) خوێندکار تەنها یەکێکیانی بە شیاو زانیوە[٦٠]. هەموو ئەمانەی سەرەوە باسمان کرد ڕەنگدانەوەی ئەوەن کە بوونی وزە لە هەرێمدا لە ئێستادا نەك قبوڵکراو نییە، بەڵکو بگرە بووەتە جێگەی نیگەرانی بۆ هاوڵاتیان.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین تاکە خاڵیتر کە هەرێم بێهاوتایە تیایدا، ئەویش شێوازی گرێبەستی نەوتە، کە بە شێوەی ڕێکەوتنی هاوبەشی بەرهەمهێنان کراون. لە ئێستادا بووەتە بارگرانی بۆ هەرێم، چونکە بڕێکی زۆری کۆی داهاتی بەدەستهاتوو بۆ کۆمپانیاکان دەچن وەك شایستەی دارایی بە کۆمپانیاکان دەدرێت. هەرێم لە باشترین حاڵەتدا (٤٤٪) داهاتی بەدەستهاتووی بۆ دەمێنێتەوە[٦١]. تا ئەم ساڵانەی دوایی هەرێم یەك لایەنانە کۆی فرۆشتنی نەوتی (٣) مانگ جارێك دەخستەڕوو، ڕاپۆرتەکان دوادەکەوتن، تێگەیشتنیان سەخت بوو، کۆمەڵێك زانیاریی گشتگیر و شلۆق بوون، بەمشێوە لە خستەڕووی زانیاریی کە لە بواری حکمی چاکدا دەڵێن شفافیەتی زیمبۆی – نیمچە مردوو[٦٢]. بەکورتی دەزگایەکی سەربەخۆی وەك چاودێریی دارایی داتاکانی پشتڕاست نەدەکردەوە، بەڵام ئەوە بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك دەبێت گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای دیلۆیتدا کراوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی کۆی فرۆشتن و حەقدەستی کۆمپانیاکان، هەرچەندە ئەمەش بەیەکێکی تر لەبارگرانییەکان بۆ هەرێم دادەنرێت، بەڵام ڕەنگە ببێتە خاڵێکی بەهێز بۆ زیاتر پشکنین و چاودێریکردنی داهاتی نەوت. سەرباری ئەوەی لە ساڵی (٢٠١٥)وە بڕیار دراوە بە دروستکردنی سندوقی داهاتە نەوتی و گازییەکان بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی تەندروستر و شەفافتر لەگەڵ داهاتەکاندا بکرێت و بتوانرێت متمانەی هاوڵاتیانیش بۆ داهاتەکانی ئەم کەرتە بگەڕێنرێتەوە، بەڵام تا ئێستا ئەم سندوقە دروستنەکراوە. هەموو ئەم هۆکارانەی سەرەوە بوونەتە هۆی ئەوەی قبوڵکردنی کۆمەڵایەتیی وزە بەو شێوەیەی ئێستا لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە.

*** دەرئەنجام:**

پاش شیکاریکردنی پێناسەی ئاسایشی وزە ئەوەمان بۆ ڕوونبوویەوە چەمکی ئاسایشی وزە وابەستەی چوارچێوەی ئەو ئامانجە ستراتیجییەتەیە کە دەوڵەت و کۆمپانیاکان پلانی بۆ دادەنێن، بۆ وڵاتانی هەناردەکار و هاوردەکار ماناکەی دەگۆڕێت. بۆ وڵاتانی هاوردەکار چەمکی ئاسایشی وزە بریتییە لە دەستەبەرکردن و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی دابینکردنی وزە بە نرخێکی گونجاو و بەبێ پچڕان، بەڵام بۆ دەوڵەتانی هەناردەکار چەمکی ئاسایشی وزە بریتییە لە دڵنیابوون لەسەر خواست لەسەر وزەکەیان بەنرخێکی کێبڕکێکار بەمەبەستی دەستەبەرکردنی دەرامەتی جێگیر لە ئاستێکی ئاساییدا و پاراستنی وڵات لەو شۆکانەی لە بازاڕی وزەدا دروستدەبن. لە شیکاریی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ڕوونبوویەوە لە هەرێمی کوردستان تەنها جەختکردنەوە بووە لە سیاسەتی وزە و هیچ دیکۆمێنتێك نییە ئەوەمان بۆ ڕوونبکاتەوە، کە چەمکی ئاسایشی وزە لە هەرێمدا چییە و پلانی حکومەت لەو بارەیەوە چییە. ئەو ئەنجامەی لەم توێژینەوەیەدا پێی گەشتووین ئەوەیە هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا زیاتر گرنگی بە وەبەرهێنان دەدات لە بواری نەوت و گازدا. وەك وەبەرهێنەرێکی نوێ. هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا ئامانجی سەرەکی جێگەکردنەوەی خۆی بێت لەسەر نەخشەی جیهانی وزەدا و زیادکردنی هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە و دەستەبەرکردنی داهاتێکی جێگیر. سەبارەت بە پرسی ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە و توانای جێبەجێکردنی هەر چوار ڕەهەندەکە (بوون، گونجاوی، دەستراگەیشتن، قبوڵکردنی- وزە) بەسەر هەرێمدا، لە ئەنجامی شیکردنەوە ئەوەمان بۆ ڕوونبوویەوە کە لە بەدیهێنانی ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزەدا دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە هەرێمی کوردستان دوان لە ڕەهەندەکانی وزەی بەرەوپێشبردووە، ئەویش ڕەهەندنی بوونی وزە و یەدەگی وزەی برەوپێداوە، لەڕووی دەستڕاگەیشتن بە بازاڕ هەرێم توانیوویەتی وزەی خۆی بنێرێتە دەرەوە و کڕیاری بۆ پەیدا بکات، بەڵام لەڕووی خۆجێیکردن و بەهێزکردنی توانا ناوخۆییەکانەوە، هەرێم بەبێ بوونی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بێهێزە و ناتوانێت سیستەمی وزەی خۆی کۆنترۆڵ بکات. لەڕووی قبوڵکردنی وزەوە زۆرێك لە داهاتی نەوت بە کۆمپانیاکان دەدرێت. بەدامەزراوییکردنی کەرتی وزە لە ئاستێکی لاوازدایە و خەڵکی ناخۆ زۆر کەم لە پیشەسازی نەوتدا کار دەکەن. بۆیە بۆ بەهێزکردنی ئەم دوو ڕەهەندە بژاردەکانی هەرێم لە ئێستادا زۆر سنوردارە. بەڵام دەبێت ئەوەمان بیر بێت کە سەلامەتی و دڵنیایی ئاسایشی وزە تەنها و تەنها بریتییە لە هەمەچەشنی و جۆراوجۆری وەك: جۆراو جۆری لە ڕێگاکانی هەناردەکردندا، لە کڕیاردا، لە ڕەچاوی بڵاوبوونەوەی مکانی/جوگرافیادا وەك بنیاتنانی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکانی وزەدا، لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆدا، تەنانەت جۆراوجۆری لە بەکارهێنان

و خستنەگەڕی وزەی پاك و نوێبووەوەدا، بەڵام هەرێم لە بەدیهێنانی هەمەچەشنکردندا تاڕادەیەکی زۆر لاوازە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین هەرێم سیاسەتی وزەی هەیە، ڕەنگە لە ئێستادا سەرنجی هەرێم بریتیبێت لە وەبەرهێنانی زیاتر لە کەرتی وزەدا و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان. سەبارەت بە ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەرێم کاری لەسەر کردون لە بەرەوپێشبردنی دوو لە ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە وەك بوونی وزە و دەستڕاگەیشتن بە بازاڕی دەرەکی بۆ ناردنەدەرەوەی وزەکەی، بەڵام لە واقیعدا دوو لە ڕەهەندەکانی تر وەك قبوڵکردن و گەشەپێدانی توانا ناوخۆییەکان و بەهێزکردنی ژێرخانی وزە بە بەراوورد بە کەیسی وڵاتانی دەوڵەمەند بە وزە، هەرێم زۆر لە دواوەیە. بۆیە دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە ئاسایشی وزە لە هەرێمدا بەهۆی هۆکارە ناوخۆیی و هەرێمییەکانەوە ئاسایشێکی لەرزۆکە و لە ژێر مەترسیدایە.

### * سەرچاوەکان:

1- Baldwin, D.A., 1997. The concept of security. Review of international studies, 23(1), pp.5-26.
2- Valdés, Javier. "Arbitrariness in multidimensional energy security indicators." Ecological Economics 145 (2018): 263-273.
3- Willrich, M., 1976. International energy issues and options. Annual Review of Energy, 1(1), pp.743-772.
4- Cherp, A. and Jewell, J., 2014. The concept of energy security: Beyond the four As. Energy policy, 75, pp.415-421.
5- Azzuni, Abdelrahman, and Christian Breyer. "Definitions and dimensions of energy security: a literature review." Wiley Interdisciplinary Reviews: Energy and Environment 7, no. 1 (2018): e268.
6- Sovacool, Benjamin K., Ishani Mukherjee, Ira Martina Drupady, and Anthony L. D'Agostino. "Evaluating energy security performance from 1990 to 2010 for eighteen countries." Energy 36, no. 10 (2011): 5846-5853.
7- Willrich, M., 1976. International energy issues and options. Annual Review of Energy, 1(1), pp.743-772.
8- Energy security Reliable, affordable access to all fuels and energy sources  Available at: https://www.iea.org/topics/energy-security [accessed at:  February, 2023].
9- Biesenbender, Sophie. "The EU's energy policy agenda: Directions and developments." Energy policy making in the EU: Building the agenda (2015): 21-40.
10- Japan is nervous about its energy security, Financial Times, Available at : https://www.ft.com/content/66c37158-801a-11e8-bc55-50daf11b720d [accessed at: 2 February, 2023].

11- Willrich, Mason. "International energy issues and options." Annual Review of Energy 1, no. 1 (1976): 743-772.

12- Jakstas, Tadas. "What does energy security mean?." In Energy Transformation Towards Sustainability, pp. 99-112. Elsevier, 2020.

13- Utegenova, Ailuna R. "Kazakhstan's 2030 development strategy: Significance and results." In OSCE Yearbook 2010, pp. 133-145. Nomos Verlagsgesellschaft mbH & Co. KG, 2011.

14- Gromov, Alexey, and Nikolay Kurichev. "The Energy Strategy of Russia for the Period up to 2030." Russian Energy and Security up to 2030 (2014): 16-40.

15- Pick, Lisa. "EU-Russia energy relations: a critical analysis." Polis Journal 7, no. Summer (2012): 322-365.

16- Solaymani, S. "A demand-side assessment of sustainable energy security in Iran." International Journal of Energy and Water Resources 4, no. 3 (2020): 307-320; and see: Iran 2030: an advanced connectivity, energy, and manufacturing hub in the heart of Eurasia: Available at:
https://eventi.ambrosetti.eu/wp-content/uploads/sites/44/2017/11/Position-Paper-2_Iran_pag-singole.pdf [accessed at: 3 February 2023].

17- For more detail see: Vidadili, Nurtaj, Elchin Suleymanov, Cihan Bulut, and Ceyhun Mahmudlu. "Transition to renewable energy and sustainable energy development in Azerbaijan." Renewable and Sustainable Energy Reviews 80 (2017): 1153-1161.

18- Organization of the Petroleum Exporting countries: Available at: https://www.opec.org/opec_web/en/about_us/23.htm [accessed 4 February 2023].

19- Jakstas, Tadas. "What does energy security mean?." In Energy Transformation Towards Sustainability, pp. 99-112. Elsevier, 2020.

20- APERC, APERC. "Quest for energy security in the 21st century: Resources and constraints." Asia Pacific Energy Research Centre, Tokyo, Japan (2007).

21- International Energy Agency: https://www.iea.org/topics/energy-security [ accessed at: February 10th 2023].

22- Cherp, Aleh, and Jessica Jewell. "The concept of energy security: Beyond the four As." Energy policy 75 (2014): 415-421.

23- Penchansky, Roy, and J. William Thomas. "The concept of access: definition and relationship to consumer satisfaction." Medical care (1981): 127-140.

24- Jewell, Jessica, Aleh Cherp, and Keywan Riahi. "Energy security under de-carbonization scenarios: An assessment framework and evaluation under different technology and policy choices." Energy Policy 65 (2014): 743-760.

25 - بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە:
-https://energy.ec.europa.eu/index_en [accessed: 4 Feburuary 2023]

26- https://aperc.or.jp/file/2010/9/26/APERC_2007_A_Quest_for_Energy_Security.pdf [accessed at: 6 February 2023]

٢٧ - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز: د. ئەرشد ڕاوێژکاری ئابووریی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی: ٢٠٢٣/٢/١٢.

٢٨ - بۆ نووسینی ئەم تەوەرەیە نووسەر زیاتر سودی لە ماڵپەری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بینیوە, بۆ زیاتر زنیاریی بڕوانە:
[accessed at:20 March 2023] https://gov.krd/mnr-

29- بۆزانیاریزیاتر لەسەر ئەم داتایانە بڕوانە:
Iraq at a crossroads: Kurdish energy competition with Iran availableat:
- https://www.gisreportsonline.com/r/kurdish-energy-competition-iran/[accessed at: 25 March 2023]
- https://www.eia.gov/international/content/analysis/countries_long/Iraq/
Total recoverable oil worldwide is now 9% lower than last year, threatening global energy: available at: securityhttps://www.rystadenergy.com/news/total-recoverable-oil-worldwide-is-now-9-lower-than-last-year-threatening-global[accessed at:20 March 2023]
Overview & Reserves available at:
- https://www.danagas.com/operations/kri/#overview [accessed at:20 March 2023].
Sardar Aziz, Iraqi Kurdistan Gas Resources: The Icarus Adventure available at:
-https://epc.ae/en/details/featured/iraqi-kurdistan-gas-resources-the-icarus-adventure#:~:text=According%20to%20the%20KRG%20Natural,of%20the%20world's%20total%20reserves. [accesst at: 4 February 2023]

یەدەگی نەوتی هەرێم (٤) ملیار بەرمیلە نەك (٤٥) ملیار:
- لە ماڵپەری: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11790 [accesst at: 4 February 2023]
٣٠- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە سایتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان:
- https://gov.krd/mnr/ [accesst at: ١٥ February ٢٠٢٣]
٣١- بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق لەسەر سکاڵای ژمارە: (١١٠/ ٢٠١٩) لە: (٢٠٢٢/٢/١٥) لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراق ژمارە: (٤٦٦٨) لە: (٢٨) شوباتی (٢٠٢٢) لەم ماڵپەرە بەردەستە:
- https://www.moj.gov.iq/upload/pdf/4668.pdf[accessed 26 March 2023

٣٢ - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەسێکی شارەزا لە بواری وزە کە نەیویست ناوی لەم توێژینەوەیەدا بهێنرێت لە ڕۆژی (٢٠٢٣/١/١٧).
٣٣- Paasche, Till F., and Howri Mansurbeg. "Kurdistan Regional Government—Turkish energy relations: a complex partnership." Eurasian Geography and Economics 55, no. 2 (2014): 111-132. Also, Mills, Robin. "Under the mountains—Kurdish oil and regional politics." (2016). Available at:
- https://www.oxfordenergy.org/wpcms/wp-content/uploads/2016/02/Kurdish-Oil-and-Regional-Politics-WPM-63.pdf [accesst at: 15 February 2023]
٣٤- افاق الطاقة في العراق: تقرير خاص ضمن كتاب توقعات الطاقة في العالم: وكالة الدولية للطاقة (٢٠١٣).
٣٥ - لێدوانی یەکێك لە پەرلەمانتارانی کوردستان سەبارەت بە ڕێژەی هەناردەکردنی نەوت لەم کابینەیەدا لە ڕۆژی: (٢٠٢٣/٢/٢)
٣٦ - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز د. ئەرشد طه، ڕاوێژکاری ئابووریی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی: (٢٠٢٣/٢/١٢).
٣٧ - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەسێکی شارەزا لە بواری وزە کە نەیویست ناوی لەم توێژینەوەیەدا بهێنرێت لە ڕۆژی: (٢٠٢٣/٢/١٠).

٣٨-- هەمان سەرچاوە.

٣٩- Ali Mamori, Russia's Lavrov in Iraq, looks for sanctions relief Read more:
- https://www.al-monitor.com/originals/٢٠٢٣/٠٢/russias-lavrov-iraq-looks-sanctions [accessed at ١٤Feberuary ٢٠٢٣]

٤٠- Dr. Matthew Zais, Developing the Natural Gas Sector in the Kurdistan Region of Iraq, UNITED STATES DEPARTMENT OF ENERGY, January 2021.

٤١- - BARAM, AMATZIA, Iraq at a crossroads: Kurdish energy competition with Iran: available at: https://www.gisreportsonline.com/r/kurdish-energy-competition-iran/ [accessed: 27 Feberuray 2023].

٤٢ - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز: د. شالاو عبدالخالق محمد شارەزا لە بواری ئاسایشی وزەی نێودەوڵەتیی لە رۆژی: (٢٠٢١/١٢/١٣).

٤٣ - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز: د. ئەرشد طه ڕاوێژکاری ئابووریی پەرلەمانی کوردستان لە رۆژی: (٢٠٢٣/٢/١٢).

٤٤- بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق لەسەر سکاڵای ژمارە: (١١٠/ ٢٠١٩) لە: (٢٠٢٢/٢/١٥) لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی ژمارە: (٤٦٦٨) لە: (٢٨)ی شوباتی (٢٠٢٢) لەم ماڵپەرە بەردەستە:
- https://www.moj.gov.iq/upload/pdf/4668.pdf[accessed 26 March 2023

٤٥- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز: د. ئەرشد طه، ڕاوێژکاری ئابووریی پەرلەمانی کوردستان لە رۆژی: (٢٠٢٣/٢/١٢).

٤٦- Paasche, Till F., and Howri Mansurbeg. "Kurdistan Regional Government—Turkish energy relations: a complex partnership." Eurasian Geography and Economics 55, no. 2 (2014): 111-132.

٤٧- Iraq wins case against KRG's independent oil exports; available at: https://www.rudaw.net/english/middleeast/iraq/25032023 [accessed at:1 April 2023]

٤٨- Sovacool, Benjamin K., and Marilyn A. Brown. "Competing dimensions of energy security: an international perspective." Annual Review of Environment and Resources 35 (2010): 77-108.

٤٩ - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز: د. ئەرشد طه ڕاوێژکاری ئابووریی پەرلەمانی کوردستان لە رۆژی: (٢٠٢٣/٢/١٢).

٥٠- هەمان سەرچاوە.

٥١- هەمان سەرچاوە.

٥٢- Sovacool, Benjamin K., and Marilyn A. Brown. "Competing dimensions of energy security: an international perspective." Annual Review of Environment and Resources 35 (2010): 77-108.

٥٣ - بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە: ماڵپەری پەرلەمانی کوردستان:
- https://www.parliament.krd/media/2379pdf [accessed at: 2 Feberuary 2023]

٥٤- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە: ماڵپەری پەرلەمانی کوردستان:
- https://www.parliament.krd/media/2379pdf [accessed at: 2 Feberuary 2023]

٥٥ - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز: د. شالاو عبدالخالق محمد شارەزا لە بواری ئاسایشی وزەی نێودەوڵەتیی لە رۆژی: (٢٠٢١/١٢/١٣).

٥٦- Imperatives, Strategic. "Report of the World Commission on Environment and Development: Our common future." Accessed Feb 10 (1987): 1-300.

٥٧- Ibid.

٥٨ -د.یوسف گۆران، د. ئومێد رفیق فتاح، د. عابد خالد رسول، د. هەردی مهدی میکە: ئاڵنگارییەکانی بەردەم قەوارەی هەرێمی کوردستان، ڕانانی ئایندەیی ژمارە: (٧)ی ئابی (٢٠٢٠).

٥٩ - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز: د. نیاز نوری شارەزا لە بواری ئابووریی لە مانگی (١٠ /٢٠٢١).

٦٠٦١- ئەم زانیارییە لە مامۆستایەکی بەرێزەوە وەرگیراو کە لە ئەنجامی پێشکەشکردنی بابەتێك هات لەسەر جۆرێتی خوێندن و پەرەپێدانی کارامەیی خوێندکار و نموونەکەشی لەسەر زانکۆکەی خۆی هێنایە.

٦١ - گەشەی داهات و خەرجی نەوتی هەرێم لەنێوان ساڵی (٢٠٢١) و (٢٠٢٢) وەرگیراو لە ماڵپەری:

- https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=١١٨٧٣ [accessed at ١٤ Feb ٢٠٢٣]

٦٢- Zombie Transparency: Lessons from the Extractive Industries: https://aidinfoplus.org/zombie-transparency-lessons-from-the-extractive-industries/[accessed at: 24 March 2023].



# هەرێمی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە

نــاودار زیــاد ڕەزا
ماستەر لە زانستە سیاسییەکان

## * پێشــەکی:

سیاسـەت و ستراتیجەکانی هـەرێمی کوردسـتان لەژێر کاریگـەری و کارلێکی وڵاتانی هـەرێمی و نێودەوڵەتیدایە. ئەمـەش وایکـردووە هـەر گۆڕانکارییـەك لـە ناوچـەکە و ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا بێتـە کایـەوە کاریگـەریی لەسـەر هـەرێمی کوردسـتان دروسـتبکات.

لـە دوای شـەڕ و پێکـدادان و گرژییـەکانی ناوچـەکە لـە (٧ ی ئۆکتۆبـەری ٢٠٢٣)وە، بەهـۆی جەنگی غـەززە و هێرشی ئیسـرائیل بـۆ سـەر لوبنـان و گرژییـەکانی نێـوان ئیسـرائیل و ئێران و بەریەککەوتنی بەرژەوەندیی زلهێزان لە ناوچەکە، هاوکات ڕووخاندنی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سوریا و لە کۆتاییەکانی (٢٠٢٤)دا، هاوکێشەکانی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گۆڕانکاریيان بەسـەردا هاتـووە و هـەر گۆڕانکارییەکیش لـە پارسـەنگی هێزی هەرێمایەتی ڕووبـدات وا دەخـوازێت هـەرێمی کوردسـتان هەڵوێسـت و مامەڵـە و سیاسـەتە دەرەکییەکانی دووبـارە دابڕێژێتـەوە.

ئـەم گۆڕانکارییانـەی ناوچـەکە دەرفـەتێکی زێڕینیان بـۆ هـەرێمی کوردستان ڕەخساندووە، تاکو هەندێك لـە بەرژەوەندییـەکانی خـۆی بەدەسـتبهێنێت و دەسـتکەوتی نەتەوەیی و نیشـتمانی مسـۆگەر بکات. هـاوکات، بەهـۆی ئـەوەی ئێران و تورکیا بـە ئەندازەیەکی زۆر لەژێر کاریگـەری و ڕەنگدانـەوەی گۆڕانکارییـەکانی ناوچـەکـەدان، هـەرێمی کوردسـتانیش لـە داڕشـتنی هـەر سیاسـەت و سـتراتیجێکی دەرەکی خـۆیدا وابەسـتەی هەریـەك لـەم دوو دەوڵەتەیـە، بۆیـە ڕووبەڕووی چەندین مەترسی و ئاڵنگارییش دەبێتـەوە. هەمـوو ئەمانـەش، ئـەو پرسـیارانە

دەوروژێنن کە: ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا چییە؟ چۆن وەڵامی ئەو گۆڕانکارییانە بداتەوە؟ چۆن مامەڵە بکات و هەڵوێستەکانی دیاری بکات؟ بە چ شێوەیەك سیاسەت و ستراتیجە دەرەکییەکانی خۆی ڕەنگڕێژ بکات؟

*** تەوەرەی یەکەم: هەرێمی کوردستان لە ناوەندیی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا:**

**یەکەم: ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا:**

چەندین فاکتەر هەن کە بەشدارن لە بەرزکردنەوەی ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا، لەوانە: یەکەم، هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکی هەستیار و گرنگی هەرێمی کوردستان لەنێوان سێگۆشەی سوریا و تورکیا و ئێراندا. دووەم، سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان، کە بە پشتبەستن بە لێکدانەوەی دەستووری عێراق (٢٠٠٥) وای لێدەکات کاروباری ناوخۆ و دەرەوەی خۆی بەشێوەیەکی نیمچە سەربەخۆ بەڕێوەببات و پەیوەندیی دەرەکی کاریگەر دابمەزرێنێت. سێیەم، بەرزبوونەوەی پێگەی کورد لە سوریا و لاوازبوونی ڕۆڵی هەرێمایەتی ئێران و هەڵکشانی ڕۆڵی تورکیا لە سوریا. چوارەم، ڕۆڵی کاریگەریی هەرێم لەسەر کوردانی سوریا بەهۆی لەخۆگرتنی پەنابەرانی سوریا و دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ هێزە کوردییەکانی سوریادا.

لەم سۆنگەیەوە، سەرباری جیاوازی دوو سیاسەت و ستراتیجییەت لە هەرێمی کوردستاندا، کە یەکێکیان پارتی دیموکراتی کوردستان نمایندەی دەکات و جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵات و نوێنەرایەتییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی کۆنترۆڵ کردووە، ئەوی دیکەیان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نمایندەی دەکات و حوکمڕانی لۆکاڵی نیوەی هەرێمی کوردستانە، بەڵام، ئەگەر وەك قەوارەیەك تەماشای بکەین، دەکرێت بپرسین هەرێمی کوردستان دەتوانێت چی بکات بۆ ئەوەی هەم بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت، هەم هاوسەنگی هەرێمایەتی ڕابگرێت؟

**دووەم: هەرێمی کوردستان لەنێوان پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و ئاسایشی ناوچەکەدا:**

هەرێمی کوردستان، لەلایەک هەوڵدەدات پشتیوانی لە مافەکانی کورد لە سوریا و پارچەکانی دیکەی کوردستان بکات و یەکڕیزی گەلی کورد بپارێزێت. لەلایەکی دیکەوە، بەتەواوی ئاگادارە لەوەی کە بەزاندنی هێڵە سوورە ناوچەییەکان، بەتایبەت ئەوەی لای تورکیا و ئێران هێڵی سوورە، دەتوانێت مەترسی لەسەر سەقامگیرییە ئەمنییەکەی دروستبکات و زیان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بگەیەنێت.[1]

هەرێمی کوردستان هەوڵی پشتیوانیکردن لە مافەکانی کورد لە سوریا و پارچەکانی دیکەی کوردستان دەدات، بەڵام نایەوێت لە ململانێ لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەوە تێوەبگلێت و لەگەڵیاندا دووچاری گرژی بێت. هاوکات، ئەوەش دەزانێت کە هەریەك لە دەوڵەتانی ئێران و تورکیا کەوتوونەتە بەردەم ڕەخنەی ئەمریکا و زلهێزانی جیهانەوە و دژایەتی سیاسەتەکانی ئەمریکا و ڕووسیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا دەکەن. بە واتایەکی دیکە، بەرژەوەندییەکانی تورکیا و ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ڕووسیا و وڵاتانی ڕۆژئاوادا لە چەندین پرس و بابەت و جێگەدا بەر یەکتری دەکەون و پێکدا دەدەن[٢]. ئەمەش ئەرکی هەرێمی کوردستانی لە ڕاگرتنی پارسەنگ لەنێوان ئەم زلهێزانەدا قورسکردووە، چونکە هەرێمی کوردستان پێویستی بە هاوسەنگییەکی بەردەوام هەیە لەنێوان پاڵپشتیکردنی مافەکانی کورد و بەرزکردنەوەی هاوکاریی لەگەڵ دراوسێکانیدا (تورکیا و ئێران)، لەگەڵ پاراستنی سەقامگیریی ناوچەکە و بەردەوامیدان بە بەرژەوەندی و پەیوەندییە ئەمنی و ئابووری و بازرگانییەکانی و ڕەچاوکردنی خواست و پڕۆژەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا.

*** تەوەرەی دووەم: هەرێمی کوردستان و کاریگەرییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان:**

**یەکەم: هەرێمی کوردستان لە ستر اتیجی تورکیادا:**

تورکیا کەوتنی ئەسەد بە دەرفەت دەزانێت بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی خۆی لە ناوچەکەدا، بەتایبەت ئەوەی بە پڕۆژەی نیۆ-عوسمانییەکان دادەنرێت و دەسەڵاتی ئاکەپە -پارتی داد و گەشەپێدان- لە تورکیا نوێنەرایەتی دەکات. تورکیا لە بەرامبەر بەکارنەهێنانی کوردەکان وەك کارتێکی گوشار بەدەست ئەمریکا و ئیسرائیلەوە، لەلایەکەوە دەستی بە پڕۆسەی ئاشتی لە تورکیا لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا کردووە، کە بە پڕۆسەی ئیمیراڵیش ناوزەد دەکرێت، لەلایەکی دیکەوە پشتیوانی لە یەکپارچەیی خاکی سوریا دەکات و دژایەتی هەر هەوڵێکی کورد دەکات بۆ دامەزراندنی قەوارەی خۆبەڕێوەبەریی کورد لە سوریا[٣]، چونکە ترسی لەوە هەیە دروستبوونی قەوارەیەکی خۆبەڕێوەبەریی دانپێدانراو لە سوریا کاریگەریی نەرێنی لەسەر کوردانی تورکیا دروستبکات و هێزی زیاتریان بداتێ بۆ داواکردنی مافە سیاسی و کەلتوورییەکانی کورد.

بە ئەگەری زۆر بەهۆی ئەمەوە، تورکیا کار لەسەر ئەوە دەکات هێز و لایەنە کوردە دۆست و لایەنگرەکانی بەلای خۆیدا کەمەندکێش بکات و لە خزمەت ئەجێنداکانی خۆیدا بەکاریان بهێنێت، لەبەرئەوە لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا بانگهێشتی هەریەك لە جوڵانەوەی نەوەی نوێ و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانی بۆ وەزارەتی دەرەوەی تورکیا کردووە. ڕاستە تورکیا دەیەوێت ئەم هێزانە لە

خزمەت سیاسەتەکانی خۆیدا ئاڕاستە بکات، بەڵام تەنها دوو هێزی سەرەکی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان ڕەنگڕێژی سیاسەتە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەوانیش: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانن، کە وێڕای جیاوازی دیدگای ئەم دوو هێزە، بەڵام هەردوولایان خۆیان لە هەر هەنگاوێک دەپارێزن کە تورکیا تووڕە بکات، لەپێناوی پاراستنی سەقامگیریی ناوخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکاری و پەیوەندییە ئابوورییەکانی هەرێم لەگەڵ تورکیا و کەمکردنەوەی فشارەکانی تورکیا لەسەر هەرێمی کوردستان بەتایبەت بۆ لابردنی گەمارۆدانی تورکیا لەسەر ئەو بەشەی خاکی هەرێمی کوردستان کە (ی. ن. ك) تێیدا باڵادەستە.

**دووەم: هەرێمی کوردستان لەژێر کاریگەری ئێراندا:**

ئێران مێژوویەکی دوورودرێژی لە هاوکاریکردنی کوردانی عێراق و قەوارەی هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەو جۆرەی ئێران جگە لە هێزە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەرەوەی وڵاتەکە پشتیوانی لە هەموو ئەو هێز و حزب و لایەنە کوردییانە دەکات بە مەرجێک مەترسی لەسەر یەکپرچیی عێراق یان بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا نەبێت.

لەم چوارچێوەیەدا، ئێران پاڵپشتی سیاسی و سەربازی بۆ لایەنە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات، هاوتەریب بەمە، لە نزیکەوە چاودێریی هەر جموجۆڵێکی کورد لە سوریا دەکات کە ڕەنگە کاریگەریی لەسەر هەژموونی خۆی لە ناوچەکەدا هەبێت[٤]، هەر بۆیە هەرێمی کوردستان بە ڕەچاوکردنی هەژموونی ئێران و دراوسێیەتییەکەی، خۆی لە هەر هەڵوێستێك دەپارێزێت کە ڕەنگە زیان بە پەیوەندییەکانی بگەیەنێت لەگەڵ دراوسێکانیدا، یان بەرەو هەڵکشانی سەربازی لە ناوچەکەدا هەنگاو بنێت[٥].

هەرێمی کوردستان لەلایەکەوە هاوپەیمانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپییە، لەلایەکی دیکەوە هەمیشە هەوڵدەدات لە ئێران نزیك ببێتەوە. ئەمەش، وایکردووە هەردوولا بەتایبەت ئێرانییەکان بە گومان و ترسەوە تەماشای هەرێمی کوردستان بکەن.

**سێیەم: هەرێمی کوردستان لە ستراتیجی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا:**

ستراتیجی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و بەرەنگاربوونەوەی ئێران و پاراستنی هاوپەیمانە گرنگەکەی کە ئیسرائیلە. لەم پێناوەدا، ئەمریکا پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوپەیمان و دۆست و

هاوبەشەکانیدا لە ناوچەکەدا دەپارێزێت. هەرێمی کوردستانیش وەك یەکێك لە هاوبەشەکانی ئەمریکا دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم ستراتیجییەوە.

ئەمریکا لە (سێبتێمبەری ٢٠٢٤)دا تا (سێبتێمبەری ٢٠٢٥) لە چوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش پلانی داناوە بۆ کشانەوەی بەشێك لە هێزە سەربازییەکانی لە عێراق، کە بە ئەگەرێکی زۆر ئەو بەشەی دەمێنێتەوە زۆرینەیان لە هەرێمی کوردستان جێگیر دەبن. لەکاتێکدا، بەهۆی کەوتنی ئەسەدەوە لە کۆتایی (٢٠٢٤)دا، هەم بەرپرسانی بەغدا پاشەکشەیان لە بانگەشەی دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کردووە، هەم ئیدارەی ترەمپ پێیوایە کەمکردنەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆشایی و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لەلایەن زلهێزەکانی دیکەی وەك ئێران و ڕوسیاوە[٦]. بەرپرسانی باڵای شیعەی حوکمڕان لە عێراق، لە ئێستادا حوکمڕانی هێزێکی ئیسلامی سوننەی پاشخان توندڕەو لە سوریا بە مەترسی بۆ سەر خۆیان دەبینن و لەپاڵ ئەگەری دووبارە چالاکبوونەوەی ڕێکخراوی داعش بەتایبەت لە عێراقدا، جارێکی دیکە ڕۆڵی کاریگەریی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژی داعش بەرزبووەتەوە، کە ئەمریکا و هێزەکانی پێشمەرگە و هەسەدە بە کۆڵەکەی سەرەکی ئەو هاوپەیمانێتییە دادەنرێت[٧]. هاوکات، لەگەڵ گوشاری تازەی ئیدارەی ترەمپ لەسەر ئەوەی ناونراوە "دابڕاندنی عێراق لە ئێران"، بە مەبەستی لاوازکردنی هەژموونی ئێران لەسەر عێراق، کە خۆی لە سزادانی بانکە عێراقییەکان و پچڕاندنی پەیوەندیی بازرگانی و ئابووری نێوان ئێران و عێراق و لاوازکردنی گروپە چەکدارە شیعەکاندا دەبینێتەوە، ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی لای ئەمریکییەکان زیاد کردووە[٨].

> **” چەندین فاکتەر هەن کە بەشدارن لە بەرزکردنەوەی ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا “**

لەم چوارچێوەیەدا، ئیدارەی ترەمپ گوشارەکانی بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە تورکیادا چڕکردووەتەوە، تاکو ڕێگە بگرێت لە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەڕێی ئێرانەوە، کە لە ساڵی (٢٠٢٣)وە و لەو کاتەوەی بە بڕیاری دادگای بازرگانی نێودەوڵەتیی لە پاریس پرۆسەی هەنادەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە تورکیادا ڕاوەستاوە، هەرێمی کوردستان بە ناچاری لە ڕێگەی ئێرانەوە نەوتەکەی دەفرۆشێت. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی ڕۆیتەرز بەرپرسێکی کۆشکی سپی باسی لەوە کردووە: "دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان یارمەتی پاراستنی ئاسایشی هاوکارە کوردەکانمان

دەدات"[٩]. واتا، سەرباری فاکتەری جیۆپۆلەتیکی و ئابووری، فاکتەری ئێران بە پلەی یەکەم دێت بۆ گرنگی هەرێمی کوردستان لە ستراتیجی ئەمریکادا.

**چوارەم: کاریگەریی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا لەسەر هەرێمی کوردستان:**

خواستەکانی ناسیۆنالیستی کورد لە سوریا، بەشێکە لە بزووتنەوەیەکی گەورەتر کە هەوڵی زیاتر بەهێزکردنی مافە سیاسی و کەلتوورییەکانی کورد لەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەدات، کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە.

هەرێمی کوردستانیش کە گوزارشت لە خواستەکانی ناسیۆنالیستی کورد دەکات، ناتوانێت گۆڕانکارییە سیاسییەکانی سوریا و کاریگەرییەکانی فەرامۆش بکات. بۆیە سیاسەتێکی گرتووەتەبەر کە بریتییە لە پشتیوانیکردنی کوردانی سوریا، لەڕێگەی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سوریا -ئەنەکەسە- کە لەژێر کۆنترۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستاندایە و بەگوێرەی سیاسەت و خواستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و تورکیا سیاسەت و مامەڵەکانی دادەڕێژێت. لە سەرێکی دیکەوە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەیوەندیی لەگەڵ پارتی یەکێتی دیموکرات -پەیەدە- باش و پتەوە، لە کاتێکدا (پ. د. ك) لەژێر فشاری تورکیادا بەردەوام دژایەتیی پەیەدە دەکات.

لەم قۆناغەدا، ئەمریکی و ئەورووپییەکان نایانەوێت ناکۆکی و ململانێی نێوان (پ. د. ك) و پەیەدە زیان بە ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بگەیەنێت، جموجۆڵەکانی ئەمریکا و ئەورووپییەکان بەو ئاڕاستەیەدایە کە هێز و لایەنە کوردییەکان یەکبخەن، بە ئامانجی بەکارهێنانی کارتی کورد بۆ فشارخستنە سەر تورکیا و سوریا و ئێران و عێراق. لەکاتێکدا، سیاسەت و مامەڵە و هەڵوێستەکانی (ی. ن. ك) و پەیەدە و هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزە سیاسییە کوردییەکانی تورکیا، گەواهی ئەوە دەدەن کە ئەوان تێگەیشتنیان بۆ بارودۆخەکە هەیە و هەوڵدەدەن ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە و یەکریزی هێزە کوردییەکان بپارێزن، بەڵام تا ئێستا پەکەکە و (پ. د. ك) لە دەرەوەی بازنەکەدا ماونەتەوە. هەموو ئەمانەش هەرێمی کوردستان لەبەردەم چەندین مەترسی و هاوکات چەندین دەرفەتدا دەهێڵنەوە.

*** تەوەرەی سێیەم: ئاڵنگاریی و دەرفەتەکانی داهاتوو بۆ هەرێمی کوردستان:**

**یەکەم: مەترسی و ئاڵنگارییەکان:**

1-هەرێمی کوردستان خۆی لەبەردەم چەندین فشاری ناوچەیی دژبەیەکدا دەبینێتەوە، لەلایەک هەوڵدەدات پەیوەندیی باش لەگەڵ تورکیا بپارێزێت کە لە زۆر بواردا بە هاوپەیمانێکی گرنگی دەزانێت بەتایبەتی لە بواری ئەمنی و ئابووریدا. لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی دژایەتیکردنی کوردانی سوریا و بەشێك لە هێزە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لەلایەن تورکیاوە، هەر یارمەتیدانێکی ئیدارەی خۆسەر لە سوریا و ئەو هێزە کوردییانەی کە تورکیا بە نەیاری خۆی ئەژماریان دەکات لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، تورکیا دەوروژێنێت و ڕەنگە ببێتە مایەی گرژیی. هەروەها پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران لەژێر فشاردایە، چونکە تاران هەوڵدەدات هەژموونی خۆی لە عێراق و سوریا بپارێزێت، بۆ ئەمەش پاڵپشتی بەشێك لە هێزە کوردییەکانی عێراق و سوریا دەکات، بەڵام ڕەنگە ئەم پشتیوانییە هەندێکجار لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستاندا ناکۆک بێت، چونکە هەرێمی کوردستان لە چوونە ناو بەرە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان زیانمەند دەبێت.

> **" هەرێمی کوردستان، لەلایەك هەوڵدەدات پشتیوانی لە مافەکانی کورد لە سوریا و پارچەکانی دیکەی کوردستان بکات و یەکڕیزی گەلی کورد بپارێزێت. لەلایەکی دیکەوە، بەتەواوی ئاگادارە لەوەی کە بەزاندنی هێڵە سوورە ناوچەییەکان، بەتایبەت ئەوەی لای تورکیا و ئێران هێڵی سوورە، دەتوانێت مەترسی لەسەر سەقامگیرییە ئەمنییەکەی دروستبکات و زیان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بگەیەنێت "**

2-تا ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و زلهێزانی وەك ئەمریکا و ڕوسیا و بەریتانیا و یەکێتی ئەوروپا لەسەر سیاسەت و مامەڵە و دیدگایەکی یەکگرتوو بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و پەیوەندیی لەگەڵ هێز و لایەنە کوردییەکاندا ڕێکنەکەوتوون، ئەمەش ناکۆکییەکانی ناو ڕیزەکانی کورد بەهۆی جیاوازیی پەیوەندیی لەگەڵ ئەو زلهێزانەدا زیاتر دەکات و هەمیشە کورد وەک کارتی فشار لە ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکانیاندا دەقۆزنەوە، چونکە هەر وڵاتێک

هەوڵی گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی دەدات[10].

3-نەبوونی یەکڕیزیی و یەك گوتاریی و ستراتیجێکی نەتەوەیی هاوبەش لەنێوان حزب و لایەنە کوردییەکاندا لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا بەتایبەت بەرامبەر حزب و هێز و لایەنەکانی دیکەی پارچەکانی دیکەی کوردستان، بۆ نموونە: (پ. د. ك) پشتیوانی ئەنەکەسە دەکات و (ی. ن. ك) پشتیوانی پەیەدە دەکات، هەرچەندە (ی. ن. ك) دەستوەردان لە پرسە ناوخۆییەکانی کوردانی سوریادا ناکات، بەڵام مەترسییەکە ئەوەیە (پ. د. ك) دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئیدارەی خۆسەری سوریادا دەکات و دەیەوێت خواست و داواکارییەکانی لەبەرچاو بگیرێت. ئەم ناکۆکییانەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەرفەتی هەماهەنگی هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان.

4-هەرێمی کوردستان بەهۆی قەیرانی دارایی و ئابوورییەوە، کە توانای دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی حکومیی نییە و پشت بە حکومەتی فیدراڵی عێراق دەبەستێت، هەم پشتیوانی جەماوەریی لە ناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە لەدەست دەدات، هەم پشتیوانی دارایی بۆ هێزە کوردییەکانی پارچەکانی دیکە کەمتر دەبێتەوە. بەمەش ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان لاواز دەبێت.

**دووەم: دەرفەتەکانی داهاتوو:**

1-لە کۆنگرەی پاریسدا زلهێزانی ڕۆژئاوا و لەنێویاندا فەرەنسا پشتیوانییەکی بەهێزیان بۆ کوردانی سوریا نیشاندا[11]، لە ئیدارەی ترەمپیشدا ئەمریکا بەردەوامە لە هەڵوێستی پشتیوانی بۆ کوردانی سوریا. لەم سۆنگەیەوە، پشتیوانیکردنی هەرێم لە ئیدارەی خۆسەر لە سوریا دەتوانێت پەیوەندیی هەرێم لەگەڵ زلهێزەکانی ڕۆژئاوا کە پشتیوانی لە مافەکانی کورد لە ناوچەکەدا دەکەن پتەوتر بکات. ئەم پەیوەندییانە ڕەنگە دەرفەت بۆ هەرێمی کوردستان بڕەخسێنن بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی سیاسی و ئابووری و ئەمنی زیاتر، جا چ لەڕێگەی هاریکاریی مرۆییەوە بێت یان لەڕێگەی هاوکاریی سەربازیی بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

2-ئەگەر ئیدارەی خۆسەر لە سوریا بتوانن لە قۆناغی بنیاتنانەوەی سوریادا پێگەی خۆیان بەهێزتر بکەن و ڕەوایەتی و دانپێدانانی دەستووریی بەدەستبهێنن، ڕەنگە هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا بتوانێت هاوپەیمانییان لەگەڵدا دروستبکات و دەستی لە ئاوەدانکردنەوەی سوریادا هەبێت. ئەگەر ئەمەش نەکات، تەنها هاتنەکایەی قەوارەیەکی خۆبەڕێوەبەریی دانپێدانراو بۆ کورد لە سوریا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی هەرێم لە کۆڕپەندە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەمە لەپاڵ ئەگەری بە ئاکام گەیشتنی پرۆسەی ئاشتی کورد و تورك لە تورکیا.

3-ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرفەتێک بۆ هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنن بۆ

بەرزکردنەوەی هاوکاریی لەگەڵ زلهێزە نێودەوڵەتییەکان: هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا یان زلهێزەکانی ڕۆژئاوا کە پشتیوانی لە کورد دەکەن، دەتوانێت بەشداری لە بەهێزکردنی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا بکات. هەروەها هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی هاریکاریی بازرگانی و ئابووریدا دەتوانێت سوود لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزەکانی دیکەی وەک ڕوسیا و چین وەربگرێت، چونکە بەشێك لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە پەیوەستە بە پرۆژە ئابوورییە ستراتیجییەکانی ناوچەکە و ڕێڕەوە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکانەوە، لە نموونەی دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا و پرۆژەی کەناڵی بن گۆریۆن و ڕێگای گەشەپێدان و ڕێگای غازی قەتەڕ-تورکی و ڕێگای غازی کەرکوك-بانیاس و... تاد[١٢]، کە لە هەموو ئەم پرۆژانەدا، وڵاتانی زلهێزی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەیانەوێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ پشك و بەشدارییان هەبێت.

4-هاوکاریی ئەمنی لەنێوان پێشمەرگە و هەسەدە بە هاوبەشی ئەمریکا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە هاوبەشەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەک داعش و بەرزبوونەوەی سەقامگیریی لە هەردوو هەرێمی کوردستان و ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا. لە چوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش هەردوو لایەنەکە: پێشمەرگە و هەسەدە ئەزموونی هاوبەشیان هەیە. ئەم هاوکارییە دەتوانێت بەشداربێت لە دابینکردنی ژینگەیەکی ئەمنی سەقامگیرتر لە ناوچەکەدا[١٣]. ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی دەرفەتەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و بەرزکردنەوەی ناسنامەی کەلتووری و سیاسی هەرێمی کوردستان.

*** ئەنجام:**

1-لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا، هەرێمی کوردستان لەژێر فشاری تورکیا و ئێراندایە، ئەمەش وای لێکردووە هەڵوێستی هاوسەنگ بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەڕەشەیەکی ئەمنی یان سیاسی یان ئابووری بگرێتەبەر، کە ڕەنگە کاریگەریی لەسەر سەقامگیرییەکەی هەبێت. بە دەربڕینێکی تر، حکومەت و حزب و سیاسەتمەدارانی هەرێم بێلایەنی تەواویان لە ململانێ ناوچەییەکان نیشاندەدەن و تا ئێستا بە هیچ لایەکدا نەکەوتوون و چاوەڕێ دەکەن تا هاوکێشە نوێیەکانی ناوچەکە جێگیر دەبێت. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت هەرێمی کوردستان خۆی بە ئەکتەرێکی بچووکی ناوچەیی دەزانێت کە ناتوانێت هیچ جەمسەرگیرییەك دروست، بکات یان بچێتە ناو بەرە و هاوپەیمانێتییەکەوە کە ڕەنگە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاسایشی خۆی و ناوچەکە هەبێت.

2-هەرێمی کوردستان لە پاڵپشتیکردنی مافەکانی کورد بە پاریزانێکی سەرەکی دادەنرێت،

هەرچەندە بەنسبەت هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە کەوتووەتە ژێر گوشاری ئێرانەوە و بەنسبەت پەکەکە و کوردانی تورکیاوە لەژێر گوشاری تورکیادایە، پشتیوانییەکانی بۆ کوردانی سوریاش زیاتر لە ئاستی گوتاردایە نەك کردار، بەڵام ئەم ڕۆڵەی وای لێکردووە وڵاتانی زلهێزی ناوچەیی و نێودەوڵەتی پێگە و ڕۆڵ و سیاسەت و جموجۆڵەکانی بە هەند وەربگرن.

3-دۆخی ئەمنی و ئابووری و سیاسیی ناوخۆ، ئاستەنگ و ئاڵنگاریی ڕاستەقینەی بۆ هەرێمی کوردستان دروستکردووە و توانای هەرێمی کوردستانی لە بەدەستهێنانی پشتیوانی ناوخۆیی لەناو هەرێم و لە پێشکەشکردنی پشتیوانی پێویست بۆ هێزە کوردییەکانی پارچەکانی دیکە لاوازکردووە، بەجۆرێك ئەم بارودۆخە داراییە سەختە ڕەنگە کاریگەرییەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە.

4-ئەمریکا و زلهێزانی جیهان لە ڕەفتار و سیاسەتەکانی ئێران و تورکیا بێزارن و بە دەست سوریا و عێراقیشەوە ماندوون، گوشارەکانیان لەسەر ئەو وڵاتانە چڕکردووەتەوە و کار لەسەر هەموو ئەو ئامراز و پێدراو و هێز و سیاسەتانە دەکەن کە دەزانن ڕۆڵی لە گۆڕینی ڕەفتاری ئەو دەوڵەتانەدا هەیە، یەکێك لەوانەش هەرێمی کوردستان و ئیدارەی خۆسەر لە سوریا و گەلی کوردە بەگشتی. هەر لەبەرئەوەیە هەنگاوەکانیان بەو ئاراستەیەدایە کە متمانەی هەرێمی کوردستان و کورد بەگشتی بەدەستبهێنن و دەیانەوێت وەك هاوپەیمانێکی ستراتیجی پەیوەندیی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و ئیدارەی خۆسەردا دروست بکەن، بۆئەوەی لە گۆڕینی ڕەفتاری تورکیا و ئێران و سوریا و عێراقدا بەشداری بە هەرێمی کوردستان و ئیدارەی خۆسەر و کورد بەگشتی بکەن.

*** پێشنیار:**

1-ڕەنگە باشتر بێت هەرێمی کوردستان هەوڵی زیاتر بدات بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزە نێودەوڵەتییە گەورەکانی وەک ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا، لەگەڵ پێشکەشکردنی یارمەتی سیاسی و سەربازی بۆ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پێگەی نێودەوڵەتیی هەرێمی کوردستان و کرانەوەی دەرفەتی زیاتر بۆ هاریکاریی ئابووری و ئەمنی لەگەڵ ئەمریکا و زلهێزانی نێودەوڵەتیدا، بەتایبەت کە ئەمریکا و ڕوسیا و وڵاتانی ئەوروپا بە بایەخەوە لە نەوت و غازی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە دەڕوانن و دەیانەوێت ئەم سێکتەرە هەر لەژێر هەژموون و کۆنترۆڵی خۆیاندا بمێنێتەوە.

2-لەم قۆناغەدا، باشترە هەرێمی کوردستان هەماهەنگی ئەمنی و سەربازی لەگەڵ کورد لە

سوریا بەرز بکاتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە هاوبەشەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەک داعش، چونکە ئیدارەی خۆسەر لە سوریا پشتیوانی نێودەوڵەتیی هەیە. ئەم هەماهەنگییە بۆ بەرزکردنەوەی سەقامگیریی لە ناوچە کوردییەکان لە عێراق و سوریا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت و وادەکات مەترسییە ئەمنییەکان کەم بکاتەوە. بەمەش پێگەی هەرێم وەک لایەنگرێکی سەرەکی دۆزی کورد لە ناوچەکە بەهێزتر دەبێت. ئەم ڕۆڵە بەشداری دەکات لە بەهێزکردنی ناسنامەی هەرێمی کوردستان لەسەر گۆڕەپانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی.

> **” تورکیا کەوتنی ئەسەد بە دەرفەت دەزانێت بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی خۆی لە ناوچەکەدا، بەتایبەت ئەوەی بە پڕۆژەی نیۆ-عوسمانییەکان دادەنرێت و دەسەڵاتی ئاکەپە -پارتی داد و گەشەپێدان- لە تورکیا نوێنەرایەتیی دەکات “**

3-پێویستە هەرێمی کوردستان سەرچاوەی دارایی و پاڵپشتی ئابووری خۆی هەمەچەشن بکات، لەڕێگەی بەرزکردنەوەی هاریکاریی ئابووری و بازرگانیی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وەبەرهێنان لە پڕۆژە ئابوورییە ناوخۆییەکاندا. لەپاڵ ئەوەشدا، باشترە بەشێوەیەکی نەرمونیان و واقیعییانە مامەڵە لەگەڵ ئاستەنگە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا بکات.

4-یەکێك لەو هۆکارانەی وایکردووە پێگەی هەرێمی کوردستان بە لاوازیی بمێنێتەوە، بریتییە لە لاوازیی دیبلۆماسییەتی هەرێمی کوردستان و نەکرانەوەی بە ڕووی جیهاندا. بۆ ئەم مەبەستە دەکرێت سوود لە هەر فاکتەرێك وەربگیرێت کە دەبێتە مایەی دروستکردنی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جیهاندا، لەگەڵ پاراستنی ئەو پەیوەندییانە و بە دامەزراوەییکردنی ئەو پەیوەندییانە لەڕێگەی مۆرکردن و واژۆکردنی یاداشت و ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنی هاوبەشی دوولایەنانە.

| وەڵامدانەوەی هەرێمی کوردستان بۆ گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە | | | |
|---|---|---|---|
| **گۆڕانکارییەکان** | **هەڕەشەکان** | **دەرفەتەکان** | **ئایندە** |
| **ناوخۆیی:** مانەوەی دوو هێزی کاریگەر و دەسەڵاتدار لە گۆڕەپانی سیاسییدا، کە بریتین لە: (پ. د. ك) و (ی. ن. ك). | نەبوونی یەکڕیزیی و یەك گوتاریی و قەیرانی دارایی و مووچە. | فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و کرانەوە بەڕووی پەیوەندی و بازرگانی دەرەکیدا. | درێژەکێشانی پەرتەوازەیی ناوخۆیی و قەیرانی ئابووری و ئەگەری کەمی گەشەسەندنی ئابووریی بەردەوام. |
| **ناوچەیی:** لاوازبوونی هەژموونی ئێران و هەڵکشانی ڕۆڵی تورکیا و ئیسرائیل. | لەلایەك کەوتنە ژێر گوشاری تورکیا و ئێران، لەلایەکی دیکە کەوتنە ناو پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ناوچەکەوە. | زیادبوونی پاڵپشتی بەهۆی ڕۆڵی ئیدارەی خۆسەر لە سوریا و دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی کورد و تورك لە تورکیا. | بەرزبوونەوەی ناسنامەی سیاسی و کەلتووری و بوون بە ئەکتەری سەرەکی بۆ دۆزی گەلی کورد. |
| **نێودەوڵەتی:** پرۆژە بازرگانی و ئابوورییەکانی ئەمریکا و ڕووسیا و چین و وڵاتانی دیکەی زلهێز لە ناوچەکەدا. | جیاوازی بەرژەوەندیی زلهێزان و تۆخبوونەوەی جەمسەرگیرییەکان و مەترسییەکانی چوونە ناو هەر بەرە و هاوپەیمانێتییەکەوە. | پشتیوانی نێودەوڵەتی بەتایبەت ئەمریکا بۆ مەبەستی گۆڕینی ڕەفتار و سیاسەتەکانی ئێران و تورکیا و سوریا و عێراق. | بوون بە هاوپەیمانی ستراتیجی بۆ ئەمریکا و وڵاتانی زلهێز. |

## * سەرچاوەکان:


1[1]- Intra-Kurdish engagement stepped up as Turkey's allies dominate new Syria, (Jan. 21, 2025), Amwaj.media, Available at; https://amwaj.media/media-monitor/intra-kurdish-engagement-stepped-up-as-turkey-s-allies-dominate-new-syria (15/2/2025).

٢ - الكرد ضمن أولويات واستراتيجيات الغرب في الشرق الأوسط، (١٢ يناير، ٢٠٢٥)، مركز روج آفا للدراسات الاستراتيجية، متاح على الرابط الآتي: https://www.nrls.net/?p=٥٢٩١ (٢٠٢٥/٢/١٦).

3- Cihan Tuğal, (18.02.2025), Syria Remains a Battleground for Competing Regional Powers, Jacobin Foundation, Available at; https://jacobin.com/2025/02/syria-battleground-regional-powers-turkey (19/2/2025).

4- Iraq's Kurdistan says it won't allow threats against Iran's security, (February 15, 2025), TEHRAN TIMES, Available at; https://www.tehrantimes.com/news/509808/Iraq-s-Kurdistan-says-it-won-t-al-

low-threats-against-Iran-s-security (18/2/2025).

5- Ibid.

٦- م.م. نور نبية جميل، (١٧ كانون الثاني ٢٠٢٥)، العلاقات العراقية الأمريكية في العهد الثاني لترامب: بين المصالح المتجددة والتحديات المستمرة، تقدير موقف، مركز حمورابي للبحوث والدراسات الاستراتيجية، بغداد، ص٦.

7- Paul Iddon, (Jan 30, 2025), Iraqi Kurdistan Remains A Vital Strategic Asset For The United States, Forbes Media LLC, Available at: https://www.forbes.com/sites/pauliddon/2025/01/30/iraqi-kurdistan-remains-a-vital-strategic-asset-for-the-united-states/ (21/2/2025).

٨- زيد سالم ومحمد علي، (٢١ فبراير ٢٠٢٥)، العراق يتحضر لضغوط أميركية تفكّ الارتباط مع إيران، العربي الجديد, متاح على الرابط الآتي: https://rb.gy/qs٤bq٦ (٢٠٢٥/٢/٢٢).

9- Maha El Dahan, (February 21, 2025), Ahmed Rasheed and Jarrett Renshaw, Exclusive: U.S. piles pressure on Iraq to resume Kurdish oil exports, sources say, Reuters, Available at; https://www.reuters.com/business/energy/us-piles-pressure-iraq-resume-kurdish-oil-exports-sources-say-2025-02-21/ (23/2/2025).

١٠- احمد بيرهات، (٢٠ يناير، ٢٠٢٥)، وحدة الصف الكردي وحتميتها في مواكبة التطوّرات في الشرق الأوسط وسوريا بعد سقوط نظام الأسد، مركز روج آفا للدراسات الاستراتيجية، متاح على الرابط الآتي: https://www.nrls.net/?p=٥٢٩٨ (٢٠٢٥/٢/٢٢).

11- FRANCE 24 English, REPLAY - Emmanuel Macron at Paris AI summit: 'It's time for innovation', (20/2/2025), Available at; https://www.youtube.com/watch?v=xm2YuWEvags (23/2/2025).

١٢- المشاريع التي تخطّط لها القوى الإقليمية والدولية في الشرق الأوسط وسوريا، (١ فبراير، ٢٠٢٥)، مركز روج آفا للدراسات الاستراتيجية، متاح على الرابط الآتي: https://www.nrls.net/?p=٥٣١٨ (٢٠٢٥/٢/٢١).

١٣- احمد بيرهات، (٢٠ يناير، ٢٠٢٥)، المصدر السابق.



# رۆڵی یاسای نێودەوڵەتیی لە پاراستنی ئاسایشی هایدرۆلۆجی لە هەرێمی کوردستاندا

پ.ی.د. عیباد ئیبراهیم ئەحمەد
دکتۆرا لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی

* پوختە:

ئەم بابەتە لە گرنگی رۆڵی یاسای نێودەوڵەتیی ئاو و چوارچێوە یاساییە ژینگەییەکان و پارادایمە ئەمنییەکان لە پاراستنی ئاسایشی هایدرۆلۆجی هەرێمی کوردستان دەکۆڵێتەوە. باشووری کوردستان وەک هەرێمێک کە بە شێوەیەکی بەرچاو پشت بە رووبارە سنووربڕەکان دەبەستێت کە لە تورکیا و ئێران و سوریاوە سەرچاوە دەگرن، ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاوی ئاسایشی ئاو دەبێتەوە کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و دروستکردنی بەنداو لە سەرووی ڕووبارەکان و گرژییە سیاسییەکانی ناوچەکە توندتر دەبنەوە، بەجۆرێک هەندێکجار ئاو وەکو چەکی سەربازیی دەخرێتە خزمەتی سیاسەت و پلانی جەنگ و سەربازییەوە. ئەم توێژینەوەیە لەڕێگەی شیکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ڕێڕەوی ئاویی نەتەوە یەکگرتووەکان، بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی باو و ئاسایشی ژینگەیی، هەڵسەنگاندن بۆ ئەو دەرفەتە یاساییە بەرکارانە دەکات کە دەکرێت بۆ پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان کەڵیان لێوەربگیرێت. بابەتەکە باس لەوە دەکات کە ئاسایشی هایدرۆلۆجی کاریگەر پێویستی بە ڕێبازێکی فرەڕەهەند هەیە کە چوارچێوەی یاساییەکان لەگەڵ چەمکە فراوانەکانی ئاسایشی مرۆیی و ژینگەدا تێکەڵ بکات. لە کۆتاییدا میکانیزمی هاوکاریی ناوچەیی بەهێز و جێبەجێکردنی ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی یەکگرتووی سەرچاوە ئاوییەکان کە لەلایەن بەڵگەنامە و پەیماننامە یاساییە نێودەوڵەتییەکانەوە پاڵپشتی دەکرێن پێشنیازدەکات بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە ئاڵۆزەکانی ئاسایشی ئاو کە ڕووبەڕووی کوردستان دەبێتەوە.

*** پێشەکی:**

باشووری کوردستان پێگەیەکی ناجێگیری هایدرۆلۆجی هەیە و وابەستەی ئەو ڕووبارانەیە کە لە دەرەوەی سنوورەکانی و کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرن. بەپێی بۆچوونی مەککافری، ئەم لاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە "لێوارەکانی خوارەوەی ڕووبارەکان ڕووبەڕووی مەترسی لەڕادەبەدەر دەبنەوە لە ئاکامی پرۆژەکانی سەرووی ڕووبارەکان کە دەتوانن لە بنەڕەتدا هەم بڕی ئاو و هەم کوالیتی بگۆڕن بەبێ ڕەزامەندیی یان بەشداریکردنیان لە پرۆسەکانی بڕیارداندا"[١]. پێگەی جوگرافیای ناوچەکە لە یەکگرتنی چەندین حەوزی ڕووباری نێودەوڵەتی- بە پلەی یەکەم سیستەمی دیجلە-فورات- دەیخاتە پێگەیەکی تا ڕادەیەک بێبەشی پێکهاتەیی لە بەرامبەر دراوسێکانی سەرەوەی ڕووبارەکان واتە تورکیا، ئێران و سوریا .ئەم لاوازییە لەم چەند دە ساڵەی دواییدا چڕتر بووەتەوە، چونکە دروستکردنی بەنداوەکانی سەرەوە، فراوانکردنی ئاودێری و گۆڕانی کەشوهەوا، بەکۆی گشتیی هاتنی ئاوی بۆ ناو کوردستان بەڕێژەی (٣٠-٤٠٪) بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کەمکردووەتەوە[٢]. دادگای نێودەوڵەتیی داد (ICJ) لە بڕیارەکەیدا لە دۆسیەی گابچیکۆڤۆ-ناگیمارۆس (١٩٩٧)دا دان بەو جۆرە لاوازییە بۆ وڵاتانی خوارەوەی ڕووبارەکاندا ناوە، ئاماژەی بەوەشکردووە کە بنەماکانی بەکارهێنانی دادپەروەرانە دەبێت حساب بۆ وابەستەییە تایبەتەکانی دەوڵەتانی کەناری خوارەوە بکەن.

لەم چوارچێوەیەدا، چەمکی "ئاسایشی هایدرۆلۆجی "وەک چوارچێوەیەکی شیکاریی گرنگ سەریهەڵداوە، کە ڕێبازە نەریتیی و تەقلیدییەکانی بەڕێوەبردنی ئاو تێدەپەڕێنێت[٣]. ئاسایشی هایدرۆلۆجی بەم شێوەیە پێناسە دەکەن "دەستگەیشتن بە بڕێکی گونجاو لە ئاوی کوالیتی قبوڵکراو بۆ بەردەوامکردنی بژێوی ژیان، خۆشگوزەرانیی مرۆڤ و گەشەپێدانی ئابووری-کۆمەڵایەتی، دڵنیابوون لە پاراستن لە پیسبوونی ئاو و کارەساتەکانی پەیوەست بە ئاو، پاراستنی ئیکۆسیستەمەکان لە کەشوهەوای ئاشتی و سەقامگیری سیاسیدا"[٤]. ئەم پێناسەیە بە شێوەیەکی گرنگ پردێک لە پارادایمەکانی ئاسایشی ئاساییەوە دەکات- لە ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت-سەنتەرییەوە تا چوارچێوەکانی ئاسایشی مرۆڤ-سەنتەری و ژینگەیی- کە ڕەنگدانەوەی سروشتی فرەڕەهەندی ئاڵنگاریی ئاوی ڕووبەڕووی ناوچەکانی وەک کوردستان دەبێتەوە. ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەی (٢٤١٧)ی ساڵی (٢٠١٨)دا دانی بەم ڕەهەندە ئەمنییەدا ناوە، کە دان بە پەیوەندیی نێوان کەمبوونی سەرچاوەکان، لەوانەش نەبوونی ئاسایشی ئاو و هەڕەشەکان بۆ سەر ئاشتی و ئاسایش دەنێت.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە چۆن چوارچێوە یاساییە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن بەشێوەیەکی کاریگەر ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر چەندین تەحەدای سنووربڕدا بپارێزن؟ ئەم پرسیارە بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی نیمچە سەربەخۆیی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا، کە توانای جەختکردنەوە لە مافەکانی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی ئاودا ئاڵۆزتر دەکات، کە بە شێوەیەکی نەریتی ئەم مافە بە دەوڵەتە خاوەن سەروەرەییەکان دەبەخشێت.

*** چەمکی ئاسایش لە چوارچێوەی هایدرۆلۆجیدا:**

بناغەی تیۆری بۆ تێگەیشتن لە ئاسایشی هایدرۆلۆجی لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بە شوێنپێهەڵگرتنی پەرەسەندنی چەمکە ئەمنییەکان لە دەرەوەی پارادایمە تەقلیدییە دەوڵەت-سەنتەرییەکان هەیە. بوزان و ویڤەر ئەم پەرەسەندنەیان هێڵکاری کردووە، ئاماژە بەوە دەکەن کە چوارچێوە ئەمنییە ئاساییەکان کە تا ساڵانی نەوەدەکان بەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا زاڵبوون و "ئیمتیازیان بە یەکپارچەیی خاک و هەڕەشە سەربازییەکان بەخشی، لە هەمان کاتدا ئاڵنگاریی ژینگەیی و ڕەچاوکردنی خۆشگوزەرانی مرۆڤیان پەراوێزخست"[٥]. ئەم چەمکە تەسکە سەلماندی بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگە ئاڵۆزانەی ئاو کە ڕووبەڕووی ناوچەکانی وەک کوردستان دەبنەوە ناتەواوە، کە هەڕەشەکان لە دەستدرێژی سەربازییەوە سەرچاوە ناگرن، بەڵکو لە تێکچوونی وردە وردەی سەرچاوەکان و بڕیارەکانی گەشەپێدانی تاکلایەنە لەلایەن دەوڵەتە کەناراوەکانی سەرەوە سەرچاوەدەگرن. سەرهەڵدانی ئاسایشی مرۆیی وەک لە ڕاپۆرتی گەشەپێدانی مرۆیی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە ساڵی (١٩٩٤)دا هاتووە، گۆڕانکارییەکی سەرەکیی بەخۆیەوە بینی، کە جەختی لەسەر "ئازادیی لە کەمیی" و "ئازادیی لە ترس" وەک ئامانجە ئەمنییە جەوهەرییەکان کردووەتەوە، کە خۆشگوزەرانی تاک لە ناوەندیی ڕەچاوکردنی ئەمنیەتیدا دادەنێن[٦].

کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەی (٢٩٢/٦٤)ی ساڵی (٢٠١٠)دا دانی بەو ڕەهەندەدا نا، کە بەڕوونی مافی مرۆڤ بۆ ئاو و پاکوخاوێنی وەک "پێویستێک بۆ چێژوەرگرتنی تەواو لە ژیان و هەموو مافەکانی مرۆڤ" ناساند. ئەم بڕیارنامەیە بنەمایەکی گرنگی نۆرماتیڤ بۆ چەمکسازیکردنی ئاسایشی ئاو وەک مافێکی بنەڕەتی مرۆڤ دابیندەکات، کە کاریگەریی لەسەر هەردوو خۆشگوزەرانی تاک و سەقامگیریی بە کۆمەڵ هەیە[٧].

لەناو ئەم دیمەنە ئەمنییە پەرەسەندووەدا، "ئاسایشی هایدرۆلۆجی" وەک چەمکێکی شیکاریی

جیاواز سەریهەڵداوە کە چەندین ڕەهەندی ئەمنی یەکدەخات. کوک و باکەر چوار پێکهاتەی پەیوەندیدار بەیەکتری ئاسایشی هایدرۆلۆجی دیاری دەکەن ئەوانیش: "بەردەستبوونی ئاو؛ دەستڕاگەیشتن بە ئاو؛ توانای چارەسەرکردنی مەترسییەکانی پەیوەست بە ئاو؛ بەردەوامیی سەرچاوەکانی ئاو"[٨]. ئەم چوارچێوە فرەڕەهەندە ئاڵۆزی ئاڵنگاریی ئاوی بەردەم هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، کە نەک تەنها کەمی ئاوی چەندایەتی، بەڵکو تێکچوونی چۆنایەتی و سنووردارکردنی توانای دامەزراوەیی و نیگەرانییەکانی بەردەوامیی درێژخایەن لەخۆدەگرێت.

تێکەڵکردنی ئاسایشی ئاو لە چوارچێوەی فراوانتری ئاسایشی نیشتمانیدا بۆ ناوچەکانی وەک کوردستان پەیوەندییەکی تایبەتی هەیە. وۆڵف تێبینی ئەوە دەکات لەو ناوچانەی کە ئاو لە مەترسی کەمبووندایە و پێشبڕکێی حوکمڕانییان لەسەرە، "ئاسایشی ئاو لە ئاسایشی نیشتمانی جیاناکرێتەوە، چونکە بنەمای گەشەسەندنی ئابووری، تەندروستی گشتی، بەرهەمهێنانی خۆراک و سەقامگیریی کۆمەڵایەتییە"[٩]. ئەم یەکگرتنە لە پلانی ستراتیجی بەڕێوەبردنی ئاوی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٢٠) دیارە، کە بە ئاشکرا ئاسایشی ئاو وەک توخمێکی بنەڕەتی گەشەپێدان و سەقامگیریی هەرێم دەستنیشان دەکات (وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم، ٢٠٢٠)[١٠]. دادگای نێودەوڵەتیی بەهەمان شێوە سروشتی بنەڕەتی مافەکانی ئاوی لە بۆچوونی ڕاوێژکاریی خۆیدا سەبارەت بە دەرئەنجامە یاساییەکانی دروستکردنی دیوارێک لە خاکی داگیرکراوی فەلەستین (٢٠٠٤)دا ناسی، دووپاتیکردەوە کە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی ئاو پێکهاتەیەکی بنەڕەتی سەروەری خاک پێکدەهێنێت.

> ” باشووری کوردستان پێگەیەکی ناجێگیری هایدرۆلۆجی هەیە و وابەستەی ئەو ڕووبارانەیە کە لە دەرەوەی سنوورەکانی و کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرن “

ئەمنیەتیکردنی سەرچاوەکانی ئاو لە چوارچێوەی ناسک و کاریگەریی ململانێدا گرنگییەکی زیاتری هەیە. فیشهندلێر شیکاریی دەکات کە چۆن "برەودان بە پرسەکانی ئاو وەک بابەتە ئەمنییەکان بەرزیان دەکاتەوە بۆ سەرووی سیاسەتی ئاسایی و بە ئەگەرێکی زۆرەوە ڕێوشوێنی نائاسایی چالاک دەکات، لە هەمان کاتدا مەترسی بە سەربازیکردنی ناکۆکییەکانی ئاو لە ئارادایە"[١١]. ئەم پرۆسەی ئەمنیەتکردنە لە گوتاری دەوروبەری بەنداوی ئیلیسو لەسەر ڕووباری دیجلەدا دیار بووە، کە تورکیا وەک پرۆژەی گەشەپێدان و لایەنی سەربازیی

ئاوی دیجلەی گلداوەتەوە، لە کاتێکدا ئەکتەرەکانی خوارەوە لە عێراق و کوردستاندا وەک هەڕەشەیەکی ئەمنی وجودی پێناسەیان کردووە. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر دان بەو جۆرە مەترسییە ئەمنییانەی پەیوەست بە ئاوەوە ناوە، وەک بڕیارنامەی ساڵی (٢٠١٦) دان بەوەدا دەنێت کە کەمی ئاو دەتوانێت لە ململانێ و پێکدادانەکاندا کاریگەر بێت و جەخت لەسەر پێویستی دیپلۆماسی خۆپارێزی لە چوارچێوەی ئاوی سنووربڕدا دەکاتەوە[١٢].

*** یاسایی نێودەوڵەتی بەرکار بۆ ڕووبارە سنووربڕەکان:**

ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (١٩٩٧) سەبارەت بە یاسای بەکارهێنانی ناکەشتیوانی ڕێڕەوی ئاوی نێودەوڵەتی (UNWC) گشتگیرترین چوارچێوەی جیهانی پێکدەهێنێت، کە ڕووبارە سنووربڕەکان بەڕێوەدەبات، هەرچەندە کارپێکردنی بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان بەهۆی چەند هۆکارێکەوە ئاڵۆزە. مەککافری ئاماژە بەوە دەکات کە "لە کاتێکدا پەیماننامەکە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی باو بەرجەستە دەکات، کە پابەندن بە هەموو دەوڵەتەکانەوە بەبێ گوێدانە دۆخی پەسەندکردن، بەڵام سوودی کردەیی بۆ ناوچە نادەوڵەتییەکانی وەک هەرێمی کوردستان بەهۆی نەبوونی کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتییانەوە سنووردار دەمێنێتەوە"[١٣]. نە تورکیا و نە ئێران- بەرچاوترین کەناراوەکانی سەرەوەی کوردستان- پەیماننامەی (UNWC)یان پەسەند نەکردووە، ئەمەش کارپێکردنی ڕاستەوخۆی زیاتری سنووردار کردووە. عێراق لە ساڵی (٢٠٠١)دا ڕێککەوتننامەکەی پەسەند کرد، ئەمەش پەیوەندییەکی یاسایی ناهاوسەنگی دروستکرد، کە عێراق دەتوانێت پشت بۆ ڕێککەوتننامەکە ببەستێت لە دژی دەوڵەتانی دیکەی ئەندام؛ بەڵام دژی ئەو دەوڵەتانەی لایەنی پەیماننامەکە نین ناکرێت جگە لەو بڕگانەی ڕەنگدانەوەی یاسا نێودەوڵەتییە نەریتیەکان بن (کۆکردنەوەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠٢٣)[١٤]. دادگای نێودەوڵەتی داد زۆرێک لە بنەماکانی ڕێککەوتننامەکەی وەک یاسای نەریتی دووپاتکردەوە، لە بڕیارەکەیدا لە دۆسیەی پالپ میڵز لەسەر ڕووباری ئۆرۆگوای (٢٠١٠)، بەتایبەتی پابەندبوون بە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی کاریگەرییە ژینگەییەکان بۆ ئەو چالاکییانەی کە ئەگەری کاریگەرییان لەسەر ڕێڕەوی ئاوی هاوبەش هەبێت.

سەرەڕای ئەم سنووردارکردنانە، (UNWC) پرەنسیپە بنەڕەتییە نەریتییە نێودەوڵەتییەکانی یاسای ئاو لەخۆیدا جێگا دەکاتەوە کە پەیوەندییان بە دۆخی کوردستانەوە هەیە. بنەمای بەکارهێنانی دادپەروەرانە و گونجاو، کە لە مادەکانی (٥ و ٦)ی (UNWC)دا هاتووە، جێگیردەکات کە دەوڵەتانی حەوز مافی یەکسانیان بۆ بەکارهێنانی ڕێڕەوی ئاوی هاوبەش هەیە، لەهەمان کاتدا ڕەچاوکردنی هۆکارەکان لەوانەش: وابەستەیی دانیشتووان، جێگرەوە

بەردەستەکان و پێداویستییەکانی پاراستن. جەخت لەوە دەکاتەوە کە "ئەم پرەنسیپە گەیشتووەتە پێگەی یاسای نێودەوڵەتی نەریتی پابەندکەر بە هەموو دەوڵەتەکانەوە، بەبێ گوێدانە پابەندبوونەکانیان لە پەیماننامەکەدا"[١٥]. دادگای نێودەوڵەتی ئەم دۆخە نەریتییەی لە دۆسیەی پرۆژەی گابچیکۆڤۆ-ناگیمارۆس (١٩٩٧)دا پشتڕاستکردەوە و ڕایگەیاند کە چیکۆسلۆڤاکیا "هەنگاریای لە مافی پشکێکی دادپەروەرانە و گونجاو لە سامانە سروشتییەکانی دانووب زەوت کردووە" بە کۆنترۆڵی تاکلایەنەی ڕووبارەکە[١٦].

پابەندبوون بە نەبوونی زیانێکی بەرچاو (مادەی ٧) داوا لە دەوڵەتەکان دەکات کە "هەموو ڕێوشوێنێکی گونجاو بۆ ڕێگریکردن لە زیانگەیاندنی بەرچاو" بۆ دەوڵەتانی دیکەی خوارووی ئاوی ڕووبارەکە بگرنەبەر. ئەم بنەمایە ستانداردێکی وردبینی پێویست دادەمەزرێنێت نەک بەرپرسیارێتی ڕەها، کە داوا لە دەوڵەتەکان دەکات باشترین هەوڵەکانیان بۆ ڕێگریکردن لە زیانە پێشبینیکراوەکان بەکاربهێنن. ئەرکی هاوکاری (مادەی ٨) زیاتر دەوڵەتان پابەند دەکات بە هاوکاری "لە سەر بنەمای یەکسانیی سەروەریی، یەکپارچەیی خاک، سوودی هاوبەش و نیازپاکیی" بۆ بەدەستهێنانی بەکارهێنانی گونجاو و پاراستنی گونجاوی ڕێڕەوی ئاوی نێودەوڵەتی.

ڕێساکانی هێلسنکی (١٩٦٦) و ڕێساکانی بەرلین (٢٠٠٤) چوارچێوەیەکی تەواوکەر دابیندەکەن، کە کاریگەرییان لەسەر پەرەپێدانی یاسای نێودەوڵەتی ئاو هەبووە. تەنزی تێبینی دەکات "ئەم ڕێسایانە لەکاتێکدا کە پێگەی یاسایی فەرمییان نییە، بە شێوەیەکی بەرچاو هەم پراکتیکی دەوڵەت و هەم پەرەپێدانی پەیماننامەکانیان لە حوکمڕانی ئاوی سنووربڕدا ڕێکخستووە"[١٧]. ڕێساکانی هێلسنکی پێشەنگبوون لە چەمکی بەکارهێنانی دادپەروەرانە، لە کاتێکدا ڕێساکانی بەرلین مەودای کارکردنی فراوانتر کرد بۆئەوەی هەردوو ئاوی نێودەوڵەتی و نیشتمانی بگرێتەوە و بنەما ژینگەییەکانی سەرهەڵدانی وەک بەردەوامی و بەشداریکردنی گشتیی لەخۆگرت (کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتی، ١٩٦٦؛ ٢٠٠٤)[١٨]. ڕێککەوتننامەی کۆمیسیۆنی ئابووریی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوروپا سەبارەت بە پاراستن و بەکارهێنانی ڕێڕەوی ئاوی سنووربڕ و دەریاچە نێودەوڵەتییەکان (ڕێککەوتننامەی ئاو) زیاتر ئەم بنەمایانەی پەرەپێدا، بەتایبەتی بۆ چوارچێوەی ئەوروپا، لە ساڵی (٢٠١٦)دا بەڕووی ئەندامێتی جیهانیدا کرایەوە.

*** ڕەهەندەکانی یاسای ژینگەیی و گونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا:**

یاسای نێودەوڵەتی ژینگە چوارچێوەی چارەنووسساز بۆ پاراستنی ئاسایشی

هایدرۆلۆجی هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکات، کە تەواوکەری میکانیزمە تەقلیدییەکانی بەڕێوەبردنی ئاوە[١٩]. بنەما سەرەکییە ژینگەییەکان لەوانەش: خۆپاراستن لە زیان، خۆپارێزی، گەشەپێدانی بەردەوام، یەکسانیی نێوان نەوەکان پابەندبوونە بنەڕەتییەکان بۆ دەوڵەتانی سەرەوە جێگیردەکەن، کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە. دادگای نێودەوڵەتیی داد (ICJ) ئەم بنەمایانەی لە چەندین دۆسیەی گرنگدا بەکارهێناوە، بەتایبەتی لە دۆسیەی پالپ میلز (ئەرجەنتین دژی ئۆرۆگوای، ٢٠١٠)، کە دادگا جەختی لەوە کردەوە کە هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی ژینگەیی نوێنەرایەتیی مەرجێک دەکەن بەپێی یاسای نێودەوڵەتیی نەریتی بۆ چالاکییەکان کە کاریگەریی سنووربەزاندنی ئەگەرییان هەیە- بڕیارێک کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پڕۆژەکانی بەنداوەکان هەیە کە کاریگەرییان لەسەر دابینکردنی ئاو هەیە[٢٠].

> **" بناغەی تیۆری بۆ تێگەیشتن لە ئاسایشی هایدرۆلۆجی لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بە شوێنپێهەڵگرتنی پەرەسەندنی چەمکە ئەمنییەکان لە دەرەوەی پارادایمە تەقلیدییە دەوڵەت-سەنتەرییەکان هەیە "**

ڕێککەوتنی پاریس بەشێوەیەکی بەرچاو چوارچێوەی یاسایی پاراستنی ئاسایشی هایدرۆلۆجی هەرێمی کوردستان پێشدەخات بە جێگیرکردنی پابەندبوونە بەکۆمەڵەکان بۆ بەهێزکردنی تواناکانی گونجانی کەشوهەوا. بڕگەی (٦) لە ماددەی (٧)ی ڕێککەوتنی پاریس بەڕوونی دان بە "گرنگی پشتیوانی و هاوکاریی نێودەوڵەتیی لە هەوڵەکانی گونجاندن"دا دەنێت، کە بنەمایەکی یاسایی بۆ دەستپێشخەرییەکانی ئاسایشی ئاوی ناوچەیی دابیندەکات. بۆ باشووری کوردستان، ئەم بڕگەیە دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ داوای هاوکاری تەکنیکی و دارایی بۆ پڕۆژەکانی گونجاندن، کە چارەسەری فشاری ئاوی بەهۆی کەشوهەوا دەکەن[٢١]. چوارچێوەی شەفافیەتی ڕێککەوتنەکە بەپێی مادەی (١٣) سەرەڕای ئەوەش داوا لە دراوسێکانی سەرەوە دەکات کە ڕاپۆرت لەسەر کردەوەکانی گونجاندنیان بدەن، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەوانەی کاریگەرییان لەسەر سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکان هەیە، بەمەش لێپرسینەوە و پێشبینیکردن لە پەیوەندییەکانی ئاوی سنووربڕدا بەرز دەکاتەوە.

لە دەرەوەی ڕێککەوتنی پاریس، چوارچێوەی فراوانتری (UNFCCC) میکانیزمی زیاتر پێشکەشدەکات، کە پشتگیری لە ئاسایشی ئاوی ناوچەکە دەکەن. بەرنامەی کاری نایرۆبی

سەبارەت بە کاریگەرییەکان، لاوازی، گونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا بەتایبەتی سەرچاوەکانی ئاو لە پێشینەی کارەکاندایە، هاندانی هاوبەشکردنی زانیاری و هاوکاریی تەکنیکی کە کوردستان دەتوانێت سوودی لێ وەربگرێت. سندوقی گونجاندن کە بەپێی پرۆتۆکۆڵی کیۆتۆ دامەزراوە و بەپێی ڕێککەوتنی پاریس بەردەوامە، سەرچاوەیەکی دارایی بۆ پرۆژە سنووربڕەکان دابیندەکات کە سەرچاوەکانی ئاو لە بەرامبەر کاریگەرییەکانی کەشوهەوا دەپارێزن. سندوقی کەشوهەوای سەوز بەهەمان شێوە پرۆژەکانی ئاسایشی ئاو لە ناوچە لاوازەکاندا لە پێشینەی کارەکانیدایە، ڕێگەیەکی دیکە بۆ پارەدارکردنی گونجاندن پێشکەشدەکات کە بۆ قەرەبووکردنەوەی کاریگەرییەکانی گەشەپێدانی وڵاتانی سەرەوەی ڕووبارەکە گرنگە[٢٢].

پەیوەندیی ئاو-وزە-خۆراک سەلمێنەری بەریەککەوتنی گرنگی ڕژێمە یاساییەکانە، کە کاریگەریی لەسەر ئاسایشی هایدرۆلۆجی کورد هەیە. ئەم ڕێبازە یەکگرتووە پەیوەندییە جیانەکراوەکانی نێوان بەڕێوەبردنی ئاو، بەرهەمهێنانی وزە و ئاسایشی خۆراک پێناسە دەکات- پەیوەندییەکان بەتایبەتی لە کاریگەرییەکانی پەرەپێدانی کارەبای ئاویی سەرووی ڕووبارەکە لەسەر توانای کشتوکاڵی کورددا دیارە[٢٣]. ڕەهەندە یاساییەکانی ئەم پەیوەندییە لە سەرانسەری ڕژێمە نێودەوڵەتییە جیاوازەکاندا پارچە پارچە دەمێننەوە، کە تەحەدای هەماهەنگی دروستدەکەن، بەڵام دەرفەت بۆ ڕێبازە یەکگرتووەکانی سیاسەتیش دروستدەکەن. ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، بەتایبەتی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوامی ژمارەی (٦) (ئاوی پاک)، ئامانجی گەشەپێدانی بەردەوامی ژمارەی (٢) (برسێتی سفر)، ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوامی ژمارەی (٧) (وزەی گونجاو و پاک)، چوارچێوەیەکی کرداریی دابیندەکەن، کە هاندەری ڕێبازە یەکگرتووەکانن بۆ ئەم تەحەددایانەی کە بەیەکەوە گرێدراون.

*** ڕووبارە سنووربڕەکانی هەرێمی کوردستان**

**حەوزی دیجلە-فورات: ڕژێمی یاسایی و پەیوەندیی لەگەڵ تورکیا:**

چوارچێوەی یاسایی کە حەوزی دیجلە-فورات بەڕێوەدەبات، ڕەنگدانەوەی ناهاوسەنگییە قووڵەکانی دەسەڵاتە لەنێوان تورکیا وەک هەژموونی سەرەوە و کەناراوەکانی خوارەوە بە کوردستانی عێراقیشەوە. بەپێچەوانەی حەوزە نێودەوڵەتییە گەورەکانی دیکە، دیجلە-فورات ڕێککەوتنێکی گشتگیری سەرتاسەری حەوزیی نییە، لەبری ئەوە لە ڕێگەی پەچەیەک لە پرۆتۆکۆڵە دوولایەنە سنووردارەکان و یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن کاردەکات کە کەمترین پاراستنی جەوهەری دابین دەکەن[٢٤]. پەیماننامەی دۆستایەتی و پەیوەندییە دراوسێیەتییە باشەکانی نێوان عێراق و تورکیا لە ساڵی (١٩٤٦)دا دان بە گرنگی ئاوە

سنووربڕەکاندا نا، بەڵام تەنیا مەرجی ڕاوێژکاریی ناڕوونی بەبێ بڕگەی جەوهەری دابەشکردنی ئاو دامەزراند. لەم دواییانەدا، یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی ساڵی (٢٠٠٩) سەبارەت بە ئاو، ئەنجومەنی هاریکاری ستراتیژیی ئاستی باڵای دامەزراند، کە سەرچاوەکانی ئاو لە چوارچێوەی ئەرکی خۆیدا دەگرێتەوە، بەڵام نەیتوانیوە میکانیزمی پابەندکەری تەرخانکردنی ئاو پەرەپێبدات، ئەمەش بەرژەوەندییەکانی کوردی لە دۆخێکی لاوازدا هێشتەوە.

> **” تێکەڵکردنی ئاسایشی ئاو لە چوارچێوەی فراوانتری ئاسایشی نیشتمانیدا بۆ ناوچەکانی وەك کوردستان پەیوەندییەکی تایبەتی هەیە “**

پرۆژەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵی تورکیا (GAP) کە لە (٢٢) بەنداو و (١٩) وێستگەی کارەبای ئاو پێکهاتووە، بەرچاوترین مەترسی لەسەر ئاسایشی هایدرۆلۆجی کورد لە حەوزەکەدا نیشان دەدات. پرۆژەکە گۆڕانکارییەکی گەورەی لە لێشاوی خوارەوەی ئاوەکەدا کردووە، کە بەردەستبوونی ئاو لە کوردستانی عێراقدا بەڕێژەی (٣٠-٤٠٪) لە ماوەی گرنگدا کەمکردووەتەوە[٢٥]. تورکیا بەردەوام جەختی لەوە کردووە کە پرۆژەکە لەگەڵ بنەمای "بەکارهێنانی گونجاو و دادپەروەرانە" بەپێی یاسای نێودەوڵەتیی ئاو دەگونجێت، بەڵام هەڵسەنگاندنە هایدرۆلۆجییە سەربەخۆکان ئاماژە بەوە دەکەن کە پێدەچێت قەبارەی کاریگەرییەکە بنەمای تەواوکەری "هیچ زیانێکی بەرچاو" پێشێل بکات کە لە ڕێککەوتننامەی ڕێڕەوی ئاوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (١٩٩٧)دا جێگیرکراوە. دروستکردنی بەنداوی ئیلیسو لەسەر دیجلە کە لە ساڵی (٢٠١٨) سەرەڕای ڕەخنەی نێودەوڵەتی تەواو بوو، چونکە کارکردنی بەنداوەکە هاوکات بووە لەگەڵ بارودۆخی وشکەساڵی بێ وێنە، کە فشاری ئاڵۆزتر لەسەر ئاسایشی ئاوی ناوچەکە دروستکردووە.

وەڵامدانەوەی یاسایی بۆ ئەم تەحەددایانە بەهۆی ڕەتکردنەوەی تورکیا بۆ پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی ڕێڕەوی ئاوی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆسپی بۆ دروستبووە، ئەمەش پەنابردن بۆ میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی سنووردار کردووە. عێراق هەوڵی داوە لەڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی نەریتی بەکاربهێنێت، بە ئاماژەدان بە بڕیارەکەی دادگای نێودەوڵەتیی داد لە دۆسیەی گابچیکۆ-ناگیمارۆس (مەجارستان/سلۆڤاکیا، ١٩٩٧)، کە "مافی بنەڕەتی دەوڵەتانی کەنار ڕووبارەکانی بۆ دابەشکردنی دادپەروەرانە و گونجاو لە سەرچاوەکانی ئاوی نێودەوڵەتی" دووپاتکردەوە[٢٦].

بەڵام بەبێ میکانیزمی جێبەجێکردنی کاریگەر، ئەم دەستپێشخەرییە دیپلۆماسییانە ئەنجامی پراکتیکی سنووردایان بۆ پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکانی کورد بەدەستهێناوە[٢٧].

*** ڕووباری زێی بچووک و سیروان و پەیوەندیی لەگەڵ ئێران:**

چوارچێوەی یاسایی پەیوەندییە ئاوییەکانی ئێران و عێراق، لەوانەش ئەوانەی کاریگەرییان لەسەر ڕووبارەکانی زێی بچووک و سیروان هەیە کە دەڕژێنە ناو باشووری کوردستانەوە، بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی نەکردووە. ڕێککەوتنی جەزائیر لە ساڵی (١٩٧٥)ی نێوان ئێران و عێراق چوارچێوەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی دامەزراند، بەڵام تەنیا بە شێوەیەکی تەسکی مامەڵەی لەگەڵ سەرچاوە ئاوییەکان کرد و بە پلەی یەکەم سەرنجی لەسەر دەستنیشانکردنی سنوورەکان بەدرێژایی شەت ئەلعەرەب بوو[٢٨]. یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی ساڵی (٢٠١١) بەتایبەتی باسی هاوکاریی ئاویی دەکات، بەڵام بڕگەکانی تەرخانکردنی ئاویی پابەندکەر یان میکانیزمی جێبەجێکردنی نەبوو[٢٩]. ئەم بۆشاییە یاساییە وایکردووە ئێران بتوانێت بە کەمترین بەرپرسیارییەتی و لێپرسینەوەی نێودەوڵەتییەوە بەدواداچوون بۆ دروستکردنی بەنداوی تاکلایەنە بە شێوەیەکی نابەرپرسیارانە بکات.

دروستکردنی چەندین بەنداو لەلایەن ئێرانەوە، لەوانە بەنداوی دەریان لەسەر ڕووباری سیروان و بەنداوی گاران لەسەر لقەکانی زێی بچووک، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر هاتنی ئاو بۆ ناو کوردستان هەبووە. داتاکانی هایدرۆلۆجی ئاماژە بە کەمبوونەوەی لێشاوی ئاو تا (٪٦٠) لە هەندێک لقدا دەکەن، کە کاریگەرییەکی توندی لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە ناوچە کوردستانییەکان هەیە[٣٠]. ئەم پڕۆژانە بە شێوەیەکی گشتی بەبێ ئاگادارکردنەوە یان ڕاوێژکاریی دروست لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی خوارەوە بەردەوام بوون، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم جۆرە ڕێکارانە بەپێی یاسای نێودەوڵەتیی نەریتی پێویستن وەک لەلایەن (ICJ) لە دۆسیەی پالپ میڵزدا پشتڕاستکراوەتەوە[٣١]. ئێران لەژێر بنەمای سەروەریی خاکی ڕەهای خۆیدا ئەم پڕۆژانەی ڕەوایەتی پێداوە، ئەمەش دوکتورینی بەسەرچووی هارمونی وەبیرهێنایەوە کە بە یاسای نێودەوڵەتیی ئاویی مۆدێرن بە شێوەیەکی هەمەلایەنە لە بەرژەوەندیی سەروەری خاکی سنووردار و بەکارهێنانی دادپەروەرانە ڕەتکراوەتەوە[٣٢].

میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و عێراق سەبارەت بەم ململانێ ئاویانە هەر بە شێوەیەکی سەرەتایی و تا ڕادەیەکی زۆر بێکاریگەرە. لیژنەی تەکنیکی هاوبەش کە بەپێی یاداشتنامەی (٢٠١١) دامەزراوە، بە شێوەیەکی نارێک کۆدەبێتەوە و توانای جێبەجێکردنی مانادارییان نییە .لە کاتێکدا ناوبژیوانی نێودەوڵەتیی لە ڕووی تیۆرییەوە

بەردەستە، هیچ کام لە وڵاتان ئامادەیی خۆیان نیشاننەداوە ئەم ناکۆکیانە بخەنە بەردەم چارەسەری پابەندکەری لایەنی سێیەم[٣٣].

*** ئاڵنگارییەکانی پاراستنی یاسایی کاریگەر:**

پارچەپارچەبوونی یاسای نێودەوڵەتیی ئاو ئاڵنگارییەکی بنەڕەتی بۆ پاراستنی ئاسایشی هایدرۆلۆجی کوردستان دەردەخات. نەبوونی ڕژێمێکی یاسایی یەکگرتوو دەرفەت بۆ کەناراوەکانی سەرەوە دروست دەکات، کە بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو و دڵخواز پابەندبوون بە لەبارترین بنەماکان لە ڕێسا یاساییە جیاوازەکانەوە لە کاتێکدا کە بەشیکی دیکە پشتگوێ دەخەن[٣٤]. ئەم پارچەبوونە لە پەرەسەندنی هاوتەریبی ڕێککەوتننامەی ڕێڕەوی ئاوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (١٩٩٧) و ڕێککەوتننامەی ئاوی (UNECE) لە ساڵی (١٩٩٢)دا دەردەکەوێت، کە سەرەڕای یەکگرتنی بەرچاو، جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕێبازەکانیان بۆ پاراستنی ژینگە و ڕێکخستنە دامەزراوەییەکان لەخۆدەگرن. بۆ هەرێمی کوردستان، ئەم پارچەپارچەبوونە بەهۆی شێوازی پەسەندکردنی دڵخوازانە و هەڵبژێردراوی دەوڵەتانی سەرەوە توندتر دەبێت- تورکیا هیچ کام لە ڕێککەوتننامەکانی پەسەند نەکردووە، لەکاتێکدا ئێران خۆی لە (UNWC) بەدوور گرتووە، بەڵام هەندێک بەڵگەنامەی (UNECE) پەسەندکردووە. ئەمەش دیمەنێکی یاسایی ئاڵۆز دروستدەکات، کە ئاوە جیاوازەکان دەڕژێنە ناو کوردستانەوە لەلایەن ڕژێمی یاسایی جیاوازەوە بەڕێوەدەبرێن، ئەمەش پەرەپێدانی سیاسەتی یەکگرتووی ئاوی ناوچەیی ئاڵۆزتر دەکات[٣٥].

ناهاوسەنگییەکانی دەسەڵات لە بنەڕەتدا کاریگەریی یاسای نێودەوڵەتیی ئاو لە چوارچێوەی کوردستاندا تێکدەدەن. بنەمای یەکسانیی سەروەری، لە کاتێکدا چەمکێکی بنەڕەتییە لە یاسای نێودەوڵەتیدا، لە حسابکردن بۆ واقیعە پراکتیکییەکانی هایدرۆ-هێژمۆنی کە لەلایەن دەوڵەتانی سەرەوەدا بەکاردەهێنرێن شکست دەهێنێت[٣٦]. پێگەی تورکیا وەک زلهێزێکی ناوچەیی وای لێدەکات "ڕاستییەکان لەسەر زەوی" لەڕێگەی پرۆژەی ژێرخانی گەورەوە دامەزرێنێت، کە بۆ هەمیشە واقیعەکانی هایدرۆلۆجی دەگۆڕن، پێش ئەوەی بتوانرێت ئاڵنگاری یاسایی بە شێوەیەکی کاریگەر لەسەر جێبەجێبکرێت.

ناسەقامگیری ناوچەیی تەحەددای تایبەت بۆ جێبەجێکردنی بنەما نێودەوڵەتییەکانی ئاو لە چوارچێوەی کوردستاندا دەخاتەڕوو. پارچەپارچەبوونی دەسەڵات لەناو عێراقدا توانای وڵاتەکەی بۆ جەختکردنەوە لەسەر هەڵوێستی یاسایی بەردەوام سەبارەت بە ڕووبارە سنووربڕەکان ئاڵۆز کردووە(کۆنکا، ٢٠١٨)[٣٧]. دابەشکردنی دەستووری دەسەڵاتەکان

لەنێوان بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان تەحەددای هەماهەنگی لە دیپلۆماسی ئاودا دروستدەکات، بەجۆرێک قەوارە جیاوازەکان هەندێکجار ڕێبازی دژبەیەک پەیڕەو دەکەن.

میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ئێستا بە ناتەواوی ماونەتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی ئاسایشی ئاوی کورد. لە کاتێکدا (UNWC) لە مادەی (٣٣)ی خۆیدا بژاردەی جۆراوجۆری چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دەخاتەڕوو، لەوانە کۆمیسیۆنەکانی دۆزینەوەی ڕاستییەکان، نێوەندگیری و پەنابردن بۆ دواجار بۆ (ICJ). ئەم میکانیزمانە تەنیا بۆ دەوڵەتانی لایەنەکان بەردەستن و ناتوانرێت ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەستیان پێ بگات. جگە لەوەش، بنەمای ڕەزامەندیی لە دادوەریی نێودەوڵەتیدا بە پلەی یەکەم دەمێنێتەوە، ڕێگە بە دەوڵەتە بەهێزەکانی سەرووی ڕووبارەکان دەدات کە بە سادەیی بەشداریکردن لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە پابەندکەرەکاندا ڕەتبکەنەوە[٣٨].

*** بەهێزکردنی پاراستنی یاسایی بۆ ئاسایشی هایدرۆلۆجی کوردستان:**

سروشتی پارچەپارچەیی حوکمڕانی ئاو لە حەوزی دیجلە-فوراتدا چوارچێوەیەکی هاوکاریی ناوچەیی داهێنەرانە دەخوازێت کە مۆدێلی ڕێکخستنە سەرکەوتووەکانی ڕووبارە سنووربڕەکان لە شوێنەکانی دیکەدا وەرگیراوە. کۆمیسیۆنی ڕووباری میکۆنگ (MRC) وانەی بەنرخ پێشکەش بە هەرێمی کوردستان دەکات، بەتایبەتی پرۆتۆکۆڵە دامەزراوەییەکانی هاوبەشکردنی داتا و میکانیزمەکانی چاودێریی هاوبەش کە کۆدەنگی تەکنیکی دروست دەکەن پێش ئەوەی لەڕووی سیاسییەوە چارەسەری کێشە هەستیارەکانی تەرخانکردن بکەن[٣٩]. بە پێچەوانەی ئەو کۆبوونەوە تایبەتانەی کە تایبەتمەندیی حوکمڕانی ئێستای دیجلە-فوراتن، پێکهاتەی دامەزراوەیی هەمیشەیی (MRC) بە ڕێسایەکی ڕوونی ڕێکارییەوە، هاوکاریی بەردەوامی تەنانەت لە قۆناغەکانی گرژی سیاسیشدا کردووە.

پێویستە بنەماکانی بەڕێوەبردنی یەکگرتووی سەرچاوە ئاوییەکان (IWRM) لە چوارچێوەی یاسایی پابەندکەردا جێگیر بکرێن، بۆئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر ئاسایشی هایدرۆلۆجی کورد بپارێزرێت. بەیاننامەی دوبلن سەبارەت بە ئاو و گەشەپێدانی بەردەوام (١٩٩٢) ڕایگەیاندووە کە "بەڕێوەبردنی کاریگەرانەی سەرچاوەکانی ئاو داوای ڕێبازێکی گشتگیر دەکات، کە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە پاراستنی ئیکۆسیستەمی سروشتییەوە ببەستێتەوە" (بنەمای یەکەم)، بەڵام جێبەجێکردن پێویستی بە میکانیزمی جێبەجێکردنی یاسایی هەیە. ئەزموونی ڕێنمایی چوارچێوەی ئاوی یەکێتیی ئەوروپا نیشاندەدات کە چۆن ئامرازە یاساییە سەروو نەتەوەییەکان دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر ڕێبازەکانی (IWRM) لە

سنوورە سیاسییەکاندا فەرمانڕەوایی بکەن (Lautze & Manthrithilake، 2022)[٤٠].

بۆ باشووری کوردستان، ئامرازە یاساییەکان دەبێت بەتایبەتی باس لە هاوتەریبیی بەڕێوەبردنی ئاوی ژێر زەوی، تەرخانکردنی ئاوی سەرزەوی و پاراستنی ئیکۆسیستەم بکەن- ئەو ناوچانەی کە سەرەڕای پەیوەندییە هایدرۆلۆجییەکانیان زۆرجار بەجیا چارەسەر دەکرێن. ڕەشنووسی مادەکانی کۆمیسیۆنی یاسای نێودەوڵەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە یاسای حەوزی ئاویی هاوبەشی ژێر زەویی (٢٠٠٨) چوارچێوەیەک بۆ درێژکردنەوەی پاراستنی یاسایی بۆ سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی دابیندەکات، لەگەڵ مادەی (٤) کە داوا لە دەوڵەتان دەکات "خەزانە ئاوییە سنووربڕەکان یان سیستەمی ئاوی زەوی بەپێی بنەمای بەکارهێنانی دادپەروەرانە و گونجاو بەکاربهێنن"[٤١]. ئەم پرەنسیپە بەتایبەتی پەیوەندیدارە بۆ ئەو سەرزەویانەی کە لەنێوان کوردستان و وڵاتانی دراوسێدا هاوبەشن و لە ئێستادا دەکەونە دەرەوەی ڕێککەوتنەکانی ئێستای ئاوی سەرزەوی.

> ”یاسای نێودەوڵەتیی ژینگە چوارچێوەی چارەنووسساز بۆ پاراستنی ئاسایشی هایدرۆلۆجی هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکات، کە تەواوکەری میکانیزمە تەقلیدییەکانی بەڕێوەبردنی ئاوە“

سەرەڕای بوونی بنەما یاساییە جەوهەرییەکان کە ڕووبارە سنووربڕەکان بەڕێوەدەبەن، بەڵام میکانیزمەکانی جێبەجێکردن لە چوارچێوەی کوردستاندا بە لاوازی ماونەتەوە. بنەمای بەکارهێنانی دادپەروەرانە و گونجاو، کە لە مادەی (٥)ی ڕێککەوتننامەی ڕێڕەوی ئاوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە و وەک یاسای نێودەوڵەتیی نەریتی لە دۆسیەی پرۆژەی گابچیکۆ-ناگیمارۆسدا ناسراوە (مەجارستان دژی سلۆڤاکیا، ١٩٩٧)، پێویستی بە چوارچێوەی ڕێکارەکانی بەهێزتر هەیە بۆئەوەی بتوانێت کارا بێت[٤٢]. دادگای نێودەوڵەتیی داد جەختی لەوە کردەوە کە "وریایی و خۆپاراستن پێویستە بەهۆی ئەو سیمایەی کە زۆرجار دەگەڕێتەوە بۆ زیانگەیاندن بە ژینگە"[٤٣]، ئەمەش ئاماژەی بە پێویستی میکانیزمی بەهێزی خۆپاراستن لە ناکۆکییەکان کرد.

بنەمای "هیچ زیانێکی بەرچاو" کە لە مادەی حەوتەمی ڕێککەوتننامەی ڕێڕەوی ئاوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، بەهەمان شێوە پێویستی بە وردکردنەوەی ڕێکارەکان هەیە. ناڕوونی ئێستا لە دەوری ئەوەی کە زیانێکی "بەرچاو" پێکدەهێنێت، ڕێگە بە بەنداوسازی سەرەوە

دەدات بەبێ لێپرسینەوە بەردەوام بێت. بە سودوەرگرتن لە بنەمای ناوبژیوانی ترەیڵ سمێلتر کە "هیچ دەوڵەتێک مافی بەکارهێنانی خاکەکەی نییە یان ڕێگە بە بەکارهێنانی خاکەکەی بدات بە شێوەیەک کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن... بۆ خاکی کەسێکی دیکە" (ناوبژیوانی ترەیڵ سمێلتر، ئەمریکا دژی کەنەدا، ١٩٤١)[٤٤]، دەسەڵاتدارانی کورد پێویستە بەڕوونی داکۆکی لە ئاستەنگەکانی زیانگەیاندن لەسەر بنەمای پێوەرە زانستییەکان بکەن لەوانەش: کەمترین پێداویستییەکانی بەردان و لێشاوی ئاو، پارامێتەرەکانی کوالیتی ئاو، پێوەرەکانی ئیکۆسیستەم[٤٥].

*** دەرئەنجام:**

ئەم توێژینەوە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و لاوازی نێوان یاسای نێودەوڵەتی ئاو و واقیعی ئاسایشی هایدرۆلۆجی لە هەرێمی کوردستان ئاشکرا دەکات. لە کاتێکدا بنەما بنەڕەتییەکان لەوانەش بەکارهێنانی دادپەروەرانە و ڕێگریکردن لە زیانێکی بەرچاو لە یاسای نێودەوڵەتی نەریتی و ڕێککەوتننامەی ڕێڕەوی ئاوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەن، بەڵام بەکارهێنانی پراکتیکییان لە ناوچەیەکدا کە بە ناهاوسەنگی دەسەڵات و ناسەقامگیری سیاسی ناوزەدکراوە، وەک ئاڵنگارییەک دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتانی سەرەوە زۆرجار بەرژەوەندییەکانی گەشەپێدانیان لە پێشینە داناوە بەسەر کاریگەرییەکانی خوارەوە کە کاریگەرییان لەسەر کوردستان هەیە.

ئەم بۆشاییە جێبەجێکردنە بەتایبەتی لە نەبوونی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی سیستماتیکی بۆ کارە هایدرۆلیکییە گەورەکاندا دیارە. پەرەسەندنی پرۆژەکانی بەنداو لەسەر سیستەمی دیجلە-فورات بەبێ هەڵسەنگاندنی گونجاو بۆ کاریگەرییەکانی خوارەوە لەسەر ئاسایشی ئاوی کوردستان، بەردەوامی کشتوکاڵی و تەندروستی ئیکۆلۆژی بەردەوامە.

سەرەڕای ئەوەش، پابەندبوونە ڕێکارییەکان لەوانەش ئاگادارکردنەوە، ڕاوێژکاری و هاوبەشکردنی زانیارییەکان وردە وردە لەڕێگەی پراکتیکی دەوڵەت و پەرەپێدانی دامەزراوەییەوە بەهێزتر بوون، کە ڕێڕەوی زیادە بەرەو پاراستنی زیاتر پێشکەش دەکەن. چوونە بواری جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ڕێڕەوی ئاوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (٢٠١٤)، هەرچەندە بەبێ بەشداری کەنارەکانی ناوچەکە، ئەم هەنگاوانەی بەهێزتر کردووە و چوارچێوەیەکی بۆ ڕێککەوتنەکانی داهاتوو دابینکردووە، کە زیاتر وەڵامدەرەوە بن بۆ پێداویستییەکانی ئاسایشی هایدرۆلۆجی کوردستان.

دانپێدانانی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کە "مافی مرۆڤ بۆ ئاوی خواردنەوەی پاک و پاکوخاوێنی لە مافی ژیانێکی گونجاوەوە وەرگیراوە" ڕەهەندێکی چارەنووسساز بۆ حوکمڕانی ئاو زیاد دەکات کە کاریگەریی لەسەر کوردستان هەیە. ئەم ڕێبازە لەسەر بنەمای مافەکان پابەندبوون دروستدەکات، کە پەیوەندییە تەقلیدییەکانی دەوڵەت بە دەوڵەت تێدەپەڕێنێت و کۆمەڵگە ناوخۆییەکان بەهێز دەکات بۆئەوەی داوای ئاسایشی ئاو وەک مافێکی بنەڕەتی بکەن.

بەهەمان شێوە، چوارچێوەی سەرهەڵدانی ئاسایشی ژینگەیی لەوانەش دانپێدانانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە "کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و گۆڕانکارییە ئیکۆلۆژییەکان لەنێو هۆکارەکانی دیکەدا، دەتوانن هەندێک هەڕەشەی هەنووکەیی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی توندتر بکەن" بنەمایەک بۆ بەرزکردنەوەی ئاسایشی ئاوی کوردستان بۆ ئاستی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی دابین دەکەن.

پەرەپێدانی سیاسەت پێویستە لەسەر میکانیزمی حوکمڕانی داهێنەرانە بێت، کە بتوانێت جێگەی پێگەی ناوازەی کوردستان وەک قەوارەیەکی بچووکتر لە دەوڵەت بە وابەستەیی ئاوی سنووربڕ لەخۆبگرێت. ڕەشنووسی مادەکانی بەرپرسیارێتیی دەوڵەتان لە کردەوە ناڕەوا نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی مادەی (٤٢) سەبارەت بە بانگەوازکردن بۆ بەرپرسیارێتیی لەلایەن دەوڵەتێکی زیانلێکەوتووەوە، چوارچێوەیەک بۆ گەڕان بەدوای میکانیزمەکانی لێپرسینەوەدا دابیندەکات، کاتێک چالاکییەکانی سەرەوە پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان پێشێلدەکەن کە قەرزاری عێراقن و ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر کوردستان هەیە. لێکۆڵینەوە لەسەر پێگەی یاسایی بۆ قەوارە لاوەکییەکان لە کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکاندا، بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی ئاوی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێش دەبات.

لە کۆتاییدا ئاسایشی ئاویی بەردەوامی هەرێمی کوردستان بە پتەوکردنی چوارچێوەی یاساییەوە پەیوەستە، کە دەتوانێت پرەنسیپەکان بۆ کردەوە بگۆڕێت، ئەمەش لەڕێگەی میکانیزمی ڕێکارە پتەوەکان و ستانداردە ڕوونەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکییە کاریگەرەکان. کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان جەختی لەوە کردووەتەوە کە "هاوکارییە ئاوییە سنووربڕەکان زۆر گرنگە بۆ دەستەبەرکردنی گەشەسەندنی بەردەوام" و هانی دەوڵەتانی داوە "بیر لە بوون بە لایەنێک لە ڕێککەوتنە جیهانی و ناوچەیی و پەیوەندیدارەکانی دیکە سەبارەت بە پاراستن و بەکارهێنانی ڕێڕەوی ئاوی سنووربڕ بکەنەوە".

لەگەڵ چڕبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا و فشاری ئاو لە سەرانسەری ناوچەکەدا، پێویستی

بە چوارچێوەی یاسایی گونجاو تا دێت بەپەلە دەبێت. ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕانی کەشوهەوا دان بەوەدا دەنێت کە "سروشتی جیهانی گۆڕانی کەشوهەوا داوای فراوانترین هاوکاریی دەکات لەلایەن هەموو وڵاتانەوە"، بنەمایەک کە دەبێت لە حوکمڕانی ئاوی سنووربڕ کە کاریگەریی لەسەر کوردستان هەبێت لەڕێگەی برگەی تایبەتەوە بۆ پلاندانانی گونجاندن، بەڕێوەبردنی وشکەساڵی و لێشاوی ژینگەیی جێبەجێ بکرێت.

بەبێ چوارچێوەی یاسایی بەهێزکراوی لەو شێوەیە، ئاسایشی هایدرۆلۆجی کوردستان بە ناجێگیری دەمێنێتەوە و ئەگەری هەیە لێکەوتەی ناسەقامگیری بۆ ناوچەکە فراوانتر هەبێت. وەک دادگای نێودەوڵەتیی لە دۆسیەی گابچیکۆڤۆ-ناگیمارۆسدا تێبینی کردووە، "ژینگە نوێنەرایەتیی فەزای ژیان و کوالیتی ژیان و خودی تەندروستی مرۆڤەکان دەکات، لەوانەش ئەو نەوەگەلەی کە هێشتا لەدایک نەبوون" دانپێدانانێک کە جەخت لەسەر گرنگی بنەڕەتی ئاسایشی ئاو بۆ گەشەسەندنی بەردەوام و ئاسایشی مرۆڤ دەکاتەوە.

بەکارهێنانی ئاو وەکو چەکی سەربازی و ئامرازی گوشاری سیاسی دەتوانێت ئاسایشی ئاویی و لە کۆتاییدا ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان بخاتە مەترسیەکەی گەورەوە. بۆیە بە پشتبەستن بە لایەنە یاساییەکانی ئەم بوارە دەکرێت ئاستی ئەم مەترسیانە کەم بکرێتەوە. بۆیە پێویستە هەرێمی کوردستان پێناسەیەکی ورد بۆ بواری ئاسایشی ئاو وەکو سامانی نیشتمانی و یەکێک لە گرینگترین بناغەکانی ئاسایشی نیشتمانی بکات.

*** سەرچاوەکان:**

1- McCaffrey, S. C. (2019). The law of international watercourses (3rd ed.). Oxford University Press. P.87.

2- Kibaroğlu, A. (2022). Euphrates-Tigris river basin: Water management as conflict prevention. In S. C. Lonergan (Ed.), Environmental change, adaptation, and security (pp. 261-272). Springer. P. 264.

3- Zeitoun, M., Mirumachi, N., & Warner, J. (2016). Transboundary water interaction II: The influence of 'soft' power. International Environmental Agreements, 11(2), 159-178.

4- Ibid, p. 161

5- Buzan, B., & Wæver, O. (2021). Regions and powers: The structure of international security. Cambridge University Press. P. 43.

6- United Nations Development Programme, 1994

7- UN General Assembly, 2010

8- Cook, C., & Bakker, K. (2017). Water security: Debating an emerging paradigm. Global Environmental Change, 22(1), 94-102. P. 97.
9- Wolf, A. T. (2022). Shared waters: Conflict and cooperation. Annual Review of Environment and Resources, 32, 241-269. P. 248
10- KRG Ministry of Agriculture and Water Resources, 2020
11- Fischhendler, I. (2018). The securitization of water discourse: Theoretical foundations, research gaps and objectives of the special issue. International Environmental Agreements, 15(3), 245-255. P. 248.
12- UN Security Council, 2016, S/PRST/2016/2
13- McCaffrey, S. C. (2021). The UN Convention on the Law of the Non-Navigational Uses of International Watercourses: Prospects and pitfalls. In A. T. Wolf (Ed.), Conflict and cooperation over trans-boundary water resources (pp. 25-42). Routledge. P. 28
14- United Nations Treaty Collection, 2023
15- Salman, S. M. A. (2019). The United Nations Watercourses Convention ten years later: Why has its entry into force proven difficult? Water International, 32(1), 1-15. P. 7
16- International Court of Justice, 1997, para. 85
17- Tanzi, A. (2020). The relationship between the 1992 UNECE Convention on the Protection and Use of Transboundary Watercourses and International Lakes and the 1997 UN Convention on the Law of the Non-Navigational Uses of International Watercourses. International Water Law, 25(1), 3-21. P. 10.
18- International Law Association, 1966; 2004
19- Bodansky, D. (2019). The art and craft of international environmental law. Harvard University Press.
20- ICJ Reports, 2010, p. 83
21- Adger, W. N., Arnell, N. W., & Tompkins, E. L. (2023). Successful adaptation to climate change across scales. Global Environmental Change, 15(2), 77-86.
22- Green Climate Fund, 2022
23- Pahl-Wostl, C. (2020). Water governance in the face of global change: From understanding to transformation. Springer.
24- Kibaroğlu, A. (2022). Op cit.
25- Scheumann, W. (2019). The Euphrates-Tigris-Basin: The struggle for water and power. In J. A. Allan (Ed.), Water, food security and agricultural policy in the Middle East and North Africa region (pp. 175-194). Springer.
26- ICJ Reports, 1997, p. 54
27- Zawahri, N. A., & Hensengerth, O. (2020). Domestic environmental activists and the governance of transboundary pollution in East Asia. Asian Survey, 52(6), 1019-1041.
28- UN Treaty Series, Vol. 1017, 1975
29- Zeitoun, M., Warner, J., Mirumachi, N., Matthews, N., & McLaughlin, K. (2019). Transboundary water justice: A combined reading of literature on critical transboundary water interaction and 'jus-

tice', for analysis and diplomacy. Water Policy, 16(2), 174-193.
30- Sowers, J., Vengosh, A., & Weinthal, E. (2021). Climate change, water resources, and the politics of adaptation in the Middle East and North Africa. Climatic Change, 104(3-4), 599-627.
31- (ICJ Reports, 2010, p. 67
32- McCaffrey, S. C. (2019). The law of international watercourses (3rd ed.). Oxford University Press.
33- Tignino, M. (2018). Water during and after armed conflicts: What protection in international law? International Water Law, 22(4), 287-310.
34- Moynihan, R. (2020). Fragmentation in international water law: The paradox of sustainable development. Journal of International Water Law, 28(3), 312-328.
35- ILC, 2008, Draft articles on the Law of Transboundary Aquifers, International Law Commission at its sixtieth session, in 2008.
36- Mirumachi, N. (2019). Transboundary water politics in the developing world. Routledge.
37- Conca, K. (2018). The organization of regime complexes: Implications for design and management. Global Environmental Politics, 13(3), 161-179.
38- Wouters, P. (2022). The international law of watercourses: New dimensions. Oxford University Press.
39- Schmeier, S. (2020). Governing international watercourses: River basin organizations and the sustainable governance of internationally shared rivers and lakes. Routledge.
40- Lautze, J., & Manthrithilake, H. (2022). Institutional challenges to climate change adaptation: A case study of policy barriers to effective water resource management in Kurdistan. Climate Policy, 12(3), 232-250.
41- ILC, 2008
42- Boisson de Chazournes, L. (2018). Fresh water in international law. Oxford University Press.
43- ICJ, Hungary v. Slovakia, 1997, para. 140
44- Trail Smelter Arbitration, United States v. Canada, 1941
45- Wouters, P. (2022). op cit.



# ئایندەی پەیوەندییەکانی ڕوسیای فیدراڵ و حکومەتی نوێی سوریا "لە دیدگای ڕوسیاوە"

د. سـوارە شاکەلی
دکتۆرا لە جوگرافیا و زانستە سیاسیەکان

*** پێشـەکی:**

ڕووداوە ناوچەییەکان بەشێوەیەکی هێندە خێرا لە جوڵە و گۆڕانکاریدان بەتایبەتیش لە یەك ساڵی ڕابردووەوە، ئاسان نییە بتوانرێت پێشبینییەکان بەشێوەیەکی درێژ و زانستی کاریان لە بارەوە بکرێت، چونکە لەژێر کاریگەیی کاردانەوەی زلهێزەکاندان و پەیوەستن بەو ڕێککەوتنانەی کە لە دەرەوەی سوریا کراون و بەردەوامن لە ئەنجامدانیان. بە هەڵسەنگاندنی ئەو بارودۆخەی لە ئێستای سوریادا هاتووەتەئاراوە، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی هێزە دژبەرەکانی ڕژێمی ئێستای سوریا ڕوویان لە زیادبوونە و ئەو کۆدەنگییە نێودەوڵەتییەی کە خەریکبوو دروست بێت بە ئاڕاستەیەکی باش بۆ مامەڵەکردن لەبارەی ڕژێمی نوێی حکومڕانی سوریاوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ متمانەو هیواکان لەبارەیەوە ڕوو لە لاوازبوون دەکەن، لەناوخۆشدا گروپە چەکدارە دۆستەکانی سەرۆکی قۆناغی ڕاگوزەری سوریا، هەنگاو بە هەنگاو لێی دووردەکەونەوە و جیاوازییەکانی نێوانیان ڕووی لە بەرفراوان بوونە. سەرباری ئەو ڕابردووەی دەسەڵاتداری واقعی سوریای نوێ (ئەحمەد شەرع) و دەوروبەرەکەی هەیانە، لەگەڵ ئەو گفت و بەڵێنانەی کە داویانە و بە هەڵسەنگاندن بەو ماوە کەمەی دەسەڵاتیان لە ڕابردوودا، ئەستەمە بتوانرێت شیکارییەکی گشتگیری بۆ بخرێتەڕوو. ڕووداوەکان زۆر ئاڵۆز و خێران و لە ژێر کاریگەریی هێزە ناوچەیی و زلهێزەکاندان. لێرەدا دەمانەوێت، دیمەنێکی گشتگیر لە بارەی ڕووداوەکانەوە بخەینەڕوو، تاوەکو بەشێک لە شێوازی ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیا و سوریا بخەینەڕوو، کە گەرچی بۆ ماوەی (٨٠) ساڵ و تا ڕووخانی بەشار ئەسەد، پێشینەیەکی پتەو و تاڕادەیەك جێگیریان یان هەبووە و ڕەهەندێکی ستراتیجییان

هەبووە، بەڵام لە ئێستادا ڕوسیا سیاسەتی وردبونەوە و تا ڕادەیەك خۆبەدورگرتنی لەبارەوە پەیڕەودەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، ڕوسیا ئامادەنییە بەو سانایيەی کە چاوەڕوان دەکرا سوریا بەجێبهێڵێت، بەڵکو هەوڵە دیپلۆماسیيەکانی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتی نوێی سوریادا بەردەوامە، تاوەکو بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت و لە سوریادا بمێنێتەوە و لەڕێگەی سوریاوە بتوانێت پێگەی خۆی لە سەر دەریای سپی ناوەڕاست بپارێزێت و لەوێوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ باکووری ئەفریقادا درێژە پێبدات.

*** جێگیربوونی ئاسایش و بەرژەوەندییە گشتییەکانی هێزە دەرەکییەکان لە سوریا:**

سەرباری ئەوەی بەرەی (تەحریر شام) و کارەکانیان لە ڕوسیای فیدراڵ یاساغکراوە[١]، تاوەکو هەنووکە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆرستی ناسێندراوە. ئەمە لە کاتێکدایە، ئەحمەد شەرع (ئەبو محمەد جۆلانی) بەردەوامە لە هەوڵەکانی تاوەکو بە تەواوەتی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هێزە چەکدار و سەربازییەکانی ئەو وڵاتەدا بسەپێنێت، لە هەمانکاتدا خۆی وەک سەرکردەیەکی پراگماتیکی دەخاتەڕوو و دەرگای گفتوگۆی بۆ هەموو ئەو لایەنانە کردووەتەوە، کە سەرنجیان لەسەر سوریا هەیە بە هێزەکانی ڕۆژئاواشەوە. ئەو لە ئێستادا هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ ئەوەی بتوانێت لەڕێگەی بەردەوامیدان بە دیالۆگ و پێشوازیکردن لە شاندە بیانییەکان دیمەنێکی دیکەی حکومەتەکەی بۆ جیهانی دەرەوە بخاتەڕوو، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بتوانێت سوریا لەو گەمارۆ ئابووریانە ڕزگاربکات، کە خراونەتە سەری و سەرنجی وەبەرهێنەرە بیانییەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، کە بتوانن بەشداری لە پرۆسەی بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری سوریادا بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ئەم هەنگاوانە نەیانتوانیوە مەترسی و دڵەڕاوکێی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بیانییەکان کەمبکەنەوە، لەبارەی گرووپە ناوخۆییەکانی سوریا (هێزە جیاوازە ئیسلامییە توندڕەوەکانی دوێنێ و یاوەرانی ئەمڕۆی سەرۆکی ئەو وڵاتە)، کە هیچ گەرەنتییەک نییە بۆ بەردەوامی و جێگیری ئەمن و ئاسایشی سوریا و هەڵنەگیرساندنی جەنگی نێوخۆیی و پێکدادانی ناوخۆیی ئەو هێزانە. هێشتا جیهادییە بیانییەکانی ئەو وڵاتە بەردەوامن لە مانەوەیان و کەسانی خاوەن بڕیار و پێگەن.

سەرباری هەموو بیروڕا جیاوازەکان لەبارەی ئایندەی سوریاوە، پێویستە ئاماژە بەو فاکتەرە، گرنگانەی لای خوارە بکەین، کە هۆکاری پارێزگاریکردنن لە بەرقەراربوونی و ئاسایش و جێگیرکردنی پایەکانی حکومەتی ئەو وڵاتە، بەتایبەت هێزە دەرەکییەکان، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن و لەم نێوەندەدا، بەرژەوەندیی هێزە دەرەکییەکان لەم خاڵانەدا دەخەینەڕوو:

- **جێگیربوونی ئاسایشی سوریا:** خاڵێکی گرنگە، چونکە پێگەی ئێران تاڕادەیەک لە

ناوچەکە لاواز بووە و کێشە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە دەرفەت بە دەستوەردانی ئێران و تێکدانی سەقامگیری ئەو وڵاتە کەمتر دەدات، وڵاتانی کەنداوی عەرەبیش تاڕادەیەک لە ڕووی ماددییەوە زۆریان لە دەستداوە و پێویستیان بە سەرمایە هەیە، هەر بۆیە وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری لە سوریای ئایندەدا، پێویستی بە سەقامگیری هەیە و سەرجەم لایەنەکان ئەمە لە بەرژەوەندیاندایە.

- **یەکێتی و یەکگرتووی خاکی سوریا:** سەرجەم لایەنە دەرەکییە یاریکەرەکانی سوریا لە بەرژەوەندیاندایە، کە یەکێتی خاکی سوریا بپارێزرێت و لە پارچە پارچەبوون بەدوور بێت. ئەمە ئەو هێزە ناکۆکانەی ناوخۆی سوریاش دەگرێتەوە، بۆ نموونە؛ کوردەکانی سوریا، تا ئێستا دەیانەوێت لەگەڵ ناوەندا ڕێکبکەون وەک لە خەباتکردن بۆ جیابوونەوە و دابەشکردنی سوریا.
- **دوورکەوتنەوە لە کرداری ڕادیکاڵانە:** سەرجەم لایەنەکان لە بەرژەوەندییاندایە ئەو گروپە سیاسییەی ئەمڕۆ لە سوریادا دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، بە دوور لە لێکەوتەی توند و تیژی و ڕادیکاڵی چارەسەری پرسە سیاسییەکانی ناوخۆی سوریا بکەن و هەوڵبدەن بە هەموو جۆرێک خۆیان لە هەنگاوی ڕادیکاڵانە و توند و تیژی لە چارەسەرکردنی جیاوازی و ناکۆکییە سیاسییەکانی ناوخۆی سوریادا بپارێزن[٢]، کە ڕووداوەکانی پاش (٢٠٢٥/٣/٢) زیاتر ئەو دوودڵیانە لەبارەی ڕادیکاڵی هێڵەکانی ڕژێمی نوێی سوریا پشتڕاست دەکەنەوە.

سەرباری ئەو خاڵانەی لای سەرەوە، کە لە بەرژەوەندیی ئەو لایەنە سیاییە بیانیانەنەیە دەیانەوێت دەستوەربدەنە ناخۆ سوریا، کە هەموو لایەنەکان تێیدا لەیەکەوە نزیکن، لە هەمانکاتدا، هەر دەستوەردانێکی سەربازی بۆ ناوخۆی سوریا، سەرباری لاسەنگکردن و لە باربردنی ئەو بارودۆخە تاڕادەیەک سەقامگیرەی کە لەو وڵاتە هاتووەتەئاراوە، لە هەمانکاتدا، ئەگەری زۆرە ببێتە مایەی کۆچ و ڕەوی بەلێشاوی هاووڵاتیانی سوریا بۆ دەرەوەی ئەو وڵاتە، ئەمەش ئەو خاڵەیە، کە هیچ لایەنێک لە لایەنە بیانییەکانی پەیوەست بە قەیرانی سوریاوە لە بەرژەوەندیاندا نییە. تەنها لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم و ناوەڕاستی کانوونی یەکەمی (٢٠٢٤)دا، بەهۆی جموجۆڵی هێزەکانی دژ بە بەشار ئەسەد، زیاتر لە یەک ملیۆن و سەد هەزار حاڵەتی کۆچکردن تەنها لە وڵاتی تورکیای دراوسێیدا تۆمارکراوە، بەڵام بەهۆی هۆکاری سەقامگیربوونەوەی بارودۆخی سیاسی دیمەشق و هاتنە سەر حکومی دەسەڵاتی نوێ لە دیمەشق، تەنها لە ماوەی یەک هەفتەدا (٨١) هەزار کۆچبەری سوری لە تورکیا بۆ سەر زێدی خۆیان لە سوریا گەڕاونەتەوە[٣]. هەر بۆیە ئەمە لە ئێستادا، خاڵێکی هەستیارە و زۆرێک لەو لایەنانەی دەیانەوێت لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە دەست بۆ کاروباری ناوخۆی سوریا ببەن، تاڕادەیەک خۆیانی لێ تەریز دەگرن و کاریگەری و پاشهاتەکانی لەبەرچاو

دەگرن، بەتایبەت هێزەکانی ڕۆژئاوا نایانەوێت دیسانەوە بەهۆی هەڵگیرساندنی قەیرانی سیاسییەوە دیسانەوە ئەوروپا ڕووبەڕووی لێشاوی گەورەی کۆچبەران بکەنەوە، کە لە پانزە ساڵی ڕابردوودا، دوو جار ڕووبەڕووی شاڵاوی بەرفراوانی کۆچبەران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقاوە بووەتەوە. ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ناوچە عەلەوییە نشینەکانی سوریا زیاتر کۆدەنگی لە بارەی ئەم بۆچوونەوە دروستدەکەن و ڕاستەخۆ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کاردانەوەی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە کۆچبەران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بە دوای خۆیاندا هێناوە.

*** پەیوەندییەکانی ڕوسیا و سوریا:**

مێژووی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان ڕوسیا و سوریا بۆ ٨٠ ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، بە بەردەوامی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە لە ئاستێکی زۆرباشدا بووە و سوریا هەمیشە بە یەکێک لە هاوبەشە ستراتیجییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و ڕوسیای فیدراڵ ژمێردراوە و سوریاش زیاتر لە ژێر هەژموونی ڕوسیا دا بووە، وەک لە وڵاتانی دیکە. پاش قۆناغی کەوتنی ڕژێمی بەشار ئەسەد و هاتنە کایەی بارودۆخی سیاسی نوێ لە سوریا، بارودۆخی ئێستای ڕوسیا لەو وڵاتەدا، دەکرێت بە سیاسەتی خۆ بە دوورگرتن و لێ وردبوونەوە و دیراسەکردنی ئەو سیناریۆیانەی کە پێشبینی دەکرێت لە ئایندەی سوریادا، ڕووبدەن، وێنا بکرێت.

کرێملن لە هەوڵدایە خۆی لەگەڵ ئەگەری ئەو سیناریۆیانەدا بگونجێنێت دەکرێت لە ئایندەی سوریادا، بێنە ئاراوە. پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەموو گروپە چەکدارەکان لەو ناوچانەدا کە دەسەڵاتدارن، بپارێزێت و لە پەیوەندییدا بێت لەگەڵ هەموو کۆمەڵە و گرووپە چەکدارە جیاوازەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا بەرەی تەحریری شام بە هەمان شێوەی پێشووی لە لیستی تیرۆری مۆسکۆدا ماوەتەوە و بۆ ماوەی ساڵانێکی دوور و درێژ هێزی ئاسمانی ڕوسی زۆر گروپی جیهادی و چەکداری توندڕەوی بۆمباران کردووە و هێرشی کردوونەتە سەر، لە نێویشیان دا گروپە چەکدارەکانی سەر بە تەحریری شام. هەر بۆیە ڕوسەکان زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ سەرکردەی گرووپە جیاوازەکانی سەر بە تەحریری شامدا دەکەن و لە هەمانکاتیشدا لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵیاندا.

هەر لە سەرەتای هاتنە سەر حوکمی ئەحمەد جۆلانی بۆ سەر کورسی دەسەڵاتی سوریا، ڕوسەکان بەشێوەیەکی چالاك کەوتنە جموجۆڵ بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتی ڕاگوزەری سوریادا ڕێکبخەنەوە تاکوو ڕوسیا نەخرێتە لیستی ئەو وڵاتانەوە، کە دەسەڵاتی سوریای نوێ لە ئایندەدا، دەیەوێت هەموو پەیوەندییەکیان لەگەڵدا هەڵپەسێرێت. سەرباری هەموو گۆڕانکارییەکان لە ئێستادا، مۆسکۆ ئامادەیی نیشانداوە بۆ هاوکاری سوریا و یارمەتیدانی بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش و هاوکاری و هەماهەنگی کردنی

دیمەشق لە دیالۆگی نیشتمانی و لێکنزیک کردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی ناوخۆی سوریا.[٤] بەڵام پێداگیری و بە کەم تەماشاکردنی ڕوسەکان لە لایەن دەسەڵاتی نوێی سوریاوە، کارێکی کردووە، ڕوسەکان ناچاربن دەست بۆ کارتەکانی فشار خستە سەر دیمەشق بجوڵێنن و هەوڵدەن لە گەڵ لایەنە دژبەرەکانی ڕژێمی نوێدا تاڕادەیەک نزیک بن و لە دوورەوە پشتگیری ئەو پشێویە بن کە لە ئێستادا لە ڕێگەی دەستوەردانی ئیسرائیل وئێران لەو وڵاتەدا، هاتوونەتە ئاراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پشێوییە بەردەوامیان دەبێت تائەو کاتەی لە ڕێگەی سیاسییەوە ڕوسیا هەست بە ئارامییەک بکات لە بارەی پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندییەکانی لە سوریادا و دوور نییە پاش ئەوەی ڕێککەوتنی نوێ دێتە ئاراوە ئەو گرژیانە ڕوو لە هێوربوونەوە بکەن، کە لە ئێستادا چ لەلایەن هێزە چەکدارە دژ بەرەکان و چ لەلایەن هێزەکانی سەربە ڕژێمی نوێوە ڕوویان لە توند و تیژی و کاردانەوەی ڕادیکاڵانە کردووە.

> **" ڕووداوە ناوچەییەکان بەشێوەیەکی هێندە خێرا لە جوڵە و گۆڕانکاریدان بەتایبەتیش لە یەك ساڵی ڕابردووەوە، ئاسان نییە بتوانرێت پێشبینییەکان بەشێوەیەکی درژد و زانستی کاریان لە بارەوە بکرێت "**

**بۆ زیاتر تێگەیشتن لە پێگەی ڕوسیا لە سوریادا، پێویستە، لە توانا و جموجۆڵە جیاوازەکانی ڕوسیا بڕوانین، کە لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:**

١- **بنکە سەربازییەکانی ڕوسیا:** ئەم بنکە سەربازیانە لە کۆمەڵێک ڕووەوە، هێز و پێگە بە ڕوسیا دەبەخشن، ڕوسیا لەڕێگەیەوە دەتوانێت ببێتە هێزێک، کە توانای بەرگرییکردنی لە بەرژەوەندییە ئێستایی و ستراتیجیەکانی خۆی لەو وڵاتە و ناوچەکە و هەروەها ماف و پێکهاتە و کۆمەڵە ئاینییە بچووکەکانی سوریا بکات، لە ئەگەرێکدا بارودۆخی ئەو وڵاتە ڕوو لە خراپی بکات و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان بکەونە ژێر هەڕەشەی لە ناوچوون. دەسەڵاتدارانی ڕوسیا ڕایانگەیاند لەڕێگەی بنکە سەربازییەکانیانەوە، دەتوانن هاوکارییە مرۆییەکانیان بگەیەننە سوریا و ناوچەکە، ئەمەش پاش لێکتێگەیشتنی سیاسی لەنێوان مۆسکۆ و دیمەشقدا. لە ئایندەدا بنکە سەربازییەکانی ڕوسیا دەبێتە ئامرازی گوشار خستنەسەر و پێشکەشکردنی هاوکاریی سەربازی بۆ هێزەکانی حکومەتی دیمەشق، ناشبێت ئەوە لەبیر بکەین دیمەشق نەک تەنها لەژێر گوشاری ئەمریکییەکاندا نییە بۆ دەرکردنی بنکە سەربازییەکانی ڕوسیا، لە هەمانکاتدا فەرەنسا و ئەڵمانیاش گوشارەکانیان بۆ سەر دیمەشق

زیادکردووە، تاوەکو لە ئایندەی سوریادا ئەو ڕۆڵە بە ڕوسیا نەدرێت، بەتایبەت لە ئێستادا ئەم هێزانە خۆیان دەیانەوێت بۆ سوریا بگەڕێنەوە، کە لەپاش ئامادەیی ئێران و ڕوسیا لە سوریا لە ماوەی (٢٠١٢ بۆ ٢٠٢٤) هیچ یەکێک لەو هێزانە نەیانتوانی سەرکەوتوانە لەو وڵاتەدا بمێننەوە. هەر لە بەر ڕۆشنایی و هەستیاری ئەم بابەتە، زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی پێیان وابوو، کە لە پەیوەندییە تەلەفونییەکەی نێوان دۆناڵد ترامپ و ڤلادیمێر پوتیندا، هەروەها لە دیداری ئایندەی نێوانیاندا، یەکێک لەو تەوەرانەی کە چاوەڕوان دەکرێت باسی لێوە بکرێت، پرسی هێشتنەوەی بنکە سەربازییەکانی ڕوسیایە لە سوریا، هەرچەندە ئەمە لە ئەجێندای پرسە سەرەکییەکانی واشنتۆن نابێت بۆ گفتوگۆ لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ مۆسکۆدا، بەڵام بەدەریش نابێت لە باسکردن و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆیان. جێی ئاماژە پێکردنە، لایەنی ڕوسی لەمیانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پەیوەنددی تەلەفۆنی نێوان ڤلادیمێر پوتین و دۆناڵد ترامپی سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکان، تیشکیانخستە سەر ئەوەی کە یەکێک لەو بابەتانەی گفتوگۆیان لە بارەوە کراوە، پرسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرۆگرامی چەکی ئەتۆمی ئێران بووە. ڤلادیمێر پوتین بانگهێشتی دۆناڵد ترامپی بۆ مۆسکۆ کردوە و بە ئامانجی لێکتێگەیشتن و کارکردن بە ئاڕاستەی چارەسەرکردنی کێشەکانی وەک جەنگی ئۆکرانیا و خێرا ڕاوەستانی و کاری هاوبەش لە بواری ئابووریدا. هەردوولا بڕیاریانداوە بەردەوامی بە پەیوەندیی و بیروڕا ئاڵوگۆڕکردن لەبارەی پرسە هەستیارەکانەوە بدەن[٥].

**٢- پێشکەشکردنی یارمەتی سەربازی بە حکومەتی نوێی سوریا:** بەوپێیەی سوپای سوریا لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا، بە کەرەستە و چەکی ڕوسی پڕچەک و ئامادەکرابوون، هەر بۆیە حکومەتی ئێستای سوریا ناچار دەبێت لە ڕێکخستنەوەی سوپای سوریا و بەکارهێنانی چەکە ڕوسییەکاندا، پێویستی بە هاوکاریی ڕوسیا دەبێت لەڕێگەی پێشکەشکردنی هاوکاریی تەکنەلۆجی ڕوسی بۆ ئامێر و کەرەستە ڕوسییەکان و پسپۆڕ و ئەفسەرە ڕوسییەکان بۆ ڕێکخستنەوەی سوپای سوریا.

**٣- پەیوەندییەکانی ڕوسیا لەگەڵ سەرکردە سیاسی و سەربازییە ناوچەییەکاندا:** ئەگەر حکومەتی ئایندەی سوریا بیەوێت لەڕێگەی دیالۆگی سیاسییەوە بەشداری بە لایەنە سیاسییەکان بکات، ئەوا لە پرۆسەی ئاشتەوایی ئەو وڵاتەدا، ڕوسەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن، بەو پێیەی کە ڕوسەکان لەگەڵ سەرکردەی گروپ و لایەنە سیاسییەکانی ناوخۆی سوریادا (بە کوردیشەوە لە پەیوەندییەکی توند و تۆڵدان؛ هەرچەندە زیاتر لە چەندینجار لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە سێرگێی لاڤرۆڤ ڕایگەیاندوە؛ ئێمە پشتگیری بە دەستهێنانی مافی نەتەوەیی کورد دەکەین لە ناوچەکەدا و پێویستە دەسەڵاتی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژین، کارێک بکەن کە ڕێگە بدەن کورد بە مافە نەتەوەییەکانیان بگەن، بە لەبەرچاوگرتنی یەکێتیی خاکی وڵاتانی ناوچەکە و ئەمە هەڵوێستی ئێمەیە، کە

دەبێت سەروەری و یەکێتیی خاکی سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە بپارێزرێت)[٦]. پاش ڕوخاندنی ڕژێمی ئەسەد لەو وڵاتە، بە ئامانجی هێشتنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ڕوسیا لەگەڵ کورددا، ڕاستەوخۆ بۆچوونی دیپلۆماسی ڕوسیاش سەبارەت بە ئایندەی کورد گۆڕانکاریی بەسەرداهات، هەرچەندە پێشتریش هیچ کاتێک پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نەگەیاندووەتە بن بەست و لە لێدوانی ساڵانەی خۆیدا ڤلادیمێر پوتین، سەبارەت بە پرسی کورد لەو وڵاتەدا، ڕایگەیاند: (پرسی کورد دەبوایە لە سەردەمی حکمڕانی بەشار ئەسەددا چارەسەر بکرایە و ئێستاش لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە دەسەڵاتیان بە دەستەوەگرتوە، پێویستە بیر لە چارەسەرکردنی بکرێتەوە[٧].

٤- **هاوکاری کشتوکاڵی:** ڕوسیا لە توانایدایە، گەنم و جۆی سوریا دابین بکات و کەم و کورتییەکانی پڕبکاتەوە، بەو پێیەی تا ئێستا بەرهەمی ناوخۆی ئەو وڵاتە نەیتوانیوە هاوتای پێویستییەکانی ناوخۆی بێت و ساڵانە لە ڕێگەی ڕوسیاوە ئەو کەم و کورییە پڕ دەکرێتەوە. هەرچەندە چەند پڕۆژەیەکی ستراتیجی ڕوسی لەسوریا، بەهۆی ڕووداوە سیاسییەکانی ئەم دواییەی ئەو وڵاتەوە ڕاگیراون، وەک کارگەی دروستکردنی ئارد لە گەنمی ڕوسی کە چاوەڕوان دەکرا، ڕۆژانە لە توانایاندا هەبێت هەریەکێک لەو کارگانە بری (٦٠٠) تۆن ئارد دابین بکەن[٨].

٥- **هاوکاریکردنی پێگەیاندنی کادر بۆ پشتگیریکردنی پرۆسەی بونیادنانەوە:** تا هەنووکە بەپێی سەرچاوە جیاوازەکانی ڕوسیا، زیاتر لە (٣٠) هەزار دەرچووی زانکۆکانی یەکێتیی سۆڤێیەت و ڕوسیا لە سوریا بونیان هەیە، کە دەکرێت وەک فاکتەرێکی گرنگ سوودیان لێ ببیندرێت بۆ قۆناغی پرۆسەی بونیاندنانەوەی ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتە و لە هەر بوارێکدا کە بە لای حکومەتی سوریاوە مەبەستدار بێت و خولی بەرزکردنەوەی توانا و ئاستی زانستی و خزمەتکردن لە سێکتەرە جیاوازە ئابوورییەکاندا[٩].

٦- **هاوبەشی سەرەکیی ئابووری:** ڕوسیا یەکێک بوو لە پێنج وڵاتە هاوبەشە ئابوورییە سەرەکییەکەی سوریا لە بواری هەناردەکردندا و بەپێی پێشبینییەکان، ڕوسیا لە ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا، هەمان پێگەی جارانی دەمێنێتەوە، بەبێ جیاوازیی تێڕوانینی دیمەشق بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتە لەڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانییەوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی دیمەشق، لەسەر بنەمای ئەزموونی سۆڤێیەتی و کارکردن لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی سۆڤێیەتی پێشوو بونیاد نراوە، هەر بۆیە ناتوانرێت ڕۆڵی ئەم ناوچانە و بەرهەمەکانیان کە بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێندرێن لە ئایندەی کورت مەودادا فەرامۆش بکرێن.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی لای سەرەوە، حکومەتی سوریا باش ئاگادارە، کە ناتوانێت بەو ئاسانییەی کە باسی لێوەدەکرێت، خۆی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕوسیادا

هەڵپەسێرێت، ئەمە لە کاتێکدایە سوریا دەشتوانێت بوونی فاکتەری ڕوسی لە سەرجەم سێکتەرە جیاوازەکانی ئەو وڵاتەدا، بۆ هاوسەنگی لایەنە دەرەکییەکانی ناوخۆی ئەو وڵاتە بەکاربهێندرێت، وەک (تورکیا، وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، ئەمریکا و هتد...)، بە ئامانجی ڕێکخستنەوە و گەشەپێدانی سێکتەری ئابووری سوریا، حکومەتی ئەو وڵاتە ناچارە باڵانسێک لەنێو ئەو وڵاتانەدا ڕابگرێت کە پەیوەستن بە سێکتەری ئابوورییەوە، تاوەکو لە ئایندەدا ئابووری سوریا بە تەنها وڵاتێکەوە پەیوەست نەبێت. لەلایەکی دیکەشەوە بۆ پیشاندانی سەربەخۆیی و توانای بڕیاردانی حکومەتی ڕاگووزەری سوریا سەبارەت بە ڕوسیا لەو وڵاتەدا و سەرنجڕاکێشانی بیانییەکان و بەتایبەت هێزە ڕۆژئاواییەکان، حکومەتی سوریا چەند بڕیارێکی خستەڕوو، لەوانە حکومەتی ڕاگووزەری سوریا تاکلایەنانە، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پڕۆژەی بوونیادنانەوەی بەندەری )تەرتوس(ی لەگەڵ لایەنی ڕوسی هەڵوەشاندەوە، کە یەکێک بوو لە پڕۆژە ستراتیجییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە و ڕوسەکان لە ساڵی (٢٠١٩)دا لەگەڵ سەرۆکی پێشووی سوریادا گرێبەستەکەیان واژۆکردبوو. هەروەها ناوەڕۆکەکی خۆی لەوە دەبینییەوە بۆ ماوەی (٤٩) ساڵ هێزە دەریاییەکانی ڕوسیا ئەو بەندەرانە بەکاربهێنن بەبێ بەرامبەر و ئەوانیش ئەرک و خەرجی ڕکخستنەوەی ئەو دوو بەندەرە لە ئەستۆ بگرن، بەپێی سەرچاوەکان، لە ئێستادا تورکیا سەرنجی لەسەر کاری بونیادنانەوە و ڕێکخستنەوەی بەندەرەکانی سوریا هەیە، ناوەندیی توێژینەوەی ڕوسیش، هەمان پرسی پشتڕاست کردووتەوە، بەڵام ئاماژەی بەوەکردووە، تا ئێستا لەلایەن حکومەتی ڕاگوزەری دیمەشق هیچ باسێکیان لە دوورخستنەوەی هێزەکانی ڕوسیا نەکردووە، کە هەژموونیان بەسەر سنورە ئاوییەکانی سوریادا هەیە[١٠].

**” ئەحمەد شەرع (ئەبو محمەد جۆلانی) بەردەوامە لە هەوڵەکانی تاوەکو بە تەواوەتی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هێزە چەکدار و سەربازییەکانی ئەو وڵاتەدا بسەپێنێت، لە هەمانکاتدا خۆی وەك سەرکردەیەکی پراگماتیکی دەخاتەڕوو و دەرگای گفتوگۆی بۆ هەموو ئەو لایەنانە کردووەتەوە، کە سەرنجیان لەسەر سوریا هەیە بە هێزەکانی ڕۆژئاواشەوە “**

لە هەمان کاتدا، تێگەیشتنێکی دوولایەنە لەنێوان حکومەتی کاتی دیمەشق و مۆسکۆ هەیە، کە هەردوولا هەست بە گرنگی و بایەخی یەکدی دەکەن و دەسەڵاتی نوێی سوریا

ڕاستەخۆ بەهەمان شێوەی ڕوسەکان دەرگای دیالۆگیان بۆ پەیوەندیی کردن کردەوە و پەیوەندیی تەلەفۆنی نێوان ڤلادیمێر پوتین و ئەحمەد شەرع و سەردانیکردنی شاندی باڵای ڕوسیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دیمەشق بە سەرۆکایەتی میخائیل بۆگدانۆڤ، بەڵگەی پشتڕاستکەرەوەی ئەم بۆچوونانەن. تا هەنووکە حکومەتی کاتی سوریا هیچ هەنگاوێکی بۆ ناردنەوە و سنوردارکردنی بنکە سەربازییەکانی ڕوسیا لەو وڵاتە نەناوە. بەپێی ڕاگەیاندنی کرێملین؛ پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا پۆزەتیفە و باس لە دانیشتن و پەیوەندییەکانی هەردوولادا باس لە چەند پرسێکی گرنگ لەو نێوەندەدا کراوە، سەرۆکی ڕوسیا پشتگیری خۆی بۆ یەکپارچەیی خاکی سوریا و هەرچی زووترە کۆتایهێنان بە ئاڵۆزییەکانی ناخۆی سوریا دەربڕیووە و باسیش لە هەماهەنگی و کاری هاوبەشی لە بواری ئابووری و هاوکاری و هەمانگی بۆ بەرقەرار بوونی ئاسایش و ئارامی و چەند بابەتێکی تر کراوە[١١].

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە وادەکات سورییەکان نەیانەوێت پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕوسیا بگاتە بنبەست و پەیوەندییەکانیان بەردەوامیان هەبێت، تاوەکو وەک خاڵێکی گرنگ لە ئایندەدا کاری لە بارەوە بکرێت، بوون و کاریگەریی فەکتەری ڕوسییە لەنێو شانۆی ڕووداوە سیاسییەکانی سوریادا، وەک مەودای بەرفراوانکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. لە هەمانکاتدا، بەپێی بۆچوونی توێژەری ڕوسی د. نیکۆلای سوخۆڤ؛ توێژەر لە دامەزراوەی پریماکۆڤ، دۆخی پەیوەندییەکانی حکومەتی ڕاگوزەری سوریا لەگەڵ ڕوسیا بە قۆناغی مامەڵەکردن وێنادەکات و ئاماژە بەوە دەکات؛ حکومەتی کاتی سوریا سەرباری هەموو پەیوەندییەکانی پێویستی بە گەڕانەوەی بەشار ئەسەد و خێزانەکەیەتی، لەگەڵ گەڕانەوەی ئەو پارانەی کە بردویانە بۆ مۆسکۆ، کە لە ئێستادا دەسەڵاتدارانی سوریا هیچ پارەیەکی ئەوتۆیان بە دەستەوە نییە و زۆر پێویستیان پێیەتی[١٢].

باس لەوە دەکرێت، لە سەروبەندی گفتوگۆکانی شاندی ڕوسیا لە دیمەشق باس لە پرۆژەی قەرەبووکردنەوە کراوە، ئەم پرۆژەیە بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی و تەندروستی ئەو ناوچانەی سوریایە هێزی ئاسمانی ڕوسیا بە هاوکاری هێزەکانی ڕژێمی بەشار ئەسەد بۆردوومانی کردوون. لەم بارەیەوە ئیڤان بۆچارۆڤ ئەندامی دەزگای ئەنجوومەنی ڕوسی بۆ کاروباری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئاماژە بەوە دەکات، ئەمە بۆ چوونی دەسەڵاتی نوێی سوریایە و پێیان وایە ڕوسیا دەبێت بەم کارە هەستێت.[١٣]. ئەم خاڵە بە خاڵی ناکۆکی نێوان هەر دوولا دادەنرێت و پێدەچێت ڕوسەکان هەندێک نەرمی بنوێنن، بەتایبەت سوریا وەک قەرزی دەرەکی نزیکەی (٢٣) ملیار دۆلای ڕوسیا قەرزارە و دەکرێت لە گفتوگۆکانی ئایندەدا ئەمەش وەک ئامڕازێک بە کاربهێرێت، وەک ئەوەی ڕوسیا لە عێراق کردی و لەبەرانبەر هەندێک بەرژەوەندیدا لە سەرجەم قەرزەکانی سەر عێراق خۆش بوو. ئەمە لە کاتێکدایە ڕژێمی نوێی سوریا بە دەست کەمی نەختینەیی پارەی کاشەوە گیرۆدەیە و سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان باس

لەوە دەکەن ڕوسیا ئەو قەرزانەی داوەتە حکومەتی نوێی سوریا لە بەرانبەر پارێزگاریکردن لە هێشتنەوەی بنکە سەربازییەکانی لە سوریادا[١٤].

*** ئایندەی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان ڕوسیا و سوریا:**

لە ئێستادا یەکێک لەو پرسانەی کە زۆر باسی لێوە دەکرێت، لەپاش ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان سوریا و شێوازی پارێزگاریکردنی پێگەی ڕوسیایە لەو وڵاتەدا، سەرباری زۆرێک لە ناڕوونییەکان، لە ئێستادا کۆمەڵێک دەنگۆی جیاواز لەم بارەیەوە بڵاوکراونەتەوە.

**لێرەدا پێویستە کۆمەڵێک زانیاریی لەبارەی ئەو دەنگۆیانەی کە سەرچاوە ڕوسییەکان باسی لێوە دەکەین بخەینەڕوو:**

1-ڕوسیا بەشێکی زۆری بنکە سەربازییەکانی لە سوریا بە بەشی زۆری کەرەستە سەربازییەکانییەوە دەهێڵێتەوە.

2-ڕوسیا بەهەمان شێوەی سەردەمی ڕژێمی پێشووی سوریا، دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هێزی دەریایی سوریا و کۆنترۆڵی هێزی ئاسمانی ئەو وڵاتەدا دەمێنێتەوە. ئەمەش مانای پارێزگاریکردن دەبێت لە سەرجەم بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا، لە کاتێکدا لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە باس لەوە دەکرا ڕوسیا لە سوریا دەکشێتەوە.

3-بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ڕوسیا لە سوریادا، بەهەمان شێوە پارێزگاری لێ دەکرێت و ڕوسیا وەک هاوبەشێکی ئابووری سەرەکیی سوریا دەمێنێتەوە، هەرچەندە بە پێی هەندێک لە پێشبینییەکان، چاوەڕوان دەکرێت، کە قەبارەی هەناردە و وەبەرهێنانی ڕوسی بۆ سوریا، بە ڕێژەی (٣٠٪) دادەبەزێت.

4-سەرباری ڕیفۆرمە سەربازییەکان، ڕوسیا بەهەمان شێوەی سەردەمی حکومی بەشار ئەسەد، هاوکاریی ڕژێمی نوێی سوریا دەبێت لە ڕێکخستنەوەی هێزە سەربازییەکان و دابینیکردنی کەرەستەی سەربازی پێویست و بەکارخستنەوەی کەرەستە و ئامێرە جەنگییە ڕوسییەکانی سوپای ڕوسیا.

5-هاوکاریی پێگەیاندنی کادر لە زانکۆکانی ڕوسیا بۆ فێرخوازانی سووری بەردەوامیان دەبێت و ساڵانە حکومەتی ڕوسیا (٥٠٠) کورسی خوێندن بۆ فێرخوازانی سوریا لە سەرجەم ئەو بوارانەی کە حکومەتی سوریا پێویستی پێیان دەبێت دابین دەکەن.

6-هاوکاریکردنی کەرتی تەندروستی سوریا، بەتایبەت لە سەروبەندی سەردانیکردنی شاندی باڵای ڕوسیا بە سەرۆکایەتیی میخائیل بۆگدانۆڤ، لایەنی ڕوسی لەگەڵ وەزیری تەندروستی سوریا گفتوگۆیان کردووە و ئامادەییان پیشانداوە بە پێشکەشکردنی هاوکاری

و بونیادنانەوەی کەرتی تەندروستی لەڕێگەی دابینکردنی داودەرمان و ئامێر و کەرەستەی تەندروستی و دابینیکردنی پسپۆر و شارەزای ڕوسی بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی تەندروستی و بنکە تەندروستییەکان لە سوریا.

لە بەر ڕۆشنایی وتەکانی وەزیری دەرەوەی کۆماری سوریای عەرەبی (حکومەتی ڕاگوزەر) لە کۆڕبەندی میونیخ بۆ ئاسایش، کە ئاماژەی بەوەکرد؛ (شێوازی دارشتنەوی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕوسیادا، لە ئایندەیەکی نزیکدا گەلی سوریا بڕیاری لەبارەوە دەدەن)[١٥]. ئەگەریش، زیاتر لە وتەکانی نوێنەری هەمیشەیی ڕوسیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان وردبینەوە، ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بوو بۆ نزیکبوونەوەی ڕێککەوتنەکانی نێوان ڕوسیا و سوریا، بەتایبەت کاتێک گوتی: (مۆسکۆ ئامادەیە هاوکاری دیمەشق بکات لە ڕێکخستنەوەی ئەمن و ئاسایش و پرۆسەی نائارامی پاش گۆڕینی دەسەڵات و جێگیرکردنی پێگەی حکومەتی هەنووکەیی ئێستای ئەو وڵاتە).

> **” هەر دەستوەردانێکی سەربازی بۆ ناوخۆی سوریا، سەرباری لاسەنگکردن و لە باربردنی ئەو بارودۆخە تاڕادەیەك سەقامگیرەی کە لەو وڵاتە هاتووەتەئاراوە، لە هەمانکاتدا، ئەگەری زۆرە ببێتە مایەی کۆچ و ڕەوی بەلێشاوی هاووڵاتیانی سوریا بۆ دەرەوەی ئەو وڵاتە “**

*** دەرئەنجام:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی لای سەرەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی:

1-کشانەوەی ڕوسیا لە سوریا و پشتگیرینەکردنی بەردەوامیدان بە حوکمی ئەسەد، بەپێی ڕێککەوتنی پێشوەختە بووە، کە بەشێکی زووری بە بارودۆخی جەنگی ئۆکرانیاوە پەیوەستە و بەشێکیشی پەیوەستە بەو ڕێککەوتنەی کە بەچی شێوەیەک بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا لە ئایندەی سوریادا پارێزراو دەبێت.

2-جێنەهێشتنی سوریا و دەستبەردارنەبوونی پەیوەستە بە نەبوونی متمانەی ڕوسەکان بەو بەڵێنانەی لەبارەی پرسی چارەسەرکردنی قەیرانی ئۆکرانیاوە لە ئەمریکییەکانیان وەرگرتووە. بە ڕەچاوکردنی لاوازی متمانە لەنێوان دیموکراتەکانی ئەمریکا و مۆسکۆ، کە لە چەند پرسێکی هەستیاردا نەیانتوانیوە گفتەکانیان ببەنەسەر، بەتایبەت لە پرسی بەرفراوانکردنی ناتۆ لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و نزیکبوونەوەی لە سنورەکانی ڕوسیا. هەر بۆیە

لە ئێستادا، ڕوسیا هەرچەندە بە ئومێدەوە لە قۆناغی حوکمداری دۆناڵد ترامپ دەڕوانێت و وای دەبینێت، دەکرێت لەم قۆناغەدا لە بارەی پرسی ئۆکرانیا، کێشەی مانەوەی هێزەکانی لە سوریا و هەژموونی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەت پرۆگرامی ئەتۆمییەکەی، دەکرێت پشت بە دیالۆگ و ڕێککەوتن لەگەڵ واشنتۆندا ببەستێت و بۆ ماوەیەک ئارامی و هەستیاریی لە پەیوەندییەکانیاندا بێتەکایەوە. بەتایبەت لە ئێستادا ڕوسیا چ لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بە هۆی جەنگی ئۆکرانیا و گوشار و سزا ئابوورییەکانی سەری، تەواو هەست بە ماندوێتی دەکات و لە هەمانکاتدا، پێویستی بە دەرفەتە، تاوەکو لە ڕێگەیەوە، بتوانێت لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیی پەیوەندییەکانی ڕێکبخاتەوە و ژێرخانی ئابووری خۆی زیاتر ببوژێنێتەوە، بەتایبەت بەهۆی جەنگی ئۆکرانیا و سزا ئابوورییەکانەوە، لە ئێستادا ڕوسیا ژمارەیەکی زۆری کارگەی جیاوازی بونیادناوەتەوە و خاوەنی بەرهەمی زۆری جیاوازە، لەپاش جەنگ بۆ ساغکردنەوەیان پێویستی بە بازاڕ دەبێت، کە لەگەڵ ستراتیجی نوێی ئەمریکا و ترامپ یەکانگیرە، کە پێویستیان بە پەرەپێدانی پرۆژەی هاوبەشی ئابووری ستراتیجی هەیە، ئەمەش زەمانی لێکتێگەیشتن ئاسان و مەودای گفتوگۆکان بۆ لێکنزیکبوونەوە و تێگەیشتن ئاسانتر دەکات.

لێدوانە جیاوازەکانی دۆناڵد ترامپ و هەڵسوکەوتە جیاوازەکانی بەرانبەر بە سەرۆکی ئۆکرانیا، ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆن، کە ئەگەر زۆرە جەنگی ئۆکرانیا لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆتایی بێت، بەتایبەت ئەم جەنگە لەژێر گوشاری ئەمریکییەکاندا هەڵگیرسا و لەڕێگەی هاوکاریی ماددی ئەمریکی و گوشاری بۆ سەر ئەوروپییەکان بەردەوامی پێ درا. هەروەها ئەوان پاڵشپشت بوون بۆ ئەوەی ئۆکرانیا بتوانێت لە بەرەکانی جەنگدا خۆی بەرامبەر بە سوپای ڕوسیا ڕابگرێت.

لە ئێستادا قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیا و ئەمریکا هاتووەتەئاراوە، ئیدی قۆناغی سنوورداركردنی هەژموونی ڕوسیا بۆ ئەمریکا هێندە گرنگی نییە، ئەمریکییەکان لەم قۆناغە نوێیەدا پێیان ئاساییە بەشداری بە ڕوسەکانیش بکەن و پێگەیەک بە ڕوسیا بدەن، لەبری ململانێ و بارگرانکردنی خەزێنەی حکومەتەکانی هەردوولا.

ئەگەرچی هەڵوێستی دوور لە ئەتەکێتیی دیپلۆماسیانەی سەرۆکی ولایەتە یەککگرتوەکان بەرامبەر بە شاندی ئۆکرانیا و سەرۆکی ئەو وڵاتە، لێکدانەوەی سیاسی و دیپلۆماسی جیاوازی بۆ دەکرێت، بەڵام دەکرێت ڕەهەندێکی پەیوەست بێت بە کەمبوونەوەی پەتی سەبری ئەمریکییەکان و ناچارکردنی کیڤ بە کۆتایی هاتنی جەنگ. هەموو ئەمانە ئەگەرچی زیاتر بۆ دڵنەوایی ڕوسیان و ئاماژەن بە نزیکبوونەوەی کۆتایی جەنگ، هەروەها پەیوەستن بە درێژەدان و پێداگری ڕوسیا لە بەردەوامیدان بە سیاسەتەکانی لە سوریای نوێدا و تاوەکو پرۆسەی کۆتایی هاتنی جەنگی ئۆکرانیا پێش بخرێت. دووریش نییە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا وانەخوازێت ڕوسیا بەهەمان شێوەی پێشوی پێگەی خۆی لە شێوەیەکی کەمتر لە ئێستا، لە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بپارێزێت.

هەر لەم بارەیەوە، لە ڕۆژی (٢٠٢٦/٢/٢٦) سێرگێی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕوسیای فیدراڵ، لەمیانی لێدوانیدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، ئاماژەی بەوەکرد؛ (حکومەتی نوێی سوریا چیدی نایەوێت سوریا ببێتە ئەو سنورەی، کە کێشەی لایەنی دیکەی تیادا چارەسەر بکرێت). ئەمە هەمان ئاماژەیە بۆ پێداگیرییەکانی ڕوسیا بۆ مانەوە لە سوریا و پارێزگاریکردن لە هەژموونی ڕوسیا و سێرگێی لاڤرۆڤ ئاماژەشی بەوە کرد؛ (ڕوسیا هەموو هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ تاوەکو سزا ئابوورییەکانی سەر دیمەشق لابدرێت)[١٦]. لەم بارەیەوە، ڤلادیمێر پوتین ئاماژەی بە ئامادەیی و درێژەپێدانی هاوکاری ڕوسیا بۆ سوریا کرد بە مەرجێک لە چوارچێوەی ڕێزگرتن لە سەروەرییەکانی سوریا بێت. هەروەها جەختیشی کردەوە، کە ئەوان ئامادەن هاوکارییە مرۆییەکانیان بەردەوامی پێ بدەن، تا ئەو کاتەی قەیرانی ناوخۆیی سوریا نزیک دەبێتەوە لە کۆتایی). هەروەها لە (٢٠٢٥/٢/٢٦) لە دەوحە سێرگێی لاڤرۆڤ ڕایگەیاند؛ (ئێمە بەلامانەوە گرنگە، کە بارودۆخی سوریا لە کۆنترۆڵ دەرنەچێت و ئامادەین هەموو هاوکارییەک پێشکەش بکەین، تاوەکو بارودۆخی ناوخۆی سوریا بە ساقامگیریی بمێنێتەوە)[١٧].

*** سەرچاوەکان:**

1- РБК, Верховный Суд призвал (Хайят Тахрир аш- Шам) террористической организацией, 05.06. 2020:
https://rbc-ru.turbopages.org/rbc.ru/s/rbcfreenews/5eda47c59a794738ad52e57d, 20-2-2025
2- РСМД, Что ждет Сирию: взгляд из России, Алексей Хлебников - Игорь Матвеев. 21,февраля 2025:
https://russiancouncil.ru/analytics-and-comments/analytics/chto-zhdet-siriyu-vzglyad-iz-rossii/?sphrase_id=180669608&ysclid=m7k3ndi1fk633592940, 25-2-2025
3- Коммерсант, После смены власти в Сирию из Турции вернулись более 81 тыс. Беженцев, 29.01.2025:
https://kommersant-ru.turbopages.org/kommersant.ru/s/doc/7461556,1-3-2025

4- РИА НОВОСТИ, Россия будет оказывать помощь Сирии и после смены власти, заявил Небензя, 08. 01. 2025:
https://ria.ru/20250108/nebenzya-1992840587.html,15-2-2025
5- Кремлен, Телефонный разговор с Президентом США Дональдом Трампом, 12. 02. 2025:
http://www.kremlin.ru/events/president/news/76259,19-2-2025
6- Минстерство иностраных дел Российской Федерации, Обстановка в Сирии и перспективы внутри сирийского диалога, 12.12.2024
https://www.mid.ru/ru/foreign_policy/vnesnepoliticeskoe-dos-e/krizisnoe-uregulirovanie-regional-

nye-konflikty/obstanovka-v-sirii-i-perspektivy-vnutrisirijskogo-dialoga.11-2-2025
7 - Весемiру. Итоги года с Владимиром Путиным: коротко о главном 12.12.2024:
https://turbo.ria.ru/20241219/putin-1990176612.html.18-2-2025
8- журнал стратегия, РФ построит в Сирии мельничный комплекс, 07.10.2023:
https://iz.ru/1734285/elizaveta-borisenko/zerno-bez-somneniia-rf-k-kontcu-goda-dostroit-v-sirii-melnichnyi-kompleks.1-3-2025
9- ТАСС, В россотрудничестве рассчитывают на увеличение квот на обучение студентов из Сирии в РФ, 28.01. 2025:
https://tass-ru.turbopages.org/tass.ru/s/obschestvo/6940692, 2-3-2025
10- Overclockers, Сирия аннулировала договор с Россией о развитии порта Тартус:
https://overclockers-ru.turbopages.org/overclockers.ru/s/blog/dayX/show/204144/Siriya-annulirovala-dogovor-s-Rossiej-o-razvitii-porta-Tartus.17-2-2025
11- Кремлен, Телефонный разговор с Президентом переходного периода Сирийской Арабской Республики Ахмедом Шараа, 12.февраля.2025;
http://www.kremlin.ru/events/president/news/76258.3-3-2025
12- ВЕДОМОСТИ, Чего хотят друг от друга новые власти Сирии и Россия, 30.01.2025:
https://dzen.ru/a/Z5qerNZRjhRfungf?ysclid=m7rd676hdt893326220.28-2-2025
13- Предыдущий источник:
https://dzen.ru/a/Z5qerNZRjhRfungf?ysclid=m7rd676hdt893326220.28-2-2025
14- www.wsj.com/world/middle-east/russia-is-chasing-a-deal-to-keep-its-military-bases-in-syria-f9f-6ca6e?mod=hp_lead_pos9, 6.3.2025.
15 - Ura.ru, В мюнхене раскрыли судьбу российских баз в Сирии, Илья Кузнецов, 15.02.2025:
https://ura-news.turbopages.org/ura.news/s/news/1052889593.13-2-2025

16- коммерсант, Лавров: Россия будет добиваться отмены санкций против Сирии без условий, 26.02.2025:
https://www.kommersant.ru/doc/7535004?ysclid=m7nqkez5c9407498615.4-3-2025
17- Известия. Лавров указал на заинтересованность РФ в сохранении стабильности в Сирии , 26.2.2025:
https://iz-ru.turbopages.org/iz.ru/s/1845375/2025-02-26/lavrov-ukazal-na-zainteresovannost-rf-v-sokhranenii-stabilnosti-v-sirii,29-2-2025.



# پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا لە سەردەمی ئیدارەی دووەمی دۆناڵد ترامپ و کاریگەریی لەسەر ڕۆژئاڤای کوردستان

د. فەرەیدون ساڵح حەمەزۆراب
دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان

*** پێشەکی:**

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا تاڕادەیەک بەرەو ئاڵۆزی و کەمبوونەوەی متمانە ڕۆیشتووە و لە "هاوپەیمانی ستراتیجی"ی دوورکەوتووەتەوە. نزیکی پەیوەندییە کەسییەکانی سەرۆکی هەردوو وڵات لە خولی یەکەمی حوکمڕانی دۆناڵد ترەمپدا، ڕێگری لە گرژبوونی پەیوەندیی هەردوو وڵات لەسەرکۆمەڵێك پرس و دۆسێی سیاسی و ئەمنیی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی نەکرد، تا ئەوەی لە سەردەمی سەرۆکایەتیی بایدنیشدا ئەم دۆخە بەردەوام بوو.

گەڕانەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆ سەرۆکایەتیی ئەمریکا، تا ئاستێکی بەرچاو گەشبینییەکی لە تورکیا بەدوای خۆیدا هێنا. تورکیا وادەبینێت پەیوەندییە باشەکانی لەگەڵ ئەمریکا ڕەنگە وابکات کە زیاتر سەرنجی لەسەر پەیوەندییە پراگماتیک و مامەڵەییەکان بێت. هەروەها ئاڕاستەی هاوبەشیان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، لەوانەیە ببێتە هۆی ڕێککەوتن لەسەر پرسە سەرەکییەکان و پێشکەوتن لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکاندا، بەڵام بەهۆی گۆڕانی سیستەمی سیاسی نێودەولەتی، هاوسەنگی هێز و هاوکێشە سیاسییەکان لەدوای شەڕی ئۆکرانیا و بەتایبەتیتر لەدوای شەڕی غەزە و ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد، ڕەنگە ئاسان نەبێت کە پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات بەرەو باشتر بوون بچێت.

*** یەکەم: سروشتی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا لە سەردەمی ئیدارەی دووەمی ترامپدا:**

**پەیوەندییەکانی تورکیا ئەمریکا لە سەردەمی ئیدارەی دووەمی ترەمپدا کاریگەریی کۆمەڵێك فاکتەری لەسەرە، کە بۆ کەڵەکەبوونی چەندین کێشە و گرفت ئەم چەند ساڵەی دوایی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە خوارەوە تیشکدەخەینە سەر ئاستەنگ و دەرفەتەکان:**

**١- ئاستەنگەکان:**

**أ- سیستەمی بەرگریی ئاسمانی (S400)ی ڕوسی:**

کڕینی سیستەمی بەرگریی ئاسمانی (S400)ی ڕوسی لەلایەن تورکیاوە تا ئێستاش یەکێکە لە پرسە ناکۆکەکان لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیادا. ئەم پرسە دژایەتییەکی توندی هاوپەیمانەکانی وەک ئەمریکا و ناتۆ لێکەوتووەتەوە، بەهۆی ئەوەی کە ئەم سیستەمە لایەنە هەستیارەکانی بەرنامەی فڕۆکەی جەنگی ئەمریکا (F35) ڕووبەرووی مەترسی دەکاتەوە، بۆیە ئیدارەی ترەمپ لە ساڵی (٢٠١٩)دا تورکیای لە پرۆگرامی فڕۆکەی (F35) دوورخستەوە[١].

سەرەڕای ئەم ڕێوشوێنانە، سەرۆک ترامپ لە هەندێک کات و بۆنەدا ئەو پرسەی بچووک کردووەتەوە و بەشێک لە بەرپرسیارێتیی گەڕاندووەتەوە بۆ مامەڵەکردنی ئیدارەی ئۆباما لەگەڵ داواکارییەکەی تورکیا بۆ کڕینی موشەکی پاتریۆت، بەڵام گرژییەکان زیاتر بوون کاتێک تورکیا لە ساڵی (٢٠٢٠)دا سیستەمی (S400) ی تاقیکردەوە، دوای ئەوەش ئەردۆگان سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند کە: "ئێمە پرس بەئەمریکا ناکەین" وایکرد ئەمەریکا سزای زیاتر بخاتە سەر کەرتی بەرگری تورکیا. هەروەها "جۆناسان هۆفمان" وتەبێژی باڵای پنتاگۆن لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: "وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بە توندترین شێوە ئیدانەی تاقیکردنەوەی سیستەمەکە دەکات، چونکە سیستەمی کارپێکردنی(S400) لەگەڵ پابەندییەکانی تورکیا وەک هاوپەیمانێکی ئەمریکا و ناتۆدا ناگونجێت". ئەمە جگە لە کاریگەریی خراپی لەسەر هاوکارییە سەربازییەکان، ئەم ناکۆکییە نیگەرانیی فراوانتری سەبارەت بە ئاڕاستەی جیۆپۆلەتیکی تورکیا و داهاتووی لەناو ناتۆدا زیاترکرد[٢].

دۆستایەتی و لێکتێگەیشتنی هاوبەشی نێوان ئەردۆگان و ترەمپ کە لە یەکەم خولی سەرۆکایەتییەوە پەرەیسەندووە، دەتوانێت پاشخانێکی تۆکمە بۆ پەیوەندیی باشتر پێکبهێنێت. لەگەڵ ئەوەی ئێستا کۆمارییەکان زۆرینەی کۆنگرێس پێکدەهێنن، ڕەنگە ترەمپ تێگەیشتنێکی زیاتری ببێت لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ تورکیادا سەبارەت بە

فرۆشتنی فڕۆکەی (F16) و (F35)، بەڵام سروشتی تیمی حکومەتەکەی ڕەنگە لەم بابەتەدا کە پەیوەست بە تورکیایە کاریگەریان لەسەر پەیوەندییەکان هەبێت، جگە لەوەش هیچ دڵنیاییەک نییە لەبارەی سەرکردەیەکی وەک ترەمپەوە کە پێشبینی هەنگاوەکانی داهاتووی ناکرێت.

**ب- هاوسۆزی ئەنقەرە بۆ حەماس:**

تورکیا هەرچەندە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا پێش جەنگی (٧)ی ئۆکتۆبەری (٢٠٢٣) ئاساییکردەوە، بەڵام پاش هەڵکشانی جەنگەکە، سەرۆک و کاربەدەستە فەرمییە باڵاکانی تورکیا لێدوانی توندیان دژی ئیسرائیل و حکومەتی ناتانیاهۆ دا، تەنانەت پشتگیریی بەجینۆساید ناساندنی تاوانی جەنگی غەززە و سکاڵاکردن لەسەر کاربەدەستانی ئیسرائیلی کرد لە دادگای دادی نیودەوڵەتیی لە لاهای. ئەمەش لێدوانی توندو ڕەخنەئامێزی کاربەدەستانی ئیسرائیل و ئەمریکای دژ بە تورکیا لێکەوتەوە. جگە لەوەش تورکیا سەرکۆنەی فراوانبوونی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئیسرائیلی بۆ باشووری لوبنان و سوریا کرد و مەترسی بۆ سەر سنورەکانی نەشاردەوە[٣].

لەلایەکیترەوە، کێشەیەکی دیکە ئەوەیە کە چاوەڕوان دەکرێت ئیدارەی ترەمپ بۆ خولی دووەم بە شێوەیەکی ڕەها لایەنگریی ئیسرائیل بێت، ئەمەش هێنانەدی خواستەکانی ئەردۆگان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵۆزتر دەکات. ڕەنگە تیمی نوێی حکومەتەکەی ترەمپ، ئەردۆگان بکەنە ئامانج، بەهۆی قسەکانی لایەنگریی فەلەستین و پشتیوانی لە حەماس و فشارەکان بۆ سەر تورکیا لە ناوخۆشدا زیادبکەن، ئەردۆگان پێشتر کەوتووەتە بەر ڕەخنە، بەهۆی ئەوەی نەیتوانیوە قسەکانی سەبارەت بە کردەوەکانی ئیسرائیل لە غەززە لەگەڵ کردەوەکانیدا بگونجێنێت. زیادبوونی فشارەکانی ئەمریکا دەتوانێت ئەم گرژییە زیاتر بکات و ئەردۆگان لەنێوان چاوەڕوانییە ناوخۆییەکان و داواکارییە نێودەوڵەتییەکان گیربخوات.

**ج- هێزەکانی هەسەدەو یەپەگە لە ڕۆژئاڤا:**

هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لە سوریا، یەکێکە لە پرسە ناکۆکەکان لەنێوان تورکیا و ئەمریکا. لە کاتێکدا تورکیا هەسەدەو یەپەگە بە درێژکراوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دادەنێت، بەڵام ئەمریکا بە هاوپەیمانێکی گرنگی خۆی لە شەڕی دژی داعش دەیبینێت، کە وایکردووە ئەمریکا بتوانێت بە کەمترین دەستوەردانی سەربازی ڕاستەوخۆ ئامادەیی خۆی لە ناوچەکەدا بپارێزێت[٤]. ئەنقەرە پەرەسەندنی هێزی هەسەدە لە نزیک سنورەکانی وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر

ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەبینێت، کە ڕەنگە بەهێزبوونی هەسەدە و یەپەگە هانی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد لە تورکیا بدات و بەمەش نائارامی و توندوتیژی لەو وڵاتە بکەوێتەوە[١٦]. بۆیە تورکیا، هاوپەیمانی ئەمریکا و هەسەدە وەک ئاڵنگارییەکی سیاسی و ئەمنیی بەرچاوی وڵاتەکەی دەبینێت. لەم ڕووەوە ئەنقەرە چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لە باکوری سوریا بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی پارێزراو و دوورخستنەوەی چەکدارانی یەپەگە و هەسەدە لە سنورەکانی خۆی ئەنجامداوە[٥]. هەروەها تورکیا هەوڵیداوە لەڕێگەی دیپلۆماسییەوە هەژموونی یەپەگە سنوردار بکات، لەوانە گفتوگۆ لەگەڵ ڕوسیا و ئێران و حکومەتی سوریا[٦]، بەڵام ئامانجە ناوچەییە ناکۆکەکان و بێمتمانەیی ڕەگداکوتاو بەردەوامن لە دروستکردنی کێشە بۆ ئەم هەوڵانە[٧].

هەرچەندە لە ئێستادا تورکیا هەوڵدەدات لەڕێگەی پەیوەندیی کەسی ئەردۆگان لەگەڵ ترەمپدا جۆرێک لە لێکتێگەیشتن ئەنجامبدات و ئەمریکا ڕازیبکات کە گەرەنتی جەنگی دژی تیرۆر "داعش" بکات، بە هاوکاری یان لەڕێگەی سوپای حکومەتی نوێی سوریا بەسەرکردایەتیی ئەحمەد ئەلشەرع ئیدارەی پاراستنی کەمپی هۆل بکات، لەبەرامبەر کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا و وەستاندنی هاوکاریی بۆ هێزەکانی هەسەدە، بەڵام ئەمەش سەرکەوتنی ئاسان نییە، لەلایەکەوە تەنانەت ئەگەر ئەمریکاش لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا بکشێتەوە و هاوکارییەکانی بۆ هەسەدە ڕابگرێت، بەڵام وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەولەتیی دژی داعش، بۆ نموونە فەرەنسا کە لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا ئیمانێل ماکرۆن سەرۆکی ئەو وڵاتە جەختی لەسەر بەردەوامبوون لە هاوکاریی هەسەدە دژی داعش کردەوە. لەلایەکی ترەوە، کاربەدەستە باڵاکانی ئیدارەی دووەمی ترامپ بە هەڵوێست و لێدوانەکانیان دژ بە تورکیا و نزیک لە کورد و هەسەدە ناوزەند دەکرێن، بۆیە ڕەنگە ئەمەش ئاستەنگ بۆ هەوڵی تورکیا لەم ڕووەوە دروستبکات. جگە لەوەی سەرۆک و کاربەدەستانی حکومەتی نوێی سوریا کە زۆربەیان لە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و ئەلنوسرەوە هاتوون و تا ئێستاش لە لیستی تیرۆری ئەوروپا و ئەمریکادان، زۆر خوازراو و جێی متمانەی ئەو وڵاتانە نین بۆ کارکردن لەگەڵیاندا. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، هەڵوێستی ئیسرائیلە، کە ئامادەنییە مامەڵە و پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتی نوێی سوریا بکات. هەروەها سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە باس لەوە دەکەن کە سیستەمی فیدراڵی تاکە ڕێگەی پاراستنی سوریا و ئەمن و ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیلە. هەروەها پێیان وایە بەرگریی لەپاراستنی کەمینەکانی وەک دروز و کورد لە سوریادا دەکەن. هەروەک لە مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوودا، "گیدۆن سار"، وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل ڕایگەیاند: "پێویستە ئیسرائیل هاوکاریی کەمینەکانی دیکەی ناوچەکە بەتایبەت پێکهاتەکانی کورد و دروز بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە ناوچەکەدا

بکات"[٨]. بنیامین ناتانیاهۆی سەرۆک وەزیران هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیلی ڕاسپارد کە لە شاری جەرمانا "خۆیان بۆ بەرگریکردن ئامادەبکەن"، کە زۆرینەی دروزەکانە لە جەرگەی دیمەشقدان لە سوریا. لەم ڕووەوە وەزیری بەرگری ئیسرائیل "کاتز" ڕایگەیاند کە: "ئێمە ڕێگە نادەین ڕژیمی توندڕەوی ئیسلامی لە سوریا زیان بە دروزەکان بگەیەنێت. ئەگەر ڕژێم زیان بە دروزەکان بگەیەنێت، لەلایەن ئێمەوە لێی دەدرێت"[٩].

دانانی ژمارەیەک لە بەرپرسە پارێزگارەرەکانی دژە ئێران و نزیک لە ئیسرائیل لە تیمی نوێی ترەمپ، وادەکات کە ئەمریکا بوونی خۆی لە ناوچەکەدا بۆ بەرپەرچدانەوەی کاریگەرییەکانی ئێران زیاتر بچەسپێنێت و لەم بارەدا پلانەکانی ئەردۆگان بۆ دروستکردنی ناوچەی پارێزراو قورستر دەبێت. لەم دۆخەدا ئەمریکا ڕەنگە هەوڵی هاوکاریی هەسەدە و پەیوەندیی جیۆپۆلەتیکی لەگەڵ تورکیا کە ئەندامێکی سەرەکی ناتۆیە، هاوسەنگ بکات[١٠].

> **” لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا تارادەیەك بەرەو ئاڵۆزی و کەمبوونەوەی متمانە ڕۆیشتووە و لە "هاوپەیمانی ستراتیجی"ی دوورکەوتووەتەوە “**

**د- هەڵوێستی بەرپرسانی کابینەی ترەمپ بەرامبەربە تورکیا:**

تورکیا بە گەشبینییەکی زیاترەوە لە باشتربوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا دەڕوانێت، ئەمەش بەهۆی سروشتی پێشبینینەکراوی سەرکردایەتیی ترەمپ کە هەمیشە مەترسییەکانی لەگەڵدایە. جگە لەوەش، سروشتی تیمی حکومەتەکەی ئەمجارە پێناچێت بەرامبەر تورکیا هەڵوێستەکانیان نەرم بێت[١١].

هەردوو وەزیری دەرەوە "مارکۆ ڕوبیۆ" و "مایک والز" ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی پێشتر ڕەخنەیان لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە ساڵی (٢٠١٩) لە سوریا گرتووە و داکۆکییان لە پشتیوانیکردن لە هێزەکانی هەسەدە لەدژی داعش کردووە. بەهەمان شێوە بەڕێوبەری هەواڵگری نیشتیمانی ئەمریکا "تولسی گابارد" تورکیای بە "تەنها بەناو هاوپەیمانی ناتۆ" وەسف کردووە و هیچ کات هاوسۆزی خۆی بۆ یۆنان و قوبرس نەشاردووەتەوە[١٢]. گابارد پێشتر هەڵوێستێکی توندی لەدژی ئەردۆگان و تورکیا دەربڕیبوو، ئەردۆگانی بە پاڵپشتیکردنی داعش و ئەنجامدانی "پاکتاوکردنی نەتەوەیی" دژی کوردەکان لەکاتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە باکوری سوریا تۆمەتبار کردبوو[١٣]. بە لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستەکانی بوونی ئەو لەو پۆستە هەستیارەدا، ڕەنگە بتوانێت پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا زیاتر ئاڵۆز بکات[١٤].

نوسەر و شرۆڤەکاری سیاسی تورکیا "نەدرەت ئەرسانال" پێیوایە کە پێکهێنانی ئیدارە نوێیەکەی دۆناڵد ترەمپ نیگەرانی بەشێک لە ناوەندەکانی تورکیای لێکەوتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەشێک لە ئەندامەکانی بە هەڵوێستی دوژمنکارانەیان بەرامبەر بە تورکیا و ئەردۆگان ناسراون، لەهەماند کاتدا دڵسۆزی ڕەهایان بۆ ئیسرائیل هەیە، ئەمە جگە لە بەشێک لە پشتیوانییە ئاشکراکانیان بۆ ئەوەی بە "کارتی کورد" ناسراوە، کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی وەک پەکەکە و پەیەدە و هەسەدە نوێنەرایەتیی دەکرێت. ئەرسانال لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی یەنی شەفەقدا نووسیویەتی: "ئەو پەیامانەی ئیدارەی ترەمپ هەڵیدەگرێت، لەگەڵ ئەو هەڕەشانەدا یەکدەگرێتەوە کە لە ئێستادا تورکیا هەستی پێدەکات"[١٥].

لەلایەکی دیکەوە سیاسەتی مارك ڕوبیۆ ڕەنگە ببێتە هۆی هەڵوێستێکی توندتر بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەوانە پشتیوانی لە کوردەکان و زیادبوونی فشارەکان بۆ سەر ڕژێمی نوێ لە سوریا. جگە لەوەش، ڕەنگە گرنگی بە بەهێزکردنی پەیوەندیی و هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل و هەسەدە بە مەبەستی گرتنەبەری سیاسەت و ڕەفتارێکی یەکلاکەرەوە بەرامبەر بە ئێران بدات[١٦]. ئەم ستراتیژیانە دەتوانن بەشداریکردنی ئەمریکا لە ناوچەکەدا قووڵتر بکەنەوە و پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیادا زیاتر ئاڵۆز بکەن[١٧]. ڕوبیۆ بەتوندی داکۆکی لە پشتیوانی ئەمریکا بۆ هێزە کوردییەکان لە سوریا کردووە و جەختی لە ڕۆڵی گرنگیان کردووەتەوە لە شەڕی دژی داعش[١٨]. ناوبراو بە بەردەوامی دژی بانگەوازەکانی پێشووی ترامپ بوو بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کورد لەڕۆژئاوا[١٩]. لە یەکەم لێدوانیدا وەک کاندیدی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، مارکۆ ڕوبیۆ لەبەردەم لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران، هۆشدارییەکی توندی سەبارەت بە مەترسییەکانی وازهێنان لە هەسەدە بڵاوکردەوە و دووپاتیکردەوە کە: "پێویستە بەردەوام بین لە پاڵپشتی هاوبەشەکانمان کە هێزەکانی سوریای دیموکراتن لە شەڕی دژی داعش[٢٠]. هەروەها ستایشی هێزەکانی هەسەدەی کرد بۆ ڕۆڵی گرنگیان لە هەڵوەشاندنەوەی داعش و وەرگرتنی چەکدارە دیلەکانی داعش[٢١].

ترامپ لە خولی یەکەمیدا سەرنجی لەسەر ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بوو، پەیوەندییەکی نزیکتری لەگەڵ یۆنان و قوبرس دامەزراند، بەڵام هاوکات دەستپێشخەری هاوکاریی نێوان ئەو وڵاتانە و ئیسرائیلی کرد. ئەمە شتێکە کە تورکیا وەک هەڕەشەیەکی جددی دەیبینێت. لەڕاستیدا ڕۆبیۆ داڕێژەر و پێشنیازکەری ئەم سیاسەتە بوو، کە بەتەواوی جێی نارەحەتی تورکیا بوو، لەبەر ئەمەش ئەنقەرە ڕوبیو وەک سیناتۆری پێشوو ڕۆبەرت مێنێندێز بەلایەنگری یۆنان دەبینێت[٢٢].

بوونی "مایکل والتز"، وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە ئیدارەی نوێی ترەمپدا، دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا. پشتیوانی درێژخایەنی والتز بۆ ئۆتۆنۆمی کورد و هاوکاریی قووڵتری ئەمریکا و کورد نیگەرانی جددی لە تورکیا دروستکردووە. ئەنقەرە بەردەوام هاوکارییەکانی ئەمریکای بۆ یەپەگە ئیدانە کردووە[٢٣]. والتز پێیوایە کە ئەمریکا دەبێت هاوسەنگی لەنێوان ئەولەویەتە کێبڕکێکارانەدا دروستبکات، کە بریتین لە پشتیوانیکردنی هێزە کوردییەکان لە شەڕی دژی داعش و چارەسەرکردنی نیگەرانییە ئەمنییەکانی تورکیای هاوپەیمانی ناتۆ. ڕەنگە والتز دوو ڕێباز پەیڕەو بکات: بەکارهێنانی ڕێوشوێنی دیپلۆماسی بۆ کەمکردنەوەی نیگەرانییەکانی تورکیا، لەهەمان کاتدا پشتگیریی ئەمریکا بۆ هێزە کوردییەکان بپارێزێت[٢٤].

> **"پەیوەندییەکانی تورکیا ئەمریکا لە سەردەمی ئیدارەی دووەمی ترەمپدا کاریگەریی کۆمەڵێك فاکتەری لەسەرە، کە بۆ کەڵەکەبوونی چەندین کێشە و گرفت ئەم چەند ساڵەی دوایی دەگەڕێتەوە"**

**٢- دەرفەتەکان:**

**أ- نزیککردنەوەی بەرژەوەندییەکان لەسەربنەمای مامەڵەکردن:**

پێشبینی دەکرێت ئیدارەی دووەمی ترامپ گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و تورکیا بە بەراورد لەگەڵ ئیدارەی بایدندا بکات. تیمی نوێی ئیدارەی ترەمپ مەیلی ئەوەی هەیە کە هێزی ڕەق و بیرکردنەوەی جیۆپۆلەتیکی لەگەڵ هاوپەیمانان و نەیارەکانیان هەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی هەڕەشە ئەمنی و ئابوورییەکانی چین و ئێران، ئەولەویەتەکانی ئەمریکا چاوپۆشی لە سەرقاڵییەکانی مافی مرۆڤ و پاشەکشە دیموکراسییەکان دەکەن. هاوسۆزی ترەمپ بۆ ئەردۆگان و ئامادەیی بۆ گەڕان بەدوای پەیوەندیی ئەرێنیدا لەگەڵ تورکیا، تۆنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا لە قاڵبدەدات[٢٥]. حکومەتی تورکیا حەز دەکات بەردەوامبێت لە مامەڵەکانی، لە کۆتاییدا ئاماژە بە مەودای ڕێککەوتن لەسەر ڕێککەوتنە تایبەتەکانی نێوان هەردوولا لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا دەکات. لەگەڵ درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی ترەمپ و ئەردۆگان تا ساڵی (٢٠٢٨)، ڕەنگە فشارەکانی هەڵبژاردن کەمتر سنوردار بن بۆ ئەو بیرۆکە هاوبەشانەی کە ڕەنگە دوو سەرکردە

پەرەی پێبدەن. ئیدارەی تازە هەڵبژێردراوی ئەمریکا مامەڵە لەگەڵ سەرکردایەتییەکی تورکیا دەکات کە وڵاتەکەی لە پێگەیەکی باشتر و بەهێزتر لە ساڵی (٢٠١٧) دەبینێت، ئەنقەرە لەم دواییانەدا پلانی هەیە سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری پەیڕەوبکات و پرسی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیيانە لەبەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە چارەسەربکات. ئەمەش لەوانەیە یارمەتیدەربێت لە چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی وەک قەیرانی ئابووری و کۆچکردن[٢٦]. لەلایەکی دیکەوە ئەمە بە لێدوانەکانی ئەم دواییەی ترەمپ پشتڕاستکرایەوە سەبارەت بە پەرەسەندنی ڕۆڵی تورکیا لە سوریا دوای لابردنی ڕژێمی بەشار ئەسەد لەلایەن گروپە چەکدارەکانی نزیک لە ئەنقەرەوە ترەمپ وتی: "تورکیا زلهێزێکی گەورەیە، ئەردۆگانیش کەسێکە کە زۆر لەگەڵیدا هاوڕام، ئەو سوپایەکی زۆر بەهێزی بنیاتناوە"[٢٧].

**ب- دیبلۆماسی سەرکردە- پەیوەندییەکەسییەکان:**

ئەردۆگان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (X) زۆر بەگەرمی پیرۆزبایی لە هەڵبژاردنەوەی ترەمپ کردەوەو بە "هاوڕێ"یەکی وەسفی کرد و وتی: "پیرۆزبایی لە دۆناڵد ترەمپی هاوڕێم دەکەم، کە دوای ململانێیەکی گەورە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکادا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و دووبارە وەک سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێردرایەوە. لەم قۆناغە نوێیەدا کە بە هەڵبژاردنی گەلی ئەمریکا دەستپێدەکات، هیوادارین پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا پتەوتر بێت. بەتایبەتی پرسی فەلەستین و شەڕی نێوان ڕوسیا و ئۆکرانیا کۆتایی پێبێت. من پێم وایە هەوڵی زیاتر دەدرێت بۆ جیهانێکی دادپەروەرتر. هیوادارم هەڵبژاردن سوودی بۆ گەلی دۆست و هاوپەیمانمان لە ئەمریکا و بۆ هەموو مرۆڤایەتیی هەبێت"[٢٨].

ترامپ و ئەردۆگان لە سەردەمی ئیدارەی یەکەمی ترەمپدا سەرەڕای گرژبوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا، پەیوەندییەکی شەخسیی بەهێزیان پاراست. پێدەچوو "دۆستایەتی" نێوان ئەو دوو سەرکردەیە، لە هەندێک کاتدا، هۆکاری سەرەکی بێت بۆ ئەوەی هاوبەشی هەردوو وڵات بەتەواوی نەڕوخێت. ئەم دینامیکییە باوەڕی ئەردۆگانی بە کاریگەریی دیپلۆماسی کەسی لەسەردەمی خولی دووەمی ترامپدا بەهێزتر کردووە. چاودێران لە ئەنقەرە بە وریاییەوە گەشبینن کە سەرەڕای ژینگەی جیۆپۆلەتیکی ئاڵۆزی ناوچەکە، دیپلۆماسیەتی مامەڵەیی ترەمپ دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە چارەسەرکردنی پرسە ناکۆکەکان و سوودوەرگرتن لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لەم پەیوەندییە دوولایەنە گرنگەدا[٢٩].

"جەیمس جێفری" باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە ئەنقەرە، تیشکدەخاتە سەر پراگماتیزمی هەردوو سەرکردە و زاڵکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بەسەر ململانێی کەسیدا. ئەم پراگماتیزمە بووەتە هۆی هاوکاریکردن لەسەر ئامانجە هاوبەشە ناوچەییەکان، لەهەمان

کاتدا ڕێبازی مامەڵەیی ترەمپ و بیرکردنەوەی ستراتیژی ئەردۆغان تەواوکەری یەکترن، بە ئەگەرێکی زۆرەوە گفتوگۆکردن لەسەر پرسە گرنگەکان ئاساندەکات[٣٠]. پرۆفیسۆر "حسێن باغجی" مامۆستا لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی تەکنیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەو باوەڕەدایە کە ترەمپ دەتوانێت پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا لە خولی دووەمی خۆیدا بە بەراورد بە ئیدارەی جۆ بایدن بەرەو ئاستێکی باشتر ببات. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە هەردوو سەرکردە لە ئەزموونی پێشترەوە وانەی پێویست فێربوون، پێموایە لە قۆناغی داهاتوودا بە دیدگایەکی پێگەیشتووترەوە بە دڵسۆزانەتر و جددیتر لە چارەسەری کێشەکان نزیکدەبنەوە. من یەکێکم لەوانەی پێموایە بۆ تورکیا ئەرێنی دەبێت"[٣١].

**ج- ڕادەستکردنەوەی ئەندامانی بزووتنەوەی خزمەت:**

فەتحوڵڵا گولەن، سەرۆکی هەڵهاتووی بزووتنەوەی خزمەت لە ئەمریکا، تۆمەتبارکرابوو بە ڕێکخستنی هەوڵی کودەتا دژی ئەردۆگان لە ساڵی (٢٠١٦)، لە مانگی ئۆکتۆبەردا کۆچی دوایی کرد، ئەمەش خاڵێکی ناکۆکی نێوان تورکیا و ئەمریکای نەهێشت، کە بەردەوام ڕەتیکردبووەوە داواکارییەکانی ئەنقەرە بۆ ڕادەستکردنەوەی ئەو پیاوە ئایینیە جێبەجێبکات، بەڵام هێشتا تورکیا خوازیاری ڕادەست کردنەوەی چەند کەسێکی دیکەیە[٣٢]. ئەردۆگان دەتوانێت داواکارییەکانی ڕادەستکردنەوە نوێبکاتەوە بۆئەوەی هەموو داواکارییەکانی تورکیا بخاتە سەر مێز و هەردوو سەرۆک تاوتوێی بکەن، بە ئەگەرێکی زۆرەوە وەڵامی ترەمپ، هاوشێوەی خولی یەکەم نەرێنی دەبێت[٣٣].

**د- بەرنامەی (F35) و چارەسەری بەدیل:**

پرسی کڕینی سیستەمی بەرگری ئاسمانی (S400)ی ڕوسی لەلایەن ئەنقەرەوە تا ئێستاش یەکێکە لە پرسە کێشەدارەکانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی تورکیا و ئەمریکا، کە بەهۆیەوە تورکیا لەبەرنامەی فڕۆکەی(F35) دەرکرا[٣٤]. ڕەزامەندیی ئەم دواییەی ئەمریکا بۆ فرۆشتنی فڕۆکەی جەنگی (F16) بە گرێبەستێکی (٢٣) ملیار دۆلاری بە تورکیا، کە بەرپرسانی هەردوولا بە هەنگاوێکی گرنگیان زانی بۆ دروستکردنی متمانە لە پەیوەندییەکانیان، هاوکات گەڕانەوەی تورکیا بۆ بەرنامەکانی دروستکردنی سیستەمی سەربازی فڕۆکەی جەنگی(F35) هێشتا هەڵپەسێردراوە و بەندە بە وازهێنانی ئەنقەرە لە سیستەمی(S400)ی ڕوسیاوە، جا چ بە هەڵگرتنی و ڕێگەدان بە ڕێکارەکانی پشکنین یان فرۆشتنی بە لایەنی سێیەم[٣٥].

ئێستا ئەم ڕێککەوتنە بەهۆی نیگەرانییەکانی یاسادانان سەبارەت بە کردەوە ناوچەییەکانی تورکیا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناتۆ لەژێر لێکۆڵینەوەی زیاتردایە، بەتایبەتی ناکۆکییەکانی

لەگەڵ یۆنان[٣٦]، بۆ ئەوەی کێشەی(F35) و هاوکارییە سەربازییەکانی دیکە بەرەوپێش بچێت، دەبێت متمانە بگەڕێتەوە و پرسە جیۆپۆلەتیکییە گەورەکان یەکلایی بکرێنەوە[٣٧] لەکاتێکدا کە پێشتر ترامپ گرنگی ئەم سزایانەی کەمکردووەتەوە، بەڵام پێدەچێت ئیدارەی ترەمپ لە خولی دووەمیدا ڕووبەڕووی فشاری نوێ لەلایەن کۆنگرێسەوە ببێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە. یەکێک لە پێشنیازەکانی ئەمریکا گواستنەوەی سیستەمی(S400)یە، بۆ بنکەی ئاسمانی ئینجەرلیک، کە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەمریکادایە. هەندێکی دیکە پێشنیازی میکانیزمی گەرەنتی دوولایەنەیان کردووە کە ئەنقەرە ئەو سیستەمە بەکارنەهێنێت[٣٨]. هەریەک لەم دوو ڕێکخستنە دەتوانێت دەرگا بەڕووی داواکارییەکانی تورکیادا بکاتەوە، بۆئەوەی جارێکیتر وەک بەرهەمهێنەرێکی هاوبەش بێتەوە ناو بەرنامەی وەبەرهێنانی(F35). هەڵوێستی واشنتۆن بە تەواوی داخراو نییە، ئەمەش بەڵگەی ڕەزامەندیی ئەم دواییەی فرۆشتنی (٤٠) فڕۆکەی جەنگی (F16) بە هێزی ئاسمانی تورکیا دەردەکەوێت. بەڵام ڕوسیا بەڕوونی ڕایگەیاندووە کە کڕینی(S400) بڕوانامەی بەکارهێنەری کۆتایی لەخۆدەگرێت، کە بەشداریکردنی لایەنی سێیەم بەبێ ڕەزامەندیی مۆسکۆ قەدەغە دەکات[٣٩]. بۆیە بڕیارەکەی ئەنقەرە لەسەر ئەم پرسە کاریگەرییەکی دوور مەودای دەبێت، لەلایەک مەترسی کاردانەوەی مۆسکۆ دەکات، لەهەمان کاتدا ئەگەری باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ واشنتۆن لەخۆدەگرێت[٤٠].

> **" هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لە سوریا، یەکێکە لە پرسە ناکۆکەکان لەنێوان تورکیا و ئەمریکا "**

**هـ- کردەوەی هاوسەنگ: ئۆکر انیا:**

پرسێکی دیکە کە جارێکی دیکە سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی ڕادەکێشێت، داگیرکاری بەردەوامی ڕوسیایە بۆ سەر ئۆکرانیا، بەتایبەت دوای ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد لە سوریا و چاوەڕوانییەکان، کە سەرنجی مۆسکۆ زیاتر بۆ ململانێکان بگۆڕێت. ترەمپ جەختی لە گۆڕان بەرەو دانوستان و سنوردارکردنی بەشداری ئەمریکا کردووەتەوە. بەرژەوەندیی هاوبەش لەنێوان واشنتۆن و ئەنقەرە هەیە لە چارەسەرکردنی شەڕەکەدا. ئەردۆگان گفتوگۆیەکی نزیکی لەگەڵ ڤلادیمێر پوتین هەیە، کارئاسانی بۆ کۆبوونەوە و ڕێککەوتنەکانی نێوان لایەنەکانی جەنگەکە کردووە، ئەمریکاش بەگشتی کردەوە هاوسەنگکردنیەکەی بەرز دەنرخێنێت و تورکیا دەکاتە هاوپەیمانێکی حەتمی لەم پرسەدا.

بەهۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕوسیا و ئۆکرانیا، ڕۆڵی ناوازەی تورکیا وەک نێوەندگیرییەک لە شەڕی ئۆکرانیادا، ڕەنگە هاوکارییەکانی ئەمریکا و تورکیا بەرەوپێش بەرێت. شارەزایان پێشبینی ئەوە دەکەن کە باشتربوونی پەیوەندییەکان دەتوانێت ببێتە هۆی دەستپێشخەری هاوبەش لە سوریا، کە تورکیا دژی پشتیوانییەکانی ئەمریکایە بۆ یەپەگە[٤١]. تورکیا بە بەکارهێنانی شوێنی ستراتیژی و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی، دەتوانێت خۆی وەک هاوبەشێکی سەرەکی لە پەرەپێدانی سەقامگیریی ناوچەکە و ئاسانکاری بۆ دانوستانەکانی ئاشتی لەنێوان کیێڤ و مۆسکۆدا جێگیر بکات[٤٢].

**و- کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست:**

ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست وەک مەیدانێکی ناجێگیر لە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکادا دەمێنێتەوە، کە بەهۆی بەرژەوەندییە کێبڕکێکارەکانەوە لەسەر سەرچاوەکانی وزە و ئیدیعای سنوری دەریایی نێوان ئەنقەرە و ئەسینای پایتەخت دەجوڵێتەوە. بەوپێیەی کێشە بنەڕەتییەکانی نێوان تورکیاو یۆنان سەرەڕای باشی پەیوەندییەکانیان لەئێستادا چارەسەر نەکراون، ئەگەری هەیە لە هەر کاتێکدا گرژییەکان ڕووبدەن. هەروەها ئەنقەرە لەم دواییانەدا ناڕەزایی خۆی لە بەکارهێنانی قوبرس لەلایەن ئەمریکاوە وەک بەندەرێك بۆ گواستنەوەی کەرەستەی سەربازی بۆ ئیسرائیل لە هێرشەکانی بۆ سەر فەڵەستینییەکان دەربڕی، ترسی ئەوەی هەیە دورگەکە بکێشێتە ناو ململانێکانەوە.

**ز- شەڕی بازرگانی، چین و بریکس و هەلی فراوانکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان:**

لە کاتێکدا ئابووری تورکیا دەتوانێت لە وەبەرهێنان و هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ئۆکرانیا سوودوەربگرێت، ئەگەری ئاستی باڵای هاوکاریی تەکنەلۆژی لەگەڵ ئەمریکا بەهۆی پەیوەندی و ئەزموونەکانی پێشووی ئیلۆن ماسک – "بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای تێسلا"، کە لە ئیدارەی نوێی ترەمپ بۆ سەرکردایەتیکردنی وەزارەتێکی نوێ کە پەیوەندیی بە کارایی حکومەتەوە هەیە ڕاسپێردرا. سزاکانی پێشووی خولی یەکەمی ترەمپدا زیانیان بە ئابووری تورکیا گەیاندووە و ناڕەزایی لە ئەنقەرەدا بەجێهێشتووە، هەرچەندە ئەنقەرە لە لێکەوتە ئابوورییەکانی سیاسەتی پاراستنی بازرگانی نیگەرانە، کە ترەمپ دەیەوێت جێبەجێیبکات، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا بازرگانی یەکێکە لە ڕێگا ئومێدبەخشەکان بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانیان. لەماوەی خولی یەکەمی ترەمپدا، هەردوولا ئارەزووی زیادکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دوولایەنە لە (٢٠) ملیار دۆلارەوە بۆ (١٠٠) ملیار دۆلار ساڵانە دەربڕی. ئامارەکانی ئەم دواییە دەریدەخەن کە هەناردەی ئەمریکا بۆ تورکیا گەیشتووەتە (١٥.٩) ملیار دۆلار و هەناردەی تورکیا بۆ ئەمریکا گەیشتووەتە (١٥.٤) ملیار

دۆلار، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەشەی بەردەوام، بەڵام هێشتا زۆر لە خوار ئامانجیانەوەیە[٤٣].

قەبارەی ئاڵوگۆڕی ئابووری تورکیا لەگەڵ ئەمریکا لە ئێستادا نزیکەی (٣٠) ملیار دۆلاری تۆمارکردووە. پەرەسەندنی هەناردەکردنی بەرگری تورکیا، لەوانە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی کە لە ئاستی جیهانیدا دانپێدانراون، دەکرێت خاڵێکی گەشاوە بێت لە بازرگانی دوولایەنەدا. بەڵام ئەمەریکا لە قووڵبوونەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی تورکیا لەگەڵ چین و ڕوسیا نیگەرانە، بەتایبەتی لە کەرتەکانی وەک پەیوەندییەکان و داراییدا. ئەم نیگەرانیانە ڕەنگە بە ئامانجی نزیککردنەوەی تورکیا لە بازاڕەکانی ڕۆژئاوا واشنتۆن هانبدات کە هاندانەکانی بازرگانی پێشکەشبکات[٤٤].

ترەمپ لە ماوەی خولی پێشوویدا باجی بەسەر هەناردەکردنی پۆڵا و ئەلەمنیۆمی تورکیادا سەپاند و تورکیای لە سیستەمی گشتگیری پەسەندکردن (GSP) دوورخستەوە، کە بەرنامەیەک بوو بۆ ئاسانکاری گەیشتن بە بازاڕ بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو. پەرەسەندنی ئەگەری شەڕە بازرگانییەکانی ترەمپ لەگەڵ چین و یەکێتی ئەوروپا، نادڵنیایی و مەترسی بۆ تورکیا دروستدەکات. لەکاتێکدا کە سیاسەتە بازرگانییەکانی ترەمپ کە یەکێتی ئەوروپا دەکاتە ئامانج، دەتوانێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ زیان بە تورکیاش بگەیەنێت، ئەمەش بەهۆی پەیوەندییە ئابوورییە قووڵەکانی تورکیا لەگەڵ ئەوروپا. بەمەش ڕەنگە سستبوونی چالاکییە ئابوورییەکان لە یەکێتی ئەورووپادا، خاوبوونەوەی پیشەسازی تورکیای لێبکەوێتەوە، بەمەش هەناردەکردن و ئاسۆی گەشەسەندنی تورکیا لاوازدەکات. هەرچەندە وەبەرهێنانەکانی ئەم دواییەی کۆمپانیای (BYD)ی چینی بۆ دامەزراندنی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلی کارەبایی لە تورکیا، ئاماژەیەکە بۆ توانای تورکیا وەک ناوەندێکی بەرهەمهێنان لە ڕاکێشانی وەبەرهێنانی ستراتیژی، بەڵام توندبوونەوەی گرژییە بازرگانییەکانی ترەمپ لەگەڵ چین دەتوانێت ئەم جۆرە پرۆژانە بکاتە بارگرانی[٤٥].

لەلایەکی دیکەوە، ڕەنگە بەشێک لە بوارەکانی پیشەسازیی تورکیا وەک وەک قوماش و ئامێرەکان لە لاوازبوونی دراوی وڵاتەکەی سوودمەندبن، کەوا دەکات تورکیا وەک بەدیلێک بۆ هەناردەکانی چین لە بازاڕەکانی ئەمریکادا جێگیربکات. بۆ نموونە ڕەنگە کەرتەکانی وەک قوماش و ئامێرەکان سوودی کێبڕکێ بەدەستبهێنن. لەکاتێکدا ڕەنگە واشنتۆن گەشەسەندنی تورکیا لە پەیوەندییە بازرگانییەکانی جیهانیدا کەمبکاتەوە، بەڵام ئەنقەرە هێشتا دەتوانێت پێگەی خۆی بۆ ئاسانکاریکردن بەکاربهێنێت بۆ دوورکەوتنەوە لە کاڵا چینییەکان بەرەو ئەوروپا[٤٦]. لە کۆتاییدا، هەرچەندە سوودەکانی پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ بلۆکە غەیرە ڕۆژئاواییەکانی وەک بریکس ڕوون نییە، بەڵام بەڕوونی ئەم جۆرە هەنگاوانە کەمتر ئیدارەی

داهاتوو سەرقاڵ دەکەن بە بەراورد بە هەڵوێستی بایدن لەسەر ئەو پرسە[٤٧].

**ی- بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و دووبارە سەپاندنی سزاکان:**

سیاسەتی ترەمپ بەرامبەر ئێران هەم لایەنی ئەرێنی و هەم لایەنی نەرێنی بۆ ئەنقەرە هەیە؛ لەکاتێکدا سنووردارکردنی ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا خزمەت بە سیاسەتەکانی فراوانکردنی کاریگەریی ناوچەیی تورکیا دەکات، بەڵام هەر هاندانی ئەمریکی بۆ هەر ڕەفتارێکی ئیسرائیل لە دژی ئێران، کە ڕووبەڕووبوونەوەی ناوچەیی پەرەپێبدات، مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی تورکیا دروستدەکات و زۆرترین سیاسەتی فشاری ئیدارەی ترەمپ لە دژی تاران کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی تورکیا لەگەڵ ئێران دەبێت. سەرەڕای ڕکابەریی جیۆپۆلەتیکی، بەڵام هەردوو وڵات دەیانەوێت گەشەی بازرگانی نێوانیان بەرز بکەنەوە، سزاکانی ئەمریکا دژی ئێران یەکێک بوو لە هۆکارەکانی گرژی لە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا لەماوەی خولی یەکەمی ترەمپدا، کاتێک جێگری پێشووی بەڕێوەبەری گشتیی هاڵک بانک "مەهمەت هاکان ئاتیلا"، لە (٢٧)ی ئازاری (٢٠١٧) لە فڕۆکەخانەی جەی ئێف کەی لە نیویۆرک بە تۆمەتی پێشێلکردنی سزاکانی سەر ئێران دەستبەسەرکرا و دادگایی کرا. پێشبینی دەکرێت تورکیا دژایەتیی هەڵمەتی زۆرترین فشار یان گەڕانەوەی وەستاو بۆ ڕێککەوتنی ئەتۆمی بکات، چونکە پێی باشترە خۆی لە گرتنەبەری ڕێبازێکی شەڕانگێزانە لە دژی نەیارە جیۆپۆلەتیکی ناوچەکەی بەدوور بگرێت و پەیوەندییەکان بەپێی مۆدێلی "کێبڕکێی هاوکاری" بەڕێوەببات[٤٨].

**م- بەهێزکردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەوروپا:**

ئەمریکا لەسەردەمی ترەمپدا لەم خولەدا هەڵوێستێکی تاڕادەیەك توند و ئاڵۆزی سەبارەت بە وڵاتانی ئەوروپا هەیە، ئەمەش دەتوانێت لە کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی تورکیا و ئەوروپادا یارمەتیدەربێت، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی نیگەرانییەکانی یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بە سیاسەتی پاراستنی بازرگانی ئەمریکا و ئەگەری بڕینی یارمەتییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ ئەوروپا[٤٩].

ئەنقەرە سوودی لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی ترەمپ لەگەڵ هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی وەرگرتووە، ئەمەش بە دەرفەتێک دەزانێت بۆئەوەی خۆی وەک هاوبەشێکی ئەمنیی چارەنووسساز بۆ ئەوروپا بخاتەڕوو. لەگەڵ کەمبوونەوەی متمانەی ئەوروپا بە گەرەنتییە ئەمنییەکانی ئەمریکا بەهۆی پابەندنەبوونی ترەمپ بە ناتۆ و خواستی ئەمریکا بۆ گواستنەوەی سەرنجی خۆی بۆ ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و زەریای هێمن، هێزی سەربازی تورکیا و کەرتی بەرگرییە

گەشەسەندووەکەی دەتوانێت زیاتر خزمەت بە ئەوروپا بکات. تورکیا ئامانجی ئەوەیە ئەم توانایە بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا بەکاربهێنێت، بەتایبەتی لە دەستپێشخەرییەکانی هاوکاریی بەرگریی وەک سیاسەتی هاوبەشی ئاسایش و بەرگری و هاوکاریی پێکهاتەی هەمیشەیی، کە پێشتر تورکیا لێی دوورخرابووەوە.

**" دانانی ژمارەیەك لە بەرپرسە پارێزگارەرەکانی دژە ئێران و نزیك لە ئیسرائیل لە تیمی نوێی ترەمپ، وادەکات کە ئەمریکا بوونی خۆی لە ناوچەکەدا بۆ بەرپەرچدانەوەی کاریگەرییەکانی ئێران زیاتر بچەسپێنێت و لەم بارەدا پلانەکانی ئەردۆگان بۆ دروستکردنی ناوچەی پارێزراو قورستر دەبێت "**

*** سێیەم: کاریگەریی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا لەسەردەمی ئیدارەی دووەمی ترامپ لەسەررۆژئاوای کوردستان:**

لێدوانەکانی ترامپ لەسەر تورکیا بە پلەی یەکەم بە پرسی سوریا و کێشەی کوردوە پەیوەستە. لەدوای ئەوەی کە ترەمپ بۆ جاری دووەم بوو بە سەرۆکی ئەمریکا، ئەنقەرە پێشبینی ئەوەی کردبوو کە ئەگەری کەمکردنەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا یان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی ترەمپ لە سوریا پێشتر کەمکردنەوەی ژمارەی سەربازانی ئەمریکا بوو لە عێراق و سوریادا. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد، ئەمریکا لەگەڵ تورکیا هەماهەنگی کردووە بۆ ئاوەدانکردنەوەی دامەزراوەکان لە سوریا و ڕێکخستنەوەی سوپاکەی و دامەزراندنی حکومەتێکی گشتگیر و مامەڵەکردن لەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی گەل لەژێر چاودێریی ئەمریکادا. بۆیە تورکیا ئەم بارودۆخە ناهەموارەی سوریا بەدەرفەت دەزانێت بۆئەوەی فشار بخاتە سەر ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا بۆ هەڵگرتنی سزاکانی سەر سوریا، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەسەددا سەپێندرابوون. بەهۆی ئەو سزایانەوە سوریا ڕووبەڕووی کێشەی ئابووریی و ژێرخانی ناتەواو و کەمی وزە دەبێتەوە. هەرچەندە واشنتۆن لە (٦)ی کانوونی دووەم مۆڵەتێکی دەرکرد کە ڕێگەی بە هەندێک مامەڵە لە سوریا دەدات بۆماوەی شەش مانگ بۆ ئاسانکاری خزمەتگوزارییە گشتییەکان و یارمەتییە مرۆییەکان[٥٠].

ئەردۆگان پێشبینی دەكات كە ترەمپ كار بۆ كەمكردنەوەی تێوەگلانی ئەمریكا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەكات، ئەمەش دەرفەت بۆ توركیا دەڕەخسێنێت، بەتایبەتی كۆتاییهێنان بە پشتیوانی سەربازی ئەمریكا بۆ یەپەگە و هەسەدە. لەماوەی دەیەی ڕابردوودا پشتیوانیی ئەمریكا بۆ یەپەگە و هەسەدە بووەتە گەورەترین كێشە لە پەیوەندییەكانی توركیا و ئەمریكادا. كشانەوەی بەشێكی هێزەكانی ئەمریكا لە سوریا لە خولی یەكەمی ترەمپدا ڕێگەی بە توركیا دا لە دروستكردنی ناوچەیەكی پارێزراو بە پانایی (٣٠) كیلۆمەتر بە درێژایی سنورەكانی بەرەوپێشەوە بچێت. ئەردۆگان پێشبینی دەكات بە گەڕانەوەی ترەمپ، توركیا دەتوانێت زیاتر كۆنترۆڵی ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی كوردەكان و ئیدارەی خۆسەری كورد لە باكور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بكات[٥١].

دوای چەند ساڵێك لە سەقامگیرییەكی ناجێگیر، باكوری سوریا تووشی گێژاوێكی نوێ بووە، كە پێدەچێت كاریگەریی لەسەر چۆنیەتی مامەڵەكردنی ئەمریكا و توركیا لەگەڵ قەیرانی سوریادا هەبێت. ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٧)، هێزەكانی ئۆپۆزسیۆن بە سەرۆكایەتیی گروپی چەكداری ئیسلامیی دەستەی تەحریر ئەلشام "هەتەشە" كە ناوچەی ئیدلیبیان لەدەستبوو، بەرەو ناوچەكانیتر ڕۆیشتن تا ڕوخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد. لەكاتێكدا بەشێك لە سوپای نیشتیمانیی سوریا كە لەلایەن توركیاوە پاڵپشتی دەكرێت، پەیوەندییان بەو ئۆپەراسیۆنەوە كرد، بەڵام نەهێزی سەرەكی پشت ئەم پەرەسەندنە سەربازییە و نەدەستپێشخەری ئۆپەراسیۆنەكەش بوون. هەرچەندە دەستەی تەحریر ئەلشام لەژێر چەتری پارێزەری توركیا لە ئیدلب كاریدەكرد، بەڵام ناتوانرێت ڕاستەوخۆ وەک بە وەكالەتێكی توركیا وەسف بكرێت. هەروەها بەتەواوی بە فەرمانی ئەنقەرە كارناكات، بەڵام پاش ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن ئەحمەد ئەلشەرعەوە "جۆلانی" بۆ قۆناغی ڕاگوزەر و سەردانی بەرپرسە باڵاكانی توركیا بۆ ئەو وڵاتە، پاشان سەردانی ئەلشەرع و وەزیرەكانی بۆ ئەنقەرە، ئەوە دەردەخات كە توركیا دەیەویت ڕۆڵی سەرەكی و یەكلاكەرەوەی لەپەرەسەندنە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەكانی ئەو وڵاتەدا هەبێت، ئەوەش دەردەكەوێت كە توركیا فشاری زۆر بۆ سەر حكومەتەكەی شەرع دەكات بۆ جێبەجێكردنی ئامانج و ئەجێنداكانی لەو وڵاتەدا، كە لە گرنگترینیان نەهێشتنی ئیدارەی خۆسەر و هەڵوەشاندنەوەی هێزەكانی هەسەدەیە لەو ناوچانەدا. هەسەدە دەیەوێت و ئامادەیی دەربڕیوە بۆ چونەناو سوپای سوریای نوێ و ئەو پێكهاتەی كە هەیەتی بۆ پاراستنی ناوچەكانیان لە باكورو ڕۆژهەڵاتی سوریا. لەلایەكیترەوە، لەكاتێكدا كە توركیا سەركەوتوو نەبوو لە نەهێشتنی ئیدارەی خۆسەر و هەڵوەشاندنەوەی هێزەكانی هەسەدە، بۆیە هەوڵیدا ئەو ناوچانەی لەژێردەستی هەسەدەدابوون لەڕۆژئاوای فورات، پاش كشانەوەی هێزەكانی ڕوسیا تیایدا، لەڕێگەی چەند

گروپێکی تورکمانەکانی وەک هێزەکانی سوڵتان سلێمان شا و چەند گروپێکیتر لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریای نزیک لە ئەنقەرەوە، بەهاوکاریکردنی بۆردۆمانی زەمینی و ئاسمانی، هێرش بکاتە سەر هێزەکانی هەسەدە، هەرچەندە توانیان چەند ناوچەیەکی گرنگی وەک منبج و تەل ڕەفعەت کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام لە ناوچەی بەنداوی تشرین و پردی قەرەقۆزاکدا بەهۆی بەرگریی سەختی هەسەدەوە هێرشەکانیان سەرکەوتوو نەبوو. لەگەڵ ئەوەی کە بەنێوەندگیری ئەمریکا ئاگربەست بەمەرجی تورکیاوە لەنێوان ئەم گروپانە و هەسەدەدا ئەنجامدرا، بەڵام تورکیا پاڵپشتی شکاندنی ئەم ئاگربەستەش بوو. زیاد لەمەش، تورکیا هەوڵی ئەوەی دا کە ماوەی گواستەنەوەی دەسەڵات لە ئیدارەی بایدنەوە بۆ ترامپ بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەبازی بقۆزێتەوە بەتایبەت لە کۆبانێدا، بەڵام ئەم هەوڵە بەهۆی فشاری ئەوروپا و ئەمریکاوە سەرینەگرت.

پرسی سوریا لە کارنامەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا لە سەردەمی ترەمپدا پرسێکی سەرەکییە، پێشبینی دەکرێت کە ئەردۆگان پێشنیازی کشانەوەی نزیکەی (٩٠٠) سەربازی ئەمریکی لە ڕۆژهەڵاتی فورات و فشارکردن بۆ ڕاگرتنی پشتیوانییە سەربازییەکانی واشنتۆن بۆ هەسەدە و دامەزراندنی ناوچەیەکی پارێزەر لە باکووری سوریا، پێدانی کۆنترۆڵی زیاتری سنورەکان بە ئەنقەرە بکات، ڕەنگە ئەردۆگان ئامانجەکانی لە سوریا لە دژی هەسەدە بەرەوپێش ببات، بەڵام لەوانەیە شتێکی بێهیواکەر بێت، کە واشنتۆن دەستبەرداری هاوکارییە سەربازییەکانی بێت بۆ هێزەکانی هەسەدە لەچوارچێوەی شەری دژی داعشدا، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت لەوێدا ڕۆڵێکی گەورەتر بە تورکیا بدرێت.

ترەمپ لەپەیامێکیدا لە (١٦) کانونی یەکەم (٢٠٢٤) ڕایگەیاند، کە تورکیا بەشێوەیەکی نادۆستانە لە ڕێگەی گروپەچەکدارەکانەوە بەبێ زیانی گیانی زۆر دەستی بەسەر سوریادا گرت و ڕژێمی ئەسەدی ڕوخاند، ئەردۆگانی وەک کەسێکی ژیر و زۆر بەتوانا وەسفکرد. هەروەها وتی تورکیا کلیلی ڕەوتی ڕووداوەکانی سوریای بەدەستەوە[٥٢]. هەرچەندە لەپێشتردا ترەمپ داوای لە ئەردۆگان کردبوو کە دانوستان لەگەڵ مەزلوم عەبدیدا بکات. دەکرێت دەستپێشخەرییەکەی دەوڵەت باخچەلی بە هەوڵێکی تورکیا هەژماربکرێت بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ کوردەکانی باکوری سوریا و کردنەوەی کەناڵەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵیان و بەکارهێنانی نفوزی ئۆجەلان بۆ خستنە ژێر کاریگەریی پارت و گروپەکانی ئەو ناوچەیە. بۆیە ڕەنگە ئەنقەرە ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئەمریکا سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی فورات بکات، بەجۆرێک ڕۆڵێکی زیاتر بە هۆزە عەرەبەکان بدات[٥٣].

ڕەنگە چاوەڕوان نەکرێت کە واشنتن پشتیوانی بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەسەدە یان

کۆتاییهێنان بە هاوکارییەکانی بۆی بکات، بەڵام ڕەنگە ئامادەبوونی سەربازی خۆی لە سوریا درێژبکاتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی پێویستی دروستکردنی ناوچەی پارێزراو لەسەر سنوری سوریا و عێراق بۆ بڕینی هێڵەکانی پەیوەندیی میلیشیا ئێرانییەکان لە عێراقەوە بۆ سوریاو لوبنان. د. حسێن باغچی پێشبینی دەکات لە ماوەی داهاتوودا تورکیا سەبارەت بە سوریا لەگەڵ ئەمریکا لەسەر مێز دابنیشێت. باغچی دەڵێت: "سەبارەت بە سوریا و یەپەگە، ئەو پرسیارەی کە هاوکاری و پشتیوانییە سەربازییەکانی ئەمریکای سەردەمی جۆبایدن تا چەند بۆ ڕۆژئاڤا بەردەوام دەبێت، پرسیارێکی کراوەیە". بەڵام بەپێی ڕاپۆرتە نوێیەکانی وەزارەتی بەرگری (پنتاگۆن) و وەزارەتی دەرەوە، پێدەچێت دۆناڵد ترەمپ سیاسەتی خۆبەدەستەوەدان و دوورکەوتنەوە لە ناوچە جێناکۆکە تێچووەزۆرەکان پەیڕەو بکات. بۆیە تایبەت بە سوریا پێشبینی دەکریت کە دۆناڵد ترەمپ ڕێبازێک بگرێتەبەر کە جەخت لەسەر ڕێککەوتن و گفتوگۆ بکاتەوە. ئەم دۆخە دەتوانێت پرۆسەیەک بهێنێتە ئاراوە کە گرژیی نێوان تورکیا و ئەمریکا بەتایبەت لەسەر پرسی سوریا کەمبکاتەوە و جیاوازییەکانی دیدگاکانیان کەمبکاتەوە. وتیشی: "پێموایە تورکیا سەبارەت بە بوونی خۆی لە سوریا و داهاتووی سوریا لەگەڵ ئەمریکادا لەسەر مێزەکە دادەنیشێت". ئۆزگور ئونلوهیسارجیکلی، بەڕێوەبەری ئۆفیسی ئەنقەرە لە سندوقی مارشاڵی ئەمریکی ئەڵمانی (GMF) ڕایگەیاند، چاوەڕوانی تورکیا بۆ گۆڕینی هەڵوێستی ئەمریکا لەگەڵ هێزی یەپەگە لە باکووری سوریا لەرووی سەرۆکایەتیی ترەمپەوە بە واقیعی زانیوە. ئونلوهیسارچیکلی ئاماژەی بەوەدا کە پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕوسیا دەتوانێت ئەنجامی ئەرێنی بۆ ئیدارەی ئەنقەرە دروستبکات، وتی: "لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئەمریکا سەربازەکانی لە سوریا بکشێنێتەوە، کاریگەریی ڕوسیا لەوێ زیاد دەکات، بەڵام لەبیرمان نەچێت کە گرنگترین دەسەڵاتی ئەمریکا لە سوریادا هێزی زەمینی ئەو وڵاتە نییە، بەڵکو کۆنترۆڵی ئاسمانییەتی. دەتوانێت هێزی زەمینی خۆی بکشێنێتەوە و هێشتا کۆنترۆڵی ئاسمانی بپارێزێت. وتیشی: "ئەمە ڕێگری لە زاڵبوونی ڕوسیا بەسەر ناوچەکەدا" دەکات. بەڵام بە گوتەی ئونلوهیسارچیکلی؛ ئەگەر ئەمریکا زیاتر پاڵپشتییەکانی بۆ میحوەری ئیسرائیل و سعوودیە زیادبکات و فشارەکانی سەر ئێران زیاتر چڕبکاتەوە، ئەمەش دەتوانێت مەترسی بۆ تورکیا دروستبکات. هەروەها ئونلوهیسارچیکلی پێیوایە: لەگەڵ گۆڕینی هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرژەوەندیی میحوەرەکەی سعودیە و ئیسرائیل، دەتوانێت گۆڕەپانی یاریکردنی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش تەسکبکاتەوە. وتیشی: بێگومان ئەمە بۆ تورکیا مەترسییە"[٥٤].

کەوتنی لەناکاوی ئەسەد و فراوانبوونی خێرای خاکی گروپە یاخیبووەکانی نزیک لە تورکیا- سوپای نیشتمانی سوریا و دەستەی ڕزگاری شام- ئەنقەرەیان وەک ئەکتەرێکی سەرەکی

لە دارِشتنی داهاتووی سوریا جێگیرکردووە. هەروەها کەمبوونەوەی کاریگەرییەکانی ڕوسیا و ئێران و نیازی ڕاگەیەندراوی ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، دەرگای بەڕووی تورکیا کردووەتەوە کە ڕۆڵی خۆی زیاتربکات، بەڵام ئەم پێشهاتانە ئەنقەرە دەخەنە ژێر ڕوناکی نێودەوڵەتیشەوە و مەترسی گەورەتربوونی سەرچاوەکانی بەریەککەوتن لەگەڵ واشنتۆن دروستدەکەن[٥٥].

لە کاتێکدا کە مەبەستی ترەمپ لەم پرسەدا ڕوون نییە، ئەنقەرە دەبێت بە وردی هاوسەنگی بکات لەنێوان ئامانجەکانی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی و خواستە بەرفراوانەکانیدا. بۆیە ئەگەر ئەنقەرە ڕێبازێکی بێباکانە لەگەڵ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بگرێتەبەر، مەترسی ئەوە هەیە ناسەقامگیری و ئاوارەبوونی هاوڵاتیانی مەدەنی و تێکدانی هەوڵەکانی دژە تیرۆری ئەمریکا دژی داعشی لێبکەوێتەوە. لەبەرامبەردا، ڕێبازێکی هاوبەش و شەفافتر ڕێگە بە تورکیا دەدات دەستکەوتەکانی بچەسپێنێت و لەهەمان کاتدا خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ناپێویست و گەڕاندنەوەی متمانە لەگەڵ واشنتۆن و برۆکسل و یاریزانانی دیکەی ناوچەکە[٥٦].

> ” هەردوو وەزیری دەرەوە "مارکۆ ڕوبیۆ" و "مایك والز" ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی پێشتر ڕەخنەیان لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە ساڵی (٢٠١٩) لە سوریا گرتووە و داکۆکییان لە پشتیوانیکردن لە هێزەکانی هەسەدە لەدژی داعش کردووە “

بەوپێیەی ئەنقەرە ئامانجی تێکدانی ئەو ئارگومێنتەی ئەمریکایە کە شەڕی داعش بەندە بە هاوکاریی لەگەڵ هەسەدە و بوونی هێزەکانی ئەمریکا، ڕەنگە پێشنیازی میکانیزمێکی هاوبەش بۆ چالاکییەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی کەمپی دەستبەسەرکردنی چەکدارانی داعش و خێزانەکانیان، کە ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی یەپەگەدان. لە داینامیکی فراوانتری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێدەچێت پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا بە هەردوو گرژی قووڵ و دەرفەتی پراکتیکی بۆ هاوکاریکردندا بمێنێتەوە. چاوەڕوان دەکرێت ئیدارەی ترەمپ بەردەوام بێت لە گرنگیدان بە پشتگیریکردنی هاوپەیمانانی ناوچەیی و هاوکاریی نێوان هاوبەشە ناوچەییەکان لە پێشینەی کارەکانی بێت لەبری دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا[٥٧]. لەم ڕووەوە تورکیا دەیەوێت لەسەردانی ئەردۆگاندا بۆ کۆشکی سپی،

قەناعەت بەترەمپ بکات تاوەکو لەبەرامبەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و دەسبەرداربوون لە هاوکاریی هەسەدە، دۆسیەی شەڕی دژی تیرۆرو کەمپەکانی زیندانیانی داعش و کەسوکارەکانیان لەگەڵ حکومەتی سوریا و گرەنتی پاراستنی ئاسایشی خاکی ئیسرائیلیش بکات، بەڵام ڕەنگە ئەمە ئاسان نەبیت بەهۆی ئەجێندای ئیسرائیل و ئەمریکا لەناوچەکەدا بۆ فشارخستنەسەر ئێران، هەروەها نەبوونی متمانەی ئیسرائیل و وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکاش بە ئیدارەی نوێی سوریا[٥٨].

*** دەرەنجام:**

سیاسەتی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی ترامپ ئەگەری زۆری هەیە ببێتە هۆی گۆڕانکاریی لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیادا، ئەمەش بەهۆی پەیوەندیی نزیکی کەسیی ترەمپ لەگەڵ ئەردۆگان، بناغەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشە چارەسەرنەکراوەکانی وەک: پشتیوانی ئەمریکا بۆ هێزەکانی یەپەگە و کڕینی سیستەمی بەرگری موشەکی (S400)ی ڕوسی و گەڕانەوەی تورکیا بۆ بەرنامەی فڕۆکەی (F35) دادەنێت. ئەردۆگان گەشبینە بە دیپلۆماسیەتی ترامپ بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانییان، بەتایبەتی لە هاوکارییە بازرگانی و سەربازییەکاندا.

هەروەها گریمانەی ئەوە دەکرێت کە ترەمپ بە دەستێوەردانی سەربازی ئەمریکا لە سوریادا بچێتەوە، بەجۆرێك لەگەڵ بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی تورکیا یەکبگرێتەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر چارەسەرکردنی گرژییەکان لەسەر پرسە پەیوەندیدارەکانی کورد لە سوریادا هەیە، بەڵام نزیکایەتی و پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ بلۆکە نارۆژئاواییەکانی وەک بریکس و ڕێکخراوی هاوکاریی شەنگەهای، دەبێتە هۆی ئاڵنگاری بۆ سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەگەڵ ناتۆ و ئەمریکا.

گرژییەکانی دیکەی نێوان هەردوو وڵات لە هۆکارە ناوچەییەکانەوە سەرچاوەدەگرن، وەک پاڵپشتی تورکیا لە حەماس و ڕەخنەگرتن لە ئیسرائیل لە شەڕی غەززەدا.

سەرەڕای ئەم ئاڵانگاریانە، ڕەنگە ڕۆڵی ستراتیجیی تورکیا لە ئاسایشی نێودەوڵەتی و گرنگییەکەی وەک ئەندامێکی ناتۆ دەرفەت بۆ هاوکاریی برەخسێنێت. قۆناغی داهاتووی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا پەیوەستە بە چارەسەرکردنی پرسە سەرەکییەکانی وەک پەیوەندییە بەرگرییەکان، ئامانجە بازرگانییەکان و ڕێکخستنەوەی جیۆپۆلەتیکی. ڕەنگە گەڕانەوەی ترەمپ هەندێک دەرفەت بۆ ئەنقەرە برەخسێنێت، بەڵام ڕەنگە تێچووی جیۆپۆلەتیکی و جیۆ-ئابووری بەرچاوی هەبێت.

گریمانەی ئەوە دەکرێت کە ئیدارەی نوێی ترەمپ هێزەکانی لە باکوری سوریا نەکشێنێتەوە، ئەمەش ئەگەری زیادکردنی گرژییەکانی دەبێت. لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت گریمانە بکرێت کە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا لە خولی دووەمی ترەمپدا تا ئاستێکی باش ئەرێنی نەبێت. گۆڕانی ڕژێم لە سوریا و شەڕی غەززە زۆر دینامیکی ناوچەکەی گۆڕیوە. بۆیە پێناچێت لە درێژخایەندا ئەمریکا بیەوێت مامەڵە لەگەڵ سوریادا بکات، هەروەک چۆن دەیەوێت بە زووترین کات کۆتایی بە شەڕی نێوان ڕوسیا و ئۆکرانیا بهێنێت.

### * پەراوێزەکان:

1- Iddon، Paul، Is the US-Turkey dispute over Russian S-400s about to be resolved?، 02 October، 2024، https://www.newarab.com/analysis/are-us-and-turkey-about-resolve-s-400-dispute، Accessed in 20، March، 2025.

2- McKinley، Gibbs and Johnston، Kate ، Trump and Erdogan Have The Chance To Reset U.S.-Turkey Relations، 10،February، 2025، https://nationalinterest.org/blog/middle-east-watch/trump-erdogan-chance-reset-us-turkey-relations، Accessed in 20، March، 2025.

3- Michalski ، Adam and Strachota، Krzysztof، Syria: Renewed Tensions Between Turkey and the US، Centre for Eastern Studies (OSW)، 16 ،October، 2023، https://www.osw.waw.pl/en/publikacje/analyses/2023-10-16/syria-renewed-tensions-between-turkey-and-us. Accessed in 22، February، 2025.

4- Özkizilcik، Ömer، Turkey Is Searching for a Way out of Syria's Impasse، Atlantic Council، 8، November، 2024 https://www.atlanticcouncil.org/blogs/menasource/turkey-syria-ocalan-pkk/، accessed in 22، February، 2025.

5- Michalski، Adam and Strachota، Krzysztof، op. cit.

6- Zanotti، Jim and Thomas، Clayton، Turkey (Türkiye): Major Issues and U.S. Relations، CRS Report، 26، September، 2024، https://crsreports.congress.gov/product/pdf/R/R44000، accessed 1، March، 2025.

7- Jeffrey، James، How the U.S. Can Compromise with Turkey on Syria، Foreign Policy، December 9، 2022، https://foreignpolicy.com/2022/12/09/us-turkey-incursion-syria-kurds-sdf-ypg-erdogan/، accessed 18، February، 2025.

8- Rudaw، Israel urges Syria's new leadership to uphold minority rights، 2 March، 2025، https://www.rudaw.net/english/middleeast/020320252، accessed March 2، 2025.

9- Emanuel Fabian، Netanyahu and Katz direct IDF to 'prepare to defend' Syrian Druze suburb of Damascus، 1 March 2025، https://www.timesofisrael.com/netanyahu-and-katz-direct-idf-to-prepare-to-defend-syrian-druze-suburb-of-damascus/، accessed March 2، 2025.

10- Cook، Steven A.، How U.S. Support for Syrian Kurds Actually Benefits Erdogan، Foreign Policy، 30 November، 2022، https://foreignpolicy.com/2022/11/30/us-support-ypg-syrian-kurds-turkey-erdogan-pkk/، accessed 19، February، 2025.

11- Jovanovski، Kristina، Trump's Pro-Israel Cabinet Picks Could Strain Relations With Turkey، Analysts Warn، The Media Line، 25،November، 2024، https://themedialine.org/by-region/trumps-pro-israel-cabinet-picks-could-strain-relations-with-turkey-analysts-warn/، accessed 21، February، 2025.

12- Çelik، Mehmet، Can US-Türkiye Ties Overcome Frictions in Trump's New Term?، Daily Sabah، 10 December، 2024، https://www.dailysabah.com/opinion/columns/can-us-turkiye-ties-overcome-frictions-in-trumps-new-term ، accessed 21، February، 2025.

13-i24 News، "Tulsi Gabbard Slams 'Islamist Megalomaniac' Erdogan over Syrian Proxies،" October31،2019، https://www.i24news.tv/en/news/international/americas/1572523309-tulsi-gabbard-slams-islamist-megalomaniac. accessed March، 2،2025.

14- Newsweek، Tulsi Gabbard's Policies، Explained: Hawaii Representative Is an Outlier on Foreign Policy، 15، October، 2019، https://www.newsweek.com/tulsi-gabbard-policies-explained-outlier-foreign-policy-1465471، accessed 2، March، 2025.

15- Ersanel ، Nedret، Trump korkakları...،Yenisafak، November، 16،2024، https://www.yenisafak.com/yazarlar/nedret-ersanel/trump-korkaklari-4657162، accessed 3 March،2025.

16- Detsch، Jack، U.S. Troops Really Are in Syria to Protect the Oil—for the Kurds، Foreign Policy، 5، August، 2020، https://foreignpolicy.com/2020/08/05/kurds-oil-syria-us-troops-trump/. Accessed 3March، 2025.

17- Hearst، David، Trump's Cabinet Is a Recipe for All-Out Middle East War، Middle East Eye، 14، November، 2024، https://www.middleeasteye.net/opinion/gaza-trump-new-cabinet-recipe-all-out-middle-east-war، accessed 3، March، 2025.

18- Turkish Minute، "Possible Trump Picks Could Dampen Erdoğan's Hopes for Better Relations،12 November، 2024، https://www.turkishminute.com/2024/11/12/possible-trump-pick-dampen-erdogans-hopes-for-better-relations/، accessed 3، March،2025.

19- ProtoThema English، Who Is Marco Rubio، the US Secretary of State Nominee—and Why His Appointment Upsets Turkey، 12، November،2024. https://en.protothema.gr/2024/11/12/who-is-marco-rubio-the-us-secretary-of-state-nominee-and-why-his-appointment-upsets-turkey/، accessed 1، March،2025.

20- K24، US Must Continue Supporting SDF in the Fight Against ISIS' Marco Rubio، 16، January، 2025، https://www.kurdistan24.net/en/story/820071/us-must-continue-supporting-sdf-in-the-fight-against-isis-marco-rubio، 25، February، 2025.

21- MedyaNews، US Senator Rubio warns against abandoning SDF، cautions Erdoğan on aggression، 16، January،2025، https://medyanews.net/us-senator-ru-

bio-warns-against-abandoning-sdf-cautions-erdogan-on-aggression/، 26، February، 2025.

22- Çevik ، Salim، op. cit.

23- Medya News، Turkish Pro-Government Media Alarmed by Trump's Kurd-Friendly Choice of Advisor، 13، November، 2024، https://medyanews.net/turkish-pro-government-media-alarmed-by-trumps-kurd-friendly-choice-of-advisor/، accessed 2، March، 2025.

24- Özkizilcik، Ömer، Turkey Is Searching for a Way out of Syria's Impasse، Atlantic Council، https://www.atlanticcouncil.org/blogs/menasource/turkey-syria-ocalan-pkk/. accessed 2، March، 2025.

25- Outzen، Rich، What the US-Turkey Relationship Will Look Like During Trump 2.0، Atlantic Council، December 4، 2024 ، https://www.atlanticcouncil.org/blogs/turkeysource/what-the-us-turkey-relationship-will-look-like-during-trump-2-0/، Accessed March، 2، 2025.

26- Brookings Institution، How Is Trump's Reelection Likely to Affect US Foreign Policy?، 15، November، 2024، https://www.brookings.edu/articles/how-is-trumps-reelection-likely-to-affect-us-foreign-policy/، accessed 1، March، 2025.

27- Middle East Eye، Unfriendly takeover: Trump says Turkey is behind collapse of Assad government in Syria، 16 December 2024.، https://www.middleeasteye.net/news/trump-says-turkey-behind-collapse-assad-government-syria، accessed 3، March، 2025.

28- Recep Tayyip Erdoğan، 6، November، 2024، https://x.com/RTErdogan/status/1854085164709896248?ref_src=twsrc%5Etfw%7Ctwcamp%5Etweetembed%7Ctwterm%5E1854085164709896248%7Ctwgr%5E6b1b6fe0e2f59d1b8238914563a2771cfc98dfd5%7Ctwcon%5Es1_&ref_url=https%3A%2F%2Fwww.voaturkce.com%2Fa%2Fdonald-trump-ikinci-doneminin-turkiye-abd-iliskilerini-nasil-etkilemesi-bekleniyor%2F7854141.html، accessed 1، March، 2025.

29- Zanotti، Jim and Thomas، Clayton، Op.cit.

30- Daily Sabah، Trump Return Opens Window of Opportunity in Turkish-US Ties: Experts، 12،November، 2025، https://www.dailysabah.com/politics/news-analysis/trump-return-opens-window-of-opportunity-in-turkish-us-ties-experts، accessed 1، March، 2025.

31- Yazıcıoğlu، Yıldız ،Donald Trump'ın ikinci döneminin Türkiye-ABD ilişkilerini nasıl etkilemesi bekleniyor?، 6، Kasım ، 2024، https://www.voaturkce.com/a/donald-trump-ikinci-doneminin-turkiye-abd-iliskilerini-nasil-etkilemesi-bekleniyor/7854141.html، accessed March، 4، 2025.

32- McKinley، Gibbs and Johnston، Kate، Op.cit.

33- Akin، Ezgi، Turkey announces initial payment for $23B F-16 jets deal، Oct 31، 2024، https://www.al-monitor.com/originals/2024/10/turkey-announces-initial-pay-

ment-23b-f-16-jets-deal، Accessed 4، March، 2025.

**34-** Soylu ،Ragip، Phone Diplomacy: Erdogan Wants to Repair Ties with US under Trump، 8، November، 2024 https://www.middleeasteye.net/news/phone-diplomacy-erdogan-wants-repair-ties-us-under-trump. Accessed 4، March ،2025.

**35-** Omar، Jaber، Turkey 'Rejects S-400 for F-35s US Proposal،' Seeks Other Deal، 25، September،2024 https://www.newarab.com/news/turkey-rejects-s-400-f-35s-us-proposal-seeks-other-deal. Accessed 4، March ،2025.

**36-** Iddon ، Paul، Why U.S. Approved Greek F-35 and Turkish F-16 Sales Simultaneously، Forbes،5، February، 2024، https://www.forbes.com/sites/paulididdon/2024/02/05/why-us-approved-greek-f-35-and-turkish-f-16-sales-simultaneously/ . Accessed 3، March، 2025.

**37-** Taşpınar، Ömer، New White House، Old Problems: Turkish-American Relations in 2025، Istanbul Political Research Institute، 31، October،2024، https://istanpol.org/en/post-new-white-house-old-problems-turkiye-us-relations-in-2025. Accessed 1، March، 2025.

**38-** Türkiye Today، US reaffirms F-35 conditions for Türkiye، S-400 dispute remains key issue، 28، November، 2024، https://www.turkiyetoday.com/turkiye/us-reaffirms-f-35-conditions-for-turkiye-s-400-dispute-remains-key-issue-85844/. Accessed 3، March،2025.

**39-** Ghanem، Vanessa، How Trump's return could reshape the complex US-Turkey relationship، 15، November،2024، https://english.alarabiya.net/News/united-states/2024/11/15/how-trump-s-return-could-reshape-the-complex-us-turkey-relationship. Accessed 3، March، 2025.

**40-** Ülgen، Sinan and Umarov، Temur، Transatlantic Policies on China: Is There a Role for Türkiye? Carnegie Endowment for International Peace، 17، October، 2024، https://carnegieendowment.org/research/2024/10/transatlantic-policies-on-china-is-there-a-role-for-turkiye?lang=en، Accessed 1، March، 2025.

**41-** Daily Sabah ،Trump Return Opens Window of Opportunity in Turkish-US Ties: Experts، 12، November، 2024، https://www.dailysabah.com/politics/news-analysis/trump-return-opens-window-of-opportunity-in-turkish-us-ties-experts. Accessed 1، March، 2025.

**42-** Özcan، Özel، Why Turkish-US relations must evolve in Trump›s 2nd era، 12 November 2024، https://www.dailysabah.com/opinion/op-ed/why-turkish-us-relations-must-evolve-in-trumps-2nd-era، 2، March، 2025. Accessed 3، March، 2025.

**43-** Vişne Korkmaz، Trump'ın İkinci Döneminde Türkiye-ABD İkili İlişkilerinden Ne Bekleyebiliriz?، Kriter، Aralık 2024 / Yıl 9، Sayı 96، https://kriterdergi.com/dosya-yeniden-trump/trumpin-ikinci-doneminde-turkiye-abd-ikili-iliskilerinden-ne-bekleyebiliriz ، Accessed March 3، 2025.

**44-** Daily Sabah، Türkiye، US Forge Stronger Trade Ties with Eyes on $100B Goal، August، 16، 2023،https://www.dailysabah.com/business/economy/turkiye-us-forge-

stronger-trade-ties-with-eyes-on-100b-goal. Accessed March 3، 2025.

45- ماهر، ماري، مصدر سبق ذكره.

46- Ülgen، Sinan and Umarov، Temur، Op.cit.

47- Öğütçü، Mehmet، Shifting Sands: Global Challenges and Turkey in 2025، Panorama، 14، December،2024، https://www.uikpanorama.com/blog/2024/12/14/global-challenges-2025-mo/، Accessed 4، March، 2025.

48- Kutlay، Mustafa، Why Does Turkey Want to Join BRICS – and What Will the Trade-Offs Be?، 20، September 2024، https://blogs.lse.ac.uk/europpblog/2024/09/20/why-does-turkey-want-to-join-brics-and-what-will-the-trade-offs-be/. Accessed March 4، 2025.

٤٩- ماهر، ماري، مصدر سبق ذكره.

٥٠- المصدر نفسه.

51- Aslan، Dilara، Türkiye-US relations: Renewed focus in Trump's presidency، 9، January 2025، https://www.dailysabah.com/politics/news-analysis/turkiye-us-relations-renewed-focus-in-trumps-presidency. Accessed March 4، 2025.

52- Çevik، Salim، Op.cit.

٥٣- ماهر، ماري، مصدر سبق ذكره.

54- Yazıcıoğlu ،Yıldız ، Donald Trump'ın ikinci döneminin Türkiye-ABD ilişkilerini nasıl etkilemesi bekleniyor?، 6 ،Kasım، 2024، https://www.voaturkce.com/a/donald-trump-ikinci-doneminin-turkiye-abd-iliskilerini-nasil-etkilemesi-bekleniyor/7854141.html، Accessed 4، March، 2025.

55- Dalay ،Galip، Turkey Has Emerged as a Winner in Syria but Must Now Use Its Influence to Help Build Peace، 13، December ، 2024، https://www.chathamhouse.org/2024/12/turkey-has-emerged-winnersyria-must-now-use-its-influence-help-buildpeace. Accessed 4، March، 2025.

56- Gasco، Riccardo and Abrami، Samuele، Turkey and the Syrian Conundrum after Assad. A Test for Ankara's Capacity and Credibility، 16، December،2024، https://www.iai.it/en/pubblicazioni/c05/turkey-and-syrian-conundrum-after-assad، Accessed 4، March، 2025.

57- Salem، Paul، et al.، Four Years of Tectonic Shifts That Redrew the Middle East، Middle East Institute، November 2024، https://www.mei.edu/sites/default/files/Four%20years%20of%20tectonic%20shifts%20that%20redrew%20the%20Middle%20East.pdf، Accessed March 4، 2025.

# پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا؛ ناشتنی چەک و زیندووکردنەوەی نەتەوەیەک!



م. احمد قادر علی
ماستەر لە ڕاگەیاندن، و لێکۆڵەری سیاسی

*** پێشەکی:**

گۆڕانکارییە خێراو فراوانەکانی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەریی لەسەر ڕەوتی سیاسەت و پێشهاتە ناوخۆییەکانی وڵاتانی جیهان بەگشتی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان دروستدەکات. تورکیا وەک وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە گەورەترین پارچەی کوردستان لە چوارچێوەیدایە و زۆرترین هاوڵاتیی کوردی تێدا نیشتەجێیە، لە ئامادەکاریدایە بۆ دەستوپەنجە نەرمکردن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا.

ئەم پێشهاتە جیهانی و هەرێمییانە، بەرپرسانی باڵای تورکیای خستووەتە گومانەوە و ترسیان لەوەیە پریشکی ئاگرەکە بگات بەماڵیان، بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی ئاژەوەی ناوخۆیی و پارچەبوونی خاکەکەیان دەرگای پرۆسەیەکی نوێیان بۆ چارەسەری پرسی کورد کردووەتەوە، لە لایەکەوە ئاڵۆزیی لێدوانەکانی بەرپرسانی باڵای حیزبە دەسەڵاتدارەکان و بەرپرسانی باڵای وڵات، لە لایەکی دیکەشەوە هەنگاوە دژبەرییەکانی بەشێک لە دامەزراوەکانی وڵات بە ئاڕاستەی دژەکورد و بەرەی ئۆپۆزسیۆن ئەگەری گەیشتنە ئەنجامی پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری پرسی کورد و ئایندەی تورکیایان لە تونێلێکی تاریکدا هێشتووەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە ئاماژەکانی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، زەمینەی جێبەجێکردنی و لەمپەرەکانی بەردەمی و پێگەی کورد لەو پرۆسەیەدا گەنگەشە دەکات.

*** هەوڵەکانی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا:**

لە ساڵی (١٩٩٤)ەوە هەتا ئێستا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا چەندین هەوڵی جۆراوجۆر دراون، بەڵام هەر جارێک لەبەر کۆمەڵێک هۆکار ئەم هەوڵانە بێ ئەنجام بوون.

ئەو جەنگەی لە (١٥)ی ئابی (١٩٨٤) بە هێرشی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بۆ سەر خاڵە سەربازییەکان لە ناوچەی ئێروح لە سێرتو شەمزینان لە هەکاری "جولەمێرگ" دەستیپێکردو بۆ ماوەی چل ساڵ بەبێ پچڕان بەردەوامە، ئەگەرچی لە ماوەی چڵ ساڵی ڕابردوودا بڕیاری ئاگربەست لە کاتە جیاجیاکاندا دراوە، دانوستانەکان لەنێوان لایەنەکاندا بە شێوازی جیاواز کراوە، ئەم هەوڵانە لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە لە ژێر ناوی پرۆسەی چارەسەری (Barış Süreci) زۆر چڕتربوون، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٥)ەوە بە کرداری خرانە ناو چەکمەجەوە و پرسەکە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

ڕاگەیاندنی یەکەمین ئاگربەستی تاکلایەنانە لە (٢٠)ی ئاداری (١٩٩٣) لەلایەن عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری پەکەکەو بڕیاری درێژکردنەوەی ئاگربەستەکە لە (١٥)ی نیسانی ساڵی (١٩٩٣)، وەک ئاماژەیەک بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی دەخوێنرایەوە، بەڵام مردنی تەمومژاوی تورگوت ئۆزال؛ سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتەی تورکیا لە (١٧)ی نیسانی هەمان ساڵ دەستپێشخەرییەکەی لەباربرد. لە کاتێکدا شەڕ و پێکدادانەکان بەردەوامبوون، دیسان ئۆجەلان لە (١٥)ی کانوونی دووەمی (١٩٩٥) و (١)ی ئەیلوولی (١٩٩٨) دوو ئاگربەستی جیاوازی ڕاگەیاند. دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی پۆڵا (Çelik Harekatı) لە (٢٠)ی ئاداری (١٩٩٥) بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان لەو ناوچانەی بنکەو بارەگای پەکەکەی تێدا بوو ئاگربەستی هەڵوەشاندەوە. دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە (١٥)ی شوباتی (١٩٩٩) هێندەی تر بەنزینی بە ئاگری جەنگدا کرد[١].

لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) (Adalet ve Kalkınma Partisi (Parti AK)) و هاتنەسەر دەسەڵاتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، هەنگاوەکانی دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتیی گەرمتربوونەوە، پەخشی کوردی لە مەودایەکی سنووردارداا لە کەناڵی دەوڵەتدا ڕێگەپێدرا، دانوستان لەنێوان بەرپرسانی دەوڵەتو ئۆجەلانو سەرکردەکانی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) دەستپێکرد، سەردانی بەرپرسانی ئاکپارتی بۆلای پارتی دیموکراتی هەرێمەکان (دەبەپە) Demokrat Bölgeler Partisi (DBP) و پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) (Halkların Demokrat Partisi (HDP)) دەستپێکردو پەکەکە لە ڕێکەوتی جیاجیا بڕیاری ئاگربەستی دەرکرد. حکومەتی ئاکپارتی لە ژێر ناوی "پاکێجی مافی مرۆڤ"دا

هەندێک هەنگاوی سەبارەت بە کرانەوە بە ڕووی زمانی کوردیدا نا. لە سەر بانگەوازی ئۆجەلان، دوو گروپی جیاواز لە ئەوروپاو قەندیلەوە بە ناوی "گروپی ئاشتی"یەوە چوونە تورکیا. "شاندی ئیمراڵی"، کە لە سیاسەتمەدارانی دەبەپەو هەدەپە پێکهاتبوون، لەگەڵ ئۆجەلاندا لە ئیمراڵی کۆبوونەوە. ئۆجەلان لە (٢١)ی ئاداری (٢٠١٣)دا نامەیەکی بۆ ڕای گشتیی کورد لە تورکیا ناردو لە ئاهەنگی نەورۆزدا لە دیاربەکر خوێنرایەوە. لە نامەکەدا ئۆجەلان ڕایگەیاند کە ململانێی نێوان تورکیاو پەکەکە کۆتاییهاتووە. گەریلاکانی پەکەکە لە سەر بانگەوازی ئۆجەلان دەستیانکرد بە دەرچوون لە سنوورەکانی تورکیا. "کۆمیسیۆنی چارەسەر" لە پەرلەمانی تورکیا دروستکرا[١].

لەگەڵ هەموو ئەم پێشهاتانەدا پرۆسەکە بە هێڵێکی ڕاست بەرەوپێش نەدەچوو. جگە لە هەنگاوەکانی لایەنەکان بەرەو چارەسەر، ڕووداوگەلێکیش هەبوون کە ڕێگر بوون لە پێشکەوتن‌و بەرەوپێشچوونی پرۆسەکە. داخستنی پارتی دیموکراتی هەرێمەکان (دەبەپە) بە کۆی دەنگ لەلایەن دادگای دەستوورییەوەو لێسەندنەوەی مافی پەرلەمانتاری لە هەریەک لە ئەحمەد تورک‌و ئایسەل توغلوک، دەستبەسەرکردنی بە کۆمەڵ بۆ سیاسەتمەدارانی کورد، بەرپرسانی هەڵبژێردراو، ڕۆژنامەنوسان‌و نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە ناوی "ئۆپەراسیۆنەکانی کەجەکە"وە ڕێگربوون لە بەردەم ئەوەی پرۆسەی ئاشتی بە ئەنجام بگات. لە لایەکی دیکەوە، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ (١٣) کەس لە (٣٤) ئەندامی "گروپی ئاشتی" لە کەمپەکانی قەندیل‌و مەخمور دەرچوو. هەروەها دژایەتیی بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە تورکیا کە خۆی لە پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) (MHP) (Milliyetçi Hareket Partisi)و پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) (Cumhuriyet Halk Partisi) (CHP)دا دەبینییەوە. لە لایەکی دیکەوە، ڕاگەیاندنی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان‌و خۆپیشاندانەکانی (٦-٨)ی تشرینی یەکەمی (٢٠١٤) بۆ پشتیوانی لە کۆبانێ‌و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە ڕۆژئاوای کوردستان‌و لێدوانە توندئامێزەکانی سەلاحەدین دەمیرتاش دژی دەوڵەتی تورکیاو ئاکپارتی‌و خودی ئەردۆغان، ڕوداوەکانی خەندەق "لێدانی خەندەق لە ناو شارو دەوروبەری شارەکان لەلایەن گەریلاکانی پەکەکە"و دەستبەسەرداگرتنی شرناخ، جزیرە، قەڵای دیاربەکر و ژمارەیەک قەزاو ناحیە لە باکووری کوردستان‌و سەر سنووری ڕۆژئاوای کوردستان؛ دۆخەکەیان ئاڵۆزترکرد[٢].

هەڵوەشاندنەوەو پابەندنەبوونی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بە ناوەڕۆکی لێکتێگەیشتنی دۆڵمەباخچە (Dolmabahçe Mutabakatı)وە، کە لە (٢٨)ی شوباتی (٢٠١٥) لەنێوان بەرپرسانی حکومەت‌و ئاکپارتی‌و ئەندامانی شاندی ئیمراڵی واژۆکرابوو کۆتا هەنگاوی ئەو پرۆسەی ئاشتییەی ڕاگرت، کە خودی ئەردۆغان دەستپێشخەرو ئاڵاهەڵگری بوو[٢]. ئەمە

جگە لەو لێدوانە توندەی دەمیرتاش لە (١٧)ی ئایاری (٢٠١٥)، کە بە ئاڕاستەی ئەردۆغان ڕایگەیاند: "ڕێگەنادەین ببیت بە سەرۆک"[٢]، هێندەی تر پەیوەندییەکانی هەدەپەو حکومەتی تورکیای گرژتر کرد.

هێرشی بۆمبڕێژکراو، کە دوو ڕۆژ پێش هەڵبژاردنەکانی (٧)ی حوزەیرانی (٢٠١٥) لە میتینگێکی هەدەپە لە دیاربەکر ڕویدا، هێرشی داعش لە سوروچ لە (٢٠)ی تەمموزی (٢٠١٥)، کوشتنی دوو ئەفسەری پۆلیس لە ماڵەکانیان لە ناوچەی جەیلانپنار لە ئورفا لە (٢٥)ی تەمموزی هەمان ساڵ، کۆمەڵکوژیی وێستگەی شەمەندەفەری ئەنقەرە لە (١٠)ی تشرینی یەکەمی (٢٠١٥)، ڕاگەیاندنی "بەیاننامەی خۆبەڕێوەبەری"، کە لە پاییزی (٢٠١٥) لە شارە جیاجیاکانی باکووری کوردستان بەتایبەتی سوور، جزیرە، نوسایبین، یوکسەک ئۆڤا، سیلڤان، سلۆپی‌و دواتر پێکدادانەکانی ئەو شارانە هەتا سەرەتای (٢٠١٦) بەردەوامبوو. بەتایبەت هێرشی گەریلاکانی پەکەکە بۆ سەر قەزای جزیرەو ناوچەی "سوور/ قەڵا" لە ناوەندیی دیاربەکر و پێکدادانی قورسی چەکداری لەنێوان گەریلاو هێزە ئەمنییەکانی تورکیادا ڕوویدا، ڕاگەیاندنی شێوەیەک لە "خۆبەڕێوەبەری"و دانانی دادگای گەل (Halk Mahkemesi) لە بریی دادگاکانی حکومەت[١] و هەوڵی کودەتاکەی (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦)و پێشهاتەکانی دواتر، ئەگەری گەڕانەوەی لایەنەکانی بۆ سەر مێزی گفتوگۆ بە تەواوی لەباربرد.

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی (١٠) ساڵ، لە (١)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٤) دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) یەکەم هەنگاوی بە ئاڕاستەی دەستپێکردنەوەی گەڕێکی نوێی پرۆسەی ئاشتی دەستپێکردەوە، هەرچەندە ئۆجەلان و دەمپارتی ئامادەیی خۆیان بۆ دەستپێکردنەوەی گەڕێکی نوێی پرۆسەی ئاشتی ڕاگەیاند، بەڵام ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا وەک پێویست پشتیوانی لە پرۆسەکە نەکردووە، ئەمەش بەهۆی دوودڵی و ترسی لە سەرنەگرتنی پرۆسەکە و دواجار کەمبوونەوەی پشتیوانی دەنگدەرانی تورک بۆ ناوبراو لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٨)، لەبەرئەوەی ئەردۆغان ئەزموونی پرۆسەی ئاشتیی (٢٠١٢)ی هەیە.

هەروەها پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) کە خۆی بە دامەزرێنەری کۆماری تورکیا و میراتگری کەمال ئەتاتورک دەزانێت، پێش چارەسەری پرسی کورد جەخت لەسەر بە دیموکراتیکردنی تورکیا و گەڕانەوە بۆ بنەماکانی سەرەتای دامەزراندنی کۆمار دەکاتەوە، جەهەپە پێی وایە "تورکیا لە ئێستادا بەدەست تاکڕەوی، قەیرانی دادوەری، دارایی و نەمانی متمانەی خەڵک بە دامەزراوە دەوڵەتییەکانەوە دەناڵێنێت"، هەر بۆیە ئۆزگیور ئۆزێل (Özgür Özel) سەرۆکی جەهەپە داوا دەکات، پێش چارەسەری پرسی کورد پێویستە چارەسەری پرسی تورکیا لە بە دیموکراتیکردنی و ڕێگری بۆ تاکڕەوی لە چوارچێوە گشتییەکەدا بکرێت. ئەمانەش بە

لێدوانی لاستیکی دەزانرێت، واتە جەهەپە-یش "شینی خۆی دەکات"[٣].

ئەمە جگە لەوەی موساڤات دارڤیش ئۆغڵو (Müsavat Darvişoğlu)؛ سەرۆکی ئی پارتی (İyi Parti)[٢] و ئومیت ئۆزداغ (Umit Ozdağ)؛ سەرۆکی پارتی زافەر (Zafer Partisi)، بە توندی ڕەخنەیان لە پرۆسەکە گرتووە، هەر بەهۆی دژایەتی پرۆسەکە و گوتاری توندی فاشیستییانەی ئومیت ئۆزداغ لە (٢١)ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ دەستگیرکرا[٣].

> ” گۆڕانکارییە خێراو فراوانەکانی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەریی لەسەر ڕەوتی سیاسەت و پێشهاتە ناوخۆییەکانی وڵاتانی جیهان بەگشتی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان دروستدەکات “

*** هۆکارەکانی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی:**

هەرکاتێک دەوڵەت و هێزێکی چەکداری دژبەری دەستیان بە گفتوگۆ کردبێت، کۆمەڵێک هۆکار لە پشت دەستپێکردنی ئەو پرۆسەیەوە بووە. دەستپێشخەرییەکەی ئەمجارەی دەوڵەت باخچەلیش بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی جگە لە ڕەهەندی ناوخۆیی هەڵگری چەند ڕەهەنێکی هەرێمی و نێودەوڵەتییە و ڕەوتی پێشهاتەکانی ناوچەکە و گۆڕانی هاوسەنگی هێز و هاوکێشە سەربازی و سیاسییەکان ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە.

گۆڕانکارییەکانی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتیش ڕووخانی ڕژێمی سوریا و ڕەگداکوتانی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان وەک دیفاکتۆیەک و هەنگاونان بەرەو بوون بە هەرێمێک لە چوارچێوەی سوریادا، یەکێک بوون لە پاڵنەرەکانی تورکیا بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی. لە هەمانکاتدا مەترسی ئەنجامدانی هێرشی سەربازی بۆسەر ئێران یاخود تێکچوونی دۆخی ئەو وڵاتە و دابەشبوونی بەسەر چەند هەرێمێکدا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش یەکێک دەبێت لەو هەرێمانە. لێرەوە تورکیا ترسی لێ نیشتووە بۆ هاندانی کوردەکانی ناو وڵاتەکەیی و ئەگەری دروستبوونی گرژی ناوخۆیی و داواکاری جیابوونەوە لە تورکیا.

لەلایەکی دیکەوە لاوازبوونی توانای گروپە چەکدارەکانی (حەماس، حیزبوڵلا، حوسییەکانی یەمەن، حەشدی شەعبی) بەهۆی نەبوونی تەکنەلۆژیای سەربازیی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی دەوڵەتی نەیار، زەمینەی نەمانی ڕۆڵ و

ئەرکی پەکەکەی هێناوەتە کایەوە و ئەوانەیشی پشتیوانی لێدەکەن، پێیان وایە پێویستە بە شێواز و ڕێگای دیکە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بدەن[٣].

لەلایەکی دیکەشەوە لاوازکردنی ئەو گروپە چەکدارانە کە بە دۆست و نزیکی ئێران دەزانرێت، لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و ئەوروپا، تورکیا و وڵاتانی عەرەبیشە، بۆیە بەدیهاتنی پرۆسەی ئاشتی و نەمانی پەکەکە، هێڵێکی دیکەی بەرگریی ئێران بەرامبەر تورکیا ناهێڵێت.

بارودۆخی ناوخۆی تورکیا و گرژییەکانی نێوان دەسەڵات و بەرەی ئۆپۆزسیۆن، قەیرانی دارایی و هەڵکشانی بەردەوامی هەڵاوسان، بەهێزبوونی تەوژمی فاشیزمی تورکی و کاردانەوەی بەشێک لە کوردەکان بە هەمان ئاڕاستە کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆیین کە ڕەنگە دواجار دۆخی تورکیا لە ناوخۆدا بتەقێنێتەوە و هاوتەریب لەگەڵ کێشەی کورد ڕێگەخۆشکەربن بۆ تێکچوونی ئاسایشی تورکیا. بەتایبەت زۆرێک لە هاوڵاتیانی کورد و تورکیش پێیان وایە چارەسەری کێشەی کورد و پەکەکە زۆرێک لەو کێشانەی دیکە چارەسەر دەکات، ئەم بۆچوونە لەلایەن سەرکردەکانی بزووتنەوەی کوردی و بەشێک لە سەرکردە و کەسایەتییە تورکەکانیشەوە پشتیوانی لێدەکرێت.

ئەوەشمان لەبیر نەچێت، ساڵانە بودجەیەکی زۆری تورکیا بۆ وەزارەتی بەرگری، پیشەسازی بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەی "تیرۆر" تەرخان دەکرێت، کە بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی قەیرانی ئابووریی ئەو وڵاتە هەژمار دەکرێت. بەجۆرێک بودجەی وەزارەتی بەرگریی تورکیا تەنیا لە یەک ساڵدا (٢٠٢٣ بۆ ٢٠٢٤) لە (١٦) ملیار دۆلارەوە بۆ (٤٠) ملیار دۆلار بەرزبووەتەوە، ئەم بەرزبوونەوەیە لە بودجەی ساڵی (٢٠٢٥) گەیشتووەتە (٤٧) ملیار دۆلار[٤].

*** خواستی دەوڵەت و مەرجەکانی کورد:**

هەرچەندە هەریەک لە باخچەلی و ئەردۆغان چەندین جار جەختییان لەوە کردووەتەوە کە دانوستان لەنێوان دەوڵەت و ئیمراڵی یاخود قەندیل نییە و پرۆسەکە تەنها بریتییە لە داواکاری ئۆجەلان بۆ چەکدانانی پەکەکە لە چوارچێوەی بانگەشەکانی "تورکیای بێ تیرۆرTerörsüz Türkiye"[٥]. بەڵام نوێنەرانی کورد مەرجیان هەیە بۆ دانوستان و پێیان وایە ناکرێت بەبێ هیچ سازان و ڕێککەوتنێکی پێشوەختە ئۆجەلان داوای چەکدانان لە پەکەکە بکات.

هەروەک لە دەستپێشخەرییەکەیشیدا دەوڵەت باخچەلی داوایکردبوو، "ئۆجەلان بێتە پەرلەمان و لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی دەمپارتی بانگەشەی کۆتایهاتنی تیرۆر و هەڵوەشانەوەی پەکەکە بکات". لەم پەیامەوە دەردەکەوێت دەوڵەت خۆی زۆر لەوە بەهێزتر

نیشاندەدات کە بکەوێتە دانوستان و پەکەکە وەک هێزێک لە بەرامبەری خۆیدا دابنێت. هەروەک بەرپرسانی هەواڵگری، ئەمنی و سەربازی تورکیایش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لە سایەی هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هەماهەنگی هەواڵگری لەنێوان ئەنقەرە، هەولێر و بەغداد توانای بەرگریی پەکەکە لاواز بووە و نەک لە شارەکانی باکوور و باشووری کوردستان، بەڵکو لە قەندیلیش ناتوانن لە ئەشکەوت و پەناگەکانیان بێنە دەرەوە.

لێرەوە تێدەگەین، دەستپێشخەرییەکەی دەوڵەت باخچەلی وەک دیارییەک لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بۆ کورد و پەکەکە و خودی ئۆجەلان نیشاندەدرێت، بەتایبەت بۆ ڕای گشتی تورکیا لە میدیاوە ئەو وێنایە دروست دەکرێت کە پەکەکە کۆتایی هاتووە و تەنها ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی ماوە لەلایەن ئۆجەلان و بەرپرسانی ئەو گروپەوە.

لە بەرامبەردا هەم ئۆجەلان و هەم قەندیل و دەمپارتیش پێیان وایە ئەم پرۆسەیە پێویستی بە دانوستان و جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد هەیە لەلایەن دەوڵەتەوە، لە گرنگترین داواکارییەکانیش سەربەستی ئۆجەلان ئەگەر مەرجداریش بێت، پێدانی ناسنامەیەکی دیاریکراو بە کورد و خوێندن بە زمانی کوردی، هەروەها دەرکردنی لێبووردنێکی گشتی کە گەریلاکانی پەکەکە بگرێتەوە و بتوانن بگەڕێنەوە نێو ماڵ و حاڵی خۆیان، بە گوێرەی زانیارییە دزەپێکراوەکان ژمارەی ئەو کەسانە نزیکەی (٧٥٠٠) کەس دەبن[٦]، ئەمە جگە لەوەی دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان و مانەوەی کانتۆنەکان بە هێڵی سور ناوزەد دەکەن.

هەروەک لە ڕاگەیەنراوی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەمپارتی کە لە (١٣)ی شوباتی ئەمساڵدا بڵاوکراوەتەوە، جەخت لەسەر چوار خاڵ کراوە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا. لەو چوار خاڵەدا دەمپارتی داوایکردووە، "گۆشەگیری سەر ئۆجەلان لاببرێت، بەستنی پەیمانێکی نوێی کۆمەڵایەتیی دیموکراتی، دەستەبەرکردنی یەکسانی بۆ سەرجەم هاوڵاتیان لە نیشتیمانێکی هاوبەشدا، پەیڕەویکردن لە سیاسەتی ئاشتی و دیالۆگ لە جێگەی سیاسەتی جەنگ لەلایەن تورکیاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا"[٧].

*** پرۆسەی ئاشتی ناکۆکی نێوماڵی کورد:**

دەوڵەت باخچەلی لە بانگەشەکەی (٢٢)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٤)یدا، جەختی لەسەر ئیمراڵی و دەم پارتی کردەوە وەک لایەنی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی، بەمجۆرە هەر لە یەکەم هەنگاوەوە دەوڵەتی تورکیا هەوڵیدا لەڕێگەی دوورخستنەوەی سەلاحەدین دەمیرتاش و قەندیل لە گفتوگۆکانی پرۆسەی ئاشتی ناکۆکی بخاتە نێوماڵی کوردەوە.

عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش لە (٢٣)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٤) لەڕێگەی عومەر ئۆجەلانی برازایەوە لە پەیامێکیدا ڕایگەیاند: "توانام هەیە هەم بە تیۆری و هەم لە مەیداندا هەوڵەکانی

پرۆسەی ئاشتیو بەدەستهێنانی مافەکانمان لە زەمینەی شەڕو ڕووبەڕووبوونەوەوە بهێنمە زەمینەی سیاسیو یاسایی"[٨]. ئەم گوتانە لە لایەکەوە، هێمان بۆ ڕوانینی ئەرێنیی ئۆجەلان بۆ دەستپێشخەرییەکەی باخچەلیو توانای لە ڕازیکردنی بەرپرسانی دەمپارتیو قەندیلو ڕای گشتیی کورد لە تورکیا بۆ چارەسەری کێشەکە. واتە یەکگرتوویی کورد لە سایەی بانگەوازێکی ئۆجەلاندا دەکرێت بەدیبێت.

لەگەڵ ئەمانەشدا بەدەر لە هێزی چەپڕەوی کوردی لە ئێستا هێزی ئیسلامیی سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش لە مەیداندان و بۆچوونی خۆیان هەیە. پارتی بانگەوازی ئازاد (هوداپار) جەخت لەسەر جیاکردنەوەی "پرسی کورد" لەگەڵ پەکەکە دەکاتەوە و پێی وایە، "ناکرێت ئەم دوو بابەتە تێکەڵی یەکدی بکرێن، لەبەرئەوەی پرسی کورد کێشەی نەتەوەیەکە و پێویستی بە چارەسەر هەیە لەلایەن دەوڵەتەوە، بەڵام پەکەکە وەک گروپێکی چەکدار کێشەیەکی دیکەیە و بەجۆری دیکە دەوڵەت دەتوانێت چارەسەری بکات"[٩]. لەلایەکی دیکەوە ناکۆکییەکانی نێوان بارزانییەکان و پارتی لەگەڵ پەکەکە، ڕۆژئاوای کوردستان و ئەو هێزە کوردییانەی کەوا پەیوەندییەکی تا ڕادەیەك باشیان لەگەڵ ئێران هەیە، دەرگای ناکۆکی و ململانێ بەڕووی کورددا بە کراوەیی هێشتووەتەوە.

> **" لە ساڵی (١٩٩٤)ەوە هەتا ئێستا بۆ چارەسەکردنی پرسی کورد لە تورکیا چەندین هەوڵی جۆراوجۆر دراون، بەڵام هەر جارێك لەبەر کۆمەڵێك هۆکار ئەم هەوڵانە بێ ئەنجام بوون "**

لەمانەش مەترسیدارتر ڕەچاونەکردنی پێگەی ئیسلامییەکانە بەتایبەت لە باکوور و باشووری کوردستان لەلایەن پەکەکە و دەمپارتییەوە، بە جۆرێک وەفدی دەمپارتی/ ئیمراڵی لە هەرێمی کوردستان سەردانی سەلاحەدین بەهادین ئەمینداری گشتیی یەکگرتوویان نەکردووە، بەڵکو تەنها دیدارێک لەنێوان سەلاحەدین بەهادین و مستەفا عبدوڵڵا سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان لە سلێمانی لەگەڵ چەند ئەندامێکی وەفدی دەمپارتی/ ئیمراڵی ئەنجامدراوە.

هەروەها سەرەڕای کۆبوونەوەی وەفدەکەی ئیمراڵی لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی تورکیا کە خاوەن ژمارەیەک پەرلەمانتارن لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە. بەڵام ئامادەنەبووە سەردانی هوداپار بکات کە حیزبێکی کوردییە و لە پەرلەمانی تورکیا خاوەنی (٤) پەرلەمانتارە.

لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتای دەرکەوتنی ئاماژەکانی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، هوداپار پشتیوانی خۆیی بۆ هەر هەنگاوێک بە ئاڕاستەی چارەسەری پرسی کورد ڕاگەیاندووە، بەدڵنیاییەوە ئەگەر وەفدی ئیمراڵی بیەوێت سەردانی هوداپار بکات، بەرپرسانی ئەو حیزبە دیدار و گفتوگۆ ڕەت ناکەنەوە.

هەر بۆیە هوداپار-یش بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بسەلمێنێت و بە ڕای گشتی تورکیا و باکووری کوردستانیش بڵێت کە "ئێمەش هەین و خۆمان بە خاوەنی پرسی کورد دەزانین" لە (١٥-١٦) ی شوباتدا کۆنفرانسێکی لە دیاربەکر ئەنجامدا[١٠] و لەو کۆنفرانسەدا هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجە حیزبییەکانی خۆیی لە چوارچێوەی چارەسەری پرسی کورد داوە.

هەر لە ناونیشانی کۆنفرانسەکەوە کە بریتی بوو لە: "چارەسەری مرۆڤایەتییانە بۆ پرسی کورد" هوداپار دەیەوێت پێمان بڵێت چارەسەری پرسی کورد لەنێوان دەوڵەت و پەکەکە یاخود دەمپارتی چارەسەرێکی مرۆڤییانە نابێت. لە هەمانکاتدا ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنفرانسەکە بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستپێدەکات کە باس لە "جیاوازی ڕەنگ و زمان" دەکات وەک "نیشانەیەکی دەسەڵاتداریێتی خودا"[١١]. بەمجۆرە هوداپار لە یەک کاتدا دەیەوێت بە ڕای گشتی کورد لە باکووری کوردستان بڵێت کە ناکرێت تەنها دەمپارتی/ پەکەکە نوێنەرایەتی کورد بکەن، بە هەمانجۆر بەدەوڵەت و شەقامی تورکیایش دەڵێت جیاوازیمان لەگەڵ ئێوەدا هەیە و سەرچاوەی ئەو جیاوازییەش خودا خۆیەتی و ئیسلامیش پشتیوانی دەکات.

بەمجۆرە هوداپار دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە داوای "چارەسەرێکی مرۆڤایەتییانە" بکات کە سەرچاوەکەی لە ئیسلامەوە بێت. لە هەمانکاتدا هەوڵیداوە لەم ڕێگەیەوە بوونی خۆی بەهێزتر بکات، ئەگەرچی بۆ چەند ڕۆژێکیش بێت "تێڕوانینی هوداپار" بۆ چارەسەری کێشەی کورد بکات بە ڕۆژەڤی میدیای تورکیا، کە تا ڕادەیەکیش لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجەیدا سەرکەوتوو بووە.

لە هەمانکاتدا ڕێکخراوی (Hak İnisiyatifi) کە ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنییە، تەوەرەکانی "سێیەمین دیداری کوردی"ی کە لە دیاربەکر ڕێکیخستبوو تایبەت کرد بە هەوڵەکانی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی، ڕاگەیەنراوی کۆتایی دیدارەکەش جەختی لەسەر "هێنانەدەرەوەی ناوەڕۆکی دانوستانەکانی پرۆسەی ئاشتی لە ژوورە تاریکەکان" کردووەتەوە[١٢]. واتە لە ڕوانگەی خستنە دەرەوەی هێز و ڕێکخراوەکانی دەرەوەی دەم پارتی و پەکەکە لە پرۆسەی ئاشتی، جیاوازیی لەنێوان دەم پارتی/ پەکەکە و دەوڵەتدا نابینرێت. ئەمەش ئاماژەیەکی مەترسیدارە بۆ ئەگەری دەستبردن بۆ هەر هەوڵێک بۆ تێکدان یاخود بەلاڕێدابردنی پرۆسەی ئاشتی و دوورخستنەوەی لە ئامانجەکانی لەلایەن هێز و ڕێکخراوە

کوردییەکانی دەرەوەی دەمپارتی و پەکەکە.

لە بەرامبەردا بەرپرسانی دەمپارتی و بزووتنەوەی چەپی کورد لە تورکیا هوداپار و هێزە ئیسلامییە کوردییەکان تۆمەتبار دەکەن بە "پشتگوێخستنی کێشەی کورد و باسکردنی لە دوای کێشەی مسوڵمانانی فەلەستین، سوریا و لوبنان"[١٣]. لەلایەکی دیکەوە لەژێر پەردەی برایەتی ئیسلامی ملکەچی بۆ ئیسلامییە توندڕەو و فاشیستەکانی تورکیا دەنوێنن، بەجۆرێک بە بەهانەی برایەتی ئیسلامی داواکاری مافی کورد و ناسنامە و بوون بە خاوەن کیانێکی سیاسی و کارگێڕی پشتگوێ دەخەن.

هەڵبەت هەوڵەکەی دەوڵەت، دەمپارتی و پەکەکە بۆ پشتگوێخستنی دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانی کورد تەنها لە فەرامۆشکردنی حیزبە ئیسلامییەکاندا چوارچێوەدار نەبووە، بەڵکو وەفدی ئیمراڵی هیچ گفتوگۆیەکی بە ئاڕاستەی ڕاگۆڕینەوە و وەرگرتنی بۆچوونە جیاوازەکانی شەقامی کوردی لە تورکیا ئەنجام نەداوە. لە کاتێکدا چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، ناوەندیی ڕۆژنامەوانی و توێژینەوەی شیکاری، سەنتەری ئەکادیمی و لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە تورکیا و باکووری کوردستان بوونیان هەیە کە چەقی کارەکانیان کورد و چارەسەری کێشە و بەدیهێنانی خواستەکانیەتی لە تورکیا.

هەر ئەم پشتگوخستنەی هێز و ڕێکخراوەکانی دیکەی دەرەوەی دەمپارتی و پەکەکە ڕەنگە بەڵگە بێت لەسەر دروستی لێدوانەکانی باخچەلی و ئەردۆغان کە دەڵێن هیچ پرۆسە و دانوستانێک لە ئارادا نییە و ئەوەی هەیە هەوڵەکانی ئامادەکارییە بۆ بانگەوازی هەڵوەشاندنەوە یاخود چەکدانانی پەکەکە لەلایەن عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە.

ناکۆکی نێوماڵی کورد بەدرێژایی مێژوو یەکێک بووە لە گرفتە سەرەکییەکان و دوژمنانیش توانیویانە سودی لێوەربگرن، لەم پرۆسەی نوێی ئاشتی تورکیاشدا ئاڵاهەڵگرانی پرۆسەکە لەلایەنی دەوڵەتەوە لە یەکەم هەنگاوەکانیاندا هەوڵیانداوە دووبەرەکی بخەنە نێوماڵی کوردەوە، بەڵام لەمانە مەترسیدارتر ئەو هەنگاوانەی لایەنە کوردییەکان خۆیانە بەتایبەت لەڕێگەی فەرامۆشکردنی یەکدی و پلانی نەیارانی کورد بەدەستی خۆیان جێبەجێ بکەن.

*** ناکۆکییەکانی باخچەلی و ئەردۆغان لەسەر پرۆسەکە:**

لە سەرەتاوە بۆ ماوەی هەفتەیەک زیاتر ئەردۆغان هیچ لێدوانێکی بە ئاڕاستەی پشتیوانی لە بانگەشەکەی باخچەلی ڕانەگەیاند، کاتێکیش قسەی لە سەر ئەو بابەتە کرد، زۆر بە کاڵ وکرچیو ناڕاستەوخۆو دوودڵییەوە پشتیوانی لە باخچەلی کرد. لە لایەکی دیکەوە، لابردنی ژمارەیەک سەرۆکی شارەوانیی دەمپارتیو جەهەپەو دانانی قەییوم لە جێیانو بەردەوامی پرۆسەکە، کردنەوەی دۆسیەی دادگایی سیاسی بۆ تونجار باکرهان؛ هاوسەرۆکی

دەمپارتی، کردنەوەی دۆسیەی دادگایی گەندەڵی بۆ ژمارەیەک سەرۆکی شارەوانیی جەهەپە لە سەر تۆمەتی گەندەڵیو بەهەدەردانی سامانی وڵات بە ئەکرەم ئیمام ئۆغلوی سەرۆکی شارەوانیی ئەستەنبوڵو مەنسور یاڤاشی سەرۆکی شارەوانیی ئەنقەرە، بەردەوامی لێدوانە توندەکانی ئەردۆغان بەرانبەر بە سەرکردە کوردەکان لە تورکیا، شکاندنی بێدەنگی لەلایەن ئەردۆغانەوە لەسەر دۆسیەی گەندەڵی بەرپرسانی مەهەپە لە ناو حکومەتو ناچارکردنی دەوڵەت باخچەلی بۆ دەرکردنی سێ پەرلەمانتاری حیزبەکەی لە فراکسیۆنی مەهەپە بە تۆمەتی قاچاخی ئاڵتون، جیاکردنەوەی دۆسیەی کورد لە باکووری کوردستان لەگەڵ ڕۆژئاواو باشووری کوردستان لەلایەن دەستەی ڕاوێژکارانی سەرۆکایەتیی کۆمار، بەردەوامی هێرشە ئاسمانییەکانی سوپا و بە ئامانجگرتنە تاکییەکانی میت بۆ بەرپرس و ئەندامانی پەکەکە/ یەپەگە لە سوریا و عێراق ئاماژەن بۆ ناکۆکی ئەردۆغان و باخچەلی و خۆبەدوورخستنی سەرۆک کۆماری تورکیا لە هەر جۆرە دانوستان و ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئیمراڵی و قەندیل، ئەمەش بەهۆی ترسی ئەردۆغان لە سەرنەگرتنی پرۆسەکە و دواجار دابەزینی زۆری دەنگەکانی لە هەڵبژاردنەکاندا.

دوورخستنەوەی دەمیرتاشو قەندیل لە پرۆسەکە هەر لە دەستپێشخەرییەکەی باخچەلییەوە لە (٢٢)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٤) و دواتر سەردانی وەفدی ئیمراڵی بۆلای دەمیرتاش و ناردنی پەیامی ئۆجەلان بە قەندیل، ئاماژەن بۆ فشاری ئەردۆغان بۆسەر باخچەلی و هەوڵدان بۆ سەپاندنی قسەکانی خۆی و ڕەتکردنەوەی بەشێک لە دەستپێشخەری و پێشنیازەکانی دەوڵەت باخچەلی.

ئەگەر ئەردۆغان دەستپێشخەرییەکەی باخچەلی بە تەواوی ڕەتبکردایەتەوە، واتای تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئاکپارتیو مەهەپەو دواجار هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانیی کۆمار دەبێت. ئەگەر ئەمە ڕوبدات، ئەردۆغان لە هەڵبژاردنەکاندا باجەکەی دەداتو بەبێ هاوپەیمانی لەگەڵ مەهەپەدا سەرکەوتن بەدەستناهێنێت. لە هەمانکاتدا ئەردۆغان نیگەرانە لە ئەگەری لەدەستدانی پشتیوانی ڕەوتی نەتەوەپەرست و ڕەگەزپەرستی تورکیا بۆ هاوپەیمانی کۆمار، بەتایبەت کە دەبینێت پارتی باش، پارتی زافەر و باڵە فاشیستەکەی ناو جەهەپە بە توندی دژایەتیی دەستپێشخەرییەکەی باخچەلییان کردووە، بۆیە ئەردۆغان دەترسێت تەوژمی نەتەوەپەرستی و فاشیست بە ئەندام و لایەنگرانی مەهەپە-یشەوە لە پشتیوانیکردنی مەهەپە و هاوپەیمانی کۆمار سارد ببنەوە، دواجار گۆڕانی هاوکێشەکەیش بەمجۆرە لە هەڵبژاردنەکاندا بە پلەی یەکەم بە زیانی ئەردۆغان و سەرکەوتنی بەرەی ئۆپۆزسیۆن کۆتایی دێت.

جگە لەمانەش ئەردۆغان ڕەچاوی پێگەی خۆیی و وڵاتەکەیی و بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەکات، بۆیە ترسێک لە ناخی ئەردۆغاندا هەیە بۆ ئەوەی لە ئەگەری سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتیدا ئەمریکا و ڕۆژئاوا نەهێڵن بەئاسانی ئەو پێشهاتە نوێیەیان بەسەردا تێپەڕێت و هەوڵی دروستکردنی ئاژاوەی ناوخۆیی لە تورکیا بدەن و دوژمنی دیکە بۆ ئەو وڵاتە دروست بکەن. ئەم بۆچوونەیش لە گوتەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە ڕۆژی چوارشەممە؛ (٢٧)ی تشرینی دووەمی (٢٠٢٤)، لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی ئاکپارتی لە پەرلەمانی تورکیا بە ڕوونی هەستپێکرا. ئەردۆغان لە گوتارەکەیدا ئاماژەی بەوە دا کە "ئێمە بیر لە ڕەهەندی نێودەوڵەتی بانگەشەکەی دەوڵەت باخچەلی دەکەینەوە"[١٤]. ئەم گوتەیەی ئەردۆغان بەڕوونی ئاماژەیە بۆ ترس و دوودڵیی سەرۆککۆماری تورکیا لە کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان پەیوەست بە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا.

> **” جەهەپە پێی وایە "تورکیا لە ئێستادا بەدەست تاکڕەوی، قەیرانی دادوەری، دارایی و نەمانی متمانەی خەڵك بە دامەزراوە دەوڵەتییەکانەوە دەناڵێنێت “**

ئەوەشمان لەبیر نەچێت بەگوێرەی تێڕوانینی خۆی، ئەردۆغان ئەزموونێکی تاڵی لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری کێشەی کورددا هەیە و پێی وایە، ئەوەی حکومەتی تورکیا لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا بۆ کورد و پەکەکە-ی کردووە لە پێدانی ناسنامەی سیاسی، کەلتووری و کۆمەڵایەتی، مافی بەکارهێنانی زمانی دایک لە دامەزراوە دەوڵەتییەکان و میدیا، کردنەوەی پانتاییەکی فراوانی ئازادیی ڕادەبڕین لە بواری سیاسەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە درێژایی مێژووی کۆماری تورکیا بۆ کورد فەراهەم نەکراوە. بەڵام سەرەڕای ئەو دەرفەتانە ئەردۆغان پێی وایە کورد و پەکەکە ئەو دەرفەتەیان بە خراپی بەکارهێنا و لەبری پشتیوانی لە پرۆسەکە و مانەوەی ئەردۆغان لە سەرۆکایەتیی تورکیادا ڕێگرییان لە بوونەوە بە سەرۆک کۆماری کردووە و هەوڵیانداوە ئاژاوەی ناوخۆیی دروست بکەن و ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و سووریایان کردووە بە دەرفەتێک بۆ پارچەکردنی خاکی تورکیا و تەنانەت جیابوونەوە و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی. هەر ئەمەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی پشتیوانی شەقامی تورکی لە ئەردۆغان و ئاک پارتی. بۆیە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان نایەوێت ئەو سەرکێشییە دووبارە بکاتەوە و ببێتە پێشڕەوی پرۆسەی ئاشتی. بەتایبەت ڕێژەی پشتیوانی دەنگدەری تورکیا بۆ ئەردۆغان و ئاک پارتی لە دابەزینی بەردەوامدایە و لە هەمانکاتدا

ڕکابەرەکانی لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە بەهێزبوونی بەردەوامدان.

سووربوونی باخچەلییش لە سەر هەڵوێستەکانی خۆیو بانگەشەی بۆ بەردەوامی هەوڵەکانی پرۆسەی ئاشتی، هێمایە بۆ ناچارکردنی ئەردۆغان بۆ پشتیوانی بانگەشەکەی باخچەلیو جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی وەک سەرۆککۆمارو تاکەکەسێک، کە دەتوانێت گڵۆپی سەوز بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی هەڵبکات. هەموو ئەم تاکتیکو هەنگاوانە ئاماژەن بۆ بوونی ناکۆکیی قووڵ لەنێوان باخچەلیو ئەردۆغان، بەتایبەت پەیوەست بە کێشەی کوردو هەنگاوەکانی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتییەوە کە دواجار بە زیان بۆ پرۆسەکە و دۆزی کورد لە تورکیا کۆتایی دێت.

*** ڕۆژئاوای کوردستان وەک گرێکوێرەی چارەسەر:**

وەک چۆن دامەزراندنی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ شکستهێنانی پرۆسەی ئاشتیو تەنانەت بە هۆی پێشهاتەکانی ئەو ناوچەیەوە ئاڵۆزییەکی زۆر لە باکووری کوردستانیش دروستبوو، بە هەمان شێوە ئێستایش ڕۆژئاوای کوردستان بە باکوور بەستراوەتەوە و بەبێ چارەسەری کێشەی تورکیاو کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا، چارەسەری پرسی کورد لە تورکیادا بە مەحاڵ دەبینرێت.

لە کاتێکدا بەرپرسانی تورکیا بانگەشەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ناوخۆی وڵاتەکەیاندا دەکەن، بەڵام هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ڕۆژئاوا بەردەوامەو لە هەر ئانوساتێکیشدا ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی و زەمینی ئەگەرێکی کراوەیە. لە بەرانبەردا بەرپرسانی دەمپارتیو قەندیلیش دەستبەرداری پشتیوانی لە ڕۆژئاوای کوردستان نابن، هەروەک لە ڕاگەیەنراوی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی دەمپارتیدا ئاماژە بەوە دراوە کە "دەستبەرداری دەستکەوتەکان لە باکوورو ڕۆژهەڵاتی سوریا نابن"[١٥].

لەلایەکی دیکەوە گۆڕانی دەسەڵات لە سوریا هەرچەندە لە بەرژەوەندیی تورکیا بێت و لە ڕووکەشدا وادەربکەوێت هێزی دەسەڵاتداری ئێستای سوریا گوێڕایەڵی تورکیا و قەرزاربارییەتی، بەڵام لە ئێستادا دەسەڵاتی نوێی دیمەشق لەلایەک لە هەوڵی کرانەوەدایە بەڕووی ئەمریکا و ڕۆژئاوا، لەلایەکی دیکەوە ئامادە نییە دڵی وڵاتانی عەرەبی و کەنداوی دەوڵەمەند بە نەوت و پارە بشکێنێت و دۆستایەتی لەگەڵ تورکیایەک برەو پێبدات کە گیرۆدەی قەیرانی ئابووری و کێشەی ئەمنییە.

لێرەدا تاکە چارەسەر بریتییە لە مامەڵەکردنی ئەنقەرە لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان و بە هەمان شێوەی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەبەرئەوەی بوونی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەیەیەکی تێپەڕاندووەو وەک دیفاکتۆیەک هەر لایەنێک مامەڵەی لەگەڵدا

دەکات. بەم جۆرە دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان، لە بریی ئەوەی هۆکاری مانەوەی کێشەکان بێت بە هەڵواسراوی، دەکرێت ببێت بە مایەی چارەسەر. لە هەمان کاتدا پێویستناکات کوردانی باکووریش کێشەی کورد لە تورکیا ببەستنەوە بە دۆخی ڕۆژئاواو هەڵوێستی تورکیا بەرانبەری.

*** دژیەکی و جیاکردنەوەی کێشەی کورد:**

لە کاتێکدا باخچەلی بانگەشەی چارەسەری کێشەی کوردو قسەکردنی ئۆجەلان لە پەرلەمانو ئەگەری ئازادکردنی دەکات، لەولاوە هەڕەشە لەو ڕۆژنامەوانو دەزگا ڕاگەیاندنانە دەکات کە قسە لە سەر حیزبەکەی دەکەنو ڕەخنەی لێدەگرن[١٦]، لەملاوە ڕەخنەی توند لە ئەحمەد داودئۆغلو؛ سەرۆکی پارتی ئایندە دەگرێت، کە بۆچی لە تشرینی دووەمی ئەمساڵدا سەردانی هەولێری کردووە؟ جگە لەمانەیش، باخچەلی هێشتا پێیوایە شوێنێک بە ناوی کوردستانەوە نییە.

هەڵبەت تەنها باخچەلی بەم جۆرە بیرناکاتەوە، کەسێکی وەک مەهمەت ئوچوم؛ سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکارانی سەرۆککۆمار، ڕایگەیاندووە کە "ئێمە لە ناوخۆدا کێشەی کوردمان نییە، بەڵکو لە دەرەوە کێشەی کوردمان هەیە"[١٧]. هەروەها ئەردۆغانیش لە گوتەکانی لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی حیزبەکەی لە (٢٧)ی تشرینی دووەمی (٢٠٢٤)دا باسی لەوە کردبوو کە "لە ساڵی ئایندەدا لە سنوورەکانی ئێرانەوە هەتا دەریای ناوەڕاست، ناوچەی ئارامو پاککراوە لە تیرۆر" دروستدەکەین[١٨]. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە ئەنقەرە لە خاکی باشووری کوردستان، کە هاوسنوورە لەگەڵ تورکیاو ئێرانو لە خاکی ڕۆژئاوای کوردستاندا، کە هاوسنوورە لەگەڵ دەریای سپیو تورکیادا، ئەو ناوچە ئارامە دروستدەکات.

لەلایەکی دیکەوە دوور لە پێوەدانگە دادوەرییە نێودەوڵەتییەکان و تەنانەت پێچەوانەی دەستووری تورکیا بەبێ ڕەچاوکردنی بڕیارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتە، سەبارەت بە پاکی دۆسیەی سەرۆک شارەوانییە هەڵبژێردراوەکانی دەم پارتی، دەسەڵاتی دادوەری و وەزارەتی ناوخۆ بە بەهانەی جیاواز ئەو سەرۆک شارەوانییانە ڕووبەڕووی تۆمەتگەلێک دەکەنەوە[١٩] کە پێشتر خودی دادگا دۆسیەکانیانی داخستووە، یاخود بڕیاری بێتاوانی بۆ دەرکردوون[٢٠]. پاشان بەبێ چاوەڕوانی بۆ دادگای پێداچوونەوە و ڕەچاونەکردنی مافی ئەو سەرۆک شارەوانییانە لە تانەدان لەو بڕیارانە وەزارەتی ناوخۆ قەیوم لەجێگەیان دادەنێت[٢١]، تاوەکو ئێستا نزیکەی (٢٥) سەرۆک شارەوانی لە پۆستەکەیان دوورخراونەتەوە و قەیوم لە جێگەیان دانراوە[٢٢].

ئەمانە کۆمەڵێک گرفتن لە بەردەم ئەو پرۆسە نوێیەی ئاشتی و لە ئەگەری بانگەشەی ئۆجەلان بۆ چەکدانانی پەکەکە-شدا، پێشبینی ناکرێت کێشەی کورد بە ئاسانی چارەسەر

بکرێت، تەنانەت ڕەنگە یەکەکە و خەباتی چەکداری لە بەرگ و شێوەی دیکەدا جارێکی دیکە سەرهەڵبداتەوە.

*** پێگەی هەولێرو پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو سلێمانی:**

بە درێژایی چەندین ساڵی ڕابردوو، هەرێمی کوردستان پێگەیەکی گرنگی هەبووە لە کێشەی کورد لە تورکیا. هەرچەندە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)و دروستبوونی جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەری لە باشووری کوردستان، بەرپرسانی باڵای ئەو کاتەی تورکیا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە "ڕێگەنادەن هەرێمێک بۆ کوردەکان لە باکووری عێراق دابمەزرێت"، بەڵام لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا تورگوت ئۆزال؛ سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتەی تورکیا پێشوازیی لە هەریەک لە مەسعوود بارزانیو جەلال تاڵەبانی کردووەو ئەو دوو سەرکردە کوردەیش بە پاسپۆرتی تورکیاوە بە چەندین وڵاتی ئەوروپادا دەگەڕێنو لۆبی بۆ کوردستان دەکەن، تەنانەت وەک ڕۆژنامەوانی تورکیا؛ لەڤەنت گیولتەکین (Gültekin Levent) باسیکردووە، تورکیا لەڕێگەی جەنەراڵ نەجاتی ئۆزگەن پاشا (Özgen Paşa Orgeneral Necati)وە " بۆ پاراستنی سنوورەکانی تورکیا لە دیوی عێراق لە تیرۆریستان، ڕێککەوتنێک لەگەڵ بارزانیو تاڵەبانیدا واژۆدەکات"[٢٣].

لە سەردەمی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانیشدا جگە لەوەی لە سایەی باشی پەیوەندییەکانی ناوبراو لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا وەک سەرۆککۆماری عێراق پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو بەغداد باشتر بوون، لە هەمان کاتدا لە لایەکەوە مەسعوود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی لە گفتوگۆکانی پرۆسەی ئاشتیو لێکنزیککردنەوەی لایەنەکان هەبوو. لە لایەکی دیکەشەوە پەیوەندییەکانی هەولێرو ئەنقەرە گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، بەڵام لە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانو ئەو پێشهاتانەی کە وەک ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە ڕوویاندا، پەیوەندییەکانی تورکیاو هەرێمی کوردستان ئاڵۆزی تێکەوت و ئەنقەرە ئاڕاستەی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی بەرەو بەغداد وەرچەرخاند. هەرچەندە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا هەتا ڕادەیەک بەشێک لە گرژییەکانی نێوان هەولێرو ئەنقەرە تێپەڕێنراون، بەڵام هێشتا پەیوەندییەکان نەگەیشتوونەتەوە ئاستی پێش (٢٥)ی ئەیلوولی (٢٠١٧).

هەڵکەوتەی جوگرافیای هەرێمی کوردستانیش بە جۆرێکە سنوورێکی فراوانی لەگەڵ تورکیاو ئێراندا هەیە، گەریلاکانی پەکەکەیش ئێستا لەم سنوورەدان، کەواتە چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا پێویستی بە پشتیوانی حکومەتی هەرێمو بەتایبەتییش پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان هەیە.

هەربۆیە وەفدی دەمپارتی/ ئیمراڵی لە دەرەوەی تورکیا تەنها سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد

و لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێم و پارتی و یەکێتی کۆبوونەوەی جیاوازی ئەنجامدا. لەگەڵ ئەوەشدا کە پارتی وەک هاوپەیمانی تورکیا دەناسرێت و چاوەڕێی پشتیوانی بێ قەید و مەرجی لێدەکرێت بۆ تورکیا و پرۆسەی ئاشتی، بە هەمانجۆر گفتوگۆکانی وەفدی ئیمراڵی لەگەڵ بەرپرسانی باڵایی یەکێتیش بە ئەرێنی وەسفکراوە، هەروەک ڕۆژنامەوان و شیکەرەوەی کەناڵی (Haber Türk) چەتینەر چەتین چاوەڕێی ئەو هەڵوێستانەی لە بەرپرسانی یەکێتی نەکردووە، چەتین کە ئەزموونێکی باشی لە کاری ڕۆژنامەوانی و شیکاریی بۆ دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا هەیە، لە پرۆگرامێکی کەناڵەکەیدا لە (٢٠)ی شوباتی ئەمساڵدا ئاماژەی بەوەداوە، "بافڵ تاڵەبانی لە کۆبوونەوەکەیدا لەگەڵیان بە وەفدی ئیمراڵیی ڕاگەیاندووە قۆناغی خەباتی چەکداری لە تورکیا کۆتایی هاتووە"[٢٤]. ئەمەش وەک ویستی تاڵەبانی و بەرپرسانی یەکێتی بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی حیزبەکەیان و سلێمانی لەگەڵ تورکیا بەتایبەت لەڕووی ئابووری و بازرگانییەوە دێت[٢٥]، لەبەرئەوەی نزیکەی (٢) ساڵە تورکیا ئاسمانی خۆیی بە تەواوی بەڕووی ئەو فڕۆکانەدا داخستووە کە لە فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە هەڵدەفڕن، ئەمەش زیانی لە ئابووری سلێمانی و یەکێتی داوە. بانگەوازەکەی ئۆجەلان و پابەندبوونی پەکەکە بەو پەیامەوە دەرگای کردنەوەی ئاسمانی تورکیا بەڕووی فڕۆکەخانەی سلێمانیشدا دەکاتەوە.

> **” گۆڕانکارییەکانی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتیش ڕووخانی ڕژێمی سوریا و ڕەگداکوتانی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان وەك دیفاکتۆیەك و هەنگاونان بەرەو بوون بە هەرێمێك لە چوارچێوەی سوریادا، یەکێك بوون لە پاڵنەرەکانی تورکیا بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی “**

ئەوەشمان لەیادنەچێت، پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەولێر (پارتی)و سلێمانی (یەکێتی) بە یەک جۆرو لە یەک ئاستدا نییە، بۆیە هەم تورکیا ناچارە مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ بەرپرسانی ئەم دوو شارەدا بکات، هەم بەرپرسانی پارتی و یەکێتیش پێویستە جارێکی دیکە بەخۆداچوونەوەیەکی ورد سەبارەت بە سیاسەتیان لەمەڕ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیاو هەڵوێستیان بەرانبەر بە ئەنقەرەو قەندیل باشتربکەن، بە جۆرێک بتوانن هاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندییە نیشتیمانیو نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستانو تەواوی

کورد لە تورکیاو پارچەکانی دیکە لەگەڵ دۆخی سیاسی، ئەمنیو دیپلۆماسیی تورکیا وەک هێزێکی هەرێمی بپارێزن.

*** پەیامەکەی ئۆجەلان:**

عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری زیندانیکراوی پەکەکە لە پەیامێکدا[٢٦] کە ڕۆژی (٢٧)ی شوباتی (٢٠٢٥) لە ئیستەنبوڵ لەلایەن سرِی سورەییا ئۆندەر، ئەحمەد تورک و پەروین بوڵدان ڕاگەیەنرا، داوای "چەکدانان و خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە"ی کرد.

ئۆجەلان لە دووتوێی لاپەڕە و نیوێکدا بە پوختی سەربردەی دامەزراندنی پەکەکە و قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی و پێویستی کۆتایهێنانی بە حیزبەکەی خستووەتەڕوو.

بڵاوکردنەوەی خودی پەیامەکە دەستپێکێکە بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی لە تورکیا ئەگەر جێبەجێ بکرێت! هەربۆیە لەگەڵ ڕاگەیاندنی پەیامەکەدا زۆرێک لە میدیاکانی تورکیا لەبری دەستەواژەی "سەرکردەی تیرۆریستان Terör Elebaşı" کە پێشتر بەکاریان دەهێنا، دەستەواژەی "سەرکردەی پەکەکە PKK Elebaşı"یان بەکارهێنا. ئەمە جگە لەوەی لەلایەن دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان و شیکەرەوانەوە پەیامەکە بە ئەرێنی دەخرێتەڕوو و وەک دەستپێکی قۆناغێکی نوێی ژیانی سیاسی، ئەمنی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی لە تورکیا وێنای دەکەن.

بانگەوازەکەی ئۆجەلان بۆ چەکدانان و خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە وەک کۆتایهاتنی ئەم ڕێکخراوە نییە کە شکستی هێنابێت، بەڵکو هەر لە دەستپێکی بانگەوازەکەدا ئۆجەلان دەڵێت، "پەکەکە لەدایکبووی سەدەی بیستەمە کە بە توندوتیژترین سەدە لە مێژوودا دادەنرێت، دوو جەنگی جیهانی، دەرکەوتنی سۆسیالیزم، جەنگی سارد، نکوڵی لە بوونی کورد و پێشێلکردنی مافەکانی بەتایبەت ئازادیی ڕادەربڕین و ناسنامە پەکەکەی هێنایە کایەوە". بەگوێرەی تێگەیشتنی پێچەوانەی دەق، کەواتە ئەو ڕێگری و پێشێلکارییانەی بۆسەر کورد هەبوون لەکاتی دامەزارندنی پەکەکە-دا ئێستا نەماون، کەواتە پێویستی بوونی ئەم ڕێکخراوەش نەماوە. هەروەها ئۆجەلان لە کۆتایی پەیامەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە، "وەک هەر کۆمەڵە و حیزبێکی سەردەمییانە کە بە زۆر نەتوانراوە کۆتایی پێبهێنرێت، بەڵکو بە ویستی خۆی دەیەوێت ئاوێتەی دەوڵەت و کۆمەڵگە ببێتەوە، کۆنگرە ببەستن و بڕیار بدەن، سەرجەم گروپەکان پێویستە چەکدابنێن و پەکەکە خۆی هەڵبوەشێنێتەوە". هەروەک ئۆجەلان لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا دەڵێت، "چارەسەری نکوڵیکردن لە ناسنامە لە ساڵانی نەوەدەکان لە وڵاتدا، ئەو پێشهاتانەی زەمینەی هاتنەکایەی ئازادیی ڕادەربڕینی هێنایەکایەوە، هۆکاربوون بۆ نەهێشتنی مانایەک بۆ مانەوەی پەکەکە و دووبارەبوونەوەی".

هەر ئەم دەربڕینەش دەرگا بەڕووی سەرکردە و گەریلاکانی پەکەکە واڵا دەکات بۆ ئەوەی

لەژێر ناوی دیکەدا ڕێکخراوی دیکەی گونجاو لەگەڵ سەردمی نوێ دابمەزرێنن.

لەلایەکی دیکەوە هێزێک یاخود گروپێک زۆر قورسە جەنگ لەگەڵ دەوڵەتێک بکات و بانگەشەی پێکهێنانی حکومەتی هاوبەش لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکە بکات، کە خۆی بە هاوپەیمانی دەوڵەتی دژی ئەو گروپە بزانێت. واتە ناکرێت پەکەکە لە دژی سوپای تورکیا لە جەنگدا بێت و پەیەدە-ش ڕێککەوتن لەگەڵ دیمەشق بکات و هەسەدە-ش لە چوارچێوەی سوپای سوریادا ببێت بە بەشێک لە هێزی ئەمنی و سەربازیی دەوڵەتێکی وەک سوریا کە ئەنقەرە یەکێک دەبێت لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی و تەنانەت لە هەندێک بابەتدا دیمەشق و سەرۆکی کاتیی سوریا خۆی بە قەرزاری تورکیا دەزانێت. بۆیە بانگەوازەکەی ئۆجەلان پاڵپشتێکی بەهێز دەبێت بۆ پشتیوانی لە گفتوگۆکانی مەزڵوم کۆبانی و ئەحمەد شەرع لە ئایندەدا.

لەلایەکی دیکەوە ئۆجەلان لەو پەیامەیدا جگە لە پەکەکە بانگەوازی بۆ هیچ هێز و لایەنێک نەکردووە، ئەمەش بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و یەپەگە خاڵی بەهێزە، لەبەرئەوەی ئۆجەلان هەر لە ئێستاوە دەیەوێت بە هەمووان بڵێت یەپەگە بەشێک نییە لە پەکەکە و پێویست ناکات چەک دابنێت و خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، لەگەڵ خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە-شدا بیانوو بەدەست تورکیاوە نامێنێت بۆ لێدان لە ڕۆژئاوای کوردستان و یەپەگە.

نابێت ئەو ڕاستییەشمان لەیاد بچێت، یەکێک لە هۆکارەکانی بانگەوازەکەی ئۆجەلان، لاوازبوونی پەکەکە و قەتیسبوونیەتی لە ناوچەیەکی جوگرافی سەختدا، هەروەها وەک جاران گەنجی کورد بەتایبەت لە باکووری کوردستانەوە ڕوو لە چیاکان ناکەن، ئەمەش بەهۆی کاریگەریی میدیای دەوڵەتی تورکیا و لە هەمانکاتدا نەمانی باڵی چەکداریی پەکەکە لە چیاکانی باکووری کوردستان و جەختکردنەوەی زیاتر لەسەر خەباتی مەدەنی و سیاسی لە باکووری کوردستان. جگە لەم هۆکارەش پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای بەرگری و هێرشی سەربازیی تورکیا بەتایبەت لە بواری فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی جەنگی (SİHA)، پەکەکە-ی ناچار بە لێدانی تونێل لە چیا سەختەکانی قەندیل، گارە و مەتینا کردووە. کردنەوەی دەروازەی "زێتDerecik " لە مایسی (٢٠٢٣) لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، کە سنوری ئیدارەی سۆران و پارێزگای هەکاری/ جولەمێرگ بەیەکەوە دەبێستێتەوە[٢٧] ئاماژەیەکی دیکەی لاوازبوونی هێزی چەکداریی پەکەکە-یە، لەبەرئەوەی ئەو ناوچەیە یەکێک بووە لەو شوێنانەی کە پەکەکە هەم لە ڕووی ڕێکخستن و هەم لەڕووی چەکدارییەوە باڵادەست بووە تێیدا.

خاڵێکی دیکە بریتییە لە داواکاری نەک فەرمانکردن لەلایەن ئۆجەلانەوە بۆ قەندیل، ئەمەش شکاندنی بەشێک لە بانگەوازەکەی دەوڵەت باخچەلییە کە دەیویست سەلاحەدین

دەمیرتاش بکاتە دەرەوەی هاوکێشەی پرۆسەی ئاشتی، لەڕێگەی سەردانی وەفدی ئیمراڵی بۆلای دەمیرتاش بەشێکی قسەکەی باخچەلی شکێنرا، ئۆجەلانیش لە پەیامەکەیدا لەبری فەرمانکردن داوایکردووە لە قەندیل و پەکەکە چەک دابنێن و کۆنگرە ئەنجام بدات و خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، ئەمە ئەگەر ئاماژەیەکی ڕووکەشیش، لە ڕوانگەی شکاندنی بڕیارەکەی باخچەلی بۆ سەپاندنی ویستی خۆی بەسەر ئۆجەلان و پەکەکەدا گرنگە، واتە ئێستا ویست و ئیرادەی بەرپرس و ئەندامانی کۆنگرەی پەکەکە لە قەندیل بڕیاری کۆتایی دەدەن نەک بەگوێرەی خواستی باخچەلی بڕیاری کۆتایی لای ئیمراڵی و دەمپارتی بێت.

ستایشی باخچەلی بۆ بانگەوازەکەی و ئەردۆغان بۆ نیشاندانی ئیرادەی بەهێز بۆ پرۆسەی ئاشتی لەلایەن ئۆجەلانەوە، جگە لە چەند وشەیەکی سواوی ناچاری هیچی دیکە نییە، لەبەرئەوەی دەوڵەت باخچەلی زیاد لە چل ساڵە سیاسەتی خۆی و حیزبەکەیی لەسەر بنەمای دژایەتیی کورد و پەکەکە بەردەوامی پێداوە، تەنانەت باخچەلی و حیزبەکەی هۆکاربوون بۆ دروستبوون و گەورەبوونی پەکەکە و ئەو وێرانکارییەی چەند ساڵە لە باکووری کوردستان ئەنجامدراوە. لەبەرئەوە، ئەگەر ڕوانگەی ڕاستی ڕووداوەکان وەربگرین و دادگایەکی دادپەروەر بوونی هەبوایە، پێش ئۆجەلان پێویست بوو دەوڵەت باخچەلی بە تۆمەتی "دروستکردنی ڕق و کینە لەنێوان پێکهاتەکانی وڵات، هاندانی گەنجان بۆ تاوان و کوشتن، بە سوک تەماشاکردنی نەتەوەیەک لە بەرامبەر نەتەوەیەکی دەیکە و هەژمارکردنی کورد وەک تورکی بە ڕەگەز کورد" دادگایی بکرێت. ئەردۆغانیش بەهۆی ترسی لە دووبارەبوونەوەی سیناریۆکانی ساڵانی (٢٠١٤) و (٢٠١٥) تا ئێستا ئیرادەیەک یان ویستێکی جددی بۆ پشتیوانی لە پرۆسەی ئاشتی نیشان نەداوە.

لە پەیامەکەیدا ئۆجەلان هیچ داواکارییەکی لە دەوڵەتی تورکیا نەکردووە، بەڵکو داوای هەنگاونانی بەرەو دیموکراتیەت و ژیانی ئازادانە بۆ کورد و سەرجەم پێکهاتەکانی دیکە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی دیموکراتی تورکیادا کردووە. ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ئەمەش پەیوەندیی بە مانەوەی گۆڕانکارییە دەستووری، یاسایی و پێکهاتەییەکانی سەردەمی پرۆسەی ئاشتیی (٢٠١٢)وە هەبێت، واتە خواستەکانی کورد لەو کاتەدا تاڕادەیەک جێبەجێکران، بەڵام بەهۆی هاتنەکایەی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و پێکدادانە سەختەکانی پەکەکە و سوپای تورکیا لە بەشێک لە شارەکانی باکووری کوردستان، جێبەجێکردنی زۆرێک لە گۆڕانکارییە دەستووریی و یاساییەکان پشتگوێ خران. ئەمە جگە لەوەی سەرەڕای بەردەوامی و چڕی فشارە دادوەری و یاساییەکان کە دەرەنجامی پێکدادانەکانی سوپای تورکیایە لەگەڵ پەکەکە و یەپەگە لە باکوور، ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان، بەڵام هێشتا مەیدانی سیاسەت و پەرلەمان بەڕووی کورددا ئاوەڵایە بۆ چالاکی سیاسی و نەتەوەیی لە تورکیا، بە کرداری

چەسپاوە کە کورد لەڕێگەی کاری سیاسی و پەرلەمانییەوە دەتوانێت خەباتی کوردایەتیی لە تورکیادا بکات.

لە پرۆسەی ئاشتیی پێشوو و ڕاگەیەنراوی (٢٠١٣)ی قەندیل، پەکەکە بڕیاری کشانەوەی بۆ دەرەوەی سنورەکانی تورکیا داوە. هەروەها داوای "خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتی Demokrtaik Özerklik"ی کردووە.

پاشگەزبوونەوەی ئۆجەلان لەو ئامانج و داواکاریانەی لە سەرەتای دامەزراندنی پەکەکە-وە بانگەشەی بۆ دەکرد، لە "دامەزراندنی دەوڵەتی گەورەی کوردستان، فیدراڵیزم لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیا، خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتی" بۆ تاکە داواکاریی "ژیانێکی ئازادانە لە چوارچێوەی وڵاتێکی دیموکراتیدا"، پرسیاری جددی لەسەر ئاستی سەرکەوتوویی پەکەکە وەک حیزب و ئۆجەلان وەک سەرکردەیەکی دیاری کورد دروست دەکات. ئەمە جگە لەوەی گومان لە پشتیوانی ئۆجەلان و قەندیل بۆ پێدانی فیدراڵی یان خۆبەڕێوبەریی دیموکراتی بە ڕۆژئاوای کوردستان دێنیتە کایەوە.

ئۆجەلان لە پەیامەکەیدا لەبری دەستەواژەی "کێشەی کوردKürt Sorunu " یان "پرسی کوردKürt Meselesi" دەستەواژەی "ڕاستی کورد/ بوونی کورد  Kürt realitesi"ی بەکارهێناوە. ئەمەش ئاماژەیەکی دیکەیە بە ئاراستەی بەکارهێنانی زمانی نەرم و گفتوگۆی دوور لە توندوتیژی لەپێناو گەیشتن بە چارەسەر. ئەوەشمان لەبیر نەچێت دەوڵەتی تورکیا لەڕێگەی پڕوپاگەندەوە هەوڵیداوە دەستەواژەی "کێشەی کورد" بە واتای "بوونی نەتەوەیەک کە مایەی کێشە و ئاژاوەن" لە شەقامی تورکیادا مانا پێبدات.

ئۆجەلان لە پەیامەکەیدا جارێکی دیکە ڕەخنەی لە سیستەمی سەرمایەداری گرتووە و بە هۆکاری تێکدانی برایەتیی گەلان و بەتایبەت برایەتیی کورد و تورکی داناوە لە ماوەی (٢٠٠) ساڵی ڕابردوودا، ئەو برایەتییەی وەک ئۆجەلان وەسفی کردووە "زیاتر لە هەزار ساڵە بەردەوامە".

دواجار هەڵوەشانەوەی پەکەکە هەرچەندە بە واتای شکست و کۆتایهاتن نەیەت، بەڵام یەکێک لە واتاکانی بریتییە لە شکستهێنانی بیری ئۆجەلان و پەکەکە لە خەباتی چەکداریدا، ڕەنگە ئەمەش دەرفەت بدات بە هێز و ئایدۆلۆژیا ڕکابەرەکانی پەکەکە و ئۆجەلان، بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانییەکان بەوەی بانگەشەی "شکستی بیری پەکەکە و خەباتی چەکداریی ئەو حیزبە بکەن، ئەمەش دەرفەتیان پێدەدات بۆ بانگەشەی ڕەوابوونی خەباتی پارتی و ڕاکێشانی سەرنجی زیاتری هاوڵاتیانی باکووری کوردستان بۆلای خۆیان".

ئۆجەلان پێش ئەوەی داوای چەکدانان و خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە بکات، جەخت

لەسەر کۆمەڵگەی دیموکراسی و بەڕێوەبردنی وڵات لە سایەی دیموکراسیدا دەکات، قەندیلیش لەڕێگەی ڕاگەیاندنی ئاگربەستەوە وەڵامی ئەرێنی داواکارییەکەی ئۆجەلانی داوەتەوە و ئامادەکاریش بۆ کۆنگرە دەکات[٢٨]. دەمپارتیش لەڕێگەی گواستنەوەی پەیامەکەی ئۆجەلانەوە بەتەواوی پشتیوانی لە پرۆسەکە دەکات، سەلاحەدین دەمیرتاش-یش بە نزای "خودا تەمەنی ئەردۆغان و باخچەلی و ئۆجەلان درێژ بکات" پشتیوانی بۆ پرۆسەکە ڕاگەیاندووە[٢٩]. لێرەوە ئەرکی ئەردۆغان و دەسەڵاتدارانی تورکیا دەستپێدەکات کە کۆمەڵگەی تورکیا و مەیدانی سیاسەت بەرەو دیموکراتی ببەن، دەستبەرداری لابردنی سەرۆک شارەوانییەکانی دەمپارتی و جەهەپە و دانانی قەیوم لە جێگەیان بن، ڕێگرییەکانی بەردەم سیاسییەکانی دەمپارتی و جەهەپە بۆ هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٨)ی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا مەرجی سەرەکی و پێشوەختەی زامنکردنی ئەو کۆمەڵگەی دیموکراتییەن کە ئۆجەلان پێش خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە بانگەوازی بۆ دەکات.

> **” ئۆجەلان و قەندیل و دەمپارتیش پێیان وایە ئەم پرۆسەیە پێویستی بە دانوستان و جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد هەیە لەلایەن دەوڵەتەوە “**

*** دەرەنجام:**

لە ململانێی سیاسیدا ئەگەر نەتوانیت پشتیوانی زۆرینە بەدەستبهێنیت، ئازایەتی لەوەدایە بە هێزێکی کەم یاخود ناوەندیی بتوانیت ببیت بە مەلیکو هەموان هەوڵی ماتکردنت بدەن، ئەو کاتە لەڕێگەی ڕێککەوتنێکەوە مەرجو داواکارییەکانی خۆت بەرانبەر بە "ماتکردنت" بە سەر لایەنی بەرانبەردا دەسەپێنیت.

پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا بۆ جاری چوارەمە ئەزموون دەکرێت، ئەمەش دەرەنجامی (٤٠) ساڵ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارییە لەنێوان سوپای تورکیا و هێزێکی چەکدار کە وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر ستەم و فشارەکانی دەوڵەت بۆسەر خەڵکی سڤیلی کورد لە باکووری کوردستان هاتە مەیدانەوە.

لەگەڵ ئەوەی هەوڵەکانی پێشووی پرۆسەی ئاشتی نەگەیشتووەتە ئەنجام، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە هەر بەرپرسانی دەوڵەتی قووڵ لە تورکیا ڕێگربوون لە گەیشتنە ئەنجامی ئەو پرۆسانە. لەم قۆناغەشدا گەورەترین مەترسی بۆ سەر پرۆسەکە بریتییە لە دەوڵەتی قووڵ کە ڕەگی بە ئەنقەرە و قەندیلیشدا داکوتاوە.

گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بارودۆخی ناوخۆیی تورکیا و دراوسێکانی، چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کوردی کردووە بە پێویستییەکی ڕۆژگاری، لەگەڵ ئەوەشدا ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیا نایانەوێت بە ئاسانی مل بۆ داواکارییەکانی کورد بدەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەیانەوێت وا نیشان بدەن کە پەکەکە توانای نەماوە و دەکرێت لەڕێگەی بانگەشەیەکی ئۆجەلانەوە چەک دابنێت.

ئۆجەلان لەڕێگەی بانگەوازێکەوە هەم داوای چەکدانان و خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکەی کردووە، هەمیش جەختی لەسەر کۆمەڵگەی دیموکراسی و بەڕێوەبردنی وڵات لە سایەی دیموکراسیدا کردووە، قەندیلیش پابەندی خۆی بۆ بانگەوازەکە ڕاگەیاندووە. لێرەوە ئەرکی ئەردۆغان و دەسەڵاتدارانی تورکیا دەستپێدەکات کە کۆمەڵگەی تورکیا و مەیدانی سیاسەت بەرەو دیموکراتی ببەن، دەستبەرداری لابردنی سەرۆک شارەوانییەکانی دەمپارتی و جەهەپە و دانانی قەیوم لە جێگەیان ببن، ڕێگرییەکانی بەردەم سیاسییەکانی دەمپارتی و جەهەپە بۆ هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٨)ی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا مەرجی سەرەکی و پێشوەختەی زامنکردنی ئەو کۆمەڵگەی دیموکراتییەن کە ئۆجەلان پێش خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە بانگەوازی بۆ دەکات.

لە هەمانکاتدا پێگەی هەولێر لە گفتوگۆکان و کاریگەریی دەرەنجامەکانی پرۆسەکە بەسەر پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ هەولێر و سلێمانی و ڕۆژئاوای کوردستان هۆکارێکی گرنگە بۆ سەردانی وەفدی ئیمراڵی/ دەمپارتی یاخود ناردنی پەیامی ئۆجەلان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، لە هەمانکاتدا وەرگرتنی سەرنجی بەرپرسانی پارتی و یەکێتی و ڕۆژئاوای کوردستان ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ڕەچاوکردنی باڵانسی هێز و پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و قەندیل لەگەڵ هەریەکێک لەو هێزانە.

یەکێک لە سودمەندە گەورەکانی ئەم پرۆسەیە و خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە-یش یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و خەڵکی شاری سلێمانییە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئیدی ئاسمانی تورکیا بەڕووی فڕۆکەخانەی سلێمانیدا دەکاتەوە.

ئەوەی ڕوونە ڕاگەیاندنی بانگەشەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانە بۆ قەندیل بە مەبەستی دەستبەرداربوون لە خەباتی چەکداری و تەسلیم بوون یاخود جێهێشتنی قەندیل. بەڵام ئەوەی ڕوون نییە ئاستی جێبەجیکردنی داواکارییەکانی کورد و پەکەکە بۆ کوردانی باکوور لەلایەن تورکیا و داهاتووی ڕۆژئاوای کوردستان و پەیوەندییەکانی هەولێر و سلێمانییە لەگەڵ ئەنقەرە و قەندیل.

# * پەراوێزو سەرچاوەکان:

1[1]- Perspektif, Çözüm Süreci Neden Bitti?, 26.07.2021, https://www.perspektif.online/cozum-sureci-neden-bitti-2/, 21.11.2024.

٢ -پارتی باش یەکێکە لە پارتە نەتەوەپەرستەکانی تورکیا، تەنانەت بەشێک لە بەرپرسانی باڵای خاوەنی تێڕوانینی نەژادپەرستیی تورکن، بەرپرسانی ئەم پارتە لە ساڵی (٢٠١٧) لە مەهەپە جیابوونەوەو لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠١٨، ٢٠١٩و ٢٠٢٣)ی تورکیا بوون بە حیزبێکی کاریگەریی تورکیا، بەڵام لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ئاداری ئەمساڵدا پاشەکشەیەکی بەرچاوی کردووەو هاتووەتە ڕیزبەندیی شەشەم پارتی سیاسیی تورکیا.

3- Rehber Haber, Kürt Meselesine İnsani Çözüm Çalıştayı - Siyasetçi Yazar Altan Tan:, 15.02.2025, https://x.com/RehberTvHaber/status/1890697110598640119?t=hVc-4pSyTIqoeJKF5m3uC-Q&s=19, 20.02.2025

4- Savunmasanayist, Türkiye'nin 2025 yılı savunma bütçesi açıklandı: Tarihi rekor, 17.10.2024, https://www.savunmasanayist.com/turkiyenin-2025-yili-savunma-butcesi-aciklandi-tarihi-rekor/, 20.02.2025

5- Yetkin Report, Erdoğan "süreç yok" dedikçe DEM "var" diyor; söylem makası açılıyor, 13.01.2025, https://yetkinreport.com/2025/01/13/erdogan-surec-yok-dedikce-dem-var-diyor-soylem-makasi-aciliyor/, 08.02.2025

6- Halktv, AKP'li Yayman'dan 'PKK ne zaman silah bırakacak' sorusuna çok konuşulacak yanıt!, 02.01.2025, https://www.youtube.com/watch?v=ea1s_qA7uak, 20.02.2025

7- VOA Türkçe, DEM Parti'den barış için dört maddelik öneri, 14.02.2025, https://www.voaturkce.com/a/dem-partiden-baris-icin-dort-maddelik-oneri/7974842.html, 19.02.2025

8- Ömer Öcalan X hesabı, 23 Ekim tarihinde İmralı Ada Hapishanesi'de Sayın Öcalan ile görüşme gerçekleştirdim, 24.10.2024, https://x.com/omerrocalan/status/1849342534381720042?t=ZydW_mRib3SzUwYl1L3nnA&s=19, 01.12.2024.

9- İLKE News Agency, Yapıcıoğlu Batman'da yeni sürece dair konuştu , 21.01.2025, https://www.youtube.com/watch?v=ak5yOBiK3zA, 21.02.2025

10- VOA Türkçe, HÜDA-PAR'ın "Kürt meselesine insani çözüm" çalıştayı siyaseti karıştırdı, 17.02.2025, https://www.voaturkce.com/a/hudapar-kurt-meselesine-insani-cozum-calistayi-siyaseti-karistirdi/7978081.html, 21.02.2025

11- Hudapar, "Kürt Meselesine İnsani Çözüm Çalıştayı" sonuç bildirgemiz, 16.02.2025, https://hudapar.org/haberler/kurt-meselesine-insani-cozum-cal%C4%B1stay%C4%B1-sonuc-bildirgemiz, 21.02.2025

12- Medyascope, Hak İnisiyatifi'nden Kürt sorununun çözümü için forum: "Süreç kapalı kapılar ardında yürütülen bir pazarlık olmaktan çıkartılmalı", 17.02.2025, https://medyascope.tv/2025/02/17/hak-inisiyatifi-kurt-sorununun-cozumu-icin-forum-duzenledi/, 21.02.2025

13- İLKE News Agency, Yapıcıoğlu Batman'da yeni sürece dair konuştu, 21.01.2025, https://www.youtube.com/watch?v=ak5yOBiK3zA, 21.02.2025

14- Findy News, Cumhurbaşkanı ve AK Parti Genel Başkanı Erdoğan, partisinin TBMM Grup To-

plantısı'nda 27 Kasım 2024, 27.11.2024, https://www.youtube.com/watch?v=8MISFiHN1gg, 01.12.2024.

15- Bianet, DEM Parti PM toplantısı bildirgesi: İlk adım Öcalan'a yönelik tecridin kaldırılmasıdır, 27.10.2024, https://bianet.org/haber/dem-parti-pm-toplantisi-bildirgesi-ilk-adim-ocalana-yonelik-tecridin-kaldirilmasidir-301157, 01.12.2024.

16- ANKA Haber Ajansı, MHP Grup Toplantısı, 26.11.2024, https://www.youtube.com/watch?v=rt_D5BpCoMg, 01.12.2024.

17- HaberTürk, Cumhurbaşkanı Başdanışmanı Uçum: Türkiye'nin "iç Kürt Sorunu" Kalmamıştır, 27.11.2024, https://www.youtube.com/watch?v=RpUesmJm1Iw, 01.12.2024.

18- Levent Gültekin, CHP'li BELEDİYELERE OPERASYON HAZIRLIĞI, 28.11.2024, https://www.youtube.com/watch?v=pgPlwiNaORo&t=1329s, 01.12.2024.

19- AA, Abdullah Zeydan'a verilen 3 yıl 9 ay hapis cezasının gerekçeli kararı açıklandı, 21.02.2025, https://www.aa.com.tr/tr/gundem/abdullah-zeydana-verilen-3-yil-9-ay-hapis-cezasinin-gerekceli-karari-aciklandi/3489312, 22.02.2025

20- Medyascope, Eski HDP milletvekili Abdullah Zeydan tahliye edildi, 06.01.2022, https://medyascope.tv/2022/01/06/eski-hdp-milletvekili-abdullah-zeydan-tahliye-edildi/, 22.02.2025

21- Tr.Euronews, Van Büyükşehir Belediyesi'ne kayyum atandı, 15.02.2025, https://tr.euronews.com/2025/02/15/van-buyuksehir-belediyesine-kayyum-atandi, 22.02.2025

22- BBC Türkçe, 31 Mart 2024 seçimlerinden bu yana kaç belediyeye kayyum atandı?
, 15.02.2025, https://www.bbc.com/turkce/articles/cq6ge85y5ylo, 25.02.2025

23- Levent Gültekin, NANKÖR KÜRTLER!, 01.12.2024, https://www.youtube.com/watch?v=ZV2WCCd8nQI&t=1922s, 02.12.2024.

24- Habertürk, İmralı›dan Beklenen Çağrı Ne Zaman Yapılacak?, 20.02.2025, https://www.youtube.com/watch?v=ec6pzCbQFwA, 23.02.2025


25- Habertürk, İmralı Ne Zaman Çağrı Yapacak?, 10.02.2025, https://www.youtube.com/watch?v=HE_Nypd5F4Q, 22.02.2025.

26- Dilara Bağcı, Abdullah Öcalan Açıklamasının Tam Metni: Öcalan Ne Açıkladı, Ne Dedi?, 27.02.2025, https://onedio.com/haber/abdullah-ocalan-aciklamasi-tam-metni-ocalan-ne-aciklader-ne-dedi-1277709, 27.02.2027

٢٧- دەروازەی نێودەوڵەتیی زێت لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا کرایەوە، 10.05.2023، https://www.rudaw.net/sorani/business/١٠٠٥٢٠٢٣١، 28.02.2025

28- Yetkinreport, PKK ateşkes ilan etti, "Öcalan bırakılsın süreci yönetsin" dedi, 01.03.2025, https://yetkinreport.com/2025/03/01/pkk-ateskes-ilan-etti-ocalanin-yonetmesi-gerekir/, 01.03.2025

29- Pusholder, Selahattin Demirtaş: "Erdoğan, Bahçeli ve Öcalan'a Allah uzun ömür versin, 28.02.2025, https://x.com/pusholder/status/1895555230265459006?t=OBSekjXF8eWSWR4dR1XxxA&s=09, 01.03.2025



# بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان و لێکەوتە مەترسیدارەکانی لە ئایندە

ڕێبوار محەمەد محەمەد ئەمین
ماستەر لە گرێبەستەکانی نەوت و گاز

*** پێشەکی**

لەم توێژینەوەیەدا باس لە توانای بەڕێوەبردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان و پرسی دەرکەوتنی دیاردەی کەمبوونەوە و ڕاوەستانی بەرهەمهێنانی نەوت لە بیرەکان دەکەین، کە پێشبینی دەکرێت دیاردەکە لە ئێستا و ئایندە ببێتە کێشەیەکی گەورەتر بۆ حکومەت و هەرێمی کوردستان، چونکە لە ئێستادا و دوای (٣٢) ساڵ لە ئەزموونی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان، بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێم دابەزیوە و چەند بیریکێش وشکی کردووە، یاخود بەهۆی تێکەڵبوونی ئاوی زۆرو گازەوە لەکارکەوتووە.

لە توێژینەوەکەماندا، هەوڵماندااوە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەماوەی (٣٢) ساڵی ڕابردوو لەڕێگەی زانیاریی وردەوە بخەینەڕوو و بیسەلمێنین کە چۆن قۆناغ بە قۆناغ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێم دابەزیوە تا ئاستی وشکبوون. هەروەها هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە و لێکەوتە و چارەسەریشمان خستووەتەڕوو. گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە لایەنە پەیوەندیدارەکان لەم کێشەیە و مەترسییە ئێستایی و ئایندەییەکانی بەئاگادێنێتەوە. سنوری توێژینەوەکەمان کەوتووەتە هەرێمی کوردستان و لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٣) بۆ (٢٠٢٥). لە توێژینەوەکەماندا شێوازی شیکاری و بەراوردکاریمان بۆ گەیشتن بەئەنجام گرتووەتەبەر.

*** بەشی یەکەم: مێژووی دۆزینەوە و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان:**

لەم بەشەدا باس لە پرۆسەی دۆزینەوە و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان دەکەین، بەجۆرێک لە خاڵی یەکەم باسی دۆزینەوەی نەوت و لە خاڵی دووەم باس لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت دەکەین:

**یەکەم: دۆزینەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان و بەرهەمهێنانی:**

مێژووی دۆزینەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی (١٩٠٠) بەدواوە دەگەڕێتەوە، کە تیایدا کێڵگەی نەوت و غاز لە کەرکوک و چەمچەماڵ و قادرکەرەم (کۆرمۆر) دۆزراونەتەوە، بەڵام بەهۆکاری سیاسی لە سنوری هەرێم وەبەرهێنان لەم سەرچاوە سروشتییانەدا نەکراوە. بەپێی سەرچاوەکان هەرێم خاوەنی یەدەگی (٤٥) ملیار بەرمیل نەوتە، بەڵام بەپێی (پێگەی وزە) یەدەگی نەوتی سەلمێنراو کەمترە لە(٣) ملیار بەرمیل[١].

**دووەم: یەکەم هەوڵی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێم:**

دوای ئەوەی حکومەتی هەرێم- ئیدارەی سلێمانی، لە ساڵی (١٩٩٣) کۆمیتەیەکی باڵایی بە سەرۆکایەتیی سەرۆك وەزیران (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) بۆ پرسی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێم پێکهێنا و ئەندازیاری نەوت(حەمە جەزا ساڵح) بۆ سەرپەرشتی کارەکانی کۆمیتەکە ڕاسپێردرا، بە سوود وەرگرتن لەو پاشماوە ئاسنینانەی کە لە کارگەی شەکرەکەی سلێمانی هەبووە، توانراوە پاڵاوگەیەکی بچووک دروستبکرێت و لە (١٩٩٤/١٢/٢٦) نەوت لە شیواشۆک دەربهێنرێت.

لەم پاڵاوگەیە لە سەرەتای ساڵی (١٩٩٥) دەستکرا بە پاڵاوتنی نەوت و بەرهەمەکەی کە بۆ پێداویستییەکانی پارێزگای سلێمانی بەکارهێنرا، بەڵام بەهۆی دژایەتی ڕژێمی بەعس و شەڕی ناوخۆ لە هەرێم بەرهەمهێنانی نەوت ڕاگیرا. هەر لەپێش ڕوخانی ڕژێمی بەعس نەوت لە ناوچەکانی (زاخۆ، تەق تەق و گەرمیان) دۆزرایەوە. حکومەتی هەرێم- ئیدارەی سلێمانی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەڕێوەی دەبرد چەند گرێبەستێکی نەوتی لەگەڵ ژمارەیەک کۆمپانیای نەوتی واژۆکرد. لە (٢٠٠٢/٧/١٧) یەکەم گرێبەستی بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی تەقتەق لەگەڵ کۆمپانیای (جەنەڵ ئینێرجی) تورکی واژۆکرد. هەروەها لە (٢٠٠٣/١/١٤) دوو گرێبەستی دیکەی نەوتی بۆ کارکردن لە بلۆکەکانی شاکەل و پەڵکانە لەگەڵ کۆمپانیای (پیت ئۆیڵ) واژۆکرد. بەوەش ژمارەکە گەیشتە سێ گرێبەست، بە پێچەوانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان تا ساڵانێکی درەنگتر و تا دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣)دا، نەهاتە ناو پرۆسەی بەڕیوەبردن و بەرهەمهێنانی نەوتەوە.

**سێیەم: پرۆسەی بەڕێوەبردن و دەرهێنانی نەوت لەدوای ساڵی (٢٠٠٣):**

دوای ئەوەی کە یەکێتیی نیشتمانی لەڕێگەی ئیدارەی سلێمانییەوە دەستی بە واژۆکردنی گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان کردبوو، لە (٢٠٠٤/٦/٢٥) حکومەتی هەرێم - ئیدارەی هەولێریش بە سەرۆکایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، سێ گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیای (دی ئێن ئۆ)ی نەرویجی بۆ کارکردن لە کێڵگەکانی (تاوکێ، ئەربیل و دهۆک) لە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر واژۆکرد. ئەوەش یەکەمین بەشداریی ئیدارەی هەولێر بوو لە واژۆکردنی گرێبەستی نەوتی و بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا. هەر لە قۆناغی دوو ئیدارەیی هەولێر و سلێمانیدا، گرێبەستێکی دیکەی نەوتی لەنێوان ئیدارەی سلێمانی و کۆمپانیای (وێسترن زاگرۆس) بۆ کارکردن لە کێڵگەی نەوتی (کوردەمیر) لە ڕێککەوتی (٢٠٠٦/٥/٤) واژۆکرا.

سەرەتای فراوانبونی بوونی کەرتی نەوت و گازی هەرێمیش دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکردنی چوارچێوەی جوگرافی هەرێم بەسەر کۆمەڵە بلۆکێکی بچوک بچوک کە سەرەتا ژمارەیان (٤٨) بلۆک بوو، دواتریش کرا بە (٥٧) بلۆک. ئەم دابەشکردنە ئاڕاستەی سیاسەتی کۆمەڵە کۆمپانیاییەکی بیانی بۆ خۆی ڕاکێشا، لە یەک کاتدا بۆ پەرەپێدان و بوژانەوە و وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتی هەرێم هاتنە پێشەوە.

لێرە بەدواوە کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت ڕوویان لە هەرێم کرد و تا ساڵی (٢٠١٤) ژمارەیەک کۆمپانیای گەورەو دیاری بواری نەوت چەندین گرێبەستیان لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئەنجامدا، کە دیارترینیان کۆمپانیاکانی (جەنەڵ ئینێرجی، پیت ئۆیڵ، دی ئێن ئۆ، ویسترن زاگرۆس)بوون. لە دوای ساڵی (٢٠٠٩)شەوە (١٦) کۆمپانیای نوێ ڕوویان لە هەرێم کرد، کە دیارترینیان: (دانا گاز، هانت ئۆیڵ، گۆڵف کیستۆن، ئیکسۆن مۆبیل، شیفرۆن، گازپرۆم) بوون. کاری کۆمپانیاکان گەڕان، پشکنین، هەڵکەندن و دەرهێنانی نەوت بوو. تا ساڵی (٢٠١٤) لە هەرێم زیاتر لە (١٨٠) هەڵکەندن ئەنجام دراوە و (٦٠٪) هەڵکەندنەکان ئەنجامیان هەبووە[٢].

حکومەتی هەرێمی کوردستان (٥٣) گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان واژۆکردووە، کە زۆربەیان گرێبەستی بەشداری لە بەرهەمهێنانن. هەروەها پلانی وا بووە تا ساڵی (٢٠٢٠) بەرهەمهێنانی نەوت بگەیەنێتە زیاتر لە یەك ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەڵام ئەم پلانە بەهۆی (ئابوری سەربەخۆ، جەنگی داعش، هەردوو جەنگی نرخی نەوت و پەتای کۆڕۆنا ڤایرۆس و گەمارۆکانی بەغداد) شکستی هێنا. بەپێی بڵاوکراوەکانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە (٢٠١٧) ڕۆژانە سێسەد و پەنجا هەزار بەرمیل نەوت هەناردە کراوە[٣].

لە ساڵی (٢٠٢٢)یش ڕۆژانە (٤٤٤،٤٢٤) هەزار بەمیل هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کراوە، کە بەرهەمی ناوخۆی تیا نەبووە[٤]. بەگشتی لەوماوەیەدا بۆ داتای بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێم بەردەوام ژمارەی جیاواز لەلایەن کۆمانیای دیلۆیت بۆ وردبینی بڵاوکراوەتەوە و ئاستی بەرهەهێنان ڕوون نەبووە، بەڵام بە وتەی ئالا تاڵەبانی ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق لەو ماوەیەدا بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی هەرێم (٦٠٠) هەزار بەرمیل بووە.

*** بەشی دووەم: کێڵگە نەوتییەکان و بەڕێوەبردن و ئاستی بەرهەمهێنان لە هەرێمی کوردستان**

لەم بەشەدا زانیاریی ورد لەسەر ژمارەی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم و ئاستی بەرهەمهێنانیان بەپێی ڕۆژ و ساڵ و جیاوازی بەرهەمهێنانیان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکیتر دەخەینەڕوو:

**یەکەم: کێڵگە نەوتییەکان لە هەرێم:**

یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان بە (٤٥) ملیار بەرمیل نەوت خەمڵێنراوە و لە هەرێم ژمارەیەک کێڵگەی نەوتی بوونیان هەیە، کە بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

**١- کێڵگەکانی پارێزگای هەولێر:**

خورمەڵە، هەولێر (دەمیرداغ)، دەشتی مەخمور، تەق تەق، قەرەجوق، سارتا.

**٢- کێڵگەکانی پارێزگای سلێمانی:**

کۆرمۆر و چەمچەماڵی گازی، میران، گەرمیان، چیاسورخ

**٣- کێڵگەکانی پارێزگای دهۆک:**

تاوکی، عەین سوفنی، سەرسەنگ، ئەتروش، شێخان، بەیجیل[٥].

**٤- ئەوکیڵگانەی بەرهەمدەهێنن بە سنوری مادەی (١٤٠)وە لە ساڵی(٢٠١٢):**

(کەرکوک، بای حەسەن، جەمبور، خەباز، نەوتخانە، عەین زالە، بەتمە، سەفیە)، گەرمیان، تەق تەق، خورمەڵە، تاوکی، ئەتروش، شیخان، سەرسەنگ، هەولێر، سارتا[٦].

**٥- ئەو کێڵگە نەوتیانەی کە نەوتی تیا دۆزراوەتەوە تا ساڵی (٢٠١٢) کە بەشێکیان لە سنوری مادەی (١٤٠):**

ئاکرێ بەجیل، کۆرمۆر، دهۆک، شێخ ئادی، سەرسەنگ، ڕوڤی، بەردەڕەش، عەین سەفونی، بنەباوی، سارتا، هەولێر (دەمیرداغ)، بەستۆرە، بینن، پەڵکانە، چیاسورخ، قەرەداغ، بازیان،


میران، ئینجانە، خەشم ئەحمەڕ، گڵابات، قەمەر، قەرە چوخ، تەق تەق، خانوکە، جەدیدە، ئیسماعیل، دۆمان، عەلان شاکەل[٧].

**دووەم: ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت:**

لە خوارەوە، زانیاریی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێم لە ساڵانی (٢٠٠٣ تا ٢٠٢٤) دەخەینەڕوو، کە لە سەرەتادا ئاستی بەرهەمهێنان زۆر سنوردار بووە و لە چەند هەزار بەرمیلێك لە ڕۆژێکدا تێنەپەڕیووە.

١- لەم ئینفۆگرافیکە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان لە ساڵانی (٢٠١٣ - ٢٠٢٣) بە (هەزار بەرمیل ڕۆژانە)دەخەینەڕوو، کە لە لەلایەن وەزارەتی دارای حکومەتی فیدراڵ و کۆمپانیای دیلۆیت بۆ وردبینی خراوەتەڕوو[٨]:

**خشتەی ژمارە: (١)**




٢- خشتەی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان لە ساڵانی (٢٠٠٣ -٢٠٠٧ ) بە هەزار بەرمیل[٩].

**خشتەی ژمارە: (٢)**

| ساڵ | ئاستی بەرهەمهێنان بە هەزار بەرمیل |
|---|---|
| ٢٠٠٣ | ٢٣٣٤٤٨ |
| ٢٠٠٤ | ٤٢٦٨٥١ |
| ٢٠٠٥ | ٣٠٩٧٥٨ |
| ٢٠٠٧ | ١٢١٩٥٥ |

٣- بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان لە ساڵانی (٢٠٠٨-٢٠٢٤) بە ملیۆن بەرمیل[١٠+١١].

**خشتەی ژمارە: (٣)**

| ساڵ | ئاستی بەرهەمهێنان بە ملیۆن بەرمیل |
|---|---|
| ٢٠٠٨ | ٣١٢٠٠٠٠ |
| ٢٠٠٩ | ١٥٦٩٠٠٠٠ |
| ٢٠١٠ | ٢٧٤٨٠٠٠٠ |
| ٢٠١١ | ٦٨٤٥٠٠٠٠ |
| ٢٠١٢ | ٧١٩٦٠٠٠٠ |
| ٢٠١٤ | ٣٣٥٣٨٣١١ |
| ٢٠١٥ | ١٣٣١٣٩٣٩٨ |
| ٢٠١٦ | ١٨٣٦٤٢٠٥٧ |
| ٢٠١٧ | ١٨٠٠٢٨٣٠٣ |
| ٢٠١٨ | ١٣٢٣٩٥٧١٤ |
| ٢٠١٩ | ١٣٢٣٠٢٨٩١ |
| ٢٠٢٠ | ١٥٧٥٩٩٦٦١ |
| ٢٠٢١ | ١٥١٢١١٠٠٠ |

| | |
|---|---|
| ٢٠٢٢ | ١٦٢٢١٤٧٦٠ |
| ٢٠٢٣ | ٩٣٧٧٦٠٠٠ |
| (٢٠٢٤) | ١٠٢٢٠٠٠٠٠ |

لەسالی(٢٠١٩) بۆ (٥٠٠) هەزار بەرمیل بەرزبووەتەوەو بەهەمان شێوە لەساڵی(٢٠٢٠)دا بۆ (٥٠٠) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبووەتەوەو بەردەوام بووە[١٢].

**٤- بەراودکاری لە ئاستی بەرهەمهێنان لە ژمارەیەک لە کێڵگە نەوتییەکان:**

لەخوارەوە ئاستی بەرهەمهێنان و دابەزینی ژمارەیەک کێڵگەی نەوتی لەماوەی ساڵانی ڕابردوو دەخەینەڕوو:

**أ- سارتا لە پارێزگای هەولێر:**

- ئاستی بەرهەم لە(٢٠٢١)دا ڕۆژانە (١٠) هەزار بەرمیل بووە.

- لە (٢٠٢٣)بۆ (٣٩٦٠) هەزار بەرمیل دابەزیوە، ئێستا کە (٢٠٢٥)بەرهەم ڕاگیراوە.

**ب- شێخان لە پارێزگای دهۆك:**

- لە (٢٠٢١)دا بەرهەمی ڕۆژانەی بریتیبووە لە (٤٤,٤٠٥) بەرمیل نەوت.

- لە (٢٠٢٣)دا (٥٥) هەزار بەرمیل بووەو دوای ڕاگرتنی هەناردە لە ساڵی (٢٠٢٣) بۆ (٣٩٢٥٠) بەرمیلی ڕۆژانە دابەزیوە.

**ج- ئەتروش لە پارێزگای دهۆک:**

- لە (٢٠٢١)دا بەرهەمی گەشتووەتە (٤٧,٤٥٠)بەرمیل ڕۆژانە.

- لە (٢٠٢٣) بۆ (٣٦) هەزار بەرمیل دابەزیوە و دوای ڕاگرتنی هەناردە لە ساڵی (٢٠٢٣)بۆ (٢٢٥٠٠) هەزار بەرمیلی ڕۆژانە دابەزیوە.

**د- سەرسەنگ لە پارێزگای دهۆک:**

- لە (٢٠٢١)دا بەرهەمی لە ڕۆژێک (٣١,٥٠٠) هەزار بەرمیل بووە.

- لە (٢٠٢٣)دا (٤٣٠٠٠) هەزار بەرمیل بووەو دوای ڕاگرتنی هەناردە لە ساڵی (٢٠٢٣)بۆ (٣٣٦٠٠) هەزار بەرمیلی ڕۆژانە دابەزیوە.

**هـ- تاوکی – فیشخاپور لە پارێزگای دهۆك:**

لە کۆتایی ساڵی (٢٠٢٠)دا بەرهەمی کێڵگەی تاوکی بریتیبووە لە (٥٣,٨٥٠) بەرمیل و بەرهەمی فیشخاپوریش (٥٦,٣٢٠) بەرمیل بووە. بەسەریەکەوە بەرهەمی ڕۆژانەی هەردوو کێڵگەکە کە بە ناوچەی گرێبەستی تاوکی ناسراوە بریتیبووە لە (١١٠,١٧٠) بەرمیل نەوت، ئەمە لە کاتێکدا لە ساڵی (٢٠١٩)دا بەرهەمی هەردوو کێڵگەکە(١٢٣,٩٣٠) هەزار بەرمیلی ڕۆژانە بووە. واتە لەماوەی ساڵێکدا ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەیان (١٣,٧٦٠) بەرمیل کەمی کردووە. زیاد لەمەش لە (٢٠٢٣) بەرهەمی هەردوو کێڵگەکە بۆ (١٠٧١٠٢) هەزار بەرمیل دابەزیوە.

**و- گەرمیان لە ئیدارەی گەرمیان:**

بەرهەمی کێڵگەکە لە کۆتایی (٢٠٢٠)دا ئاستی بەرهەمی (٢٤) هەزار بەرمیل بووە لە کاتێکدا لە ساڵی (٢٠١٩) بەرهەمی بریتیبوو لە (٣٥) هەزار بەرمیل نەوت. واتە بڕی (١١,٠٠٠) بەرمیل بەرهەمی ڕۆژانە کەمی کردووە. کۆمپانیای گازپرۆم لە مانگی تشرینی دووەمی (٢٠٢٠) دا ڕایگەیاند  کە چاوەڕێ دەکەن لە نیوەی یەکەمی ساڵی (٢٠٢١) ئاستی بەرهەم بگاتە (٣٢) هەزار بەرمیل. بەرهەمی ئەم کێڵگەیە لە (٢٠٢٣)دا بۆ (١٤) هەزار بەرمیل دابەزیوە و دوای ڕاگرتنی هەناردە لە ساڵی (٢٠٢٣)دا بۆ (٩٦٥٠) هەزار بەرمیلی ڕۆژانە دابەزیوە.

**ز- تەق تەق لە پارێزگای هەولێر:**

یەکێکە لە کێڵگە کۆنەکانی هەرێم و ئاستی بەرهەمی بۆ (٧,٠٠٠) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە دابەزیوە، لە کاتێکدا لە ساڵی (٢٠١٥)دا ئاستی بەرهەمەکەی (١٢٨,٩٠٠) بەرمیل بووە، کەچی لە ساڵی (٢٠١٩)دا بەرهەمی بۆ (١١,٩٦٠) بەرمیل دابەزیوو. هەروەها لە ماوەی ساڵانی نێوان (٢٠١٩-٢٠٢٠) بڕی (٤,٩٦٠) بەرمیل بەرهەمی ڕۆژانەی ئەم کێڵگەیە کەمی کردووە. لە (٢٠٢٣)یشدا ئاستەکەی بۆ (٣٩٧٠) هەزار بەرمیلی ڕۆژانە دابەزیوە و لە (٢٠٢٥) یش بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکە ڕاگیراوە.

**ح- هەولێر لە پارێزگای هەولێر:**

ئەم کیڵگەیە لەماوەی (٤) ساڵدا بەرهەمهێنانی  نەوت تیایدا ڕووبەڕووی چەندین هەڵبەز و دابەز و بەرزبوونەوەو دابەزین بووەتەوە بەم شێوەیە:

- لە کانونی یەکەمی (٢٠٢٠) ئاستی بەرهەم گەشتبووە (١١,٧٠٠) بەرمیلی ڕۆژانە لە کاتێکدا لە چارەکی یەکەمی (٢٠٢٠)دا ئاستی بەرهەم (١٤,٢٠٠) بەرمیل بوو، پاشتر لە چارەکی دووەمدا بۆ (٤,٠٠٠) دابەزی و لە چارەکی سێهەمدا بۆ (١١,٧٠٠) بەرمیلی ڕۆژانە بەرزبوویەوە.

- لە (٢٠٢٣) بۆ (١٥) هەزار بەرمیل بەرزبووەتەوەو دوای ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم لە ساڵی (٢٠٢٣) بەرهەمی بۆ (٦٥٠٠) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە دابەزیوە.

**ط- خورمەڵە لە پارێزگای هەولێر:**

ئەم کێڵگەیە بەرزترین ئاستی بەرهەمهێانی بە نزیکەی (١٧٥) هەزار بەرمیل مەزەندە کراوە. بەڵام ئاستی بەرهەمی ئەم کێڵگەیە تا (٢٠٢٣/٣/٢٥) کە بەرواری ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێمە، بۆ (١٤٥) هەزار بەرمیل دابەزیوە. واتە (٢٥) هەزار بەرمیل بەرهەمی کەمی کردووە[١٣]. لە ساڵی (٢٠٢٥)یشدا زیاتر دابەزیووە و گەیشتووەتە (١١٠) هەزار بەرمیلی ڕۆژانە[١٤].

> **" مێژووی دۆزینەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی (١٩٠٠) بەدواوە دەگەڕێتەوە، کە تیایدا کێڵگەی نەوت و غاز لە کەرکوك و چەمچەماڵ و قادرکەرەم (کۆرمۆر) دۆزراونەتەوە "**

**ك- حەسیرە لە گەرمیان:**

لە ناوچەی گەرمیان (١٥) بلۆکی نەوتی هەیە، بەشێك لە بلۆکەکان بە قۆناغی بەرهەمهێنان گەیشتوون، ئەوانیتر لە قۆناغی پشکنین و بەدوادا گەڕان یان پەرەپێدانن، یەکێک لەم کێڵگانە کە کێڵگەی حەسیرەیە و کەوتووەتە ناحیەی سەرقەڵا لە سنووری گەرمیان و لە ساڵی (٢٠١٧) نۆ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی بەرهەمهێناوە[١٥].

**ل- کێڵگەی ئیسفنی یا عەین سوفنی لە شارۆچکەی شێخان:**

لە ساڵی (٢٠٢٣)دا پێش لە ڕاوەستانی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بەرهەمهێنانی(٦٥٠٠) هەزار بەرمیل ڕۆژانە بووە، بەڵام لەدوای بڕیاری ڕاوەستاندنەکەوە لە ساڵی (٢٠٢٣) هیچ زانیاریەک لەسەر بەرهەمی کێڵگەکە بڵاونەکراوەتەوە.

**م- بەیجیل:**

ئەم کێڵگە کەوتووەتە ناحیەی بەجیل لە قەزای ئاکرێ لە پارێزگای دهۆک، لە ساڵی (٢٠٢٣)دا ڕۆژانە بڕی (٦٠٠٠) هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەمهیناوە و لەدوای ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی کوردستانەوە نازانرێت بەرهەمی ڕۆژانەی چەندە.


**ن- چیاسورخ لە گەرمیان:**

بەرهەمی ڕۆژانەی ئەم کیڵگەیە تا ساڵی (٢٠٢٢) ڕۆژانە (٢٠٠٠) هەزار بەرمیل بووە، بەڵام لە تەموزی (٢٠٢٤)دا بەهۆی تێکەڵبوونی ئاوی زۆرو گازەوە لەگەڵ نەوتەکە، بەرهەمی بەتەواوی ڕاگیراوە.

**س- بەعشیقە:**

ئەم کێڵگەیە کەوتووەتە پارێزگای نەینەوا، لە ساڵی (٢٠٢٣) ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت تیایدا بۆ (٦٠٠) بەرمیل دابەزیوە[١٦] و لەئێستاشدا (٢٠٢٥) بەرهەمهێنان تیایدا ڕاگیراوە.

## نەخشەی دابەشکردنی جوگرافی کێڵگە سەرەکییەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان



**سێیەم: بەرهەمهێنانی نەوت لە کەمبوونەوەوە بەرەو وەستان:**

چاودێرانی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێم بەم شێوەیەی لای خوارەوە زانیاریيان لەسەر کەمبوونەوەی بەرهەمی نەوتی هەرێم خستووەتەڕوو:

ئاژانسی میهری ئێرانی ئاماژەی بەوە کردووە هەندێك لە کۆمپانیا بیانییەکان و دامەزراوەکان کە ئاگاداری بەرهەمهێنانی نەوت و گازن لە هەرێم، ڕایانگەیاندووە وەستان یان کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان لە هەندێک لە کێڵگەکان ڕوویداوە. کۆمپانیای جێنل ئێنێرجی کە لەم بوارە چالاکە، دانی بە کەمبوونەوەی بەرهەمهێنای نەوت لە هەرێم ناوە و ڕایگەیاندووە لە باشترین حاڵەتدا، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە (٢٠٢٢)دا وەک ساڵی ڕابردوو دەبێت، کە مەبەستی ساڵی (٢٠٢١)ە[١٧]. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز؛ ئەگەر زۆرە وەبەرهێنانی نوێ ئەنجام نەدرێت، ئەوە بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم بۆ نیوە دادەبەزێت، چونکە کێڵگە نەوتییەکان بەخێرایەکی بەرچاو خاڵی دەبن و هەناردەکردنی نەوتیش زۆر کەم دەبێتەوە. بەپێی ڕاپۆرتی دیلۆیت، بەرهەمی نەوت لە ساڵی (٢٠١٩) نزیکەی (٤٦٨) هەزار بەرمیلی ڕۆژانەوە لە چارەکی یەکەمی ساڵی (٢٠٢٢) بۆ (٤٣٤) هەزار بەرمیل دابەزیوە.

سەرچاوەیەک لە حکومەتی کوردستان ڕایگەیاندووە هۆکاری کەمبوونەوەی ئێستای بەرهەمهێنانی نەوت، بێ توانایی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی نوێ لە کاتی خۆیدا و زاڵبوون بەسەر کەمبوونەوەی سروشتی بەرهەمهێنانی هەر بیرێک". هەروەها بەڵگەنامە حکومەتییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان لە سێ کێڵگەی گەورەی نەوت کە بریتین لە (تاوکی، خورمەڵە، تەق تەق)، هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی نەوتە. لەلای خۆیەوە (ڕۆبن میلز) بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای ڕاوێژکاریی وزەی قەمەر دەڵێت: «هەندێک فراوانکردن لە بوارەکاندا هەیە، بەڵام خاون کۆمپانیاکان بە زەحمەت ڕەزامەندییان بۆ دەردەچێت و چەند ساڵێکە هیچ دۆزینەوەیەکی بەرچاو ڕوینەداوە". ئاماژەی بەوەشکردووە «بەبێ گەشەسەندنی نوێی بەرچاو، لە داهاتوویەکی نزیکدا مەترسی پاشەکشەیان لەسەرە"[١٨].

هەر لەم چوارچێوەیەدا پێگەی بوار لە ڕاپۆرتێکی بەدواداچووندا لە ساڵی (٢٠٢١)دا ئاشکرایکردووە کە بەرهەمی نەوتی گەرمیان لە (١٣) هەزار بەرمیلی ڕۆژانە بۆ (١٠) هەزار بەرمیل کەمبووەتەوە، ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت لە سەرجەم کێڵگەکاندا بەرەو کەمبوونەوە دەچێت. بە وتەی شارەزایانی بوارەکەش هۆکاری کەمبوونەوە و نزیکبوونەوە لە وشکبوونی هەندێك بیر، کارکردنی نازانستییانە لە کێڵگەکان و نۆژەن نەکردنەوەیانە. ماوەی سێ ساڵە بەردەوام ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت ڕوو لە کەمبوونەوە دەکات، بەجۆرێك لە ساڵی (٢٠١٩)

دا کۆی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت گەیشتبووە نزیکەی (٥٠٠) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی پێگەی (عێراق ئۆیل) لە ساڵی (٢٠٢٢)دا تێکڕای بەرهەمی نەوت بریتیبووە لە (٤٣٨) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. ئاماژە بەوەشکراوە، کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت کە لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم کاردەکەن، هۆشداریان داوەتە حکومەت کە پێدەچێت لە ماوەی کەمتر لە (١٥) ساڵی داهاتوودا ڕێژەی بەرهەمهێنان لە (٥٠٪) کەم بکات و بگاتە ئاستێك بەشی هەناردەکردن نەکات، ئەگەر حکومەت بەخێرایی دەست نەکات بە نۆژەنکردنەوەی هەندێك بیری نەوت.

هەر بەگوێرەی بەدواداچوونەکانی پێگەی بوار، کۆمپانیای گازپرۆمی ڕووسی کە لە بلۆکی نەوتی گەرمیان کاری دەرهێنانی نەوت دەکات، لە بەردەوامیدان بە کارکردن لە چەند بیرە نەوتێکدا بێهیوا بووە. بەتایبەت بیرە نەوتی (سەرقەڵا پێنج) کە دەکەوێتە گوندی (ملە سورە)ی سەر بەناحیەی سەرقەڵا، کۆمپانیاکە نزیکەی چوار ملیۆن دۆلاری لە هەڵکەندنی ئەو بیرە نەوتەدا خەرجکردووە، بەڵام نزیکە لە وشکبوون، کە لەماوەیەکی کەمدا زۆرێك لەو بیرە نەوتانە وشکدەبن[١٩].

بەڵگەنامە حکومییەکانی ڕۆیتەرز دەریدەخەن کە بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراق تا ساڵی (٢٠٢٧) نزیکەی بۆ نیوە دادەبەزێت ئەگەر گەڕانێکی نوێ یان وەبەرهێنانێکی گەورە لەم کەرتەدا نەکرێت. هەروەها بەپێی بەڵگەنامە پێشتر ئاشکرا نەکراوەکان، بەبێ وەبەرهێنانی نوێ بەرهەمهێنان ڕۆژانە بۆ (٢٤٠) هەزار بەرمیل دادەبەزێت، چونکە بیرە کۆنەکان بەرەو وشکبوون هەنگاو دەنێن. بەپێی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم لە ساڵی (٢٠١٩)وە (٤٤٥) هەزار بەرمیل بووە و لە چارەکی یەکەمی ساڵی (٢٠٢٢)دا بۆ (٤٣٤) هەزار بەرمیل دابەزیوە[٢٠].

هەرێم تا ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/٢٥) ڕۆژانە نزیکەی (٤٥٣٢٣٢) هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە، لە ساڵی (٢٠٢٤)بۆ (٣٠١٦٠٤) هەزار بەرمیل دابەزیوە. ژمارەی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم زۆر نییە. نزیکەی (١٠ بۆ ١٥) کێڵگەی بەرهەمدار هەیە. لەڕاستیدا چوار پێنج کێڵگە زۆربەی نەوتەکە بەرهەمدەهێنن[٢٤]. هەروەها وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم کەمال محمد لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٢/١٧) بۆ کەناڵی کوردسات نیوز ڕایگەیاند لە کۆی (١٤) کێڵگەی نەوتی (٥) کێڵگەیان لەکارکەوتووە و هیچ بەرهەمێکیان نییە و ناتوانین (٤٠٠) هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکەن.

**خشتەی ژمارە: (٤)**

**ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت پێش و پاش ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم لە (٢٠٢٣/٣/٢٥)[٢١]:**

| ژ | بلۆکە نەوتییەکان | کۆمپانیا پشکدارەکان | ڕێژەی پشکی کۆمپانیاکان | تێکڕای بەرهەمی کێڵگە (بەرمیل/ ڕۆژانە) پێش ڕاگرتنی هەناردەی نەوت لە ٢٠٢٣/ ٣/٢٣ | تێکڕای بەرهەمی کێڵگە (بەرمیل/ ڕۆژانە) پاش ڕاگرتنی هەناردەی نەوت لە ٢٠٢٣/٣/٢٣ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- | کێڵگەی نەوتی خورمەڵە | karg roup | ٪١٠ | ١٤٥٠٠٠ | ١١٠٠٠٠ |
| ٢- | کێڵگەی نەوتی تاوکێ | DNO<br>Genel energy | ٪٧٥<br>٪٢٥ | ١٠٧.١١٢ | ٨٠١٠٢ |
| ٣- | کێڵگەی نەوتی شێخان | Gulf kystone<br>MOL | ٪٨٠<br>٪٢٠ | ٥٥٠٠٠ | ٣٩٢٥٢ |
| ٤- | کێڵگەی نەوتی ئەتروش | Shamaran<br>TAQA | ٪٢٧.٦٠<br>٪٤٧.٤٠ | ٣٦٠٠٠ | ٣٢٥٠٠ |
| ٥- | کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ | HKN<br>shamaran | ٪٦٢<br>٪١٨ | ٤٣٠٠٠ | ٣٣٦٠٠ |
| ٦- | کێڵگەی نەوتی هەولێر | Forza petro-leum | ٪٦٥ | ١٥١٠٠ | ٦٥٠٠ |
| ٧- | کێڵگەی نەوتی کۆرمۆر | Pear petro-leum | ٪٨٠ | ١٥٠٠٠ | نەزانراوە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| -٨ | کێڵگەی نەوتی گەرمیان | Gazorom<br>Western zagroz | ٪٤٠<br>٪٤٠ | ١٤٠٠٠ | ٩٦٥٠ |
| -٩ | کێڵگەی نەوتی عەین سەفنی | pitoil | ٪٨٠ | ٦٥٠٠ | نەزانراوە |
| -١٠ | کێڵگەی نەوتی بەیجیل | rosneft | ٪٨٠ | ٦٠٠٠ | نەزانراوە |
| -١١ | کێڵگەی نەوتی تەق تەق | Genel energy<br>Addax petroleum | ٪٤٤<br>٪٣٦ | ٣٩٧٠ | ٠ |
| -١٢ | کێڵگەی نەوتی سارتا | Genel energy<br>Chevron | ٪٣٠<br>٪٥٠ | ٣٩٦٠ | ٠ |
| -١٣ | کێڵگەی نەوتی چیاسورخ | pitoil | ٪٨٠ | ٢٠٠٠ | ٠ |
| -١٤ | کێڵگەی نەوتی بەعشیقە | DNO<br>Turkish engine center | ٪٦٤<br>٪١٦ | ٦٠٠ | ٠ |
| | کۆی بەرهەم | | | ٤٥٣٢٣٢ | ٣٠١٦٠٤ |

*** بەشی سێیەم: هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان:**

چەند هۆکارێکی جیاواز ڕۆڵیان لە کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم هەیە، هۆکارەکانیش زیاتر ڕەهەندێکی بەڕێوەبردنیان هەیە یاخود ڕەهەندی بەڕێوەبردن کاریگەرە تیایاندا کە گرنگترینیان بریتین لە:

**یەکەم: هۆکاری ئابوری، سیاسی، ئاسایشی:**

لە خوارەوە گرنگترین هۆکارە ئابوری، سیاسی، ئاسایشییەکان دەخەینەڕوو، کە بەپێی قەبارەی خۆیان هۆکارن لە دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم:

**١- ململانێ سیاسی و ئاسایشییەکان:**

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا هەرێم شاهیدی چەندین ململانێی سیاسی و ئاسایشی بووە، کە بووەتە هۆی پەکخستنی بەرهەمهێنان و پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت. هەرێم بەدەست

ململانێی ناوخۆی نێوان لایەنە سیاسییەکان و هەروەها حکومەتی فیدراڵەوە دەناڵێنێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر سەقامگیری ئاسایشی هەیە و متمانەی کۆمپانیا نەوتییەکان و وەبەرهێنەرانی کەمکردووەتەوە و ئامادە نین وەبەرهێنان لە پیشەسازی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا بکەن، بەم شێوەیەش کاریگەری لەسەر گەشەکردن و گەشەسەندنی ئەم کەرتە هەیە. هەروەها هەڵە لە بەرهەمهێنان چ بەمەبەست بێت یا بێ مەبەست، بووەتە هۆی زیان گەیاندن بە کێڵەگەکان و دابەزین و ڕاوەستانی بەرهەمهێنان لە کێڵگە نەوتییەکان.

**٢- دابەزینی نرخی نەوتی جیهانی:**

هەرێمی کوردستان بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتی جیهانییەوە لە ڕابردوودا کاریگەری زۆری لەسەر بووە، بەوپێیەی زۆرێک لە کێڵگەکانی نەوتی هەرێم پشت بە تێچووی بەرهەمهێنانی نەوتی جیهانی بۆ بەدەستهێنانی قازانجی پێویست دەبەستن. لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە نرخی نەوت لە ئاستی جیهانیدا بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش بووە هۆی دابەزینی داهاتی نەوتی حکومەتی هەرێم و کاریگەری لەسەر توانای دابینکردنی دارایی بۆ بەرهەمهێنانی نەوت.

> **" حکومەتی هەرێم- ئیدارەی سلێمانی، لە ساڵی (١٩٩٣) کۆمیتەیەکی باڵایی بە سەرۆکایەتیی سەرۆك وەزیران (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) بۆ پرسی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێم پێکهێنا "**

**٣- کەمی دارایی ووەبەرهێنان:**

کەرتی نەوت لە کوردستان بەدەست کەمی دارایی و وەبەرهێنانەوە دەناڵێنێت، کە پێویستە بۆ باشترکردنی ژێرخانی ئابووری و زیادکردنی بەرهەمهێنان و باشترکردنی تەکنەلۆژیای دەرهێنان.

**٤- کێشەی تەکنیکی:**

بەشێک لە کێڵگەکانی نەوت بەدەست کێشەی تەکنیکییەوە دەناڵێنن، کە کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنان هەیە و دەبێتە هۆی پچڕانی درێژخایەن لە کارەکانی بەرهەمهێناندا. کەرتی نەوت لە هەرێم ڕووبەڕووی هەندێک ئاستەنگی تەکنیکی سەبارەت بە بەرهەمهێنان و گەشەپێدان بووەتەوە، وەک نەبوونی ئەزموون لە بواری ئەندازیاری نەوت و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو.

**٥- سنووردارکردنی هەناردەکردن:**

حکومەتی عێراق لە کاتی کۆرۆنا ڤایرۆسدا سنووردارکردنی بۆ هەناردەکردنی نەوت لە هەرێمەوە سەپاند، هەر لە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن، ئەمەش ڕێگری لە کارەکانی هەناردەکردن و کاریگەریی لەسەر بەرهەمهێنان و قازانج دانا.

**٦- کاریگەریی پەتای کۆڤید-١٩:**

ئەم پەتایە بووە هۆی دابەزینی خواست لەسەر نەوت لە جیهاندا، ئەمەش بووە هۆی دابەزینی نرخی نەوت و کاریگەریی لەسەر بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمدا.

**٧-گەمارۆ ئابوورییەکان:**

هەرێمی کوردستان لەلایەن عێراقەوە کەوتووەتە بەر گەمارۆی ئابووری زۆر، کە بەشێک لە کارەکانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی پەکخستووە، ئەمەش وایکردووە هەرێم نەتوانێت سەرمایەی پێویستی هەبێت.

**<u>دووەم</u>: هۆکاری جیۆلۆجی:**

کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێم دەکرێت پەیوەندیی بە چەندین هۆکاری جیۆلۆجییەوە هەبێت، هەندێک لە هۆکارەکان ڕاستەوخۆ کاریگەریان دیارنییە، بەڵام پێدەچێت کاریگەریان لە هەندێک کێڵگەدا هەبێت:

**١ -کەمبوونەوەی یەدەگی نەوت:**

ئەم کەمبوونەوەیە بەهۆی نیشتنی بەردی نیشتوو کە سەرچاوەی نەوتن ڕوودەدات. بۆ نموونە ئەگەر بڕێکی زۆر لە نەوت دەربهێنرێت بەبێ ئەوەی پشکی نوێ جێگەی بگرێتەوە، هەندێک لە کۆگاکانی نەوت تەواو دەبن.

**٢- تێکچوونی کوالێتی نەوت:**

تێکچوونی کوالێتی نەوت ڕەنگە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی، بەو پێیەی شیبوونەوەی کیمیایی نەوت یان بەرکەوتنی ژەنگ ڕەنگە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی کوالێتی نەوتی بەرهەمهێنراو.

**٣- پشتبەستن بە بیرە کۆنەکان:**

ڕەنگە بەهۆی درێژبوونی تەمەنی بیرەکان و کەمبوونەوەی سامانی نەوتی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوت ڕوودات، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دوور لە شێوازی زانستی و کردنەوەی چۆک ڤاڵڤی بیرەکان بە ڕەهایی، بەمەبەستی دەرهێنانی نەوتێکی زۆر لەماوەیەکی کەمدا.

ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی فشاری بیرەکان و دەرهێنانی نەوت زیاتر قورس دەکات. بۆ نموونە هەموو بیرەنەوتییەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی و قەزای کۆیە بەردەوام لە دابەزینن، کە کێڵگەی شیواشۆک لە ساڵی (٢٠١٥)دا ڕۆژانە (١٤٠) هەزار بەرمیل نەوتی لێدەرهێنراوە، بەڵام لە (٢٠٢٥) بەرهەمهێنان تیایدا ڕاگیراوە..

تایبەتمەندەکانی بوارەکە هۆکاری دابەزینی ئێستای بەرهەمهێنانی نەوتیان بۆ بێتوانایی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە حکومەتی هەرێم گەڕاندەوە بۆ هێنانی وەبەرهێنانی زیادە بۆ تێپەڕاندنی ئەو دابەزینە سروشتییەی کە ساڵانە بە ڕێژەی (١٥٪ بۆ ٢٠٪) لە بەرهەمهێنانی هەر بیرێکدا. بەڵگەنامەکانی حکومەت باس لەوە دەکەن کە دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان لە سێ کێڵگەی نەوتی سەرەکی - تاوکێ، خورمەڵە و تەق تەق- هۆکاری سەرەکی دابەزینی بەرهەمهێنان بووە[٢٢].

**٤- تێکەڵبوونی ئاو:**

تێکەڵبوونی ئاو یەکێکە لە هۆکارەکان کە ڕۆڵی هەیە لە دابەزینی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ نموونە کێڵگەی چیاسورخ دەکەوێتە ناحیەی قۆرەتووەوە لە گەرمیان کە کۆنترینە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەهۆی تێکەڵبوونی ئاوی زۆرو گازەوە لەگەڵ نەوتەکە لە مانگی تەمووزی ساڵی (٢٠٢٤) بەرهەمهێنان بەتەواوی ڕاگیراوە. نەوت لە کوردستان لە شکاوی بەردی لیمۆ دەردەهێنرێت و شارەزایانی وزە دەڵێن ئەمە لە سەرەتادا بڕێکی زۆر بەرهەمدەهێنێت، بەڵام ئاستی بەرزی بەرهەمهێنان دەتوانێت بە خێرایی شکانەکان دەربهێنێت و ببێتە هۆی ئەوەی ئاو بچێتە ناویەوە. بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو لە چەندین کێڵگەدا لەوانە تەق تەق وایکردووە دەستگەیشتن بە نەوت قورس بێت، بە گوتەی بەرپرسێکی حکومی و پسپۆڕانی وزە، هۆکاری کەمبوونەوەی خێرای بیرەکان دەگەڕێننەوە بۆ خراپ بەڕێوەبردن و سەختی جیۆلۆجی ناوچەکە[٢٣].

**٥- هەڵکەندنی بیرەکان بەشێوەی ئاسۆیی لەبری ستوونی:**

کۆمپانیاکانی کونکردن پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی شێوازی کونکردنی مەیل، واتە کونکردنی ئاسۆیی لەبری کونکردنی ڕاست(ستوونی)، ئەمەش پێویستی بە بەکارهێنانی هەندێک سەرچاوە هەیە کە زیانبەخشن بۆ ئاو، ئەمە جگە لەوەی تەمەنی بەرهەمهێنانی نەوت کەمدەکاتەوە و کەمبوونەوەی خێرای پەمپکردنی بیرە بە بەراورد بە کونکردنی بیرە ڕاستەکان[٢٤].

**٦– چۆڕپڕبوونی نەوت لە بیرەکان:**

چۆڕپڕبوونی بەرهەمەمی نەوتی بیرەکان بریتییە لە کەمبونەوە و دابەزینی بڕی بەرهەمی بیر

یان کێڵگەیەکی نەوت لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا، ئەم چۆرپڕبوونە بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە، کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدەدەین و زۆربەیان بەشێوازی جۆراوجۆر بە قەبارەی خۆیان ڕۆڵیان لە کەمبوونەوەی بەرهەمی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم هەیە:

أ- نۆژەننەکردنەوەی کێڵگە نەوتییەکان و دابەزینی ئاستی ڕۆیشتنی نەوت لە هەرێمی کوردستان بەپێی پێویست کێڵگە نەوتییەکان نۆژەنناکرێنەوە.

ب- دابەزین و کەمبوونەوەی ئاستی ڕۆیشتنی نەوت لە کۆگای نەوتەکەوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بڕی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێم.

ج- زیان گەیاندن بە چینی بەرهەمهێنەکە، واتا زیان گەیاندن بەکونیلەکان و توانای پیادا تێپەڕبوونی بەردەکۆگاکان.

د- گیرانی ڕێڕەوەکانی نەوتە خاوەکە بە کەڵەکەبوونی لم و قوڕ لەناویاندا.

هـ- یەکگرتنی نەوت و پێکهاتەکانی حەشارگە نەوتییەکە کە دەبێتە تۆپەڵەبوون و گرتنی ڕێڕەوی ڕۆیشتنی نەوتەکە.

و- بەهۆی چۆڵبوونی کۆگای هەڵگرەکان، چینە بەرهەمهێنەکە تووشی داڕمان دەبێت، بەهۆی ئەو پەستانە بەرزەی لەسەریەتی بەهۆی چینەکانی زەوییەوە[٢٥].

**سێیەم: هۆکاری دەستوری، یاسایی و دادوەری:**

کۆمەڵێک هۆکاری دەستوری، یاسای، دادوەری و ناوبژیوانی بەپێی پەیوەندییان کاریگەریان لەسەر بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان هەبووە بەم شێوەیە:

**١- هۆکاری دەستوری:**

مادەی (١٤٠) دەستوری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) کە تایبەتە بەیەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، کە بە ناوچەی ناکۆک ناسراون، هەر وەبەرهێنانێک بکرێت دەبێت بەڕەزامەندیی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵی عێراق بێت، بەڵام تا ئێستا نە مادەی (١٤٠) جێبەجێکراوەو نە هەماهەنگی لەنێوان هەردوولادا هەیە، کێڵگەی ئیسفنی یا (عەین سوفنی) کە کەوتووەتە نزیک شارۆچکەی شێخان لە پارێزگای دهۆک، یەکێکە لەو کێڵگانەی کەوتووەتە سنوری مادەی (١٤٠) و حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ هەردوو کۆمپانیای (هینت ئۆیڵ) ئەمەریکی و کۆمپانیایەکیتر بەناوی (ئیمپڵەس ئینێرجی کۆرپۆرەشن) واژۆکردوە. لە ساڵی (٢٠٠٧) کاتێک گرێبەستی بۆ کرا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نامەیەکی بۆ کۆمپانیاکە ناردو ئاگاداری کرد

لەوەی لەڕوی یاساییەوە مەترسیدارە. هەروەها لە بەڵگەنامە دزەپێکراوەکانی ئەمەریکا لەپێگەی (ویکلیکس) ئاماژە بە مەترسی واژۆکردنی ئەم کێڵگەیە دەکات لەلایەن کۆمپانیا ئەمریکییەکەوە. ئەم ناکۆکییەی هەرێم و فیدراڵ وایکرد هەر لە سەرەتاوە کۆمپانیاکە بە نابەدڵی کار لە کێڵگەکە بکات، تا ئێستاش لەسەر پێگەی خۆی هیچ داتاو زانیارییەکی سەبارەت بە کارەکانی لەم کێڵگەیە بڵاونەکردووەتەوە[٢٦].

٢- بڕیاری دادگای فیدراڵی:

بڕیارەکەی (٢٠٢٢/٢/١٥)ی دادگای فیدراڵی کە بنەمای یاسایی کەرتی نەوت و گازی ناوچەکەی بە نادەستووری ناساند، کاریگەریی لەسەر کۆپانیاکان بۆ وەبەرهێنانی نەوت لە هەرێم دانا.

> "حکومەتی هەرێمی کوردستان (٥٣) گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان واژۆکردووە، کە زۆربەیان گرێبەستی بەشداری لە بەرهەمهێنانن"

٣- سکاڵاکەی پاریس:

حکومەتی عێراق لە ساڵی (٢٠١٤) لە دادگای ژووری ناوبژیوانی پاریس سکاڵای دژی دەوڵەتی تورکیا تۆمارکرد، بە تۆمەتی ئەوەی سەرپێچی لە ڕێکەوتنەکەی نێوان هەردوولا (١٩٧٣) کردووە، کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە هەناردەی نەوتی عێراق بە هێڵی بۆری کەرکوک – جەیهان لەڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆی عێراقییەوە. ئەم سکاڵایە لەماوەی نێوان تۆمارکردنەکەی لە (٢٠١٤) تا ڕێکەوتی یەکلاییکردنەوەکەی لە (٢٠٢٣/٣/٢٣) کاریگەریی لەسەر هاتنی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ وەبەرهێنانی نەوت لە کوردستان هەبووە. دوای یەکلاکردنەوەی سکاڵاکە و دەرکردنی بڕیاری ڕاگرتنی نەوتی هەرێم، کاریگەریی گەورەی لەسەر کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت دروستکردووە.

٤- نەبوونی یاسای تایبەت بە پاراستنی سامانی سروشتی.

تا ئێستا هیچ یاسایەکی دیاریکراو بۆ پاراستنی سامانی سروشتی لە هەرێم دەرنەچووە، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی  دام و دەزگا پەیوەندییدارە میریی و  کۆمپانیا نەوتییە کارکەرەکان لە هەرێم، تا ڕادەیەك دوور لە بنەمای زانستی و ترسی سزا و قەرەبووکردنەوەی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم کاربکەن. هەروەها ئەوەی کەوا هەیە لە بارەی پاراستنی

سامانی سروشتی لە هەرێم تەنها چەند دەقێکی کەمە لە یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستانی ژمارە: (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) لە بڕگەی (یەکەم) لە مادەی (٢٧)دا هاتووە کە: (نەوت بەپێی ئەمانەی خوارەوە بەرهەمدەهێنرێت: ١- پەیڕەوکردنی باشترین شێوازەکان بۆ دڵنیابوون لە زۆرترین بەرهەمهێنانی نەوت لە یەک پێکهاتە یان چەند پێکهاتەیەک پێکەوە. ٢- هەماهەنگ بە باشترین شێوازەکانی پیشەسازی نەوت و پەیڕەوکردنی بنەما ئابوورییە پەسەندکراوەکان وەک لە مادەی (٣٧)ی ئەم یاسایەدا هاتووە، کە ڕێگری لە بەفیڕۆدانی نەوت و وزە لە خەزنەکەدا بکرێت. هەروەها لە مادەی شەشەم لە یاساکە پابەندبوونی وەزیر لەخۆدەگرێت بە بەکارهێنانی دەسەڵات و ئەرکەکانی بۆ دەستەبەرکردنی بەڕێوەبردنی دروستی پیشەسازی نەوت، گەشەپێدان و گەشەسەندنی ئابووری. هەروەها هاندانی وەبەرهێنان کە گونجاو و هاوتەریب بێت لەگەڵ باشترین شێوازەکانی پیشەسازی نەوتدا. هەروەها لە بڕگەی (سێیەم)ی مادەی (٢٤)ی یاساکەدا هاتووە کە: (بۆ ئەوەی کەسێک شایستە بێت بۆ ئەنجامدانی گرێبەستی نەوت، دەبێت ئەمانەی هەبێت: ١- توانای دارایی و زانیاری و توانای تەکنیکی بۆ گواستنەوەی نەوت و کارەکانی لە بواری گرێبەستەکەدا، کە ئەزموونی باشیان بەدەستهێناوە لەڕێگەی جێبەجێکردنی کارەکانی هاوشێوەی نەوت و پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی پەسەندکراو بۆ سەلماندنی ئەوە)[٢٧].

**<u>چوارەم</u>: پلانی ئۆپێک + بۆ بەرهەمهێنان**

بڕیارەکانی ئۆپێک پڵەس بۆ کەمکردنەوە یان خود دواخستنی بەرزکردنەوەی کۆی بەرهەمی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت جا بە هەر هۆیەکەوە بێت، کاریگەرییان لەسەر بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم کردوە و دەکات[٢٨]. ئەمەش بەهۆی دیاریکردنی ئەو بڕەی بۆ هەناردەی نەوتی عێراق بۆ دەرەوە دیاری دەکات، کە تیایدا پشکی هەرێمیشی تێدا هەژمار دەکرێت.

**<u>پێنجەم</u>: بێ پلانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان:**

بێ پلانی ئەم وەزارەتە بۆ پاراستنی بەرهەمی کێڵگەکان و نەبوونی چاودێری و هەڵسەنگاندنی ورد، بووەتە هۆی لەدەستدانی بەرهەمهێنان و کەمکردنەوەی بەرهەم لە هەرێمی کوردستان. بۆ نموونە لە ئێستادا (٢٠٢٥) بەرهەمهێنان لە کێڵگەکانی (شیواشۆک و چیاسورخ، سارتە، بەعشیقە"باشیک") کۆتایهاتووە.

*** بەشی چوارەم: لێکەوتەکانی شکستی بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنانی نەوت لەسەرئاییندەی هەرێمی کوردستان**

خراپ بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکان، ڕاوەستانی بەرهەمهێنان لە بیرەکان و دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان لە هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێك لێکەوتەی جیاوازی بۆ سەر

هەرێم دەبێت، کە گرنگترینیان بریتین لە:

**<u>یەکەم</u>: لێکەوتەی ئابوری:**

هەناردەکردن یەکێکە لەگەشەکردنی قۆناغی ئابوری و مانای ئەوەیە کە ئەو بەرهەمە زیاد لە پێویستی ناوخۆیە و دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی بەدەستهێنانی دارایی و ئابوری. کەواتە لەکاتی کەمبوونەوە یان کۆتایهاتنی بەرهەمهێنانی نەوت ئەوا هەرێم گرنگترین سەرچاوەی داهات لەدەست دەدات و تووشی قەیرانی دارایی و ئابووری دەبێت و لەبەرامبەر بەغداد تەواو لاواز دەبێت و تەنها دەبێت پشت بەدەستور ببەستێت وەک هەرێمێکی عێراق داوای پشکی بکات نەک هەرێمێکی خاوەن سەرچاوەی دارای و ئابوری.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی پێگەی (attaqa) بەرپرسان و پسپۆڕانی وزە ئاماژەیان بەوەکردووە، دابەزینی بەرچاوی داهاتی نەوت، کە هێڵی ژیانە بۆ حکوومەتی هەرێم، ڕەنگە کێشە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر بکات کە لە ئێستادا خۆی بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری جیاوازەوە بەدەست قەیرانی ئابوریی و داراییەوە دەناڵێنێت[٢٩].

**<u>دووەم</u>: لێکەوتەی دەستوری و یاسایی:**

لەکاتی کەمبوونەوە یان کۆتایهاتنی بەرهەمهێنانی نەوت ئەوا هەرێم کارتی دەستور لەدەست دەدات، کە وەک هاوبەشی ڕاستەقینە لەبەرهەمهێنانی نەوت بەشدارنابێت و کورد لە بەغدا هیچ رۆڵێکی لە یاساکانی تایبەت بە نەوت و گاز پێنادرێت، تەنها وەک ڕێژەی کورسی و دەنگ دەتوانێت لەدام و دەزگاکان بەشداربێت نەک وەک خاوەندارێتی و هاوبەشی ڕاستەقینە، کە لە مادەکانی )١١٢، ١١١)ی دەستوری هەمیشەی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) ئاماژەی پێکراوە.

**<u>سێیەم</u>: لێکەوتەی سیاسی، سەربازی، ئاسایشی:**

لە ئەگەری کەمبوونەوەی زیاتر یان کۆتایهاتنی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێم، هەرێم رۆڵ و ئەو پێگە سیاسییەی بەهۆی نەوت و گازەوە لە ئاستی ناوچەکە و جیهان بەدەستیهێناوە لاواز یان لەدەستدەدات. بەتایبەتیش لەلایەن ئەو وڵاتە زلهێزانەوە کە خاوەن کۆمپانیای بەشدارن لە بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێم. ئەمە جگە لەوەی کەمبوونەوەی زیاتر یان کۆتایهاتنی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم لەڕووی ئاسایشی و سەربازیشەوە لێکەوتەی مەترسیداری بۆ سەر هەرێم دەبێت و پاراستنی ئاسایش و ئارامی هەرێم بەهۆی نەوتەکەی و بۆ ڕێگریکردن لە جێگری نرخ لە بازاڕی وزە گرنگی خۆی لەدەستدەدات. بۆ نموونە وڵاتی چین هیچ بەرژەوەندییەکی ئابووری لەڕێگەی نەوت و گازەوە لە هەرێم نییە، لەبەرامبەریشدا هیچ ئامادەییەکی سەربازی و ئاسایشی و سیاسی نییە و بەپێی بەڵگەکان لەنێوان هەرێم و

بەغدادا، بەغدادی هەڵبژاردوە و هەرێم هیچ پێگەیەکی لە ستراتیژ و ئاسایشی وزەی چیندا نییە.

**<u>چوارەم</u>: لێکەوتەی وەستان لە کار و کشانەوەی کۆمپانیاکان:**

لەڕوانگەی بوونی سود و بەرژەوەندیی تایبەتی کۆمپانیاکانی بواری نەوت لە کارکردن لە سێکتەری نەوتی هەرێم، بۆیە لە ئەگەری دابەزینی زیاتری بەرهەمهێنانی نەوت یاخود کۆتاییهاتنی، دەکاتە ئەوەی کۆمپانیا بیانییەکان بیر لە جێهێشتنی هەرێم بکەنەوە[٣٠]. بۆ نموونە ئەو کێڵگانەی کەوا لە هەرێم بەرهەمهێنانی نەوت تیایاندا کەمی کردووە یان ڕاوەستاوە، کاریگەریی هەبووە لەسەر پاشەکشەکردنی ئەو کۆمپانیا نەوتییانەی کەوا کاریان تێدا کردووە.

> **” بەڵگەنامە حکومییەکانی ڕۆیتەرز دەریدەخەن کە بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراق تا ساڵی (٢٠٢٧) نزیکەی بۆ نیوە دادەبەزێت “**

*** بەشی پێنجەم: ئەنجام و پێشنیاز:**

لەکۆتایی توێژینەوەکەماندا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بەرهەرمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی ڕووبەڕووی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان هاتووە، بەجۆرێک لە چوار کێڵگەیاندا بەرهەمهێنان ڕاوەستاوە، کە ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی بەڕێوەبردنێکی نازانستییانە و زۆرترین بەرهەم لە کەمترین کاتدا، نۆژەننەکردنەوەی بەردەوامی بیرەکان، نەبوونی وەبەرهێنانی نوێ، کەمی ئەزموون، هەڵکەندنی بیرەکان بەشێوەی ئاسۆیی نەک ستوونی، نەبوونی چاودێریی وردو هەڵسەنگاندنی بەردەوام، لاوازی لایەنی یاسایی کە لە کوردستان یاسایەکی تایبەت نییە بۆ پاراستنی سامانی سروشتی (نەوت و گاز) و لەکاتی زیان گەیاندن لایەنی بەرپرس سزای یاسای بدرێت. هەروەها ململانێی بەردەوامی نێوان هەولێرو بەغدا لەسەر ئاستەکانی (ئابوری، سیاسی، دەستوری و یاسایی، ئاسایشی و سەربازی). ئەمەش چەندین لێکەوتەی مەترسیداری (ئابوری، یاسایی، سیاسی، سەربازی و ئاسایشی) لە ئێستا و ئاییندە بۆ سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان لێدەکەوێتەوە. بۆ چارەسەری کێشەی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێم ئەم پێشنیازانەی لای خوارەوە دەخەینەڕوو:

١- زیادکردنی کێڵگە تەنیشتەکان بۆ زیادکردنی پەستان یان لادانی ئاوی بەکارهێنراو لە بەرهەمهێنانی نەوت.

٢- دیاریکردنی گۆشە گونجاوەکان بۆ کونکردن و گەڕان لە شوێنی نوێدا گواستنەوەی شلەی نەوت بۆ ناوچەکانی تر چارەسەر بکرێت.

٣- بەکارهێنانی تەکنیکی بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنان وەک تەکنەلۆژیای ئەسید شیل و تەکنەلۆژیای شکاندنی بەرد بە پەستانی بەرز بۆ کەمتر ڕۆیشتنی شلەی نەوت لە بەردی خەزنەکانەوە.

٤- چاودێری و هەڵسەنگاندنی وردی بەردەوام لەلایەن پەرلەمان و حکومەتەوە.

٥- دەرهێنانی زانستیانەی نەوت لە بیرەکان و پاراستنی پەستانی کێڵگەکان و دانانی پلانێک بۆ زیندوکردنەوەی کێڵگە ڕاوەستاوەکان.

٦- بەئاگایی لەپیلانگێڕی بۆ کۆتایهێنان و وێرانکردنی کێڵگە نەوتییەکان.

٧- وەبەربەرهێنانی نوێ لە کێڵگە کۆنەکان و دۆزینەوەی نوێ ئەنجام بدرێت بۆ ڕزگاربوون لە مەترسی کەمبوونی بەرهەمی نەوت.

٨- دەرچواندنی یاسای پاراستنی سامانی نەوت و گازی کوردستان لە پەرلەمان.

٩- هەمووارکردنەوەی گرێبەستەکان و دانانی مەرجی پێویست بۆ پاراستنی سامانی سروشتی لە کوردستان.

١٠- دامەزراندنی ناوەندێکی تایبەت بە بەڕێوەبردن و پاراستنی سامانی سروشتی لە کوردستان.

١١- دانانی تیمی بەهێزی خاوەن پسپۆڕی لە هەموو بوارەکان لە وەزارەت و کردنەوەی خولی بەردەوام، چونکە کۆمپانیاکان لەو بوارە بەهێزن.

١٢- کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق.

١٣- سزادانی لایەنی بەرپرس لە تێکدان و وێرانکردنی کێڵگە نەوتییەکان بەپێی مادەکانی (٣٧،٢٧،٢٤)ی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ژمارە: (٢٧)ی ساڵی (٢٠٠٧).

١٤- بەرزکردنەوەی دەستکرد یان ماتۆڕی نقومبوو لەناو نەوتەکەدا (غطاصه).

١٥- تێکردنی ئاو یان گاز و لەڕێگەی (gas lift) کە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت ڕێژەی (٣٠٪)ی نەوت دەربهێنرێت.

١٦- تێکردنی ئاو و چاکسازیکردن لە پەستان لەم ڕێگەیەدا دەتوانرێت ڕێژەی (٣٠-٥٠٪)

نەوت دەربهێنرێت.

١٧- ئەنجامدانی کرداری گەرمکردن بە هەڵم، ئاوی گەرم و سووتان بە مەبەستی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی نەوت لەو بیرە نەوتانەی کە بەرهەمی نەوتیان تیادا ڕاگیراوە.

١٨- ئەنجامدانی کرداری تێکردنی گازەکانی (Co2، hydrocarbons، Nytrogin/ flue) بەمەبەستی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی نەوت لە بیرە نەوتە ڕاگیراوەکە.

١٩- لەکاتی بەرهەمهێنانی نەوتدا کرداری شکاندنی هایدرۆلیکی (hydrolic frac) بەکاربێت بۆ زیادکردنی یان دروستکردنی توانای تێپەڕبوون لە بەردە کۆگاییەکاندا، بەم شێوەیە بڕی بەرهەم زیاد دەکاتەوە.

٢٠- هەستان بە کرداری چارەسەری کیمیایی لەڕێگەی هەریەکە لە (Alkali،Sur- Polymer factant) بە مەبەستی دووبارە بەرهەمهینانەوەی نەوت لە بیرە نەوتە ڕاگیراوەکاندا.

٢١- هەموارکردنەوەی گرێبەستە نەوتییەکانی نێوان هەرێم و کۆمپانیا بیانییەکان و دانانی مەرج و ڕێوشوێنی گونجاو بۆ پاراستنی یەدەگ و بەرهەمی کێڵگەکان لە هەرێم و دانانی سزاو قەرەبوو لەکاتی زیان گەیاندن بە بەرهەمی کێڵگەکان.

## * سەرچاوەکان:

١- لایوجد الاسم الکاتب، (٢٠١١/٢/٢٠)، انتاج النفط في کردستان العراق یواجه النضوب..وثائق: الإقلیم مهدد بالافلاس، https//attaqa0net،٢٠٢٢-٠٨-٣٠

٢- بێ ناوی نووسەر، (٢٠٢٢/٢/١٢)، چیرۆکی کەرتی نەوتی هەرێم، https://drawmedia.net (٢٠٢٥/٣/١).

٣- د. علی مرزا، (٢٠١٣)، باحث اقتصادی، العراق والافاق الاقتصادیه، لایوجد الاسم المجلة والرقم الغلاف والرقم العدد، ص٦.

٤- بێ ناوی نووسەر، (٢٠٢٢/٥/٦)، بازاڕکردنی نەوتی کوردستان، لینکی لە گۆگڵ سڕاوەتەوە، (٢٢٠٢٢/٨/٣٠).

٥- د. کاوە عمر محمد، (٢٠١٥)، النفط و منازعات عقود استغلاله، الطبعة الأولی، بیروت، منشورات زین الحقوقیة، ص٥٣-٥٥.

٦- ریبین صمد عبدالله سیان، (٢٠١٨)، النفط في إقلیم کوردستان –العراق دراسة في الجغرافیا الاقتصادیة، الطبعة الأولی، بیروت، منشورات زین الحقوقیة، ص ١١٥.

٧- ریبین صمد عبدالله سیان، مصدر النفسه، ص١٢٦.

٨- لایوجد الاسم الکاتب، (٢٠٢٤/٢/١٣)، عوائد اقلیم کوردستان النفطیة لعام، net.rudaw.www، (٢٠٢٥/٢/١١).

٩- ریبین صمد عبدالله سیان، مصدر السابق، ص١٥٩.

١٠- دامەزراوەی میدیایی درەو، (٢٠٢٣)، نەوتی هەرێمی کوردستان (شیکاری، لێکدانەوەی ژمارەو داتاکان)، چاپی یەکەم، سلێمانی، بێ ناوی چاپخانە، ل١٠٧-١٠٨.

١١- لایوجد الاسم الكاتب، (٢٠٢٤/٢/١٣)، عوائد اقليم كوردستان النفطية لعام (٢٠٢٣)، مصدر السابق.

١٢- خەندان، بێ ناوی نووسەر، (٢٠١٩/١١/١١)، بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان،https:// /www.xendan.or ، (٢٠٢٢/٩/٧).

١٣- بێ ناوی نووسەر، (٢٠٢١/٠٣/٠٩)، ئاستی بەرهەمی کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان، https://www. com.speemedia، (٢٠٢٢/٧/١).

١٤- دامەزراوەی میدیای درەوە، (٢٠٢٤)، نەوتی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی پاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی، لە (٢٠٢٣)، ل٢٩.

١٥- بێ ناوی نووسەر، (٢٠١٧/٦/١٢)، نەوتی حەسیرە، https://wishe.net/dreja، (٢٠٢٣/٣/١٢).

١٦- دامەزراوەی میدیای درەو، (٢٠٢٤)، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

١٧- بێ ناوی نووسەر، (٢٠٢٢/٥/١٥) کەمبوونەوەی بەرهەهێنان لە چەند کێڵگەیەکی نەوت لە هەرێمی کوردستان، https://lvinpress.com، (٢٠٢٣/٣/١٢).

١٨- لایوجد الاسم الكاتب،(٢٠٢٢/٨/٣٠)، وثائق حكومية: حقول نفط كردستان العراق تنضب بسرعة، مصدر السابق.

١٩- بێ ناوی نووسەر، (٢٠٢٣/٢/٧)، لە ساڵی داهاتوو رۆژانە لەنێوان (٥٠ بۆ ٨٠) هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە کەمدەکات، http:sllbwa0news، (٢٠٢٥/٣/١).

٢٠- لایوجد الاسم الكاتب، (٢٠٢٢/٨/٣٠)، وثائق حكومية، مصدر السابق.

٢١- دامەزراوەی میدیای درەو، (٢٠٢٥)، رێبەری کێڵگە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی پاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ل٤٤.

٢٢- لایوجد الاسم الكاتب، (٢٢٠١١/٢/٢٠) ، انتاج النفط في كردستان العراق يواجه النضوب، مصدر السابق.

٢٣- مصدر النفسه.

٢٤- سردار سوار اسماعيل، (٢٠١٨)، المسؤوليه المدنيه للشركات البترول عن الاضرار التي تلحق بالاراضي، منشورات زين الحقوقيه، طبعه الاولى بيروت، ص٥١.

٢٥- دامەزراوەی میدیای درەو، (٢٠٢٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.

٢٦- دامەزراوەی میدیای درەو، (٢٠٢٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥.

٢٧- داستان محمد عزيز، سنه (٢٠١٩)، المسؤولية التقصيرية للقائم بالعمليات النفطية، دراسه تحليليه مقارنه، مصر- الامارات، دار الكتب القانونية، دار الشتات للنشر والبرمجيات، ص٧٥-٧٦.

٢٨- هبة هشام، (٢٠٢٤/١١/٥)، لماذا تراجعت دول اوبيك بلس عن انتاج النفط؟، https://alwasat0ly/ news، (٢٠٢٥/٢/١١).

٢٩- لايوجد الاسم الكاتب (٢٠٢٢/٨/٣٠) ،انتاج النفط في كردستان العراق يواجه النضوب، مصدر السابق.

٣٠- لايوجد السم الكاتب، (٢٠٢٢/٨/٣٠)، وثائق حكومية: حقول نفط كردستان العراق تنضب بسرعة، مصدر السابق.



# دروزییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.. ڕۆڵ و کاریگەرییان

د. دژوار ئەنور ئەحمەد
دکتۆرا لە یاسای نێودەوڵەتی

*** پێشەکی:**


دروزییەکان گروپێکی ئاینی و کۆمەڵایەتیی تایبەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، بەزۆری لە وڵاتانی لوبنان، سوریا، ئیسرائیل و ئوردن نیشتەجێن، کاریگەیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بەرچاویان هەیە لەو کۆمەڵگانەی تێیدا دەژین. سەرەتای دروستبوونی ئەم گروپە بۆ سەدەی (١١)ی زاینی لە میسر دەگەڕێتەوە، کاتێك لە مەزهەبی شیعەی ئیسماعیلی جیادەبنەوە و دواتر وەکو کەمینەیەکی ئاینیی نوێ دەردەکەون.

بەدرێژایی مێژوویان، دروزییەکان وەکو کەمینەیەك ڕۆڵی بەرچاویان لە گۆڕانکارییە ناوچەییەکان بینیوە و بەشێوازێکی سەرسوڕهێنەر ڕووبەڕووی هەڕەشە و ململانێ ناوچەییەکان بوونەتەوە، بەهۆی باوەڕە ئاینییە تایبەتەکەیانەوە داخراویی و پاراستنی نهێنی ئاینیی، توانیویانە ناسنامە و کەلتووری خۆیان بەدرێژایی چەندین سەدە بپارێزن.

لە قۆناغی جۆراو جۆر لە مێژووی بوونیان لە ناوچەکە، کۆمەڵگەی دروزی چەندین جار ڕووبەڕووی هەڕەشەی سڕینەوەی شوناس و ڕاگواستن بوونەتەوە، بەڵام دروزییەکان تا ڕادەیەکی زۆر باش توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ گوڕانکارییە ناوچەییەکان هەبووە و بەسەر هەڕەشەکاندا سەرکەوتون.

لەگەڵ ئەو ڕووداوە ئەمنی و سیاسییانەدا کە لە لوبنان هاتەپێش، گۆڕان لە دەسەڵاتی سوریاداو باسی ڕۆڵ و ئایندەی کۆمەڵگەی دروزی بووە بە جێگای باس و سەرنجێکی زۆر، بەتایبەتیش لە سوریا کە ئەو کەمینە ئاینییە هاوشێوەی کورد، زۆر بە هەستیارییەوە

دەڕواننە گۆڕانکارییەکان و ئامادەنین بەبێ گەرەنتی دەرگا بەڕووی دەسەڵاتدارانی نوێدا بکەنەوە.




**نەخشەی دابەشبوونی دروزییەکان لە: (سوریا، لوبنان، ئسرائیل، وئوردن)**

*** تەوەری یەکەم: مێژووو یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی ئاینی:**

بەپێی چەند سەرچاوەیەك مێژووی ڕێبازی دروزییەکان بۆ سەردەمی خەلیفەی شەشەمی دەوڵەتی فاتمی، ئەلحاکم بامرالله (٩٩٦_ ١٠٢١)زاینی دەگەڕێتەوە. ئەم ڕێبازە ئاینییە لەلایەن (محمد بن ئیسماعیل نەشتەکین دروزی)یەوە پەرەی پێدرا (وشەی "دروزی" لە وشەی " دەرزیەوە" هاتووە، چونکە نازناوی خێزانی ئەو کەسایەتییە بەرگدروو بووە) و لە ئێرانەوە بۆ شام کۆچیان کردووە.

بیروباوەڕی دروزییەکان تێکەڵەیەکە لە ئیسلام، هیندوئیزم، بودیزم و فەلسەفەی یۆنانی. باوەڕیان بە یەکتاپەرستی هەیە و دەڵێن خودا تاك و بێ وێنەیە. باوەڕیان بە ڕۆح گواستنەوە هەیە، واتە پێیان وایە ڕۆحی مرۆڤ دوای مردن دەچێتە جەستەیەکی نوێوە.

کتێبی پیرۆزی ئەم گروپە ئاینییە پێی دەڵێن نامەکانی دانایی "رسائل الحكمە" یان کتێبی پیرۆز "الكتاب المقدس"، کە تەنها بۆ پیاوانی ئاینی دروزییەکان بەردەستە و کەسانی ئاسایی ناتوانن بیخوێننەوە.

کۆمەڵگەی دروزییەکان کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو و داخراوە، ئەمەش وایکردووە لەنێو ئاینەکانی دیکەی ناوچەکەدا تایبەت بێت. دروزییەکان بەتوندی دەست بە داب و نەریتی خۆیانەوە دەگرن، ئەمەش وایان لێدەکات کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو و تۆکمە بن. دەگمەنە پیاوێکی دروزییەکان بدۆزیتەوە کە هاوسەرگیریی لەگەڵ کەسێکی دەرەوەی ئاینەکەیدا کردبێت، چونکە هاوسەرگیریی لە دەرەوەی ئاینەکە لە داب و نەریتی دروزییەکاندا بە قبوڵنەکراو دادەنرێت. جگە لەوەش، فرەژنی لە کۆمەڵگەی دروزییەکاندا ڕێگەپێدراو نییە، چونکە ڕۆحانییەکان، یان "عاقلەکان"، فرەژنی وەك پێشێلکردنی بنەمای یەکسانیی جێندەری سەیر دەکەن[1].

**یەکەم: پێکهاتەی ئاینی دروزییەکان[2]:**

کۆمەڵگەی دروزییەکان بەسەر سێ چیندا دابەشکراوە، هەریەك لەو چینانە لەسەر بنەمای ئاستی پابەندبوونی ئاینی و زانیاریی لەسەر ئاینەکە پۆلێنکراوە:

**١- ڕۆحانییەکان (عاقڵەکان):**

ئەم پۆلە ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە ئاینی دروزییەکان دەخوێنن و پارێزگاریی لێ دەکەن، کە بە "عاقڵەکان" ناسراون. ئەم چینەش خۆی لە خۆیدا بۆ سێ بەش دابەش دەبێت:

سەرۆك، دانا، یان ئاغاکان: ئەوان سەرکردەی ڕۆحی تەریقەتن، شێخی دانایان (شيخ العُقّل) بە باڵاترین دەسەڵاتی ئاینی لەنێوانیاندا دادەنرێت. ئەمانە ڕۆڵێکی سەرەکی لە کۆمەڵگەی دروزییەکاندا دەگێڕن، چونکە بە سەرکردەی ڕۆحی کۆمەڵگا دادەنرێن. ئەوان بەرپرسیارن لە پاراستن و بڵاوکردنەوەی فێرکارییەکانی ئاینی دروزییەکان لەناو ئەندامانی کۆمەڵگادا. جگە لەوەش، ڕۆڵێکی گرنگ لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکاندا دەگێڕن.

**٢- ئەجاویدەکان:** ئەوانەن کە بە فێرکارییەکانی ئاینەکە ئاشنان و پابەندن پێیەوەوە، بەڵام لە ئاستی سەرکردەکاندا نین و بەشێك نین لە چینی ڕۆحانییەکان.

**٣- کەسانی ئاسایی (نەزان):**

ئەم چینە ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە ئارەزوویان لەکاروباری ئاینی نییە و لە بابەتە دونیاییەکاندا نوقمبوون. بۆیە پێیان دەوترێت "نەزان"، چونکە لە ڕۆحانییەت ناکۆڵنەوە و بەتەواوی بە فێرکارییە ئاینییەکانەوە پابەندنین.

**دووەم: جیاکردنەوەی مرۆڤی ڕۆحانی و مرۆڤی جەستەیی:**

دروزییەکان بەگشتی جیاوازی لەنێوان "کەسی ڕۆحانی" و "کەسی جەستەیی" دەکەن. مرۆڤی ڕۆحانی کەسێکە کە خەمی کاروباری ئاینی و ڕۆحانی هەیەو نهێنییە مەزهەبیەکانی هەڵگرتووە. مرۆڤی جەستەیی یان فیزیکی ئەو کەسەیە کە لە خەمی کاروباری دونیایدایە و بەدوای بابەتە ڕۆحییەکاندا ناگەڕێت و بەزۆری لە خەڵکی ئاسایی یان "نەزانەکان" پێکدێن.

**سێیەم: خاڵی لێکچوون وجیاوازیی نێوان ئاینی دروزیی و ئاینە یەکتاپەرستەکانی دیکە:**

ئاینی دروزیی هاوشێوەی ئاینە یەکتاپەرستەکانی دیکە (ئیسلام، کرستیان، جولەکە) باوەڕی بە خودای تاك و تەنها هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا، لە ئاینی دروزیی خودا لە سەرووی وەسفەوەیە و هیچ ڕەگەزێکی مرۆڤی تێدا نییە، ئەمە لە کاتێکدایە سێ ئاینەکەی دیکە هەندێك دەقی تێدایە وەسفی خودا بە چەندین دەستەواژە دەکات کە لە تێگەیشتنی مرۆڤەوە نزیکە.

دوور لەو لێکچوونەی سەرەوە، ئاینی دروزیی چەند جیاوازیەکی زەقی هەیە لەگەڵ ئەو ئاینانەی دیکە:

**١- تێڕوانین بۆ کتێبە پیرۆزەکان:**

دروزییەکان کتێبێکی تایبەتیان بە ناوی نامەکانی دانایی "رسائل الحكمه" هەیە، ئەم کتێبە نهێنیە و جگە لە باوەڕدارانی ئاینەکە کەسی دیکە مافی نییە بیخوێنێتەوە، لەکاتێکدا قورئان و ئینجیل و تەورات بۆ هەموو خەڵك بەردەستن، لەگەڵ ئەوەشدا، دروزییەکان ڕێزێکی زۆر لە قورئان دەگرن و هەندێکیان ئاینی دروزیی بە تەواوکەری ئیسلام دەزانن.

**٢- گواستنەوە و نەمریی ڕۆح:**

یەکێك لە زەقترین جیاوازییەکانی ئاینی دروزیی و سێ ئاینەکەی دیکە مەسەلەی باوەڕبوونە بە گواستنەوەی ڕۆح پاش مردن. دروزیی باوەڕی بە گواستنەوەی ڕۆحی مردووە (ڕاستەوخۆ پاش مردن) بۆ کەسێکی دیکە، ئەمە لەکاتێکدایە ئیسلام و کریستیان و جولەکە باوەڕیان بە زیندووبوونەوە و لێپرسینەوەی پاش مردن هەیە و باوەڕیان بە بەهەشت و ئاگر هەیە وەکو سزایەکی هەتاهەتایی.

**٣- پێغەمبەرایەتی و ناوەندگیری:**

تێڕوانینی دروزییەکان بۆ پێغەمبەران لەو سێ ئاینەی دیکە جیاوازە. دروزییەکان دان بە پێغەمبەراندا دەنێن، بەڵام بە نێوەندگیرێکیان نابینن لەنێوان مرۆڤ و خودا. دروزیی

و جولەکە وەکو یەك موسای پێغەمبەر بە پیرۆز دەزانن و پێغەمبەری ئیسلام بە ڕێزێکی زۆرەوە ناو دەبەن، بەڵام دروزییەکان پێغەمبەران وەکو مامۆستایەکی ڕۆحی دەبینن نەك وەکو نێوەندگیرێك لەنێوان مرۆڤ وخودادا.

٤- ڕێوڕەسم و بۆنە ئاینییەکان:

ئەوەی پەیوەندیی بە ڕێوڕەسم و بۆنە ئاینییەکانەوە هەیە، ئاینی دروزیی بە شێوەیەکی ڕیشەیی لەگەڵ سێ ئاینەکەی دیکە جیاوازە. لە ئاینی دروزییدا بە پێچەوانەی ئیسلامەوە، نوێژی بە کۆمەڵ یان بە تاك و بە شێوازێکی ڕێکخراو نییە. بە پێچەوانەی کرستیانیشەوە، هیچ گردبوونەوەیەکی ئاینی هاوشێوەی "قوداس" بوونی نییە. دروزییەکان لە شوێنێکی تایبەتدا کۆدەبنەوە کە پێی دەگوترێت: "ئەنجوومەنی دانایی" نەك لە مزگەوت یان کڵێسا یاخود پەرستگا.

> ” دروزییەکان گروپێکی ئاینی و کۆمەڵایەتیی تایبەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، بەزۆری لە وڵاتانی لوبنان، سوریا، ئیسرائیل و ئوردن نیشتەجێن، کاریگەیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بەرچاویان هەیە لەو کۆمەڵگانەی تێیدا دەژین “

٥- ڕۆژوو و جەژنەکان:

دروزییەکان بەو شێوازەی موسوڵمانان ڕۆژوو ناگرن کە لە ڕەمەزاندا دەیگرن. دروزییەکان جەژنی قوربانیان هەیە کە لەگەڵ ئیسلامدا هاوبەشە و هەروەها جەژنی پێغەمبەر شوعەیبیشیان هەیە.

٦- یەکسانیی لەنێوان ژن و پیاو:

ئاینی دروزیی بە یەکسانیی مافی میراتی و خوێندن و بەشداریی لە ژیانی ئاینی دەبەخشێتە پیاوان و ژنان، ئەم تێڕوانینەش دوورە لەوەی لە ئیسلام و جولەکەدا هەیە سەبارەت بە یەکسانیی جێندەریی و زیاتر لە تێروانینی هاوچەرخی کرستیانەکان دەچێت.

٧- لێکدانەوەی شاراوە:

دروزییەکان لێکدانەوەیەکی شاراوەیان بۆ دەقە ئاینییەکان هەیە، بە واتای ئەوەی ئەو دەقانە واتای شاراوە لەخۆدەگرن جیاواز لەو واتا ڕووکەشەی لە دەقەکەدا هەیە. ئەم

لێکدانەوەیە، تا ڕادەیەکی زۆر لە هەندێك تەوژمی سوفیگەرەکان دەچێت، بەڵام دوورە لە تێڕوانینی گشتیی ئیسلام و کرستیان و جولەکە سەبارەت بە واتای دەقە ئاینییەکان.

**٨- باوەڕبوون بە جەستەبوونی خودایی:**

بەپێی هەندێك لێکۆڵینەوە، لەناو دروزییەکاندا باوەڕێك هەیە بەوەی خودا بە گەورەیی لە کەسایەتیی دەسەڵاتدار بە فەرمانی خودا دەردەکەوێت، ئەمەش بە تەواوەتی پێچەوانەی ئیسلام و جولەکەیە کە بیرۆکەی باوەڕبوون بە جەستەبوونی خودایی ڕەتکراوەیە، بەڵکو تا ڕادەیەك لە کرستیانێتیەوە نزیکە، کە باوەڕی وایە خودا لە جەستەی مەسیحی پێغەمبەردایە.[٣]



**<u>چوارەم</u>: پەیوەندیی نێوان کورد و دروزییەکان:**

بۆ زانینی ڕەچەڵەکی دروزییەکان، زانای کۆمەڵناس و مێژووناسی ئیسرائیلی پرۆفیسور (عوز الموج) توێژەر لە زانکۆی حیفا، توێژینەوەیەکی زانستیی بە بەکارهێنانی (DNA)ی دروزییەکان بە هاوکاریی زانایەکی دیکە ئەنجامدا، کە لە گۆڤاری (Scientific Reports) بڵاویانکردووەتەوە. لە توێژینەوەکە هەردوو توێژەر گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە نیشتیمانی ڕەسەنی دروزییەکان ئەو ناوچانەیە کە لەنێوان زنجیرە چیای زاکرۆس و ئارارات درێژ دەبێتەوە کە دەکاتە ئەو ناوچانەی نیشتیمانی کوردە[٤].

یارسانەکان بەهۆی چەوساندەوەی ئاینییەوە، نیشتیمانی ڕەسەنی خۆیان لە چیای زاکرۆس بەجێهێشت، پەرتەوازە بوون و ڕوویان کردە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و دەرەوە، بە

تێپەڕبوونی کات ژمارەیەك لە یارسانەکان لە نیشتیمانی نوێدا بوون بە موسوڵمان، بەڵام ئەو گروپانەی کە ئاینەکەی خۆیان پاراست، لە هەر ناوچەیەك ناوێکی نوێیان هەڵبژارد، (شەبەك) لە باشووری کوردستان، (عەلەوی) لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، (دروزییەکان) لە سوریا و لوبنان. سەبارەت بە هەندێکیان لە باشووری کوردستان، ناوی خێڵ بەسەر ناوی ئاینەکە زاڵ بوو، بەو هۆیەوە پێیان دەگوترێت (کاکەیی)[٥].

جگە لەو ئەو تۆژینەوە بۆماوەییە، شێوازی جلوبەرگ، هەندێك نەریتی دروزییەکان، هەڵبژاردنی ناوچە شاخاوییەکان بۆ ژیان، لە کوردەوە نزیکە. لەڕووی ئاینیشە لێکچوونێکی زۆر لەنێوان ئاینی دروزیی و یارسانیی و ئێزدی هەیە. بەپێی هەندێك سەرچاوەش، وشەی دروزیی لە وشەی (دروست)ەوە هاتووە، واتا (ئاینی دروست) ئەویش هەمان شتە کە یارسانەکان بانگەشەی بۆ دەکەن[٦].

*** تەوەری دووەم: دروزییەکان لە سوریا مێژوویەك لە بەرەنگاریی و پاراستنی شوناس:**

مێژووی دروزییەکان لە سوریا بۆ نزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. ئەو کەمینە ئاینییە ڕۆڵێکی گەورەیان لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا بینیوە و بە درێژایی مێژوو لەلایەن دەسەڵاتە جیاوازەکانی ناوچەکەوە ڕووبەڕووی چەوسانەوە بوونەتەوە.

لە سەردەمی مەمالیکدا لە ناوچەکە (١٢٥٠-١٥١٧)، دروزییەکان دووچاری چەند شەپۆلێکی چەوساندنەوە بوونەتەوە، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئامادەنەبوون سەرانە بە دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە بدەن و چەندینجار شۆڕشیان بەرپا کرد، مەمالیکەکان بۆ فراوانخوازیی خۆیان لە ناوچەکە دروزییەکانیان بە هەڕەشە دەبینی.

سەبارەت بە سەردەمی حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دروزییەکان دژی ئیمپراتۆریەتەکە ڕاپەڕین، چونکە عوسمانییەکان چەند جارێك هەوڵی کۆنترۆڵکردنی (الجبل)یان لە باشوری دیمەشق دا. تورکە عوسمانییەکان لە ساڵی (١٩١١) چەند سەرکردەیەکی (الجبل)یان لە سێدارە دا، لەنێوانیاندا ذوقان مصطفی (باوکی سوڵتان پاشا ئەلئەلترەش). پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لە سەردەمی کۆڵۆنیالیزمی فەرەنسی لە سوریا، دروزییەکان چەندینجار دژ بە فەرەنسییەکان لەنێوان ساڵەکانی (١٩٢٠-١٩٤٥) وەستانەوە، لەو ماوەیەدا (سوڵتان پاشا ئەلئەلترەش) وەکو سەرکردەیەکی دیاری دروزەکان ڕۆڵی گەورەی لە بەرانگاربوونەوەی فەرەنسییەکان گێڕا و پێشنیازی ئەوەی ڕەتکردەوە بۆ وەرگرتنی ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبەریی و لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی سوریا و ڕزگارکردنی فەلەستیندا بوو لە ساڵی (١٩٤٨).

لە ساڵی (١٩٤٥) سەرۆکی ئەو کاتەی سوریا (شکردی ئەلقوتلی) بوو، دروزییەکانی بە "کەمینەیەکی ترسناك" وەسفکرد، ئەو لێدوانە سوڵتان پاشا ئەلئەلترەشی تورە کرد و هەڕەشی ناردنی هێز و گرتنی دیمەشقی کرد، چونکە ئەو کاتە سوپای سوریا لاواز بوو و دروزییەکان هێزی سەربازیی دیار و کاریگەریان هەبوو.

لە سەردەمی دەسەڵاتی سەرۆکی سوریا ئەدیب شیشکلی (١٩٤٩-١٩٥٤) کۆمەڵگەی دروزی لەلایەن حکومەتی ئەو کاتەی سوریاوە توشی چەندین کەمپنی هێرش و ناوزڕاندن بوویەوە. سوپای سوریا بە (١٠) هەزار سەربازەوە هێرشی بەرفراوانی کردە سەر پارێزگای سویداء و بەچڕی ناوچەی دروزییەکانی تۆپباران کرد و لەئەنجامدا قوربانییەکی زۆری لێکەوتەوە. حکومەتی ئەو کاتەی سوریا دروزییەکانی بە ناپاکیی بۆ ئیسرائیل و دژایەتیکردنی عەرەب تۆمەتبار کرد، کەمپینی فراوان دەکرا بۆ ناشرینکردنی ئاینی دروزیی و دروزییەکانیان بە (مارێکی ژەهراوی) ناو دەبرد. پاشتر ئەدیب شوشکلی لەلایەن کەسێکی دروزییەوە تیرۆ کرا وەکو تۆڵەیەك بۆ ئەو هەموو قوربانییە دروزییە.

> ” بیروباوەڕی دروزییەکان تێکەڵەیەکە لە ئیسلام، هیندوئیزم، بودیزم و فەلسەفەی یۆنانی “

دژایەتیکردنی حکومەتە جیاجیاکانی سوریا بۆ دروزییەکان بەردەوام بوو، تەنانەت لەکاتی دەسەڵات گرتنە دەستی حافز ئەسەد لە ساڵی (١٩٦٦)، ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەدار و ئەفسەرانی دروزیی ڕاپێچی زیندان کران و پەیوەندیی نێوان دروزییەکان و دەسەڵات لە دیمەش بە ساردو سڕی بەردەوام بوو و ئەسەد بە هیچ شێوەیەك سەردانی (الجبل) لە سویداء نەکرد. پاش کۆچی دوایی سوڵتان پاشا ئەلئەلترەش لە ساڵی (١٩٨٢)، نیو ملیۆن کەس بەشداریی مەراسیمی بەخاك سپاردنیان کرد و بۆ یەکەمجار حافز ئەسەد لەو بۆنەیە ئامادە بوو.

لە ماوەی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و جەنگی ناوخۆیی سوریا، پەیوەندیی دروزییەکان و ئەو دەسەڵاتە وەکو پێشوو بە ناسەقامگیری مایەوە. لە ساڵانی (٢٠١٥) و (٢٠١٨) هەریەك لە جەبهەی نوسرە و داعش هێرسی فراوانیان بۆ سەر ناوچەکانی دروزییەکان لە پارێزگای سویداء کرد و هەوڵی کۆمەڵکوژیان درا.

لە ئێستادا ژمارەی دروزییەکان لە سوریا بە نزیکەی (٧٠٠) هەزار کەس مەزەندە دەکرێت،

لە شارەکانی (سویداء)، (صلخد)، (شهبا)، (القریا)، (جرمانا) لە نزیکی دیمەشق و (مجدل الشمس) لە جۆلان نیشتەجێن[٧].

**یەکەم: دروزییەکانی پارێزگای سویداء پاش ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد:**

پارێزگای سویداء دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی سوریا و تاکە پارێزگایە زۆرینەی هەرە زۆری دروزین، لەگەڵ ڕێژەیەکی کەم لە کرستیان و عەرەب. بەراورد بە کۆی پانتایی خاکی سوریا، پارێزگای سویداء (٣.١٪) خاکی سوریا پێکدەهێنێت. ڕێژەی دروزییەکان لە سوریا لەساڵی (٢٠١٠) زیاد لە (٧٠٠) هەزارکەس دەبوو، (٢٥٠) هەزار لەو ژمارەیە لە دیمەشق و هەندێك ناوچەی پارێزگای ئیدلب نیشتەجێبوون، پێش ئەوەی لە ترسی هێرشی گروپە توندڕەوەکان ناوچەکانیان بەجێبهێڵن و ڕووبکەنە سویداء و دەوروبەری. لە ساڵانی جەنگی سوریا جەبهەی نوسرە و پاشتر بزووتنەوەی ئەحرار الشام کە لە ئێستادا ناوی (هیئة تحریر الشام)ە، هەوڵی داگیرکردن و هەڕەشەی کۆمەڵکوژیی لە دانیشتوانی سویداء دەکرد. ئەو هێرشانە پاڵی بە دروزییەکانەوە نا خۆیان پڕ چەك بکەن و گروپی چەکداریی بۆ بەرگریی لە خۆیان دروستبکەن، هەر لە پاش ڕووخانی ڕژێمی ئەسەدەوە، (شێخ حکمت الهجري) شێخی ڕۆحی دروزییەکان بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە پارێزگاکە ئامادە نیدە بەبێ مەرج چەك ڕادەستی ئیدارەکەی ئەحمەد الشرع بکات.

**دووەم: گروپە چەکداریەکانی دروزییەکان و ڕۆڵیان لە پاراستی ئەوکەمینە ئاینییەدا:**

دروزییەکان لە سوریا بەوپێیەی کەمینەیەکی ئاینی جیاوازن، بەردەوام لەژێر هەڕەشەی تواندنەوە بوون، بەدەر لە ململانێ و هەڕەشەکان بە درێژایی مێژوو، ڕووداوەکانی (١٣) ساڵی جەنگی سوریا پاڵی بەو کەمینەیەوە نا ئامادەکاریی پێویست بکەن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەڕەشەیەك و خۆیان لەگەڵ دۆخی نەخوازراوی جەنگدا بگوونجێنن، بۆ ئەو مەبەستەش دروزییەکان لە سەرەتای جەنگەکەوە لە پارێگای سویداء کە چەقی چڕبوونەوەی دروزییەکانە خۆیان پڕچەك کرد. لە ئێستادا چەندین گروپی چەکداریی لە سویداء و دەوربەریی چالاکن، بەڵام هەرە چالاکترین ئەو گروپانە، ئەمانەی خوارەوەن:

**١- گروپی پیاوانی کەرامەت (رجال الکرامة):** ئەم گروپە دروزییەکانی ئۆپۆزسیونی حکومەتی سوریا بوون کە لە ساڵی (٢٠١٤) بە سەرکردایەتیی وحید بلعوسکە دروست بوو. ئەم گروپە نە ڕاستەوخۆ دژایەتیی حکومەتی سوریایان دەکرد و نە پشتیوانیان لێ دەکرد، بەڵکو ئامانجیان چاکسازیی و نەهێشتنی گەندەڵی بوو، شوێنکەوتووانی ئەم گروپە ئاڵای ڕژێمی بەعسیان بەکاردەهێنا و ڕێزیان لە سوپای سوریا دەگرت، بەڵام دژی زۆرەملێی سەربازیی بوون لە سویداء. لەڕووی سەرچاوەی داراییەوە گروپەکە لەلایەن دروزییەکانی فەلەستین

(ئیسرائیل)ەوە پاڵپشتیی دەکران سەرەڕای ئەوەی ڕەتی دەکەنەوەکە هاوکاریی داراییان لە حکومەتی ئیسرائیل وەرگرتبێت[٨].

زۆرجار باس لەوە کراوە کە وحید بلعوس بەنیازی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان ئۆتۆنۆمی بووە بۆ سویداء. لە ساڵی (٢٠١٥) وحید بلعوس بە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژ تیرۆرکرا، کوڕەکانی بە ناوەکانی لیث و فەهد جیابوونەوە و گروپێکی چەکداریی نوێیان بە ناوی (پیاوانی شێخ کەرامە)یان دامەزراند، لەکاتێکدا کەسانێکی تر سەرکردایەتیی (رجال الکرامة)یان گرتەئەستۆ.

٢- **(لواء الجبل):** گروپێکی چەکداریی دورزییەکانە و شوێنی چالاکییەکانیان پارێزگای سویدائیە. (لواء الجبل) لەکاتی شەڕی ناوخۆی سوریا لە ساڵی (٢٠١٥) دامەزرا و بەشداری لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییە جیاوازەکاندا کردووە و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پاراستنی ئاسایشی ناوچەی دروزییەکان بینیوە. سەرۆکی گروپەکە ناوی (مرهجم الجرمانی) بوو، لە مانگی حەوتەمی ساڵی (٢٠٢٤) بە دەستڕێژی گولە لە ماڵەکەی خۆیدا تیرۆرکرا[٩].

بەگشتی ژمارەی چەکدارانی دروزیی بە سەرجەم گروپەکانییەوە بە زیاتر لە (١٠) هەزار چەکدار مەزەندە دەکرێن.

*** تەوەری سێیەم: دروزییەکانی لوبنان: مێژوو، دابەشبوون و ڕۆڵی سیاسییان:**

دروزییەکان یەکێك لە گەورەترین کۆمەڵگە ئاینییەکانی لوبنانن، کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەدا هەیە. سەرەڕای ئەوەی کە لە ساڵی (١٩٣٢)وە ئامارێکی فەرمی نوێ نییە ژمارەی دروزییەکانی لوبنان دیاری بکات، بەڵام بەپێی خەمڵاندنە نافەرمییەکان ژمارەیان لەنێوان (٣٥٠) هەزار بۆ (٤٠٠) هەزار کەس دەبێت. دروزییەکان لە (١٣٦) گوند و شارۆچکەدا دەژین، بەتایبەتی لە ناوچەکانی حاصبیا، راشیا، شوف، عالیە، مەرجعیون، هەروەها لە پایتەختی لوبنان و بەیروت. دروزییەکان لە شارەکانی عالیە، بعقلین، حاصبیا و راشیا زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن[١٠].

**<u>یەکەم</u>: ڕۆڵی سیاسی دروزییەکان:**

دروزییەکان لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوو ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ژیانی سیاسی لوبناندا بینیوە. یەکێك لەکەسایەتییە سیاسییە بەرچاوەکانی دروزییەکان کەمال جنبلاط بوو، کە سەرکردەیەکی کاریگەر بوو لەکاتی شەڕی ناوخۆیی لوبنان (١٩٧٥-١٩٩٠) و سەرکردەیەکی بەرچاوی بزووتنەوەی نەتەوەیی لوبنان بوو. دوای کوژرانی لە ساڵی (١٩٧٧)، (وەلید جنبلاط) ی کوڕی سەرکردایەتیی کۆمەڵگەی دروزییەکانی گرتەئەستۆ و بوو بەکەسایەتییەکی کاریگەر

لە گۆڕەپانی سیاسی لوبناندا. ئەمە جگە لەوەی سەرکردایەتی حیزبی پێشکەوتنخوازی سۆسیالیستی کرد و بە شێوەیەکی بەرچاو ئاڕاستەی کۆمەڵگەی دروزییەکانی کرد.

جگە لە بنەماڵەی جنبلاط، بنەماڵەی ئەرسلان یەکێکن لە بنەماڵە کاریگەرەکانی دروزییەکان، شازادە مەجید ئەرسلان لە لوبنان یەکێکە لە سەرکردە بەرچاوەکانی کۆمەڵگەی دروزییەکان. ئەم بنەماڵانە لەو سیستەمە ئاینییە ئاڵۆزەی کە لە لوبناندا هەیە ڕۆڵێکی گرنگیان لە دروستکردنی هاوپەیمانییە سیاسییەکان و بەرگریکردن لە مافەکانی کۆمەڵگەی دروزییەکان هەبووە.

> ” کۆمەڵگەی دروزییەکان بەسەر سێ چیندا دابەشکراوە، هەریەك لەو چینانە لەسەر بنەمای ئاستی پابەندبوونی ئاینی و زانیاریی لەسەر ئاینەکە پۆلێنکراوە “

**دووەم: مەشایەختی عەقل: بەڕێوەبردنی ئاینی کۆمەڵگەی دروزییەکان:**

کاروباری کۆمەڵگەی دروزییەکان لە لوبنان لەلایەن دامەزراوەیەکی ئاینییەوە بەڕێوەدەبرێت کە بە "مەشایەختی عەقل" ناسراوە، کە دامەزراوەیەکی زۆر کۆنە و ڕەگەکانی بۆ چەندین سەدە لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم دامەزراوەیە تا ساڵی (١٩٦٢) بە فەرمی لەلایەن دەوڵەتی لوبنانەوە نەناسرا. مەشایەختی عەقل وەك بەرزترین دەزگای ئاینی دروزییەکان لە لوبنان دادەنرێت، کە بەرپرسیارە لە ڕێکخستنی کاروباری ئاینی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکە، لەوانە بەڕێوەبردنی وەقفە ئاینییەکان و چاودێریکردنی کێشەکانی پەیوەندیدار بە بارودۆخی باری کەسێتیی ئەندامانی کۆمەڵگەکە[11] .

**سێیەم: ئاستەنگیی و ئایندە:**

سەرەڕای ڕۆڵی بەرچاوی دروزییەکان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لوبنان، بەڵام بەهۆی گۆڕانکارییە دیمۆگرافی و سیاسییە بەردەوامەکانی لوبنانەوە ڕووبەڕووی چەندین ململانێ دەبنەوە. یەکێك لەو ململانێیانە کۆچکردنی بەردەوامی گەنجانی دروزییەکانە بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی گەڕان بەدوای ژیانێکی باشتر، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر داهاتووی کۆمەڵگەکە لە لوبنان دەبێت. جگە لەوەش، سیستەمی ئاینی لوبنان کە بناغەی ژیانی سیاسیی وڵات دادەنرێت، دروزییەکان وەك هەموو کۆمەڵگە ئاینییەکانی دیکە ناچار دەکات لە چوارچێوەیەکی سنووردارا کاربکەن و ئەو سیستەمە ڕێگریی لە هاوسەنگیی

سیاسی و کۆمەڵایەتیی دەکات، ئەوەش بە زیانی دروزییەکان شکاوەتەوە.

سەرەڕای ئەو ئاستەنگیانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کۆمەڵگەی دروزییەکان لە لوبنان بەشێکی گرنگی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی وڵاتەکەن و ڕۆڵی بەرچاویان لە مێژووی لوبناندا هەیە، لە سەرووی ئەوەشەوە، بوونی بەهێزی دروزییەکان لە ناوچە شاخاوییەکان وایانکردووەکە ژمارەیەکی سەرەکی بن لە درووستکردنی داهاتووی لوبناندا.

*** تەوەری چوارەم: دروزییەکان لە ئیسرائیل: مێژوو و بارودۆخی ئێستا و پەیوەندیی لەگەڵ سوریا:**

کۆمەڵگەی دروزییەکان یەکێکە لە پێکهاتە ئاینییە جیاوازەکانی ئیسرائیل و فەلەستین. هەرچەندە دروزییەکان لەو وڵاتە کەمینەن، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگ لەکۆمەڵگەی ئیسرائیلدا دەگێڕن، چ لەڕووی سیاسی، سەربازی، یان کەلتوورییەوە. جگە لەوەش، پەیوەندیی نێوان دروزییەکان لە ئیسرائیل و هاو-ئاینەکانیان لە سوریا جێگای باس و بایەخە.

**یەکەم: مێژووی کۆنی دروزییەکان لە فەلەستین:**

لە فەلەستین و پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، ژمارەیەکی بەرچاو دروزیی دەژیان و لەکۆندا بەشێکبوون لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئاینی فەلەستین، بەڵام ئەو کەمینە ئاینییە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا گۆشەگیرکران، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە سەدەی (١٧)دا پەیوەندییان بە شازادە فەخرالدینی دووەمەوە کرد بۆ دامەزراندنی "دەوڵەتی لوبنانی گەورە". ئەم گۆشەگیرییە بووە هۆی کەمبوونەوەی کاریگەریی دروزییەکان لە هەندێك ناوچەدا، بەڵام لە ناوچەکانی وەك جەلیل و چیای کارمێل بوونی بەهێزی خۆیان پاراست[١٢].

**دووەم: دروزییەکان و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل:**

کاتێك دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی (١٩٤٨) دامەزرا، دروزییەکان ڕووبەڕووی بڕیاردانێکی قورس بوونەوە، ئەویش مانەوە لەو ناوچانەی کە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی ئیسرائیل، یان کۆچ بۆ وڵاتانی دراوسێی وەك لوبنان و سوریا بکەن. هەندێك لە دروزییەکان مانەوەیان لە ئیسرائیل هەڵبژارد، هەندێکی دیکەیان پێیان باش بوو ڕوو لە لوبنان یان سوریا بکەن. بەپێی هەندێك سەرچاوە، دروزییەکان لە ئیسرائیل لە ساڵی (١٩٤٨)دا ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل ئەنجامداوە و بەو ڕێکەوتنە هەندێك ئیمتیازیان لە بەرامبەر قبوڵکردنی خزمەتێکی ناچاریی لە سوپای ئیسرائیلدا وەرگرتووە. ئەم ڕێککەوتنە یارمەتیدەر بوو بۆ بەهێزکردنی پێگەی دروزییەکان لە کۆمەڵگای ئیسرائیلیدا، چونکە بە دڵسۆزیان بۆ

دەوڵەت و بەشداریکردنیان لە بواری سەربازیدا ناوبانگیان دەرکرد[١٣].

**سێیەم: دۆخی ئێستای دروزییەکان لە ئیسرائیل:**

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل، ژمارەی دانیشتوانی دروزییەکان لە ئیسرائیل بە نزیکەی (١٠٤) هەزار کەس دەخەمڵێندرێت، لەنێویاندا نزیکەی (١٨) هەزار دروزی لە بەرزاییەکانی جۆلان دەژین، ئەو ناوچەیەی کە ئیسرائیل لە ساڵی (١٩٦٧) لە سوریای دابڕاندووە و دەستی بەسەردا گرتووە.

دروزییەکان نزیکەی (١.٦٪)ی کۆی دانیشتوانی ئیسرائیل پێکدەهێنن و زۆربەیان لە ناوچەی جەلیل و چیای کارمێل دەژین. دروزییەکان لە ئیسرائیل پێگەیەکی یاسایی تایبەتیان هەیە، بەو پێیەی لە بواری باری کەسێتیدا دادگای تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەمەش گرنگیدانی ئیسرائیل دەردەخات بە ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییەکانی ئەو کەمینەیە.

هەرچەندە دروزییەکان لە ئیسرائیل زمانی عەرەبی وەك زمانی دایکی خۆیان بەکاردەهێنن، بەڵام خۆیان بە بەشێك لەکۆمەڵگای ئیسرائیل دەزانن و ڕۆڵێکی گەورەیان لە پێکهاتەی سوپادا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەگەڵ خزم و براکانیان لە سوریا و لوبنان پەیوەندییەکی پتەویان پاراستووە[١٤].

**چوارەم: پەیوەندیی نێوان دروزییەکانی ئیسرائیل و سوریا:**

پەیوەندیی نێوان دروزییەکانی ئیسرائیل و هاوئاینەکانیان لە سوریا پەیوەندییەکی تایبەتە، بەشێك لەو (١٨) هەزار دروزییەی لە بەرزاییەکانی جۆلان دەژین، هێشتا خۆیان بە بەشێك لە گەلی سوریا دەزانن و پەیوەندییەکی بەهێزی خێزانی و کەلتووری لەگەڵ دروزییەکانی سوریادا هەیە.

لە لایەکی دیکەوە، دروزییەکان لە ئیسرائیل هەندێکجار ڕووبەڕووی ڕەخنەی براکانیان لە سوریا و لوبنان دەبنەوە، بەهۆی خزمەتکردنیان لە سوپای ئیسرائیل، بەڵام زۆرێك لە دروزییەکان لە ئیسرائیل خزمەتی سەربازیی بە بەشێك لە ئەرکی خۆیان وەك هاوڵاتییەکی ئیسرائیلی دەبینن و مەرج نییە ئەوە مانای ئەوە بێت کە پشتگیری لە سیاسەتەکانی ئیسرائیل دەکەن بەرامبەر بە سوریا یان فەلەستین[١٥].

**پێنجەم: ئاڵۆزیی دۆخی دروزییەکان لە ئیسرائیل:**

دروزییەکان لە ئیسرائیل بە هۆی گرژییە ناوچەیی و ململانێ سیاسییەکانەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگی دەبنەوە. لەنێو ئەم ئاستەنگییانەدا دابەشبوونی ناوخۆیی لەناو خودی کۆمەڵگەی دروزیی، کە ناکۆکی هەیە لەسەر ڕادەی تێکەڵبوون بەکۆمەڵگەی

ئیسرائیلی یاخود پاراستنی ناسنامەی سەربەخۆی خۆیان.

*** تەوەری پێنجەم: دروزییەکان لە ئوردن: مێژوو، دۆخی ئێستا و بەشداریی سیاسی:**

مێژووی دروزییەکان لە ئوردن بۆ سەرەتای دامەزراندنی میرنشینی ئوردن لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەگەڕێتەوە. دروزییەکان لە زێدی ڕەسەنی خۆیانەوە لە (جبل العرب) وە لە سوریا لە ساڵی (١٩١٨) چوونە ئوردن، ئەمەش دوای زنجیرەیەك ڕووداوی سیاسی و سەربازیی کە ناوچەکە بەخۆیەوە بینی، لەوانە شکستی شۆڕشی سوریا لە ساڵی (١٩٢٥) بە سەرۆکایەتیی سوڵتان پاشا ئەلعەترەش لە دژی کۆلۆنیالیستە فەرەنسییەکان. ئەم کۆچکردنە سەرەتای جێگیربوونی دروزییەکان بوو لە ئوردن. بەو پێیەی زۆرێك لە بنەماڵەی دروزییەکان لە ناوچەی (الأزرق)ی ئوردون نیشتەجێبوون، دواتر ئەو شارە بوو بە ناوەندێکی سەرەکی بۆیان[١٦].

> **” لە ماوەی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و جەنگی ناوخۆیی سوریا، پەیوەندیی دروزییەکان و ئەو دەسەڵاتە وەکو پێشوو بە ناسەقامگیری مایەوە “**

**<u>یەکەم</u>: کۆچ و نیشتەجێبوون لە ئوردن:**

پاش شکستی شۆڕشی ساڵی (١٩٢٥) لە سوریا، زۆرێك لە سەرکردەکانی شۆڕش لەنێوانیاندا سوڵتان پاشا ئەلئەترەش پەنایان بۆ ئوردن برد و لە ناوچەی (الأزرق) نیشتەجێبوون کە شوێنێکی ئارام بوو بۆیان. بە تێپەڕبوونی کات، بنەماڵەی دروزییەکان دەستیانکرد بە جێگیربوون لەو ناوچەیە، هەندێك لە خێزانەکان ماڵیان لە نزیك کۆشکی (الأزرق)ی ئومەوی دروستکرد و بوو بە پەناگەیەك بۆ ئەو خێزانانە.

دەکرێت هۆکارەکانی کۆچی دروزییەکان بۆ ئوردن بۆ سێ هۆکاری سەرەکی بگەڕێتەوە:

١- بوونی چەند گروپێکی خێزانە دروزییەکان کە پێشووتر لە ناوچەکەدا بوون، بەتایبەتی لە ناوچەی الأزرق و گوندەکانی دەوروبەری (جبل العرب)، ئەو ناوچانەی کە بەپێی ڕێککەوتنی سایکس-بیکۆ لەنێوان سوریا و ئوردن پێشتر دابەشکرابوو.

٢- گەڕان بەدوای لەوەڕگەدا: هەندێك لە خێزانە دروزییەکان بە دوای لەوەڕگە و سەرچاوە سروشتییەکان ڕوویان لە ئوردن کردبوو.

٣- کۆچی زۆرەملێ بەهۆی شۆڕشەکانەوە: لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە سەختەی کە پاش شکستی شۆڕشەکانیان لە دژی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی و حکومەتەکانی پاشتری سوریا ڕووبەڕوویان بووەوە، گروپێکی دیکەی دروزییەکان چوونە ئوردن[١٧].

**دووەم: دروزییەکان لە ژیانی سیاسی ئوردندا:**

دروزییەکان لە سەرەتای دامەزراندنی میرنشینی ئوردنەوە ڕۆڵێکی گرنگیان لە ژیانی سیاسی ئەو وڵاتەدا بینیوە. لە ساڵی (١٩٢١) یەکەم حکومەتی ئوردن پێکهێنرا کە ڕەشید طلیع سەرۆکایەتیی دەکرد و کەسایەتییەکی دیاری دروزییەکان بوو. جگە لەوەش زۆرێك لە دروزییەکان پۆستی گرنگیان لە دەوڵەتی ئوردندا هەبووە، وەك شازادە عادل ئەرسلان کە وەك سەرۆکی دیوانی ئەمیریی کاریکردووە و فوئاد سەلیمیش وەک سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئوردن کاریکردووە.

بەڵام سەرەڕای ئەم مێژووە دوور و درێژەی بەشداریی سیاسی، ئەمڕۆ دروزییەکان لە ئوردن لە بەدەستهێنانی نوێنەرایەتییەکی سیاسی کاریگەر ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە. ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ کەمی ژمارەیان دەگەڕێتەوە، بەو پێیەی ژمارەی دروزییەکان لە ئوردن بە نزیکەی (١٢) بۆ (١٤) هەزار کەس مەزەندە دەکرێن، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوچەکانی الأزرق، عەممان، زەرقا و مەفرەق دەژین. بەهۆی دابەشبوونی جوگرافیایانەوە، ئەستەمە بتوانن نوێنەرایەتیی پەرلەمانی لە پەرلەمانی ئوردن بەدەستبهێنن، بەتایبەتی کە ناوچەی الأزرق کە بە گەورەترین ناوچەی دروزییەکان دادەنرێت، لەڕووی کارگێڕییەوە بەستراوەتەوە بە قەزای زەرقا کە تەنها دووکورسی پەرلەمانی هەیە.

**سێیەم: یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی دروزییەکان لە ئوردون:**

سەرەڕای تێکەڵبوونی گەورەی دروزییەکان لەگەڵ کۆمەڵگەی ئوردنیدا، بەڵام ناسنامەی کەلتووری و ئاینی ڕەسەنی خۆیان پاراستووە. دروزییەکان چەندین دامەزراوە و کۆمەڵەی خێرخوازیان دامەزراندووە، کە بۆ بەهێزکردنی یەکێتی کۆمەڵگا و پشتگیری ئەندامەکانی کاردەکەن. یەکێك لە دیارترین ئەو دامەزراوانە "کۆبوونەوەی ڕۆڵەکانی بەنی مەعروف"ە کە لە ساڵی (١٩٩٢) دامەزراوە و بە دەزگایەکی دیاری دروزییەکان لە ئوردن دادەنرێت[١٨].

کۆبوونەوەی ڕۆڵەکانی بەنی مەعروف لە چەندین ئۆرگانی هەڵبژێردراو پێکدێن، تێیدا دروزییەکان نوێنەری خۆیان بۆ بەڕێوەبردن و سەرکردایەتیی هەڵدەبژێرن، لەوانەش ئەنجومەنی باڵای ناوەندیی کە نزیکەی (٨٢) ئەندام لەخۆدەگرێت و نوێنەرایەتیی دروزییەکان لە ناوچە جیاوازەکاندا دەکەن. ئەم ئەنجومەنە سیاسەتی گشتیی گروپەکە دادەڕێژێت،

جگە لە هەڵبژاردنی فەرمانگەی جێبەجێکردن و سەرۆك و جێگری سەرۆك[١٩].

*** دەرەنجام:**

کۆمەڵگەی دروزیی بە مێژووە دەوڵەمەند و بیروباوەڕە تایبەتەکەی لە ناوچەیەك کە پڕە لە ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتیی توانایەکی بێوێنەی لە خۆڕاگریی هەبووە. بەپێی هەندێك سەرچاوە ئەم گروپە ئایینیە کە عەرەبی زمانن، لە سەدەی یازدە وەکو لقێك لە شیعەی ئیسماعیلی دەردەکەون، و هەندێک توێژیەوەی زانستی ڕەچەڵەکیان بۆ ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان دەگێڕنەوە.

هەرچەند کۆمەڵگەی دروزیی لە هەریەك لە سوریا، ئیسرائیل، لوبنان، وئوردن کەمینەن، بەڵام بە شێوازێکی سەرسورهێنەر توانیویانە شوناس کەلتووری ئاینیی خۆیان بپارێزن و خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییە جیۆپۆلۆتیکییە ئاڵۆزەکاندا بگونجێنن، بەتایبەتیش لەکاتی ململانێ ئیتنیکی و ئاینییەکان. هۆکاری ئەو خۆڕاگرییەش بۆ یەکگرتوویی کۆمەڵگای دروزیی، داخران و پاراستنی نهێنی بیر و باوەڕیان دەگەڕێتەوە.

لە سوریا و ئیسرائیل، دروزییەکان ڕۆڵی گرنگیان لە سیاسەت و پێکهێنانی کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان بینیوە، زۆرجاریش تا ڕادەیەکی باش توانیویانە هاوسەنگیی لەنێوان لایەنگریی بۆ نیشتیمان و پاراستنی ناسنامەی گۆمەڵگەکەیان ڕابگرن. لە لوبنان و ئوردنیش، لە ژیانی سیاسی بەشداربوون ئەمە سەرەڕای پاراستنی داب و نەریتە تایبەتەکەیان.

لەگەڵ هەڵکشانی تەوژمی نەتەوەیی، زیادبوونی توندڕەویی ئاینیی، گۆڕانکارییە ناوچەییەکان، هەڕەشەی کۆن و نوێ لەسەر کۆمەڵگەی دروزیی لە ناوچەکە بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەشدا، دروزییەکان توانای باشیان لە خۆگونجاندن لە دۆخە جیاوازەکان و سوود وەرگرتن لە دەرفەتەکان هەیە. هەروەها مێژووەکەیان بەڵگەیە لەسەر پراگماتیکی بوون و توانای بەرزی خۆگونجاندنیان لەگەڵ دۆخە ناهەموار و سەختەکاندا. ئەوەی پەیوەندیی بە ئایندەوە هەیە، پێدەچێت کۆمەڵگەی دروزیی لە ئاستی ناوخۆیی گروپەکە لە ناوچەکە، پەنا بباتە بەر هاوسەنگیی لەنێوان پاراستنی داب و نەریت نوێگەریی و لە ئاستی دەرەوەی گروپەکەش هەوڵی خۆگونجاندن بدات لەگەڵ ئەو دۆخە سیاسییە نوێیەی لە ئێستادا لە ڕۆژئاوای ئاسیا و ناوچەکە هاتووەتەدی، کە پێدەچێت دەرفەتێکی نوێ بێت بۆ پێکهاتەکە بەتایبەتیش لە سوریای پاش ئەسەد، کە تیایدا گروپەکە بە شێلگیری کار بۆ دروستکردن و فراوانکردنی پەیوەندیی لەگەڵ کەمینە جیاوازەکانی دیکەی ئەو وڵاتە دەکات و لەسەر ئاستی دەرەوەی سوریاش بەچڕی لە هەوڵی بەدەستهێنانی پاڵپشتی و پشتیوانی زیاتری وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتییە، ئەمەش لەپێناوی بەدەستهێنانی پێگەیەکی جێگرتر و دڵنیاتر لە

سوریای ئاینده، كه‌ پێده‌چێت ئه‌مه‌ له‌ به‌رژه‌وه‌ندیی و پاڵپشتی كه‌مینه‌ جیاوازه‌كانی دیكه‌ی سوریا (كورد، عه‌له‌وییه‌كان، مه‌سیحیه‌كان...)بێت، كه‌ له‌ ئێستادا له‌سایه‌ی ڕوخانی ئه‌سه‌د و گۆڕانكارییه‌كانی ئه‌و وڵاته‌وه‌، له‌ ئاینده‌ی خۆیان نیگه‌ران و نادڵنیان، پێده‌چێت ترس له‌ ده‌سه‌ڵاتی نوێی دیمه‌شق، ڕۆڵی هه‌بێت له‌ كۆكردنه‌وه‌ یان نزیكبوونه‌وه‌ی ئه‌م گروپ و كه‌مینانه‌ له‌ یه‌كتر.

### * سه‌رچاوه‌كان:


1- Corduan, W. (2013). Neighboring faiths: A Christian introduction to world religions. InterVarsity Press, p.107.

٢- جزيرة-الموسوعة/عربي، ٢٠٢٤/٧/٢٧، الطائفة الدرزية مذهب لايعرف أتباعه تعاليمه قبل الأربعين، https://www.aljazeera.net/encyclopedia، ٢٠٢٥/٢/٢.

٣ -فؤاد غريب، أنور. (٢٠١٨). التعايش الدرزي المسيحي في عهد الإمارة الشهابية ١٦٩٧-١٨٤٢. دار أبعاد للطباعة والنشر، ص ٣٦٨.

٤- Druze Y-DNA Project، Druze Genetic Diversity، https://www.familytreedna.com/groups/druze/about/backgroun، ٢٩,٠١,٢٠٢٥.

٥- د.مهدي كاكەيي، ٢٠٢٢/٩/١٤، الأصل الكوردي اليارساني للدروز https://bazenmitan.org، ٢٠٢٥/٢/٣.

٦- زكي، محمد أمين،خلاصة تأريخ الكرد وكردستان – تأريخ الدول والإمارات الكردية في العهد الإسلامي. الجزء الثاني، مطبعة السعادة، مصر، ١٩٤٨، صفحة ٣٧٦ – ٣٨٠.

٧- أبو صالح، ثائر. (٢٠١٧). سكان الجولان السوري بين التهجير والاحتلال: الحركة الوطنية في الجولان السوري في مواجهة سياسة الاحتلال الإسرائيلي. في: الجولان السوري المنسي وموقعه في سورية المستقبل، مركز حرمون للدراسات المعاصرة، (ص. ١٣٧-١٨٠).

٨- Al-Tamimi, A. J. (2024, October 30). Local factions of al-Suwayda', Syria: Interview with Liwa Jabal al-Karama. Middle East Forum. https://www.meforum.org/

٩- مونت كارلو الدولية، ٢٠٢٥/١/٧، ما هو فصيل «رجال الكرامة»؟، https://www.mc-doualiya.com/ ٢٠٢٥/٢/٩.

١٠- Hazran, Y. (2009). Between authenticity and alienation: The Druzes and Lebanon's history. Bulletin of the School of Oriental and African Studies, University of London, 72(3), 459–487.

١١- Gharzeddine, G. N. (2021). Globalization and nationalism in Lebanon: The case of the Druze and the Progressive Socialist Party (Master›s thesis, Lebanese American University). School of Arts and Sciences.

١٢- ثائر أبو صالح. الدور الإسرائيلي ومشروع الدويلة الدرزية. مركز حرمون للدراسات المعاصرة، https://www.harmoon.org/، ٢٠٢٥/٢/٣.

١٣ -قطمه، محمد خالد. (١٩٨٥). قصة الدولتين الإمارونية والدرزية (الطبعة الثانية). بيسان للنشر والتوزيع والإعلام. ص١٦٨.

14- The Druze Studies Journal (DSJ). (2023, January 16). Druze studies: Past, present, and future: Druze identity & social integration in Israel & the Golan. https://druze.ku.edu/

15- Botbol, A. (2024, December 25). Israeli Druze and Syria's uncertain future. Jewish News Syndicate. https://www.jns.org/

16- Al-Majali, K. (2010). The Druze community in Jordan: Historical roots and contemporary challenges. Middle Eastern Studies, 46(4), 567–582.

17- Firro, K. (2012). The Druze in Jordan: A historical overview. In M. Al-Rasheed (Ed.), Religious minorities in the Middle East (pp. 123–145). Brill.

18- Al-Wer, E., Herin, B., Younes, I., & Al-Hawamdeh, A. (2025, February 13). The dialect of the Druze of Jordan. University of Essex. https://repository.essex.ac.uk/

19- Miles, W. F. S. (2021). As the Druze go, so goes the Middle East. Current History, 120(830), 366–371. https://doi.org/10.1525/curh.2021.120.830.366

## خوێندنەوەی کتێب

# بۆچی گەلان شکست دەهێنن؟ ڕەگـــی دەســــەڵات، خۆشگوزەرانی و هەژاری



ئامادەکردنی: پ. ی. د. یادگار عەلی
دکتۆرا لە ڕاگەیاندن

سروشتی کۆمەڵگەی مرۆیی جیهانی وەهایە لەڕووی ئابوورییەوە هەندێکیان هەژار و هەندێکی دیکەشیان دەوڵەمەند و خۆشگوزەران. هۆکارەکانی کەوتنەوەی ئەو ناوچوونیەکییە جیاجیان. ئەوانەی لە ڕابردوو دەگوتران، ڕەنگبێت بۆ ئێستا گۆڕانیان بەسەردا هاتبێت. بەمانایەکی دیکە فاکتەرە کاریگەرەکان گۆڕاون. کەواتە گرنگە بزانین ڕێگەکان بۆ دەوڵەمەندی بەشێک لە دەوڵەتان و دەستەبەرنەبوونی لەلای هەندێکی دیکەیان کامانەن؟ ئەی نهێنی گەورە لە جیاوازیی باری ئابووریی لەنێوان ئەورووپا و ئەفەریقا، ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئەمەریکای باکوور و باشوور ..هتد لە کوێدایە؟

لە سەردەمی ئابوریناس، (ئادەم سمیس) لە سەدەی هەژدە تا ئێستاش ئەو پرسیارە هەیە و بەکراوەیی ماوەتەوە: (چی وەها دەکات وڵاتان لەڕووی ئابوورییەوە گەشەکردوو بن؟) توێژەرانی بواری ئابووری و سیاسەت کات و بوارێکی زۆری خۆیان بۆ وەرگرتن و دۆزینەوەی وەڵامی گونجاو بۆ ئەو پرسە تەرخانکردووە. هێشتا وەڵامێکی گشتگیر و هەمەلایەن بەرچاوناکەوێت. تیۆرییەکانی بواری ئابووریی جۆراوجۆرن هەریەکەیان بە چەشنێك هەڵوەستە لەسەر وەڵامی ئەو پرسیارە دەکەن. بۆ نموونە تیۆری کلاسیك سەرمایە بە کلیلی گەشەی ئابووری دادەنێت، بەڵام تیۆری هاوچەرخ باس لە سروشتی دامەزراوە ئابووریی و سیاسییەکان، وەك بنچینەی گەشەی ئابووریی وڵاتان دەکات.

*** بوارو بابەتی کتێبەکە:**

لە ساڵی (٢٠١٢) هەریەک لە زانای ئابووریی (دارۆن ئاسیمئۆغلۆ) و زانای سیاسیی زانکۆی هارڤارد (جەیمیس ڕۆبینسۆن) لە پاش (١٠) ساڵ کاری بەرفراوان و چڕ کتێبێکی هاوبەشیان بە ناوی (بۆچی گەلان شکستدەهێنن؟ ڕەگی دەسەڵات، خۆشگوزەرانی و هەژاریی) بڵاوکردەوە. کتێبەکە درێژکراوەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی هەردوو نووسەرە بەهاوبەشی لەگەڵ (سیمۆن جۆنسۆن) لە پەیمانگەی ماساچووسیتس بۆ تەکنەلۆجیا (٢٠٠٠)، بەناونیشانی: (ڕەفتاری داگیرکاریی بۆ گەشەپێدانی بەراوردکاریی) بڵاویانکردووەتەوە و وەڵامی پرسیارەکەیان بەپێی قوتابخانەیەکی ئابووریی و بە بەکارهێنانی میتۆدێکی زانستیی داوەتەوە، بەو جۆرەی کە سروشتی دامەزراوە سیاسیی و ئابوورییەکان سەرکەوتن و شکستی هەر دەوڵەت و گەلێك دیارییدەکەن. نووسەران باوەڕیان وەهایە گەلان لە نێوەندیی دامەزراوە سیاسیی و ئابوورییە هەمووەکییەکان گەشەی بەرچاو دەکەن و خۆشگوزەران دەبن، بەپێچەوانەی دامەزراوە بەلاوەنراوەکان، کە دەسەڵات لە دەستی دەستەبژێرێکی سیاسیی بچووك قەتیس دەبێت. کتێبەکە زۆربەی باسەکانی بۆ پرسی دامەزراوە چڕکردووەتەوە و بە ئاماژەدەری سەرکەوتنی ئابووریی نەتەوەیی دەناسێنێت. بەدواداچوونی زۆر بۆ بیر و تێزە نوێیەکانی دەکات، بۆ ئەوەش ئارگومێنت و بانگەشەی (١٠٠) ساڵی ڕابردووی گەشەی ئابووریی جیهانی لە توێژینەوە زانستییەکان بە بەڵگە هێناوەتەوە. بۆ هەر بەشێك پووختەیەك بەپێی بابەتەکان دەخاتەڕوو و تیشك دەخاتە سەر خاڵە بەهێزەکان و دەرئەنجامە دیارەکان. لە بەشی کۆتاییش کورتەیەك لەبارەی ئەنجامەکان و هەندێك سەرنجی کۆتایی یاداشت دەکات.

نووسەرانی کتێبەکە براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئابووریی ساڵی (٢٠٢٤)ن. بە تێزە جیاوازەکانیان لە بواری پسپۆڕیان زۆر تێڕوانینیان گۆڕیووە، لەبەر گرنگییەکەی کتێبەکەیان بۆ گەلێك زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە، لەوانە: عەرەبی، فەرەنسی، فارسی، ئەڵمانی و ئیسپانی. کتێبەکە لەپێش و لەپاش بردنەوەی خەڵاتی نۆبڵی ئابووریی، بە چەندین زمانی جیهانی لەنێویشیان زمانی کوردیی خوێندنەوەی بۆ کراوە، لەبەر گرنگی ناوەڕۆکەکەی؛ بەشێوەیەکی گشتگیرتر و وردتر دەیخوێنینەوە و تێی ڕادەمێنین. زۆرن ئەوانەی پێیانوایە بۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو، ئێستا و داهاتوویی میللەتان و وڵاتان گرنگە ئەم کتێبە بخوێنرێتەوە و هەڵوەستەی زۆری لەسەر بکرێت. لەلایەن زۆرێک لە براوەکانی خەڵاتی نۆبڵی ئابووریی ستایش کراوە. بە گرنگ و پڕ بایەخ بۆ زانینی هۆکاری دواکەوتن و پێشکەوتنی میللەتان پەسنکراوە. جنێت ئاروو، براوەی نۆبڵی ساڵی (١٩٧٢)دەڵێت: "ئەم کتێبە بەشدارییەکی کارایە لەبارەی مشتومڕەکان لەسەر ئەوەی بۆچی وڵاتانی هاوشێوە گەشەسەندنی ئابووریی و سیاسییان جیاوازە و چوونیەك

نییە". هاوکات ڕۆبێر سۆلۆ، براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئابووریی بۆ ساڵی (١٩٨٧) دەڵێت: "وەهات لێدەکات بە تینێکی زیاترەوە بیر لەو دیاردەیە بکەیتەوە، کە وروژاندوویەتی".

*** ناوەڕۆکی کتێبەکە:**

کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزیی لە (١٥) بەش و (٥٤٢) لاپەڕە پێکهاتووە. پانتاییەکی ئێجگار بەرفراوان لە گەڕان و پرسیار و وەڵامی بۆ هۆکارەکانی دەوڵەمەندیی و هەژاریی و لاوازیی و پێشکەوتنی میللەتان لە زۆر جێگەی جیهان تەرخانکردووە.

لە بەشی یەکەم: نموونەی شاری نۆگالیس لە ئەمەریکا و مەکسیك دەهێنێتەوە و ڕوونی دەکاتەوە، کە چۆن جیاوازیی لە سروشتی دامەزراوەکان دەبێتە هۆی خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندی گەلان و وڵاتان. بەشی دووەمیش باس لە ناتەواوەندێتی دەسەڵاتەکان لە سیستەمی سیاسیی دەکات و گرنگی ئەو فاکتەرە لە خۆشگوزەرانی میللەتان شیدەکاتەوە.

بەشی سێیەم تایبەت کراوە بە مێژووی دامەزراوە سیاسییەکان لە هەردوو نیمچەدوورگەی کۆریا و ڕوونی دەکاتەوە سروشتی دامەزراوەکان لەنێوان هەردوو کۆریا جیاوازی گەشەی ئابووریی و خۆشگوزەرانیی لەنێوان هەردوو کۆریای لێکەوتووەتەوە.

لە بەشی چوارەم چەند ڕووداوێکی گەورەی مێژوویی باسکراوە بەتایبەت بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تاعوون و مامەڵەی دەوڵەتان لەڕێگەی دامەزراوە سیاسیی و ئابوورییەکانیان ئاماژەی پێدراوە. سەرنجی گشتی لەسەر ئەوە چڕکراوەتەوە هەندێك وڵات ڕووداوەکانیان بۆ دەرفەتی گەشەپێدان و هەنگاونان بەرەو قۆناغی پیشەسازیی قۆستووەتەوە و هەندێکی دیکەش بەهۆی نەبوونی دامەزراوەی پتە و بەهێز دووچاری تێکشکانی گەورە هاتوون.

بەشی پێنجەمی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ پەرەسەندنەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە سەردەمی پێنج ساڵ حوکمڕانی ستالین و گۆسپلان و ئەو پلانانانەی بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان هەیانبووە. لەبەریەکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتیش بۆ ناکارامەبوونی دامەزراوەکان دەگەڕێننەوە. لە هەمانکات باس لەوەش دەکەن دەوڵەتی چین لەسەر هەمان ڕێگە و ڕێباز دەڕوات و هەمان چارەنووسی دەبێت.

لە بەشی شەشەمیش تایبەتمەندییە هاوشێوەکان لە ڤێنیسیا و شارستانییەتی ڕۆمای کۆن و ئەسیوپیا دەخاتەڕوو و باس لەوە دەکات، کە چۆن سروشتی دامەزراوە سیاسییەکان بەشێك لەو وڵات و شارستانیەتانەی لە قۆناغە مێژووییە جیاجیاکان بەرەو شکست بردووە.

بەشی حەوتەمیش قسەوباس لەسەر بیرکردنەوەی دەستەبژێری دەسەڵاتدار لە بەریتانیا دەکات. جەختدەکاتەوە شۆڕشی شکۆمەندی و پیشەسازی ئینگلتەرە بۆ گۆڕینی سروشتی

دامەزراوەکانیان لە جۆری بەلاوەنراو بۆ هەمووەکی دەگەڕێتەوە.

لە بەشی هەشەمدا نووسەران باس لە هەندێك ناوچەی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی دەکەن، کە تا ماوەیەکی زۆر لە هەژاریدا ماونەتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی خۆیان لە گەشەسەندنەکان بەدوورگرتووە و ڕووبەڕووی ڕاپەڕین و ناڕەزایەتی بۆ لەخۆگرتنی بواری تەکنەلۆجی و پیشەسازیی بوونەتەوە. ئەوکات دەوڵەتی عوسمانی لەبری لە ئامێزگرتنی گۆڕانکارییەکان؛ سنورداریان کردووە، ئەوە بۆ وڵاتانی چین، ئیسپانیا، ڕووسیا و هەنگاریاش هەر ڕاست بووە.

بەشی نۆیەم تەرخانکراوە بۆ قۆستنەوە و کەمی بواری گەشەپێدان لە وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە سەدەی حەڤدەهەم. هەروەها باس لە جینۆسایدی دوورگەکانی سپایس و ڕۆژهەڵاتی هیندستان و تیۆری (مۆدێلی ئابووریی دووانەیی) دەکات سەرباری بە گرنگ تەماشاکردنی باس لەوەش دەکات، کە چۆن لەلایەن کۆڵۆنیاڵیزمەوە لە قاڵبدراوە.

هەرچی بەشی دەیەمیشە باس لە هەمەچەشنکردنی دامەزراوەکان لە بەر ڕۆشنایی سیستەمی سیاسیی هەندێك لە وڵاتان بەتایبەت ئوسترالیا و فەرەنسا و ژاپۆن دەکات. گفتوگۆی ئەوەش دەکات، کە چۆن بە هەمووەکیکردنی دامەزراوەکان گەشەی بەردەوام و هاتنەکایەی پیشەسازیی و چالاکبوونی ئەو کەرتەیان لێکەوتووەتەوە. بە پێچەوانەی ئەوانیش باس لە هەندێك وڵاتی دیکە کراوە، کە بەهۆی قۆرخکاری و ڕەهاگەرایی لە دامەزراوەکان دووچاری نایەکسانی کۆمەڵایەتی و پاشەکشەی گەورە بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ هاتوون.

بەشی یازدەهەم باس لە دامەزراوە نایابەکان دەکات – کۆمەڵە ڕووداوێکی یەکبەدوای یەك هەن خۆیان بەهێز دەکەن لەڕێگەی زنجیرە فیدباکەکان لەسەریان. ئەوان پێیانوایە هەبوونی دامەزراوە هەمووەکییەکان دەشێت ببن بەهۆی هاتنەکایەی دامەزراوە خەیاڵکردەکان و فیدباکە ئەرێنییەکان هۆکاربن بۆ دوورخستنەوەی هەژموونی دەستەبژێر لەسەر دامەزراوەکان. بۆ ئەوەش نموونەی یاسای ڕەشپێستەکان لە ئینگلتەرە لە ساڵی (١٧٧٢)یان هێناوەتەوە. دۆسیەکە بوو بە مایەی دروستبوونی شەپۆلێك لە پاڵپشتی ئەرێنی بۆ پێدانی مافی دەنگدان پێیان و ڕەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ پێشکەوتن و دەرکەوتن لە کایە جیاجیاکانی وڵات. لەبەرامبەر ئەوەش بەشی دوازدەهەم باس لە بازنەی  فیدباکی نەرێنی و یاسای ئۆلیگاریشی دەکات، بۆ ئەوەش ئاماژە بە چەندین حاڵەت لە وڵاتانی سیرالیۆن، ئەسیوپیا، گواتیمالا و بەشی باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات. نووسەران باس لەوە دەکەن سەردەمانێك لەو وڵاتانە ڕێکاری پێویست بۆ چاودێریی و ڕێکخستن لەسەر دەسەڵاتەکان نەبوو، بەوەش دەستەبژێری دەسەڵات دەرفەتیان بۆ بەفیڕۆدان و دزیکردن

هەبوو. تەنانەت لەکاتی شۆڕشەکان بۆ لابردنی دەستەبژێری دەسەڵات؛ کۆمەڵێکی دیکەی هاوشێوە دێن و شوێنی دەستەبژێری پێشوو دەگرنەوە و دەسەڵات وەردەگرن، هەر ئەوەش یەکێك لەو هۆکارانەیە نووسەران وەها لێدەکات گومانیان هەبێت توانای بنیاتنانی دامەزراوەی هەمووەکیی بێتەکایەوە تەنانەت لەپاش بەهاری عەرەبییش.

بەشی سیازدەهەمیش باس لە بواری دەرهێنانی وزە و کانزاکان لە زیمبابۆی لە سەردەمی ڕۆبێرت مۆگابی و دارودەستەکەی دەکات، هەروەها سیرالیۆن لە سەردەمی ستیڤز، ئۆزبەکستان لە سەردەمی کەریمۆف، کۆریای باکوور لە سەردەمی کیم جۆن ئوون... ئەوان باس لە کۆڵۆمبیاش دەکەن، سەرباری بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی دیموکراسیی، بەڵام بەهۆی نەبوونی دامەزراوەی هەمووەکی ڕووبەڕووی شکست بووەتەوە.

**” سروشتی کۆمەڵگەی مرۆیی جیهانی وەهایە لەڕووی ئابوورییەوە هەندێکیان هەژار و هەندێکی دیکەشیان دەوڵەمەند و خۆشگوزەران هۆکارەکانی کەوتنەوەی ئەو ناوچوونیەکییە جیاجیان“**

لە بەشی چواردەهەمیش نموونەی وڵاتی بۆتسوانا هێنراوەتەوە بەوەی، کە دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە سروشتییەکانی ئەو وڵاتە بەتایبەت ئەڵماس ناکۆکیی لەسەر دەرهێنان و تەرخانکردنی کرێی وەبەرهێنان لەلایەن کۆمەڵگەی بۆتسوانی نەهێناوەتە کایەوە. نووسەران دەڵێن: لەپاش سەربەخۆیی و وەردەنانی کۆڵۆنیالیزم دەستەبژێری نەریتی و سیاسییەکان دەرهێنانی کانزاکانیان بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵگە بەکارنەهێنا، چونکە کارلێکێکی تەریب لەنێوان ئەو دۆخەی هاتەپێش لەگەڵ توانا و سروشتی دامەزراوەکانی ئەوکات نەبوو.

بەشی پازدەهەم و کۆتاییش؛ باس لە چاکسازییە بەردەوامەکان لە چین دەکات. هەروەها باس لەوەش دەکەن قەرزە دەرەکییەکان دواجار ناتوانن خۆشگوزەرانی بەرهەمهێنن، بەڵکوو ئەوکارە دەبێت لە ڕێگەی بنیاتنانی دامەزراوەی گشتگیر و هەمووەکی و تەیارکردنی تواناکانی تاکەکان بکرێت. بۆئەوەش چەندین نموونەیان لەبارەی وەرگرتنی هاوکاریی لەلایەن وڵاتان و پاشان شوێنەوارە نەرێنیەکانیان باسکراوە و نموونەی هەندێك وڵاتی ئەفەریقی و ئەفغانستانیشیان هێناوەتەوە.

*** ڕێبازو هێڵە سەرەکییەکانی کتێبەکە:**

ئەم کتێبە گفتوگۆی لەبارەی سیستەمی سیاسیی حوکمڕان و گرتنەبەری سیاسەتی گەمژانەی ئابووریی کردووە، لەپاڵ ئەوەشدا؛ بەچڕی شیتەڵکاریی بۆ چۆنییەتی گەیشتنی میللەتان بە خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن کردووە و بۆ ئەوەش تەفرنجی سەرەکی لەسەر چاکسازیی دامەزراوەیی داناوە. ئەو هێڵە سەرەکییەی کتێبەکەی لەسەر وەستاوە، بریتییە لە هەندێک لە دەوڵەتان چییدەکەن وەها پێشدەکەون و گەشە دەکەن بەپێچەوانەی هەندێکی دیکەیان لە دواکەوتوویی و چارەڕەشیی دەمێننەوە. توێژەران وەڵامە گشتییەکەیان بەجۆرێکە هەروەك لەبارەی شارستانیەتییەکان پرسیاریان لێبکرێت.

لەچوارچێوی کتێبەکەدا؛ نووسەران بە ئامار و بەڵگەی زانستیی و مێژوویی ڕوونی دەکەنەوە، کە چۆن گەشەی ئابووریی پەیوەستە بە ئازادییە سیاسییەکان، هەروەکچۆن دامەزراوەی سیاسیی پابەند بە بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و چاودێریی حکومەت و لێپرسینەوەی دامەزراوە ئابووریی وەها دێنێتەکایەوە، کە لەسەر بنەمای کێبڕکێی ئازاد کاردەکات و خزمەت بە بەرژەوەندیی گشتی دەکات. هەروەها ئەوکاتەش، کە دامەزراوە سیاسییەکان لەسەر بنەمای قۆرخکاری دەسەڵات و پەکخستنی میکانیزمی چاودێری و لێپرسینەوە بنیاتدەنرێن، خودی دامەزراوە ئابوورییەکان دەبن بە قەڵای پارێزگاری لە بەرژەوەندیی دەستەیەکی دەسەڵاتدار لەسەر بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵك. نووسەرانی کتێبەکە باوەڕیان وەهایە دەبێت هەمیشە چاکسازیی سیاسیی بەبێ چاکسازیی ئابووریی بەرهەمدار نابێت.

*** بیرو بیرۆکەی کتێبەکە:**

کتێبەکە هەڵگری چەندین بیر و بیرۆکەی سەرەکییە. لە باسی جۆری دامەزراوەکان باسی لە دامەزراوەی گشتگیر و تایبەت کردووە. دامەزراوەی گشتگیر ئەوانەن، کە دەرفەتی ئابووری و سیاسیی بۆ هەموو تاکەکان دەڕەخسێنن و هاندەری داهێنان و بەشداریی سیاسیین. هەرچی دامەزراوەی بەلاوەنراو دەسەڵات و سامان لە دەستی دەستەبژێرێکی دەسەڵاتدار کورتدەکاتەوە و دەستڕاگەیشتن بە دەرفەت بۆ زۆر کەس ناهێڵێت. بیرۆکەیەکی دیکەی نێو کتێبەکە ئەوەیە: ئەو دامەزراوە سیاسییانەی، کە بەشدارییەکی فراوان بۆ خەڵکی مسۆگەر دەکەن و دەسەڵاتی ڕەها سنووردار دەکەن، بناغەی سەرکەوتنی ئابوورین، بە پێچەوانەوە ئەو سیستەمە سیاسییەی، کە دەسەڵات لە دەستی دەستەبژێرێکدا کۆنترۆڵ دەکات، داهێنان و گەشەپێدان دەکوژێت. گۆڕان لە دامەزراوەکان بەیەکێکی دیکە لە بیرۆکە سەرەکییەکان دادەنرێت و نووسەران باوەڕیان وەهایە: گۆڕانکاریی گەورە لە ڕەوتی دەوڵەتەکاندا کاتێک ڕوودەدات، کە دامەزراوە سیاسی

و ئابوورییەکان بەرەو گشتگیریی زیاتر بگۆڕدرێن. شۆڕش و ململانێکان دەتوانن ببنە هۆی ئەو گۆڕانکارییانە، بەڵام هەموو شۆڕشەکان ئەگەر چاکسازیی دامەزراوەیی ئەنجام نەدەن، دەرئەنجامی ئەرێنییان لێناکەوێتەوە. ئەم کتێبەکە نموونەی مێژوویی بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە، کە لەمرۆدا چۆن دامەزراوە ئابووری و سیاسییەکان هێزی بزوێنەری جیاوازییە بەرفراوانەکانی نێوان وڵاتانی دەوڵەمەند و هەژارن. بۆ ئەوەش نموونەی ئەمریکای باکوور و باشوور دەهێنێتەوە و بەراورد دەکات لەنێوان ئەوەی، کە چۆن کۆلۆنیالیزم و ئەو سیاسەتە دامەزراوەییانەی، کە بەدوایدا هات، کاریگەریان لەسەر ڕەوتی گەشەسەندن هەبووە. هەر لە میانەی بیرۆکە سەرەکییەکان بەند و داوی "تەڵەی هەژاریی" دەبینرێت. نووسەران باس لەوە دەکەن زۆرجار وڵاتانی هەژار بەهۆی ئەو دامەزراوە بەلاوەنراوانەی، کە بەڕێوەیان دەبەن، ڕێگری لە هەر هەوڵێکی چاکسازیی دەکەن، هەربۆیە گیریان بەدەست ئەو تەڵەیەوە خواردووە. ئەو دەستەبژێرە سیاسییەی، کە سوود و بەرژەوەندییان لەگەڵ ئەمجۆرە دامەزراوانە هەیە، دژی ئەو چاکسازییانەن، کە ڕەنگە زیان بە بەرژەوەندییەکانیان بگەیەنن.

ئێمە دەتوانین جارێکی دیکەش پووختەی بیرۆکەی کتێبەکە بەمجۆرە کورتبکەینەوە:

پێشکەوتن یان شکستی ئابووریی وڵاتان تەنها بەند نییە بە سامانە سروشتییەکان یاخود کەلتوورییەکان، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە سروشتی دامەزراوە سیاسیی و ئابوورییەکانەوە.

*** سروشتی دامەزراوەکان و لێکەوتەکانیان بە نموونەی وڵاتان:**

ڕاستە کتێبەکە بەناونیشانی "بۆچی گەلان شکستدەهێنن؟" دەستپێدەکات، بەڵام بەهەمانشێوە پرسیاری تری گرنگیش هەیە و دەشێت بکرێت: "چۆن یاخود بۆچی گەلان سەرکەوتوو دەبن؟" کتێبەکە لەڕێگەی ڕێبازێکی ئابوورییەوە لێکۆڵینەوە و گەڕان بەدوای وەڵامێکی زانستیی بۆ پرسیاری هۆکارەکانی هەژاری و دەوڵەمەندی وڵاتان لە ئاستی جیهان دەکات. بۆ ئەو مەبەستەش بەشێوەیەکی ورد و نایاب پرۆسەی چاودێریی بۆ زۆرترین داتای سۆسیۆئابووریی لەبارەی ئامانجە سەرەکییەکەی پاشان جۆری دامەزراوەکان لە هەر وڵاتێك و مێژووی ڕۆڵی ئەو دامەزراوانەی گێڕاوەتەوە. لە هەمانکاتدا لەسەر هەندێک ڕووداوی مێژوویی لە ژیانی میللەتان و وڵاتان دەوەستێت تا بزانێت کۆمەڵگەکان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، ئایا کراون بە وێستگەیەك بۆ پێشکەوتن یاخود چەقبەستوویان زیاد کردووە. بۆئەوەش چەندین نموونە دەخاتەڕوو، لەوانە کاریگەریی شەپۆلی نەخۆشی تاعون، کە بەشێکی زۆری جیهانی گرتەوە و چۆن کۆمەڵگەکان بەتایبەت بەریتانیا توانی بەکەمترین

زیان و تێچوون تێپەڕێنێت و هەنگاو بەرەو شۆڕشی پیشەسازیی بنێت، هەروەك چۆن ئەو نەخۆشییە بووە هۆی چەقبەستوویی گەورەی فرەڕەهەند لە ژیانی بەشێکی دیکە لە کۆمەڵگەکان بەتایبەت لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات.

نووسەران هەر لە لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکە و بۆئەوەی وەڵامی پرسیاری سەرەکی کارەکەیان بدەنەوە، پرسیاریان کردووە: بۆچی دەبێت میسر وڵاتێکی هەژار بێت؟ ئەوان بەو جۆرە وەڵام نادەنەوە، کە هۆکارەکەی بۆ هەڵکەوتەی جوگرافیای بیابانیی میسر بگەڕێتەوە، کە ڕەنگە بەجۆرێك لە جۆرەکان ڕێگر بێت لە بەردەم پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵی، یاخود میراتی کەلتووریی میسر، کە تا ئێستاش هەندێك بە هۆکاریی دواکەوتوویی وڵاتەکەی دەبینن، هەڵگرانی خەڵاتی نۆبڵی ئابووریی هۆکارە سەرەکییەکەیان بۆ خراپی سیستەمی سیاسی میسر گەڕاندووەتەوە، کە دەسەڵات و سامان دەبەخشێت بە دەستەبژێرێکی زۆر کەمی دەسەڵاتدار لەسەر حیسابی زۆرینەی هەرەزۆری دانیشتووانەکەی، سەرئەنجام داهێنان نامێنێت، ئازادییەکان سنوردار دەکرێن، گەشەی ئابووریی بەتەواوی دەوەستێت. دامەزراوە ئابووریی و سیاسییەکان ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە دیاریکردنی چارەنووسی گەلان هەیە و سەرکەوتوویی سیستەمی سیاسی بەندە بە هێنانەکایەی دامەزراوەگەلێك، کە پاڵپشتی گەشەکردن و داهێنان دەکات. هەرچی بۆشایی و جیاوازیی نێوان وڵاتانی هەژار و دەوڵەمەند بەشێوەیەکی گشتی بۆ گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە وڵات دەگەڕێتەوە. هەروەها تیشکدەخاتە سەر جیاوازی نێوان ئەو دامەزراوانەی، کە پاڵپشتی داهێنان و گەشەکردن دەکەن لەگەڵ ئەوانەی، کە درێژەپێدەری گەندەڵی، ستەمکاریی و دارمانن، بۆ ئەوەش چەندین نموونەی مێژوویی و هاوچەرخیان هێناوەتەوە. باس لەو هۆکارانەش کراوە هەندێك وڵاتیان بە ئاوەدانی و گەشەکردوویی گەیاندووە و هەندێکی دیکەشیان دووچاری ناسەقامگیریی و پشێوی ئابووری و سیاسی کردووەتەوە. نووسەران پێیانوایە: ئەو دامەزراوە سیاسی و ئابووریيانەی وڵاتان پشتیان پێدەبەستن، فاکتەری یەکلاکەرەوەن لە سەرکەوتن یاخود شکستیان.

ئەم کتێبە لە چەند جێگەیەك باس لە نیمچە دوورگەی کۆریا دەکات، وەك ئاماژەیەك بۆ گرنگی ڕۆڵی دامەزراوە سیاسیی و ئابوورییەکان لە دروستکردنی مرۆڤگەلێك خوڵقاو بۆ گەشە و دەرکەوتنی ئابووریی. دەڵێت: ئێستا گەلی کۆریای باکوور بەدەست برسێتییەکی ئێجگار گەورەوە دەناڵێنێت، هەروەها بڵاوبوونەوەی بەدخۆراکی و وێرانبوونی باروگوزەران، ئەوە لەکاتێکدا دێت کۆریای باشوور بووەتە وڵاتێکی پڕ لە وزەو جووڵە و گەشەکردوو، سەرباری ئەوەی زۆربەی پیشەسازییەکان لەماوەی (٥٠) ساڵی ڕابردوودا لە کۆریای باکوور بوون. باس لەوە دەکات لایەنی ئابووریی کۆریای باکوور بەشێوەیەکی ناوەندیی پلاندانانی بۆ دەکرێت،

دەرفەت و بواری هاندانی بۆ هاوڵاتیان ئیفلیجکردووە، بەپێچەوانەی ئەوەوە دامەزراوە سیاسی و ئابوورییە گشتگیرەکانی کۆریای باشوور بە چەشنێکی وەها کاری پلاندانان دەکەن بەتەواوی تەریب و هاندەری بواری گەشەکردنیان لە گشت سێکتەرەکان فەراهەمکردووە.

> **” لە سەردەمی ئابوریناس، (ئادەم سمیس) لە سەدەی هەژدە تا ئێستاش ئەو پرسیارە هەیە و بەکراوەیی ماوەتەوە: چی وەها دەکات وڵاتان لەڕووی ئابوورییەوە گەشەکردوو بن“**

هەردوو نووسەر نموونەی شاری نۆگالیس دەهێننەوە، دیوارێك هەردوو بەشی شارەکەی لەیەکدی جیاکردووەتەوە، بەشی باکووری شارەکە نمایندەی ئەمەریکا دەکات، کە ویلایەتی ئەریزۆنایە، بەشی باشوورەکەشی نمایندەی مەکسیك دەکات، کە شاری سونورایە، لەڕووی واقیعییەوە بارودۆخیان هێندە جیاوازە هەرگیز پێکەوە بەراورد ناکرێن. ئەو بەشەی دەکەوێتە ئەمەریکاوە خاوەنی داهاتێکی ئێجگار زۆرە، داهاتی تاك بە ڕادەیەکی زۆر لەپێش داهاتی تاکەوەیە لە بەشە مەکسیکییەکەی، تەنانەت لەڕووی ناوەندیی تەمەنی تاك، تەنانەت تاوان و گەندەڵی لە ئاستێکی نزمتردایە. بەکورتی ڕووە ئەمەریکییەکەی شارەکە بەهێزتر، ئاوەدانتر و دەوڵەمەندترە، وەك ئەوەی لەڕووە مەکسیکییەکەی شارەکە هەیە و دەبینرێت.

لە دۆسیەی نۆگالیس، نووسەران شرۆڤە و هەڵوەستەی جددی لەسەر دەوڵەمەندی دیوە ئەمەریکییەکەی شارەکە و هەژاری دیوە مەکسیکییەکەی دەکەن، هۆکارەکەی بۆ هەبوونی دامەزراوەی جۆریی و میکانیزمی زانستیی لە کارکردن و بەرهەمهێنان دەکەن لەو شۆڕشە گەورە پیشەسازییەی هاتووەتەکایەوە. دەگەن بەوەی هۆکاری ئەوەی، کە نۆگالیس، ئەریزۆنا، دەوڵەمەندترە لە نۆگالیس، سۆنۆرا، تەنها ئەوەیە، کە دامەزراوەی جیاواز لە هەردوو دیوی سنوورەکەدا هەیە، هەروەك دوو جۆر هاندانی جیاوازییش بۆ دانیشتوان لە هەردوو دیوەکە هەیە و لایەك بەشدارن لە بەرهەمهێنان و کار و لایەکی دیکەش بەپێچەوانەوە بێکار و بێبەرهەم ماونەتەوە.

*** ئەرکی دامەزراوە لەناو سیستەمی سیاسییدا:**

توێژەران بە ڕادەیەکی زۆر سەرنجیان خستووەتە سەر دامەزراوەکان، دامەزراوە سیاسی و ئابوورییەکانی دەوڵەت، جەختدەکەنەوە لە سیستەمی دیموکراسییدا؛ پێشکەوتنی ئابووریی ئاشکرا و خێرایە، بەپێچەوانەی سیستمە نادیموکراسییەکان، کە سامانی وڵات لە دەستی چەند گروپێک "دەستەبژێر" کەڵەکە دەبێت و چارەنووسی خەڵک

هەژاریی و دواکەوتوویی و بێبەشی لە خزمەتگوزاریی و ژیانێکی باش دەبێت. لە سیستەمە دیموکراسییەکان گرنگی تایبەت بە پتەویی و کوالیتی ئەو دامەزراوانە دەدرێت، کە کۆمەڵگەی لەسەر بنیاتنراوە، ئیدی دامەزراوەکە نەریتی بێت، مۆدێرن بێت یان تێکەڵەیەک لە هەردووکیان، هەروەها گرنگیدان بە ئاستی هەماهەنگی نێوان دامەزراوەکان (ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتووری) بە یەکێك لە سیما دیارەکانی دامەزراوەکان لە سیستەمە دیموکراسییەکان دادەنرێت و ئامانج لەوەش؛ بریتییە لە دانانی بناغەیەکی گشتی و تۆکمە بۆ دابڕان لە دواکەوتووی و هەنگاونان بەرەو گەشەسەندن و دەستەبەرکردنی بەردەوامی ڕەوڕەوەی خۆشگوزەرانی و داهێنان.

نووسەران باس لە دوو جۆر دامەزراوە دەکەن، کە لەمدواییانەدا؛ کۆمەڵگەکان شاهیدی ئامادەییان بوون، یەکەمیان؛ دامەزراوەی لەخۆگریی، کە تیایدا دەستەبژێرێك لەسەر بنەمای گۆڕان و بزوتن و کردنەوەی هەموو ڕێگەکان بەبێ هیچ ئاڵەنگارییەکی سیاسیی کاری بنیاتنانی دامەزراوەکان دەکات، لەو چوارچێوەیەشدا؛ کاری بەردەوام لەسەر وەرگرتن و تێکەڵکردن و پێکەوەگونجانی هەموو بیرۆکە پێشکەشکراوەکان لەلایەن ڕەوتە سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و ئایینییەکان دەکات و لە پرۆسەی گەشەپێدان لەناو خودی دامەزراوەکان بەگەڕی دەخات، ئەوکاتیش دامەزراوەکان پەسنی گشتگیریی وەردەگرن، دووەمیان؛ بە دامەزراوە بەلاوەنراوەکان ناودێر دەکرێن، لێرەدا دەستەبژێر کار لەسەر بنیاتی دامەزراوەی ڕەق لەپێناو پاراستنی ئیمتیازات و دەسەڵات بۆ ماوەیەك دوورودرێژ لە دەستی گروپێك دەکات. هەر ئەوەش وەها دەکات دامەزراوەکان بۆ جۆری دامەزراوەی بەلاوەنراو بڕۆن، لەکۆتاییشدا؛ هەژاریی و دواکەوتوویی بەرهەمبێت.

کتێبەکە بە توندی ڕەخنە لە ڕۆژئاوا دەگرێت، کە نەیتوانیووە چەمکی دامەزراوەکانی بۆ هەموو ناوچەکانی جیهان بگوازێتەوە، بەڵکو پێداگریی لەسەر جێبەجێکردنی چەمکی دامەزراوەی "بەلاوەنراو" دەکات لەو ناوچانەی ئەفەریقا و ئاسیا داگیریان کردووە، هەرئەوەش وەهای کردووە زۆرێك لەو دەوڵەتانە لە چوارچێوەی دواکەوتوویی درێژخایەن بەشدارنەبوون لە بنیاتنانی دامەزراوە لەخۆگرییەکان بمێننەوە.

ئەوەی دەشێت بە جێگەی سەرنج و تێڕامان لەسەر کتێبەکە تەماشای بکەین، زۆر باس لە بەها و کەلتوور لە کۆمەڵگەکان ناکات بەتایبەت لە پرسی تێگەیشتن لە پێشکەوتن و دواکەوتوویی کۆمەڵگە و وڵاتان، وەك ئەوەی زۆربەی شرۆڤەکاران بەگەرمی بەلایدا دەچن و بانگەشەی بۆ دەکەن (قسەکردن لەبارەی مرۆڤ بە دواییدا ڕاستەوخۆ باسکردن لە سیستەمی بەهاکان دێت، کە لە دونیادا جوڵە بە ئاڕاستەی چاکە و خراپە دەکرێت). هەروەها نووسەران گرنگی بە ئایین و ئاکار لە بزووتنەوەی گەشەسەندنی کۆمەڵگەکان

نادەن، هەرچەندە نائامادەیی بیرۆکەی ئاکاریی و هەستی ئاکاریی لەلای ئەوانەی دەسەڵاتی دەوڵەتیان هەیە یاخود ویستی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتیان هەیە تەنانەت لەناو خەڵکە ئاساییەکەش؛ بە ڕادەیەکی زۆر دەبێتەهۆی کەوتنە نێو دەریای گەندەڵی و خراپەکاریی.

ئەوان باوەڕیان وەهایە: فەرهەنگی کۆمەڵگە، ئایینەکەی، ڕەگەزەکەی، هەڵکەوتەی جوگرافیایی تەنانەت دەرامەتەکانیشی نییە، کە هۆکاری یەکلاکەرەوەن بۆ شکست و پێشکەوتنی گەلان، بەڵکو سروشتی ئەو دامەزراوە سیاسیی و ئابووریانەن، کە کۆمەڵگەکان بەڕێوەدەبن.

**” لە ساڵی (٢٠١٢) هەریەك لە زانای ئابووریی (دارۆن ئاسیمئۆغلۆ) و زانای سیاسیی زانکۆی هارڤارد (جەیمیس ڕۆبینسۆن) لە پاش (١٠) ساڵ کاری بەرفراوان و چڕ کتێبێکی هاوبەشیان بە ناوی (بۆچی گەلان شکستدەهێنن؟ ڕەگی دەسەڵات، خۆشگوزەرانی و هەژاریی) بڵاوکردەوە“**

*** پاساوەکان بۆ بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ بە کتێبەکە:**

کۆمیتەی خەڵاتی نۆبڵ پاساویان بۆ پێدانی خەڵاتی نۆبڵ بە نووسەرانی ئەم کتێبە هەبوو: بە پێچەوانەی ئەو گێڕانەوانەی، کە لەلایەن هەندێک دامەزراوە و سیستەمی سیاسیی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، کە لۆمەی خەڵکەکانیان دەکرد و بەرپرسیاریان دەکردن لە دواکەوتوویی ئابووریی و تێکچوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی. لێکۆڵینەوەی هەردوو نووسەر بە ڕوون و ڕاشکاوی تەواوی ئەو تۆمەت و گێڕانەوانە پووچەڵ دەکاتەوە و پشتڕاستی ئەوە دەکات، کە هەژاری وڵاتان بۆ هەبوونی کێشە لە ڕەفتار یان کەلتووری هاووڵاتیان ناگەڕێتەوە، بەڵکو لە سروشت و پێکهاتەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەدایە، چونکە ئەو دامەزراوانە هۆکاری سەرەکی خۆشگوزەرانی یان شکستی وڵاتان دیاری دەکات. بەوەش تێدەگەین، کە کاتێک ئەو وڵاتانە ڕووبەڕووی قەیرانی ئابووریی دەبنەوە، ئاسانترە خراپی کەلتوور یان تەمبەڵی خەڵک بکەن بە پاساو و خەڵکی پێ تۆمەتبار بکەن، تاوەکو لەبری ئەوەی دانبەوەدا بنێن، کە ئەوە دامەزراوە سیاسی و ئابوورییەکانی دەوڵەتن لەکارکەوتوون.

*** پوختەی ئەنجامی کتێبەکە:**

ئەو وڵاتانەی دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانیان بەدەستهێنا، ئەوانەن وەها میللەتەکانیان توانیان ئەو دەستەبژێرە سیاسییە کۆنترۆڵ بکەن و بڕوخێنن، کە زاڵبوون بەسەر دەسەڵات و لە بەرژەوەندیی خۆیان قۆرخیان کرد، میللەت پێکەوە جۆرە کۆمەڵگەیەکیان دروستکرد، کە تیایدا مافە سیاسییەکان پانتایی زیاتری گرت، حکومەت لێپرسینەوە و وەڵامدەرەوەی داوکاری و خواست و پێداویستی هاوڵاتیان بوو، جەماوەریش توانی سوودمەند بێت لەو دەرفەتە ئابوورییانەی لەبەردەستدان. ئەوان وەهای تەماشا دەکەن بۆئەوەی لە پرسی نایەکسانی ئەمڕۆ لە جیهان تێبگەین، دەبێت بە قووڵی تەماشای ڕابردوو بکەین، لێکۆڵینەوە لە دینامیکیەتی مێژوویی کۆمەڵگەکان ئەنجام بدەین.

لە سیستەمە دیموکراسییەکان پرسی گەشەکردن خێراتر ڕوودەدات، تاوەکو لە سیستەمە تۆتالیتار و زۆردارەکان، چونکە لەوەی یەکەمیان دەسەڵات وەبەرهێنان لە خەڵکەکەی دەکات، لە ڕێگەی پاڵپشتی لە فێرکردن و چاودێری تەندروستی باشتر بەتایبەت بۆ هەژارترین چینەکانی کۆمەڵگە.

بەرپرسان لە وڵاتانی دواکەوتوو دەسەڵاتیان لەپێناو گەشەپێدان و سوود و بەرژەوەندیی گشتی ناوێت، بەڵکو تەنها بۆ مانەوەی تاهەتاییە و نایانەوێت هەرگیز دەستبەرداری ببن. ئەمە تەنها بۆ دەسەڵاتی باڵا لە دەوڵەتان نییە، زۆرجار ئەو تەرزە لە تێڕوانین لە ئاستە بچووک و مامناوەندییەکان لە دامەزراوەکانیش هەستیان پێدەکرێت، تەنانەت لەناو فیدراسیۆنە وەرزشییەکانیش کەمینەیەك لەسەر حیسابی زۆرینەی ڕەهای هاوڵاتیان، کە تەنها بۆ مانەوە کار دەکەن، لە هەموو ئیمتیازاتێك بەهرەمەند دەبن. لێرەوە دەگەین بەوەی: وڵاتە هەژارەکان هەژارن، لەبەرئەوەی خاوەنی دەسەڵاتێکن تەنها هەندێك بژاردە تاقیدەکەنەوە، کە ڕووبەڕووی هەژارییان دەکاتەوە.

نووسەران چەندین ڕاستی و بەڵگەیان لە میانەی ڕووداوەکان بۆ پاڵپشتی لە بیر و تێزەکانیان لە پرسی ڕۆڵی دامەزراوەکان و ڕەوتی گەلان هێناوەتەوە، قورسە بتوانین لەسەر هەموویان کۆکبین، بەڵام ئەوەی ناشاردرێتەوە کۆمەڵێك بابەتی ناوەندیی گرنگ و جێگە بایەخیان خستووەتە بەردەم خوێنەر. نووسەران بەرگریی لەوەدەکەن هەندێك ڕووداوی دژوار لە مێژووی کۆمەڵگەکان هەن، دەبن بە مایەی دامەزراندنی دامەزراوەی گشتگیر و هەمووەکی و هەر ئەوانیش شکست و سەرکەوتنیان دیاری دەکەن. چەشن و ڕێڕەوی کارکردنی کتێبەکە بەشدارییەکی بەنرخە لە تیۆری گەشەسەندن و ئابووریدا. خوێنەر بە چەندین بەڵگەنامەی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە مێژوو و جۆرایەتی گەشەی ئابووریی و وەڵامدەرەوەی

حکومەت بۆ ڕووداوە گرنگەکان، کە کاریگەرییان لەسەر داهاتی گەلان هەیە، ئاشنا دەبێت. نووسەران تێڕوانینێکی گرنگ دەخەنەڕوو بەوەی، کە دامەزراوە نەرێنییەکان و بەرژەوەندییە تایبەتەکانی حکومەتەکان ئاڵەنگاریی گەورەی بەردەم گەشەپێدانن. هەروەك ئاماژە بەوەش دەکەن گرنگیدانی حکومەت بە بەرژەوەندیی کەمینەیەك چۆن زیان لە گەشەی گەلان دەدات. لەگەڵ ئەوەش پێیانوایە هەبوونی دامەزراوەیەکی سیاسیی فرەیی تەندروست گەرەنتی کاری یەکسان و لێپرسینەوەی حکومەت دەکات. نووسەران بەڵگەکانیان لەبارەی (١٠٠) ساڵی ڕابردووی گەشەی ئابووریی لە جیهان لە توێژینەوە زانستییەکان وەرگرتووە. هەموو بارودۆخە جیاوازەکانیان لەو ماوەیەدا پێکەوە گرێداوە. بەڵگەنامەکان ئێجگار زۆرن و ئاسان نییە لە ڕاستێتی هەموویان بگەین. هەندێك سەرچاوە پشتگیریی لە بۆچوونەکانیان ناکەن و لەگەڵیاندا یەکناگرنەوە.

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین: ئەم کتێبە توێژینەوەیەکی وردە و بەشێوەیەکی باش بۆ بواری ئەکادیمیی و سیاسیی ئێستا نووسراوە. شتی نوێ و گشتگیریی لە بواری مێژووی ئابووریی و شۆڕشی پیشەسایی بەیان کردووە. لە چەندین شوێن بە گرنگییەوە لەسەر هەبوونی دامەزراوەی سیاسیی و ئابووریی لە دەوڵەت دەوەستێت و بە خاڵی وەرچەرخان و یەکلاکەرەوەیان لەنێوان سەرکەوتن و شکست دەخەملێنێت. کتێبەکە بەتەواوی ڕۆڵی جوگرافیا و بازرگانی و فاکتەری تەکنەلۆجی لە دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بەلاوەناوە. دەتوانین بڵێن ئەم کتێبە پڕ پڕە لە بەڵگەی پێشکەوتوو و هەمەلایەن، کە چاوەکان دەبات بۆ لای گرنگی دامەزراوەکان لە دەوڵەت. خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی چێژی زۆری لێوەردەگرێت، بە زمانێکی سادە و ئاسان نووسراوە و زیاتر لە شێوەی گێڕانەوە و چیرۆك داڕێژراوەتەوە.

- ئامادەکردنی ئەم خوێندنەوەیە پشتبەست بە خوێندنەوەی کتێبەکە بە زمانی عەرەبی و سوودوەرگرتن لە چەندین خوێندنەوەی نووسەران و توێژەران بە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی بۆ کتێبەکە ئامادەکراوە.

١- دارن أسيموجلو، جيمس أ. روبنسون(٢٠١٥)، لماذا تفشل الأمم - أصول السلطة والإزدهار و الفقر، ترجمة: بدران حامد، القاهرة – مصر، الدار الدولية للإستثمارات الثقافية.

2- Daron، A & Robinson، J(2012)، Why Nations Fails: The Origins of Power، Prosperity، and Poverty. 1 st ed. New York: Crown.

3- Ashutosh Mani Dixit (2015)، WHY NATIONS FAIL: A REVIEW ARTICLE، Business Review – Volume 10 Number 1.

4- Efe Erciyaz، Marianne Hii، Katrina Zhang (2021)، Book Review: Why Nations Fail، Studies in Philosophy، Politics and Economics، 3 (1).

5- Veiseh، N(2010)، 'Reconciling Acemoglu and Sachs: geography، institutions and technology'، Journal of International Affairs، vol. 64، no.1

6- Bill Gates، Tuesday، Feb 26، 2013، Good ideas، but missing analysis، https://www.gatesnotes.com/why-nations-fail، 8 Feb 2025.

7- Thomas L. Friedman، March 31، 2012، Why Nations Fail، https://www.nytimes.com/2012/04/01/opinion/sunday/friedman-why-nations-fail.html، 10 Jan 2025.

8- Warren Bass، April 20، 2012، Book review: 'Why Nations Fail،' by Daron Acemoglu and James A. Robinson، https://www.washingtonpost.com/entertainment/books/book-review-why-nations-fail-by-daron-acemoglu-and-james-arobinson/2012/04/20/gIQAcHs8VT_story.html، 2 Feb 2025.

9- Greg Rosalsky، October 15، 2024، A Nobel prize for an explanation of why nations fail، https://www.npr.org/sections/planet-money/2024/10/14/g-s1-28210/a-nobel-prize-for-an-explanation-of-why-nations-fail، 29 Jan 2025.

10- Elias Rutten، May 01، 2023، A review of Why Nations Fail: The Origins of Power، Prosperity، and Poverty - Daron Acemoglu and James A. Robinson، https://eliasrutten.substack.com/p/a-review-of-why-nations-fail-the، 26 Jan 2025.

١١- يوسف عبو، ١٩ شباط (٢٠٢٤)، مراجعة كتاب "لماذا تفشل الأمم: أصول القوة والازدهار والفقر"،

- https://misaha.com/%D9%85%D8%B1%D8%A7%D8%AC%D8%B9%D8%A9 ، 4 شباط 2025.

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین
# لە گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

سیاسەت و ڕێنمایی نووسینی گۆڤار لە سێ بەش پێکدێت، کە بریتین لە: (ڕێنمایی نووسین، شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە، ڕێنمایی وەرگێڕان).

**<u>یەکەم</u>: ڕێنمایی نووسین:**

- بابەتی نووسراو، پێشتر لە هیچ جێگایەکی دیکە بڵاو نەکرابێتەوە.
- زمانی بڵاوکردنەوەکانی گۆڤار تەنها زمانی کوردییە.
- گۆڤار ئەو بابەتانە بڵاودەکاتەوە کە پەیوەندیدارن بە پرسە ستراتیجی و جیۆپۆلەتیکییەکان.
- لە پەیکەری نووسینی بابەتدا هەندێك سەربەستی دەبەخشرێتە توێژەر، بەڵام پێویستە پەیکەری بابەتی نووسراو ئەم بەشانە لەخۆبگرێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، دەرئەنجام، پێشنیاز ئەگەر هەبێت، لیستی سەرچاوەکان.
- بابەتەکە بە تایپکراوی و بە فایلی(word) بێت.
- پێشەکی بابەتەکە لەنێوان (٢٠٠-٣٠٠) وشەدا بێت.
- کۆی وشەکانی بابەتی نووسراو، لەنێوان (٣٠٠٠-٥٠٠٠) وشەدا بێت.
- جێهێشتنی (٢ سم)، بۆ هەر چوار لای پەڕەکە.
- بۆشایی نێوان دێڕەکان (١.١٥) بێت.
- پێویستە توێژەر فۆنتی یونیکۆد (Goran) بۆ نووسینی بابەتەکەی بەکاربهێنێت.
- لە نووسینی ناونیشانی بابەت، قەبارەی فۆنتی (١٦)ی بۆڵد بۆ ناونیشان و (١٤)ی بۆڵدیش بۆ ناونیشانی لاوەکی ناوەڕۆك بەکاربێت.
- قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی بابەت (١٤)بێت.
- لە ناوەڕاستی خوارەوەی لاپەڕەوە، ژمارەی لاپەڕە دابنرێت.

- چارت و وێنەکان بە شێوەی (JPG) بێت.
- بابەتی نووسراو لەڕێگەی ئەم ئیمەیڵەوە بنێردرێت: jss@dirasatdiploma. org

**دووەم: شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی بابەتەکەدا و بەشێوازی (Insert Endnote) بێت و بە فۆنتی قەبارە (١٢) بنووسرێن.
- لە لیستی سەرچاوەکان بەم شێوازانەی لای خوارەوە سەرچاوەکان بنووسرێن:

*** توێژینەوەی بڵاونەکراوە (نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا):**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ناونیشانی نامەی ماستەر یان تێزی دکتۆرا، ناوی کۆلێج و زانکۆ، ساڵ، لاپەڕە.

*** کتێب:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ساڵی چاپ، ناونیشانی کتێب، (وەرگێڕ و پێداچوونەوە ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ، دەزگای بڵاوکردنەوە یان چاپخانە، لاپەڕە.

*** گۆڤار:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ساڵی چاپ، ناونیشانی توێژینەوە یان وتار، ناوی گۆڤار، ژمارەی بەرگ، ژمارەی گۆڤار، لاپەڕە.

*** ڕۆژنامە:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، (ڕێکەوت)، ناونیشانی بابەت، ناوی ڕۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

*** چاوپێکەوتن:**

- ناوی کەسی چاوپێکەوتنکەر, ناوی کەسی چاوپێکەوتنکراو و پیشەکەی، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن، شوێنی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن، کاژێر.

*** ماڵپەڕ سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:**


- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ڕێکەوت، (ئەگەر نەبوو ڕێکەوتی سەردانیکردن بنووسرێت)، ناونیشانی بابەت، لینکی ماڵپەڕ، یان سەرچاوەی ئەلیکرتۆنی ڕێکەوتی سەردانیکردنی ماڵپەڕ.

- **تێبینی**: لەو ڕوانگەوەی لە هەرێمی کوردستان و عێراق ناوی خێزانیی بەکارناهێنرێت، بۆیە لەکاتی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی سەرەوە, هەر ناوی سیانی نووسەر بنووسرێت.

*** ڤیدیۆ:**

- ناونیشانی ماڵپەر، (ڕێکەوتی دانانی ڤیدیۆ)، ناونیشانی ڤیدیۆ، لینکی ماڵپەڕ، بەرواری سەردانیکردن.

مەڵبەندی دیراساتی گشتی




# The Strategic Studies

Issue 1, Spring 2025